# سەرقەڵەمێک لە بارەی زمانەوانی و تێزی رەخنەی نوێ

و: شوکر سلێمان

هەندێک جار لەسەر رەخنەی نوێ new criti-cism قسە لە بابەتێکی هزری دیاریکراو دەکەین دواجار سەیر دەکەین لە تۆێژینەوەدا مافی تەواومان نەداوەتێ، ئەوە سەرەڕای ئەوەی لەواقیعدا ئەوتێزە رەخنەییانە زۆر جەختیان لە شێوە کردۆتەوە نەک ناوەڕۆک، دەقیان وەکو تەوەرێک لە لێکۆڵینەوەی رەخنەیی وەرگرتووە، لەگەڵ گرنگیدان بەلایەنەکانی وەک: ژیانی نووسەرو بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئەو دەوروبەرەی ئەوی تێدا ژیاوەو ژینگەکەی و پاڵنەرە سایکۆلۆژیەکانی کە بووەتە هۆی سەرهەڵدان و هاتنەکایەوەی ئەو بەرهەمە ئەدەبیە، ئەمەش بووەتە هۆی سەرهەڵدانی چەندین تێزی رەخنەی نوێ لە سەدەی بیستەمدا، زۆرتر ئەو تێزو باڵانەی لە دەرئەنجامی تۆژینەوە یەکێک لەم شتانەی خوارەوە بوو ئەوانیش:

**یەکەم**: تیۆری رەگەزناسی ئەدەبی Ethnolgy Of Literature کە لە پێشنیازەکانیان زیاتر پێیان باشتر بوو رێگەی فۆرمالیستەکانی رووس Russian Formalistes بگرنەبەر، هەروەها نووسین لە بارەی حەکایەتی میللیەوە.(١)

**دووەم**: ئەوەی لە دووتوێی زانستی زمانی نوێدا هاتووە Modern linguistics لە توێژینەوەکان لە سیستەمی زمان و کاری ئاماژە sing یان سومبل، هەروەها سەرهەڵدانی ئەو تێزە رەخنەییانە بووە هۆی ئاشکراکردنی رێساکانی ناوەوەی ئەدەب، ئەو رێسایانەی کە لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا بەدوای دەقی ئەدەبیدا دەگەڕێت، بۆیە زمان چەندین لقی جۆراوجۆری گرتەخۆ وەک: سیمۆلۆژی یان زانستی ئاماژە Semiology و زانستی واتا Semantics و زانستی سێنتاکس یان رێکخستن و بەیەکەوە بەستنەوە syntaxe و

ئالوگۆڕکێ pragmatic بەڵام جیاوازی لە مەبەست و ئامانج و بوارەکانی تۆژینەوەی ئەو لقانەدا هەبوو کە بووە هۆی رەنگاو رەنگی گەورە لە رێگەو تیۆرەکانی ئەدەبی، ئەدەب و شیعریەتی دەق کە بووە هۆی زیادبوونی جۆراوجۆری تێزی رەخنەو چەندییەتی، بەڵام پێش ئەوەی قسە لەو تێزە رەخنەییانە بکەین پێویستە بە کورتی ئاماژە بە دوو زانای زمانەوانی نوێ بکەین کە هەردووکیان رێزێکی گەورەیان لە دروستبوونی رەخنەی زمانەوانی هەبوو ئەوانیش: فردیناند دو سۆسێر Ferdi-nand de Saussure و رۆمان یاکبسۆن Roman ja-kobson بوون.



سوسێر

ئەوەی لە لای سۆسێردا هاتبوو ئەوەیە کە دەڵێ: زمان سیستەمە system لە ئاماژەو هێمای لە خۆوە کە ئەوەی خەڵکی بەکاری دەهێنن بەپێی رێسایەکی دیاریکراو کەوا دەکات بۆ هەر ئاماژەیەک واتایەکی هەبێت، سروشتی سیستەمی زمان گواستنەوەی بێ سنووری هەیە، ئا ئەوەش واتای دیاریکراوە، ئەوە لێرەدا هێما یان وشەیە، ئەو سیستەمە لە باری دووەمدا، سروشتێکی دووانەی هەیە، نەک ئاماژە یان هێمایەکی دەنگداری بیستراو، بەڵکو هێمایەکی نووسراوی مەرسوم کە هێمایەک بێت بۆ ئەو ئاماژەیە، سیستەمی زمانەوانی ئەویش سیستەمێکی خاوەن سروشتێکی رووتە کە ئەویش زمانە، ئەوی دیکە خۆی لە قسەکردندا دەبینێتەوە، سۆسێر وای دەبینی کە پەیوەندییەکان لەنێوان خەڵکیدا لە دووتۆی سیستەمێکی گشتگیرو تەواو دەبێت، ئەویش سیمۆلۆژیایە یان زانستی ئاماژەیە، کە ناکرێ وای دابنێین کە زانستی زمان لقێکە لە لقە جۆراوجۆرەکانی.

بەپشتبەستن بەو هزرو بیرۆکانە سۆسیر گەیشتە ئەو راستییەی کە دەڵێ: تۆژینەوەی زمان لەڕووی ئەوەی ئامرازێک بێت بۆ گەیاندن و پەیوەندیکردن، ئەوا پێویستە تۆژینەوەکە وەسفی بێت Synchromi-cal نەک شوێنکەوتن Dia-chronicalبێت، بیرورای سۆسێر لەدوای مردنی زیاتر بلاوبۆوە لە ساڵی ١٩١٣و بەدیارکەوتنی پەرتووکەکەی (چەند وانەیەک لە زمانی گشتی) کە قوتابیەکەی و زانای زمانی فەرەنسی چارلس تێزی کە سەرپەرشتکاری گشتی بابەتەکان و نووسین و چاپکردن و بلاوکردنەوەی کرد، یەکێک لە پێکهاتەی (بونیەویەت) تێزی رەخنە بوو، لە هزرو بیرۆکەی زمان لای سۆسێر بەشێوەیەک لە بابەت تۆژینەوەی زمان بلاوبۆوە، وشەی بونییە لە پەسنی زمان لە جیاتی وشەی structure کە بەکاری دەهێنن لە سیستەمی system و بونیەویەتی زمان و سەرکەوتنی لە تۆژینەوەی زمان لە یەکەیەکی بچووکدا، ئەوەش دەنگی زمانە Ponneme رۆیشتنی بە یەکێتی گەورە کە ئەویش شێوازێکە یان مۆرفیمێکە Morpheme دواتر وشەی Lex-im و ئەو رستەیەی کە تەواو نییە phrase دواتر

رستە بە سنووری خۆی فرێدەدرێت بە پێی ریسایەکی سێنتاکسی، بۆیە هەر تۆژینەوەیەکی زمانەوانی نابێ تێپەڕی ئەو پێبیلکەیە بکات، بۆیە یاکبسۆن لە لای خۆیەوە کەوتە گەشەپێدانی بیروڕای سۆسێر دوای ئەوەی شاری براگی بەجێ هێشت و چووە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بنەڕەتی لێکۆڵینەوەکەی لەسەر هێماکان بوو، گەیشتە بیروڕایەک و جەختی لەوە کردەوە کە سیستەمی زمانەوانی جیاوازە لە سیستەمەکانی دیکەی خاوەن یەک سروشتن کە توانای ئەداکردنی دوو کاریان هەیە لە یەک کاتدا ئەویش: پێڕاگەیاندن یان هەواڵ، دواتر گەیاندن و پێڕاگەیاندن، ئەو کارەش خۆی لە چەندین شێوەی وەک ئامرازەکانی قسەکردن دەبینێتەوە کە داڕشتنێکی تۆکمەی بۆ کراوە کە ئەو داڕشتنە زۆرتر گرنگی لەڕووی راگەیاندنەوەی پێدراوە نەک لەناوەڕۆکەوە، لێرەوە قووڵبوونەوە لە تێگەیشتنی ئەدەبی شێوەی قسە یان وتاردان یەکێکە لە بایەخە سەرەکیانەی کە قوتابخانەی مۆسکۆی زمانەوانی بەرپەچی دایەوە، دواتر قوتابخانەی پراگ لەدوای ئەوانەوە هاتن، بۆیە هاتنی تۆژینەوەکانی یاکبسۆن لەسەر کارو بەرهەمەکانی شاعیر خلیبنکۆف (١٩٢١) لا لێکردنەوەیەکی بەپەلەبوو بۆ ملکەچبوونی دەقی ئەدەبی بۆ تۆژینەوەی زمانەوانی.



رۆڵان بارت

لە کۆنگرەی تایبەت بە زمان کە لە زانکۆی ئاندیانا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سازکرا ئەوەی لە تۆژینەوەیەکدا روونکردەوە، دواتر ئەو تۆژینەوەیە لە دووتوێی کارەکانی کۆنگرە لە بەرگێکدا بە ناونیشانی stylein languge لە ساڵی ١٩٥٧ بڵاوکرایەوە، هەروەها چەند لایەنێکی دیکەی تیۆرەکەی لە تۆژینەوەیەکدا بە ناونیشانی sund and meaning بڵاوکرایەوە، بە راستی لێکچەرەکانی لە بارەی دەنگ و واتا کە پێشکەش بە خوێنەرانی کرد بە دانانی ئەوەی راستییەکی نوێی زمانپاراوی سۆسێرە، بەڵام تێبینیەکانی لە بارەی تەوەرەی جێگۆڕکێ و نزیکی و لە پاڵ یەکدابوون کە بە یارمەتی ئەو بەشدارییان لە پەرەپێدانی روانگەی ئالوێری بۆ ریسایەکی سانتێکسی کە شوێنەوارێکی بەرجەستەیی جێ هێشت بەسەر قوتابخانەی ئەمریکی، سەرەڕای ئەمە لای هەر یەک لە هاریس و چۆمسکی.

بەڵام هزرو بیرۆکە لە بارەی کنایە metonymy (باسکردنی شتێک بە ناڕاستەوخۆ) و ئیستیعارە metaphor کە تێڕوانینێکی نوێی لە سروشتی زمانی ئەدەبی هێنایە کایەوە، هەروەها نوێکردنەوەی رەوانبێژی کە ناسراوبوو لەژێر ناوی شێوازگەرایی Stylistics و کنایە، لای ئەو وەرگێڕانی وەک ئەوەی ناسراوبوو بە تەوەرەی لێکنزیکی، ئەویش بە دانانی شتێک لە تەنیشت شتێکی دیکە بۆ تەواوکردنی پێکهاتەو بەرهەمی

سیمانتیکس یان واتاکەی، بەڵام ئیستیعارە لای ئەو وەرگێڕانی تەواوە کە گرنگی بە تەوەرەی جێگۆڕکێ دەدا، چونکە قسەکەر بۆ وشەیەک دەچێت کە شتێکی دیکەی بۆ روونبکاتەوە، بۆ بەرهەمهێنانی واتایەکی نوێ، بەکارهێنانی هەر یەک لە کنایەو ئیستیعارە ئەوە دەبێتە هۆی لێکجیاکردنەوەی نووسەرێک لە نووسەرێک و شاعیرێک لە شاعیرێکی دیکە، زمانی شیعریش لای ئەو ئیستیعارەیە، بەڵام چیرۆکە پەخشان و رۆمان زمانەکەی کنایەیە. (٢)

ئەگەر کنایە بە حکومی ئەو سروشتەی هەیەتی لەسەر رێکخستنی شتەکان وەستا بێت یەک لەتەک ئەوەی دیکە بە هەڵوەشاوەییەوە، کە هەڵوێستی بۆ درککردنی شتەکان بە دانانی ئەوەی بەشێکەو دەبێتە هۆی رێکخستنی ئەوانی دیکە، ئەوا ئیستیعارە کار دەکات بۆ یەکێتی و خستنە سەر یەکەوە، چونکە شاعیر کە وشەیەک بە وشەیەکی دیکە دەگۆڕێتەوە لەگەڵ ئیستیعارە دەڕوات، یان هەوڵی کۆکردنەوەی کۆمەڵێک شت دەدات لە بارەی تەوەری واتاییەوە، چونکە ئیستیعارە یەکێتی و تێکەڵبوونە. (٣)

دیارە زۆر کەس بە تۆژینەوە لێکۆڵینەوەکانی کاریگەر بوون، روانگە نوێیەکەی بۆ رەوانبێژی شوێنێکی بەرزی لە روانگەی لاسایی و کۆنی گرتەوە، هەروەها پرەنسیپی لادانی وشە لە واتاکانی زاراوەییەوە لە زۆربەی پرەنسیپەکان جێگەی وروژان و نوێکردنەوە بوو لە بەکارهێنانی بەرهەمە ئەدەبییەکان بە تایبەتی لە شیعردا.



شتراوس

هەر لە دووتوێی ئەمەوە بوو چەند قوتابخانەیەکی رەخنەیی دروست بوو لەوانە شێوازگەرایی و تەعبیری و شێوازگەرایی ئاماری و شێوازوگەرایی دەنگی و شێوازگەرایی وەزیفی.

یاکبسۆن یەکێک بوو لەوانەی لەنێو کۆمەڵێک لە زمانەوانیەکان شتێکی دروستکرد کە ناسرا بە فۆرمالیستەکانی رووس(٤) کە گروپێک بوون لە سەردەمێکی زووەوە روویانکردە لێکۆڵینەوە لەبواری دەرکەوتنی رووی داهێنانی زمان، هەروەها ئەوەیان بەدی کرد کە ئەو رووە دەرناکەوێ لە شتێکدا بەقەد ئەوەی دەرکەوتنی لە گوتاری شیعری نەبێت، بۆیە تێگەیشتنی سروشتیانەی داهێنان لە هەر زمانێکدا دەبێت لە دووتوێی زانیاری رێساکانی ناوەوەی هونەری شیعرەوە دەربچێت.

بۆ بابەت و رێکخستنی ئەدەبی کە جیاوازیەکی گەورەی لەگەڵ رێکخستنەکانی دیکەوە هەیە وەک رێکخستنی بابەتی مێژوویی، ئەوەش واتای ئەوەیە ئەرکی زانای زمانەوانییە کە تێپەڕی بەدواگەڕانی رێکخستنی زمانی بینراو بکات و ئاگاداری ئەو سەروەت و میراتە بێت لە دەقی ئەدەبیدا، هەروەها بەجدی بیر لە زانیاری

وەڵامەکان بکاتەوە کە کاریگەری لەسەرمان هەیە لە بەشەکانی ئەدەبی زماندا یان زمانی ئەدەبی، ئەوە کێیە وا لە کارێک دەکات ببێتە کارێکی ئەدەبی و، رێ لە کارێکی دیکە دەگرێت کە سروشتێکی ئەدەبی وەرنەگرێت.

یاکبسۆن چ لە بەرنامەکانی مۆسکۆ چ لە بەرنامەکانی براگ یان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا جەختی لەوە کردەوە بابەتەکانی زانستی ئەدەب ئەوە نییە کە خودی ئەدەب بناسن، بەڵکو زانین شتێکە کە دەبێتە کاریگەری کارێکی ئەدەبی، یەکەمین ئەرکی لێکۆڵڤانی شێوازگەرایی لە کاتی سەیرکردنی کارێکی ئەدەبی دیاریکراو، کە رێسای گشتی بەکارهێنانی ئەو وشەیە یان یەکێکی دیکە بزانێ و، دواتر سەیری رەهەندی بەکارهێنانی نووسەر، یان شاعیر بۆ ئەو شێوەیە بکات. ئایا لای داوە لە رێسای گشتی، یان لای نەداوە؟ پانتایی دووبارە بوونەوەی پێکهاتە جیاوازەکانی سانتێکس چەندە، یان پێوەری بەدیهاتووی نواندنی زمانەوانی دروست لە زمانی ئاسایی بەرامبەر چەندییەتی لادان لەو رێسایە چەندە. ئەوەش سروشتێکی جیاواز لە شێوازگەرایی لەخۆ دەگرێت.

**١- شێوازگەرایی جەختکردنەوەیە لە فۆرمی ئەدەبی:**

شێوازگەرایی لای فۆرمالیستەکانی رووس لەسەر برینی مێژوو وەستاوە، بیرۆکەی کۆن کە دەڵێ تاموچێژوەرگرتن لە خوێندنەوەی هۆمیرۆس پێویستی بەوە هەیە لە سیاقی مێژووی خۆیدا لە شوێنی خۆی دابنرێت، ئەو بیرۆکەیەش هاودژی رەخنەی دەقە، لەبەر ئەوەی شیکردنەوەی دەق ناتوانرێ لە دەرەوە بە ئامرازەکانی پاڵپشتی بکات. هەروەها لێرەدا وەستانی شێوازگەراکان لەسەر برینی دەروونزانی لەرووی پێگەیشتنەوە پشت بەیەک شت دەبەستن، ئەویش پرۆسەی بیناکردنە structurizaton گونجانیەتی لەگەڵ ئەودا، رابوونی فۆرمالیستەکان بە دووبارە تۆژینەوەی پەسنی ئەوەی دوو میتۆد لە میتۆدەکانی بینای دەق و گێرانەوەدا، کەوتنە جیاوازی کردن لەنێوان بابەتەکان بە دانان و بەراوردکردن لەرووی بیناکردنەوە، چیرۆکیش fable بە دانانی ئەوەی ماوەی بیناکردنە، هۆشیاریش بەو شێوەیە ئەوا چیرۆکە، ئەوە ئەو بابەتە راستەقینەیە لە رۆمان، دارشتنی چیرۆکیش لەرووی قسەو گوتەو شیکردنەوەو شێوەی هونەری، پێویستی خۆی شرۆڤەی جوانناسی دەکات نەک پاڵنەری دەرەکی، ئا ئەوەیە لە دواجاردا بابەت لە بابەتی رۆماندا جیا دەکاتەوە.

ئەو بیرورایە کاریگەری لە رەخنەی چیرۆکدا کرد، هەندێک لە فۆرمالیستەکان دەبینین لە پێشەوەیاندا فلادیمیر پروپ prop خاوەنی پەرتووکی (مۆرفۆلۆژیای چیرۆک) کە چیرۆکی فۆلکلۆری دەخاتە ژێر میتۆدێکی نوێ و پشت بە برینی بابەت و دابەشکردنی چیرۆک دەبەستێ لە بەدوای یەکداهاتنی گێرانەوەدا Narration Sequences، رابوونی هەر یەکێک لەوانە کارێک لە کارەکان بەشێوەیەکی ئاسایی پاڵپشتە بۆ کەسایەتییەکان (وەزیفە کۆڵەگەیە، کەسایەتیش کۆڵەگەیە بۆ ئەو، بۆ نموونە: وەک دەبینین لە شیکردنەوەی سەد چیرۆکدا سەدو یەک کار دەبینین، ئەوەیە دروستی تۆژەر لە دابەشکردنی رووداوەکان و بەدوای یەکدا هاتنی کارەکان.

**وەزیفەش دوولقە:**

١-وەزیفەی هاندان یان یارمەتی active function

2-وەزیفەی دژیاری opposite function

جۆری یەکەم لەو وەزیفەیە دەبێتە هۆی پاڵنانی

گێڕانەوە بە ئاراستەی کۆتایی، لە کاتێکدا جۆری دووەم دەبێتە هۆی لەسەرخۆیی گێڕانەوە، ئاراستەکان لە جوڵەی لاکانەوە هەندێک ئاڵۆزی و تێکەڵی دەداتە پاڵ ڕووداوەکان، ئەوەی گرنگە دواجار خوێنەر جۆرە گونجانێک لە وەزیفەدا درک بکات و ئەوەش بە رای پرۆپ جۆرێکە لە شیکردنەوەی بنەمای چیرۆک یان حیکایەتدا، دەشکرێ ئەوە لەسەر رۆماندا بگشتێنین.

ئەوەی لە پرۆپ prop وەرگیرا پشتگوێخستنی ناوەرۆک بوو لە بەرژەوەندی شێوەو فۆرمدا، بەڵام بەرپەرچی ئەو بۆ ئەوە جەختکرنەوەی بوو لەو شیکردنەوەیەی کە دەبێتە هۆی روونکردنەوەی شێوەو ناوەرۆک. (٥)

**٢- بونیادگەری و رەخنەی ئەدەبی:**

دواجار بونیادگەری بووە یەکێک لە بڵاوترین لەو دەربڕینانەی رەخنەی ئەدەبی، زۆرێک لەوانەی ئەو وشەیەیان بەکاردێنا وەک ئەوەی نواندنی تێزێکی رەخنەی نوێ بێت کە دی سۆسێر دای هێنابێت، بەڵام سۆسێر هەرگیز ئەو وشەیەی بەکار نەهێناوە، بەڵکو لە شوێنی ئەودا وشەی سیستەم system ی بەکار هێناوە، شتراوسیش لە لیکچەرەکانی جەخت لە ئەفسانەو واتا دەکاتەوە.

هەروەها دەڵێ باوەڕ وایە کە بونیادگەرییەکان شتێکی بە تەواوی نوێیەو شۆڕشێک و کودەتایەکە ئەوە باوەڕێکی زێدەڕۆییە، ئەوە شتێکی نوێ نییە، نە لە بواری زمانەوانی نە لە بوارەکانی دیکە، رەنگە بەپێی توانا بکرێ سەرنجی ئەو تێزە هزریە لە سەردەمی راپەڕین هەتا سەدەی نۆزدە بدرێ هەتا دەگاتە سەردەمی ئێستامان، کە دەکرێ ناوی بنێین بونیادگەری لە بواری زمانەوانی یان ئەنترۆپۆلۆژیا یان ناوێک هاوشێوەی ئەوە، نەک زۆرتر نزیک بێت لە لاسایی کە ترسی بەکارهێنانی هەبووبێت لای زانستە سروشتیەکان لە سەردەمێکی زۆر زووی نزیکدا. (٦)

ئەوەی بونیادگەری ئەنجامی دەدات نزیکبوونەوەیە لە دیاردە ئاڵۆزەکان لەڕووی زمان و ئەنترۆپۆلۆژیاو، لێکۆڵینەوەی پەیوەندییەکان ئەوەی لەسەر بنەمای جیاوازی یان هاوبەندی وەستاوە بۆ تێگەیشتن و رێکخستنی بنەڕەتی کە ئەو پەیوەندییە دروستی دەکات. (٧) هەروەها ئەمیل بنفنست ئاماژە بە پەیوەندی ئەو زاراوەیە دەکات کە سۆسێر بەم شێوەیە بەبیرمان دێنێتەوە: سۆسێر هەرگیز وشەی (بونیاد)ی بەکار نەهێناوە، بەڵکو تێگەیشتنی ریشەیی لە روانگەی ئەوەوە چەمکی رێکخستن یان سیستەمە system .(٨)

بەڵام رۆڵان بارت barthes پەیوەندی بونیادگەری بە چەمکی رێکخستنی روونکردەوەو دەڵێ: بونیادگەری بە واتایەکی وردو دیاریکراو، گواستنەوەی نموونەی زمانەوانییە بۆ نێو پانتایی رۆشنبیری دیکە. (٩) ئەو بیرۆکەیە بە رای جۆناسان کولەر culler پشت بە دوو باوەڕی بنەڕەتی دەبەستێت یەکەم: دیاردەی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری بابەتێکی رووت یان رووداوێکی ماددی نییە، بەڵکو بابەت یان رووداوێکن خاوەن واتا، دواجار ئاماژە signs یان هێمان، دووەم: ئەو بابەتانە یان رووداوانە ناوەرۆک یان چییەتی وەستاو نین لە خودی خۆیانەوە، بەڵکو کۆمەڵێک پەیوەندی نێوخۆیی یان دەرەکییە، تۆژینەوەش لەو پەیوەندیانەو ئەوەی رێکیدەخاو دەی گونجێنێ، ئەوەیە وادەکات ببێتە بنەمایەکی خاوەن واتا، لێرەوە لێکۆڵینەوەی زمانەوانی لەڕووی بونیادگەرییەوە کەوتە پۆلینکردنی پرۆسەی سینتاکس و رێکخستن کە شەش قۆناغ یان پەیوەندی لەخۆ دەگرێت:

١- دیاریکردنی شوێنی وشە.Word order

2- پێکهاتە Composition

3- پێگەیاندن Affxation
4- رێکخستنی نێوخۆیی ریشەیی وشە.
٥- لاوازکردن Reduplication
6- جیاوازی لێدانەکان Acdentual differ-ences

گەشەکردنی ئەو روانگەیە بۆ رێکخستنی زمانەوانی لای هەر یەک لە ئادوارد سابیرو بلومفیلد Bloomfiled کە کاریگەری واتایان لە رێکخستنی زمانەوانیدا پشت گوێ خست بە سەلماندنی ئەو کاریگەریەی رێکخستن لە واتادا جێی دیلێت، وەک ئەو رستەیە: (ئەو پیاوە نائومێدی کردم) ئەو رستەیە خاوەن رێکخستنێکی واتای دیاریکراوە، ئەگەر گۆڕانکاریەکمان لە رێکخستنەکەیدا ئەنجامدا، وەکو بڵێین ( نائومێدی کردم ئەو پیاوە یان پیاوەکە ئەو نائومێدی کردم، هیچ جیاوازیەک لە واتاکاندا نییە، تەنیا جیاوازی لەرووی رێکخستنەوە نەبێت، رێکخستن بنەرەتەو واتا لقەکەیەتی، هەروەها ئەگەر وشەی پیاومان بە وشەیەکی دیکە گۆڕیەوە بۆ نموونە (بەرنامە) دیارە رێکخستن و واتا ناگۆڕدرێت تەنیا بەقەد زیادبوونی وشەی بەرنامە کە وشەیەکی نوێیە لادانی وشەی پیاوە، گرتنە بەری ئەو رێگەیە لای زانا کلود لیڤی شتراوس روونتر بۆوە کاتێ کەوتە جێبەجێکردنی نەهجی بونیادگەری رووت لەسەر لێکۆڵینەوەی ئەفسانە بەپەیبردن بۆ پارچە پارچەکردنی ئەفسانە بۆ رستەی کورت، نووسینەوەی هەر رستەیەک لەسەر کارتی پەراوێزدا Card Index دواتر پۆلینکردنی رستەکان بەپێی پەیوەندی بەکارێک لە کارەکانی پەیوەست بە کەسێک لە کەسەکان، لێرەدا ئەوە بەدیار دەکەوێت کە ئەو کاریگەر بووە بەشیکردنەوەی بونیادگەری پروپ بۆ حەکایەتە سەرسوڕمانەکان، دواتر ئەوە رووندەکاتەوە کە رستەکان زۆرتر دووبارە دەبنەوە لەوانی دیکە، ئەو رستانەش چەند پەیوەندییەک لەخۆ دەگرن کە دەتوانرێ پێکهاتەو تێکەڵکردنی بە یەکەوە واتایەک تەواو بکەن.

دوای ئەوەی توێژەر رادەبێت بە ئەنجامدانی ئەو کارە لەسەر زیاتر لە ئەفسانەیەک، ئەوە بەدەست دێنێ کە هەر رستەیەک زیاتر دووبارە ببێتەوە ئەوە زیاتر کاریگەری هەیە لە چنینی ئەفسانەکەدا، لێرەوە دەکرێ بگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە هەر جۆرێک لە پەیوەندییەکان زۆرتر دووبارە ببێتەوە لە کۆمەڵێکی گەورە لە ئەفسانەکان وەکو ئەوەی شتراوس پراوەکانی خۆی لەسەر ئەنجامدا لە پەرتووکەکەی (ئەفسانەکان)کە نزیکەی ٥٢٨ ئەفسانەی لەخۆ گرتبوو.

شیکردنەوەی ئەفسانە شیکردنەوەیەکی بونیادگەری واتا جوڵان بەرەو ئاسۆییە، بۆ تێگەیشتنی پێکهاتەی نێوانیانە، نەک بەشێوەیەکی ستوونی بۆ زانینی هەر ئەفسانەیەک لە بەدیارکەوتنی پێش ئەوەی دیکە، ئەو شیکردنەوە ئاسۆییەی کە وەستاوە لەسەر تێبینی پێکهاتەکەی، بەشێوەیەکی نوێ گەیشتە شتراوس بە هزرێکی نوێ ئەویش پێکهاتەی ئاوەزی شارستانی بوو وەکو لە پێشەوە ئاماژەی پێکرا لە پێکهاتەی ئاوەزی سەرەتایی، وەکو ئەو تێبینیە هانی ئەوەی دا کە بەراوردی ئاوەزی مرۆڤ بە کاری ئامێری ژمێرەی ئەلکترۆنی Binary Sys-tem بکات، بۆ روونکردنەوە شیکردنەوەی شتراوس ئەفسانەی وەرنک بەبیر خوێنەر دەهێنێتەوە کە ئەفسانەیەکە لە رۆژئاوای کەنەدا زۆر بڵاوە، ئەفسانەکە دەڵێ: بای باکوور لەو کاتەی کە پێش ئەوەی مرۆڤ دەربکەوێ، یان رەگەزی مرۆڤایەتی لەسەر زەوی بێتە کایەوە ئەو بە درێژایی کات و بە درێژایی رۆژ و ساڵ هەڵی

دەکرد، ئەمە وای کردبوو ژیان ئەستەم بێت، دوای پەیدابوونی رەگەزی مرۆڤایەتیش ئەمە هەروا مایەوە، بۆیە بریاریاندا هەڵمەتێک لە پێناوی وەستاندنی ئەو هەڵکردنە بەردەوامە ئەنجام بدەن، لەو هەڵمەتەدا مرۆڤی خاوەن سیفاتی ئاژەڵ و ئاژەڵی خاوەن سیفاتی مرۆڤانە بەشدارییان لەو هەڵمەتەدا کرد، لە هەڵمەتەکەدا رۆڵ درایە پاڵ ئەو ماسییەی کە باسی دەکەین، ئەفسانەکە رادەبوورێ دەڵێ: ئەو ماسییە تایبەتمەندییەکی لە چێژوەرگرتن لە فێلبازی هەبوو، بە دوو شێوەی جیاواز لەیەک کاتدا دەردەکەوت، بینینی لەیەک ئاراستەی دیاریکراو وەلامەکەی بەزمانی سوپەر دوو وەلام بوو، بەڵێ و نەخێر، واتە دوو رووی هەبوو یەکیان سلبی و ئەوەی دیکە ئیجابی، ئەگەر نیشانەشکێن بۆی بکرایە نیشانەی ئاراستە بکات و نیازی کوشتنی هەبێت بەهۆی گەورەیی قەبارەکەی، ئەوا بە حوکمی ئەو تایبەتمەندییە دەسوڕایەوەو فیلێکی دەکردو بە دیوەکەی دیکە دەردەکەوت، کە زۆر ئەستەم بوو نیشانەی لێ بگیرێت، بۆیە ئەو ماسییە دەیتوانی بەهۆی ئەو خاسیەتانەی هەیەتی لە پێکهاتەکەیدا ئەوا بای باکوور بەدیل بگرێت، بەریشی نەدات تەنیا دوای ئەوەی بەڵێن نەدات کە هەڵنەکات تەنیا لە چەند رۆژێکی دیاریکراوی ساڵ نەبێت، لەماوەی ئەو رۆژانەی ساڵ خەڵک و ئاژەڵەکان دەیانتوانی بە چالاکی ئاسایی خۆیان رابێن.

لەو ئەفسانەیەدا ئەوە بە تەواوی روونتەبێتەوە کە باو زیندووبوونەوەی زەوی دوو جەمسەری دوورکەوتنەوە دروست دەکەن، بەلام هەردەبێ یەکیان ئەوەی دیکە ببڕێت بۆ بەجێهێنانی ئارەزووی ئەوەی دیکە، لێرەوە هاتنەناوەوەی ماسیەکە کە خاسیەتێکی کۆکردنەوەی هەردوو رووی لێکدوورخراوەی هەیە، بەدیارکەوتن و بزربوونی لە یەک کاتدا، واتە بەشێوە گشتگیریەکەی لەڕووی دژیەکیەوە خاوەن هێما بوو بۆی لە شیکردنەوەی بونیادگەری بە بەڵێ و نەخێر، توانی بای باکوور بەدیل بگرێت کە لە کۆتایی بووە هۆی بەجێهێنانی ئیرادەی رەگەزی مرۆڤایەتی، واتە سروشتی دوانەیی ماسیەکە بووە هۆی ئەوەی کە ژیان ئەستەم بێت و ژیان بە نسبەت رەگەزەکەی دیکە مومکین بێت.

لێرەدا لیفی شتراوس تێبینی ئەوە دەکات کە زمانی ئاماژە لە ئەفسانەدا کێشەی زمانە تایبەت بە ژمێرکاری کە ناسراوە بە زمانی فۆرتران کە هەڵدەستێ بە تایبەتمەندی فلوکارت Chart Flow کە بریتیە لە دیاریکردنی هەنگاوەکانی چارەسەری لە ماوەی داواکراوەکان و روونکردنەوەی بەرامبەر کە ئاماژەی موجەبە (+) هەروەها شتی داوانەکراو کە روونکردنەوەی بەرامبەر کە ئاماژەی سالیبە (- ).

لە ماوەی ئەوەی رابوورد ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە شتراوس بە ئەنقەست گواستنەوەی ئەفسانەی بۆ زمان یان بە وشەیەکی روونتر بۆ دروستکردنی زمان بە زاڵکردنی رۆشنایی لەسەر ئەوەی تێی دایە لە خاڵی جیاوازی و رێککەوتن، دیارە سروشتی بای باکوور ئاماژەیە، سروشتی رەگەزی مرۆڤیش ئاماژەیە، هەروەها سروشتی دوانەیی ماسیەکەش ئاماژەیە، ئەوەش واتای ئەوەیە کە لێکۆڵەڤان ئەرکی گواستنەوەی سیستەمی شیکردنەوەی زمانەکانە، یان شیکردنەوەی رستەکانە بۆ پانتاییەکی رۆشنبیریی نازمانەوانی کە ئەویش ئەفسانەیە. ئەی لە بارەی ئەدەب و شیعرو پەخشان؟

دەرچوونی بونیادگەری Structuralism لە رەخنەکانیان بۆ ئەدەب لە گوتە گوتراوەکاندا کە بنەما لە خودی خۆیدا تەواو دەبێت پەنا بردنە بۆ

هەر ڕەگەزێک لە ڕەگەزەکانی نامۆ لە بارەیەوە یان لە بارەی سروشتەکەیەوە داوای تێگەیشتن ناکات، دەقی ئەدەبی پەخشان یان شیعر بنەمایەکە لە ڕەگەز پێکدێت، ئەو ڕەگەزەش پەیوەستە بە یاسای پێکهاتەی لە سنوور بەدەری ڕۆڵەکەی لەڕووی پەیوەستی کەڵەکەبووی هەموو بەشەکانی بوونی ئەدەبی هەندێک بە هەندێکی دیکەوە گرێ دەدات، ئەوەش زیادەیە لەسەر سەرجەم تایبەتمەندیەکانی کە جیاوازە لە تایبەتمەندی ئەو ڕەگەزانەی کە دەقی ئەدەبی لێ پێک دێت، بۆ ئاشکراکردن و ڕوونکردنەوەی ئەو نموونەیە لە بیرکاری وەردەگرین ئەویش ژمارەی (١) و (٢)ە کە هەر یەکێک لەو ژمارانە تایبەتمەندی خۆیان هەیە، بەڵام کاتێ ژمارەیەکی نوێی لێ پێک دەهێنرێت کە ژمارەی (٢١)ـە، ئەوا پێکهاتەکەی ژمارەیەکی دیکەیە کە خاسیەتێکی نوێی هەیە، بەڵگەش بۆ ئەمە کاتێ ئێمە ژمارەی (٢) دادەنێین لە لای ڕاستی ژمارە (١) ئەوا پێکهاتەیەکی دیکەمان بۆ دروست دەبێت کە ئەویش ژمارەی (١٢)یەو، خاسیەتەکەی جیاوازە لە ژمارە (٢١)هەر لەبەر ئەوەیە هەر بەرهەمێکی ئەدەبی لە بنەڕەتدا لە ئاماژەکانی (دال) و هێما پێکهاتووە، ڕەنگە هزرو زانیاری و ڕستەی وەرگیراو بێت لە دەقی دیکەوە، ئەو بنەمایەش هاوکاری ئەو ڕەگەزانە دەکات، چێژ لەڕووی بنەماو تایبەتمەندی جیاواز لە تایبەتمەندی ئەو ئاماژانەو دال و هێماکان وەردەگرێت، هەر لەسەر ئەمە گشتگیری بنەما هەمووەکی Totality کە شتێکی پێویستەو ناتوانرێ پشت بە بەشەکانی ببەسترێت لە کاتی لێکۆڵینەوە یان لادانی بەشەکانی دیکە لەسەری، چونکە بە لادانی ئەو بەشانە هەرەشەیەک دەبێت بۆ هاتنەناوەوەی هەمووارکردنی لەسەر بنەماو لەسەر تایبەتمەندی ئەوەی پێی جیادەکرێتەوە لە چوارچێوەی بنەماکەیدا، لە بەر ئەوە پەیوەستی کارو بەرهەمی ئەدەبی یان دەق گونجان و هەژانی کارێکە دەبێ ڕوونبکرێتەوە لە چوارچێوەی تیشک خستنە سەر ئەو دەقە لەڕووی ڕەخنەوە، ئەو تیشک خستنە سەرە دەبێ لایەنەکانی دەق ئاشکرا بکات و، ڕەگەزەکانی دەق لەڕووی دژیەکەکان و دوانەو لە یەک نەچوون لە یەکێتی ئەو دەقەدا بەدیار بخات.

جەختکردنەوە لەوە کە هەر دەقێکی ئەدەبی پێکدێت لە چالاکی ناوەوە وا لە هەر ڕەگەزێک دەکات کە ڕەگەزێکی دیکە بینات بنێ و، ببێتە بنەما بۆ ڕەگەزێکی دیکە لە هەمان کاتدا، بۆیە ئەو سیستەمەی بنەمای دەقی لەسەر بنیات دەنرێ ڕێگە بە زۆر ڕەگەز دەدات بێتە نێو دەقەوە، لە ئەرێنییەوە بۆ نەرێنی و بە پێچەوانەوە، ئەو بیرۆکانەی دەقی ئەدەبی لەسەر پێک دێت، وا دەکات بەهۆی ئەو قەڵەمبازەوە هۆکارێک بێت بۆ لە دایکبوونی بیرۆکەی نوێ، بە واتایەکی دیکە (بنەما) بە بیروڕای ئەوان شتێکی وەستاو و جێگیری ڕەها نییە، بەڵکو هەمیشە ئامادەیە بۆ گۆڕان و قەڵەمبازی ناوەخۆ، بۆ نموونە ژمارەکانی ئەو گۆڕانکارییە تۆ دەتوانێ هەست بەوە بکەیت کە چ بنەڕەتە کە وا دەکات ١+١= ٢ بەقەد ئەوەی هەست دەکەیت کە ژمارە (٢) کەمترە لە ژمارە (٣) یان لە پێشەوەی زنجیرەی ژمارەکان دێت، یان ژمارە (٢) جیاوازە لە ژمارە (١)و جیاوازە لە ژمارە (٣) یان هێمای کۆ (+) جیاوازە لە هێمای کەم (-) ئەو گۆڕان و قەڵەمبازە نێوخۆییانە بۆ ڕەگەزەکانی هەر بنەمایەک ناکرێ لە دووتوێ خۆیدا لەخۆوە بێت، بەڵکو بە قەدەر خۆی چێژ لە کۆنترۆڵی خودی خۆی دەبینێت، بونیادگەراکان دەڵێن: هەر بنەمایەک دەتوانێ خۆی کۆنترۆڵ بکات، کۆنترۆڵێکی خودی کە دەبێتە پاراستنی ئەو، هەروەها جۆرێک لە گەرەنتی داخرانی بۆ

دابین دەکات.(١٠)

داخران لێرە ڕێنیشاندەرێک نییە بۆ بەبەرد بوون یان دواکەوتن، بەڵکو واتایەکە بۆ سیفەتی ئەرێنی، کە بنەمای خودی تەحەکوم بە پێکهاتەکانی دەکات، بەشێوەیەک کە پێویستی بەشتێکی دیکە نەبێت، کە بۆ تێگەیشتن و لێکۆڵینەوەو چێژوەرگرتن لە دەقەکە بەموتەلەقی بۆی بگەڕێتەوە، هەر گۆڕانکارییەکی پێویست بۆ هەر بنەمایەک لە واقیعدا نابێتە شتێک لە دەرەوەی سنوورەکەی، بەڵکو دەبێتە هۆی لەدایکبوونی ڕەگەزێک هەمیشە پابەندی بنەماکەیەتی و دەیپارێزی بەشێوەیەکی توند، بەڵام ئەمە نابێتە هۆی گۆڕان وەکو ژان ژینیە لە پەرتووکی (بونیادگەری) بۆی چووە، بەبێ چوونە نێو بنەمای لقەکان لە بنەماکانی دیکەوە کە بوارێکی فراوانە.(١١) کە ئەوە شتێکە گۆڵدمان goldmann جەختی لێ کردووەتەوە، لە کۆکردنەوەی نێوان بنەمای ڕێژەیی یان خودی و بنەمای هەمووەکی.(١٢)

بەدامەزراندنی ئەوەی پێشەوە بونیادگەراکان لە ڕەخنەکانیاندا لە دەقی ئەدەبیدا بەرەو جەختکردنەوە لە شیکردنەوەی دەق شیکردنەوەیەکی گشتگیر بە واتای ئەوەی دروست نییەو بەوەندە نابێ وازبهێنرێ کە تەنیا بەشێک یان چەند بەشێکی دەقی ئەدەبی بخرێتە ژێر لێکۆڵینەوە، وەک لایەنی واتایی بۆ نموونە یان وێنە یان شێواز یان لایەنی مەجازی یان وشەو ..هتد، ڕاستییەکەی هەر دەقێکی ئەدەبی لە کۆمەڵێک ڕەگەز پێک دێت، بەڵام ئەو ڕەگەزانە لە بوونی خۆیاندا سروشتی پێشتریان ونکردووە، شتێکی نوێیان هێناوەتە کایەوە کە بەهایەکی ئەدەبیان بەخشیوەتە دەق، هەوڵەکانی ڕەخنەگری بونیەوی گەڕانە بۆ یەکبوونی ئەو ڕەگەزانە لەو جیاوازی و دژیەکیانەی لەنێوانیاندا هەیە، هەروەها ڕێکخستنەوەی ئەو چوارچێوەیەیە کە دەق دەینوێنێ، هەر بۆیە ڕەگەزە هاودژو نەگونجاوەکان کە ئەوانەی دەقیان لێ پێک دێت پێویستیان بەتەوەرێکە ڕێکیانبخاتەوە، ئەو تەوەرە ئامانجی ڕەخنەگری بونیادگەراکانە، بە ئاشکراکردنی ئەوە شەوتێکی گەورەیان بڕی بەرەو هێنانەدی ئامانجەکانی ڕەخنە، نموونەی ئەو ئاشکراکردنەو جێبەجێکردنی بە بەکارهێنانی ئامرازەکانی وەرگیراو لە لقەکانی بنەماکانی دیکە دەبورێت، هیچ پێویستی بە بەکارهێنانی شارەزایی دەروونزانی و مێژوونووس نییە، شیکردنەوەی بونیادگەری تەنیا پشت بە خودی دەق دەبەستێت و بەس، نموونە لەو بارەیەوە ڕوانینی ڕەخنەگر تەنیا بۆ ڕەگەزەکانی دەق و ڕێگەکانی پێشکەشکردنیەتی بۆ کارەکان و پەیوەندییەکانی یەک بەوەی دیکە بەبێ تێپەڕکردنی سنووری دەق بۆ هەر لایەکی دیکە.بونیادگەراکان باوەڕیان بەجیاکردنەوە نییە لە نێوان شێوەو ناوەرۆکدا، ئەوەش ئەوەمان بەبیردێنێتەوە کە ڕەخنەگرانی نوێ هەنگاویان بۆنا، شێوەو ناوەرۆک هەردووکیان یەک سروشتیان هەیە کە شایەنی چاودێرین لە شیکردنەوەدا، ناوەرۆک کرۆکیەتی خۆی لە بنەمادا وەدەست دێنێ، کە شێوەکەی ناودەنرێت نەک لە ڕاستیدا تەنیا بنەمایەکە پێک دێت لە بنەمای بابەتی دیکە کە سروشە بۆ هزری ناوەرۆک.(١٣)

بەڵام بەجێهێنانەکەی، ئەوا بونیادگەری ڕێگە بە ڕەخنەگر دەدات بە پرۆسەی دوولایەنە رابێت، ئەویش یەکتربڕین و پێکهاتەکەیەتی، ئەوەش دەوەستێتە سەر بوونی بەشێک لە دەق، کە بنەمای بابەتییە بۆ ئاشکراکردنی وەزیفەی ئەو بەشەو پەیوەندی بە بەشەکانی دیکەو کاریگەری گشتی بەسەر بەشەکانی دیکەو بەسەر خودی خۆیشەوە،

دوای پێزانینی ئەو پەیوەندییەو وەزیفەکەی و دووبارە پێکهاتەی دەق تەواو دەبێت لە چوارچێوەی شیکردنەوەی گشتی بۆ دەقی ئەدەبی کە دەبێتە دەروازەی ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە لە نێوانیاندا هەیە لە پێکهاتەی رەهادا، بۆیە چەند نموونەیەک لە چیرۆک یان شیعر لە شیکردنەوە بونیادگەریەکەیدا دەبێتە چەند دەرئەنجامێکی دووبارە، ئەمەش واتای ئەوەیە کە هەموو دەقێک لەو دەقانە سەر بەجۆرێکی ژانری ئەدەبیە وەک شیعرو چیرۆک و دراماو ئەفسانە، بۆ هەر جۆرێکی ئەو ژانرانە سیستەمێکی بونیەوی هەیە، کە لەسەر رەخنەگرە بڕوانێتە رەهەندی پێکچووی ئەو دەقە لەگەڵ سیستەم یان هەر لادانێک کە تێیدا بەرجەستە دەبێ و جۆری ئەو لادانەش چییە، ئایا بووەتە زیاتر پێکەوەبەستنی دەق و گونجانەکەی و هاوبەندی بەشەکانی، یان بووەتە کەموکورتی و شلەژانی دەقەکە؟ بەهەر حاڵ عەبقەریەتی داهێنەر بە مەودای ئەوەی لە دەقەکەیدایە پێوانە دەکرێ، کە ئەوەش تێپەڕکردنی رێساکانی دەقە کە خەرمانەی ئەدەبی سنوورەکەی دیاری دەکات. بۆیە کاری ئەدەبی کارێکی زمانەوانییە، زمانیش مادەو شێوەو سیستەمە، ئەویش خەرمانەی گشتی کۆمەڵە، بۆیە بەکارهێنانی ئەو زمانە لە بونیادی دەقدا، وا لە دەق دەکات کە لە کۆمەڵێک رێنمایی زمانەوانی پێکدێت لە بنەڕەتی کاری ئەدەبیدا، هیچ لەسەر گوێگریش نییە تا ئارام بگرێت تاکو ئەو بەشە نادیاری لاوازە وەدەست بێنێ لە بەرهەمەکانی نووسەر، کە دەربڕین لە داهێنان و کەسایەتیەکە دەکات لە رێگەی دەرهێنان و هاوشێوەو لادان لەڕووی دارشتنی گشتییەوە، هەر بەمەش بونیادگەراکان رۆڵی نووسەریان لە بەرهەمهێنانی ئەدەبیدا گەڕاندەوەو زیاتر گرنگیان بە رۆڵی گوێگردا.

لەڕووی بەجێهێنانیەکەی بونیادگەراکان لە رەخنەی چیرۆکدا کار لەسەر گواستنەوەی کۆمەڵێک پارچەی خوێندنەوە دەکەن بۆ کومەڵێک بەشی سەربەخۆو بۆ کۆمەڵێک بنەمای پارچە پارچە کراو، بۆ نموونە لێکۆڵینەوەی بنەمای شوێن کە دەبینین چەند یەکەیەکی تێدایە کە بەڵای داخران و، هەروەها چەند یەکەیەکی تێدایە بەڵای کرانەوەدایە، یان دەربڕین لە کەشێک و رامان لە پەیوەندی ئەو شوێنە یەک بەوەی دیکەوە، هەروەها پەیوەندی هەموو شوێنێک بە بنچینەکانی چیرۆک وەک کەسایەتی و رووداو، لەسەر ئەو شێوەیە بەشکردنی کات لە چیرۆک بۆ زنجیرە هەندێک هێمایە بۆ رابردوو و هەندێک بۆ ساتەکانی خوێندنەوەو هەندێک بۆ پێشبینی و سەرپەرشتی کردن، بەشبەشکردنی برگەکانیش تایبەتە بە سات و لێکۆڵینەوەی تەواوی بابەتەکە کە لە دووتوێدا روانگەی پەیوەندی هەر بنەمایەکی بابەتی بەرەگەزەکانی دیکەوە کە دەقی لێ پێکدێت، لە شیعردا تەواوبوونی هەموو جەختکردنەوەیەک لە بنەماکانی پێکهێنەری چامەکەیە، کە هەر بنەمایەک لە رەگەزەکاندا وازناهێنن لە بەیەکگەیشتن یان پێکدادان لەنێو پێکهاتەی دەقدا، دوای لێکۆڵینەوەی ئەو رەگەزانە بەشێوەیەکی ورد کە ئاراستەی تێڕوانینی بۆ پەیوەندی هەر بەشێک بە چامەکەوە. هەروەها کاریگەری چامەکە بەسەر هەر رەگەزێکەوەو، تەواوبوونی تەوەرەی گشتی کە لە دووتوێ ئەودا دەخولێتەوە لە ماوەی ئەوەدا رامانی واتا تەواو دەبێت.

ئەگەر چامەی (بەفر)ی شاعیر ئەحمەد عەبدولموعتی حیجازی وەربگرین و هەوڵی لێکۆڵینەوەی بدەین کە لێکۆڵینەوەیەکی

بوینادگـەری بێت، ئەوا دەبینین لە دوو بنەمـای دروست پێکهاتووە، یەکەمیان پێشەکی چامەکەیە کە لەوێدا باس لە هاتنەخوارەوەی بەفر دەکات و پروپاگەندە بۆ سپیەتی لەنێوان شتەکاندا دەکات، بنەمای دووەم ئەو بەردەوامیەیە کە دەورەی شاعیر یان خوێنەر لە بەرزییەوە دەدات، بۆ قەسەکردن لەو دوو بنەمایە کۆتاییـەکی کـورتە بۆ چامـەکـە کـە بەشداربیە بۆ سەلماندنی هەردوو کۆپلەکە:

ناکاوییە سپیایەتی..
کاتێ پەنجەرەکەم داماڵی
کاتێ سەرینە نەرمەکەم رایکێشام
لە ژێرمان داتەپی بوو..
هەموو بێ خەوشیەکی پێ بەخشیبووم
بەپانتایی تەنکیشییەوە
سەرنجی راکێشام
گێژەلووکەی نەرمیش
بۆخۆی رایکێشام
کۆچییان کرد پێکەوە
هەریەکەو بۆخۆمان هەنگاومان نا..
دەشەکایەوە بەبێ سێبەر
سـەمـامـان دەکـرد لەنێـوان هەڵبـەزین و دابەزیندا..
لەنێو کژو گیاو درەختە رووتەکان
لە لێوار پاڵکەوتنی پەنجەرەو هەیوانەکان
دەستی منداڵان و دەستی پەیکەرەکان
ئەو بوونەوەرانەی لە دەوری بانەکان
سـپـیـاتیـەک لە دەوری خـولگەی خـۆی دەسووڕێتەوە
وەک شەکانەوەی ماسیگرە
لە کانیاوەکان
سڕینەوەی هەموو ملە درێژە پێکچووەکان
لەسەر پەڕە جوان و نەرمەکانی سەر جەستەیان..
.............

دواجار خۆر بەسەرماندا هەڵات
پێکەوە کەوتیین
پێکەوە لەم رۆتینە رەش و دەستەمۆییە
تواییینەوە

لێرەدا تێبینی ئەوە دەکەین کە دەقی ئەو چامەیە سەر بەشیعری (تەفعیلیە)یە شیعریش تایبەتمەندی خـۆی هەیە لە نووسین وەک پاراسـتنی ریتم و بەکارهێنانی سەرواو بە وێنە دەربڕین لە مەجازو ئیستیعارە، ئەو شتەش تێبینی کراوە لە چامەدا، ئەوەش پێـویست بە ئاگـاداری ناکـات لەڕووی مـەجـازی داهێنراو، ئەو وێنە لێکچـووانەی لە روانینی گـوێگرەوە خـول دەخـوات، ئەوەی لێـرەدا پەیوەندی بە ئێـمەوە هەیە ئاماژەی شـاعیـرە لەو چامـەیەدا کە دەوەسـتێـتە سەر دوو شـتی هاودژی بەرامبەر بە یەک ئەوانیش: ئەو سپیـایەتیـەی کـە شاعیر باسی ناکات تەنیا لە سیاقی گەشەکردنی هەڵوێستی ئەرێنی بەرامبەر بەو رەنگە نەبێت، ئەو رەشایەتیەی باسیشی دەکات پەسنێکە بەرامبەر بە مـەلەل و بێـزاربوون، ئەوەش دیارە هەسـتـێکی نەرێنییە، واتە ئەو چامەیە لەسەر رێچکەیەکی نزم گەشە دەکات، ئاراستەکەی لە سپیەوە کە ئەرێنییە دەکرێ ئاماژە بکرێ بە هێمای (+) بەرەو رەشی کە ئەویش هێمایەکی نەرێنییە کە دەکرێ ئاماژە بکرێ بە هێـمـای (-) لەبەر ئەوە هۆکـارەکـەی بەسروشتی خۆی نادیارە لە چامەکەدا، سپیەتیش بەرجەستەکردنی هەموو شتێکی پووختە ئەویش دژیەکە، کە ئەوەش راکێشانی قسەکەرو دووتێزی پێ دەبەخـشێ بۆ خـولانەوە، نەک گـەردەلول یان گێژەلووکە بۆیە لێرەدا دەڵێ:

ئەوەیە بەردەوامی شەکانەوە
بۆ خۆی کێش کردم..

کە هەستێکی نەرێنی لە خۆ دەگرێت بەرامبەر ئەو خـولانەوەیە بە بەسـتنەوەی بە دوو شت

ئەوانیش: هەژانەوە یان لەرانەوەی پەڕەو گـەڵای ناسکی درەخت یان گوڵ، وەکو ئەوەی لەو دوو دێرە شیعرە کۆنەدا هاتووە:

ئایا سـەدەی لەیلا بەسـەرت شـەکایەوە .......

ئەو سۆزە بارگاوییەی کە وشەی (لەرانەوە) هەڵی گرتووە کـە وشـەی شـاعـیریش پاڵپـشتی کـردووە لەوەی کە دەڵێ (منی بۆ خۆی کێش کرد) قسەکەر ئەو وشەیە بەکارناهێنێ تەنیا ئەگەر دەربڕین نەبێ لە پێکەوە نووسانی خۆشی لە نێوان دوو کەس، ئەو وێنەیەش پاڵپـشتی وێنەکـانی دیکە دەکـات وەک: دەلەرینەوە بەبێ سێبەر، سەما دەکەین، گیا دەورەی داویـن، وشـــــەی دەورەی داویـن چـەنـد واتایەکی سۆزداری ناسراوی هەیە، رووتبوونەوەش پەسنی درەختـە هەروەها (پەنجـەرەکـەم دامـاڵی) هەموو ئەو وشانە لە راستیدا بنەمایەکی ئیجابی هەیە بۆ وێنەیەکی بەردەوام کـە قـسـەکـەر بزرو ون دەکـات و لە پـانتـاییـەکی سـپـیـدا کـە پێکچـووی سپیایەتی شەکانەوەی ماسیگرەیەک، ناشتوانین ئەو وشـەیەی مـاسـیگرە لە ئیـحـایەکی سـۆزو هەستێکی جنسیەوە بەدوور بگرین وەکو وشەکانی :رووتبـــوونەوە، لەگـــەڵ ئەوەشـــدا بە بیرهێنانەوەی جەستەو پەڕ کە بووتە بەرگێک بۆی هەروەها سـروشـێک بۆ ونکردن و داپۆشـینی لە کەشێکدا بە سوودی سپیەتی بەفر بکشێتەوە.

لە نێـو بونیـادگـەرەکـاندا ئەوانەی ئینکاری بونیادگەریان کردووە، بەڵکو پەلەیان لە بانگەوازی رووخاندنەکەیان کردووە، کە جاک دریدا derrida وازی لێـهـێنان و، هەروەها هێـرشی کـردە سـەر تەجریدو داخزانی وێنەیی و ئێستای میتافیزیکیا.

جولیا کرسـتیـفا kristeva و کۆمـەڵێک - tel quel کە بانگەشەی سیمایەکی نوێیان دەکرد، کە دەکرێ بەو شـێـوەیە داواکـاری بونیـادگـەراکـان لەم چەند خاڵەدا کورت بکرێتەوە:

١- بونیـادگـەری نیـمـچـە زانسـتـێکە کـە بە زمـانێکی سـەیرو نامـۆو هێـڵکاری بەیانی و نەخـشـەی ئاڵۆز ئاشنامـان دەکـات کـە پێـشـتـر ناسـیـومـانن لەبەر ئەوە نەک خـاوەن بەها نیـیـەو بەس، بەڵکو ئازاردەریشـــە، لەبەر ئەوەی ئەدەب رەخنەکـەی لە سیـمـایە مـرۆڤـایەتیـەکـەی رووت دەکاتەوەو دایدەماڵێ.

٢- بەشـێـوەیەکی گـشـتی بونیـادگـەری مـێژوو وەلاوە دەنێ، ئەوەش دەکـرێ قـبـوڵ بکرێ ئەگـەر شتەکە پەیوەندی بە وەسفکردنی شتێکی جێگیرو وەسـتـاوەوە بێت، بەڵام هەڵسـوکـەوتکردنی لەگـەڵ دیاردە سروشتیە گۆڕاوەکان لەگەڵ زەمەندا نابێت.

٣- بونیـادگـەری تەنیـا وێنەیەکی لادەر نیـیـە بۆ رەخنەی نوێ new criticism کــە لە دووتۆی هەڵسوکەوتکردنمان لەگەڵ دەقدا ناسیومانە، وەکو ئەوەی دابڕابێ لە بابەتەکەی خۆیدا، سەربەخۆ لە پێداویستی خوێندنەوەوە.

٤- بونیـادگـەری واتا پشت گوێ دەخات، ئەگەر دەق چەند واتایەکی لەخـــۆیدا هەڵگرتبێ، بەڵام گرنگی نەدان بەوە، وای لێ دەکات کە جیاوازبێت لەگەڵ هێرمنیـوتیکیەکان hermeneutics ئەوەش واتای ئەوەیە بەشێوەیەک لە شێوەکان بونیادگەری هیـچ شـــتـــێکی نیـــیـــە کـــە پێـــشـکەشی بکات.(١٦)بونیـادگەرە مـارکسیـەکان هەوڵێکی زۆریـان دا بۆ داپۆشـــیـــسنی کـــون و کـــەلەبەری بونیـادگـەری، هەتا وەرگـرتنی برینی مـێـژوو و پشـتگوێ خـسـتنی رەهەندی کـۆمـەڵایەتی دەقی ئەدەبی، بۆیە بونیـادگـەری پێکهـاتە Genetic Structuralism کـــە ســـەر بە رەخنەی لویس گۆڵدمانی رۆمانییەو هەوڵدەدا بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەموکورتی و کەلەبەرانە.

گـۆڵدمـان جـەخت لەسـەر هەر بنەمـایەکی رۆشنبـیـریی و ئەدەبی دەکـاتەوە کـە دەبێ شـوێنی

تایبەتی خۆی وەرگرتبێ لەرووی کۆمەڵایەتی و رۆرشنبـــیـــریی باودا، لە دووتۆی ئەو بویەرو شوێنەوارەدا ئەو بنەمایە بەدەورو خولی کارەکەی رادەبێ، بەڵام وەزیفەی بنەمای ئەدەبی لە لای ئەو لە پێشکەشکردنی روئیای نووسەرەکە، یان ئەدیبەکە بۆ ژیان کورت دەکرێتەوە، بەڵام ئەو روئیاو تێروانینە نابێت هەڵبژێردراوی تاک یان داهێنراوی ئەو بێ، بەڵکو روئیەی دارێژراوی دەستەیەکی کۆمەڵایەتی بێت، کە نووسەر یان ئەدیب بیبەخشێتە یەکێک لە کارەکتەرەکان، لەسەر رەخنەگریش پێویستە گەر بیەوێ شرۆڤەی کـــــارێکی ئەدەبی بکات لە دووتۆی لێکۆڵینەوەکەیدا تێپەری بنەمای خودی بکات بۆ بێکهاتەیەکی مەعریفی کە نووسەر دەربرینی لێدەکات و، روانگە دیاریکراوەکەی سەرنجەکانی بۆ جیهان دیاری دەکات.

سروشتی کۆگیری یان هەمووەکی totalitiy کە بونیادگەری گۆڵدمانی پێ دەناسرێتەوەو بروای بە حتمیەتی پەیوەندی نێوان شێوەی بنەمای ئەدەبی و پێکهاتەی مەعریفی بۆ دەستیەکی کۆمەڵایەتی کە نووسەری بۆ دەگەرێتەوە وای لێدەکات ئەو میتۆدە بە قورس و ئەستەمی جێبەجێ بکات، کە رەنگە نەچێتە واری موستەحیلەوە. کەواتە چۆن دەتوانین دروستی خوێندنەوەمان بۆ نووسەرێکی دیاریکراو بسەلمێنین؟ هەروەها کێ دەتوانێ ئەو عوزرە بخاتە سەر لێکۆڵڤان کە بە روونی سیاقی مێژوویی داواکراو بزانێ کەوامان لێ دەکات پێکهاتەی مەعریفی نووسەرو چینە کۆمەڵایەتیەکەی بزانین؟ هەروەها چۆن بتوانین شرۆڤەی بنەماو پێکهاتەی کارێکی کەم یان تاکیەتی بکەین کە ئەوە هەمووی پاشماوەی سەدەی پێشترە کە دەکرێ زۆری لێ پشت گوێ بخرێ. (١٧)

هەر بە روانین بۆ ئەوە ئەو رێچکەیە لە بونیادگەری لە هەموو ریچکەکانی دیکە بەر بڵاوترە لە رەخنەی ئەدەبی عـــــەرەبی، ئەو رەخنەگرانەی کە لەسەر ئەو رێچکەیە دەرۆن محەمەد نبیس لە پەرتووکەکەی (دیاردەکانی شیعری سەردەم) لە وڵاتی مەغریب و محەمەد بەرادە نووسەری پەرتووکی (محەمەد مەندورو تیرۆزەکردنی رەخنەی عەرەبی) ساڵی( ١٩٧٩) و یومنا عید خاوەنی پەرتووکی ( ئەبستمۆلۆژیای دەق) سشاڵی (١٩٨٣).

**سیمبۆلۆژیاو رەخنەی ئەدەبی:**

دوای بەکارهێنانی سیمبۆلۆژیا semiology بەدانانی ئەوەی زانستی ئاماژەیە دوای دەرکەوتنی پەرتووکەکەی سۆسێر لە ساڵی ١٩١٣دا، هەندێک وەک دەلالەتێک بۆ واتای هەمـــان زاراوەی -se motics یان بەکـــار هێناوە، کـــە دارشتن و بەکارهێنانەکەی دەگەرێتەوە بۆ زانای زمانی ئەمریکی شارل ساندرس پیرس perice، بەڵام ئەوەی بەسەرماندا رادەبوورێ لە گفتوگۆکانماندا لە بارەی ئامـــاژەو پەیوەندییـــەکانەوە بە رامـــان بۆ زانستی ئاماژە یان سیمبۆلۆژیا کە تەوقوع دەکرێ وەک زانســـتێکی زمـــان یان وادادەنرێ لقـــێکی گـرنگی ئەو زانســـتە بێ، هەر بۆیە سـۆسـێـر لە پێناسەکەیدا بۆ زمان ئەوە روونددەکاتەوە کە زمان سیستەمێکە لە ئاماژەکان کە خەڵکان بەکاری دەهێنن بۆ دەربرین لە بیرو هزرەکانیان وەک چۆن کەرو لاڵەکان هێماو ئاماژە بەکار دەهێنن یان لە کارەکانی سەربازی جفرە بەکار دەهێنن لە کاتی شەردا، یان وەک چۆن پۆلیسی هاتوچۆ کۆمەڵێک هێـمـا بەکـار دەهێنێت بۆیە ئێـمـە هەست دەکەین لەنێو کۆمەڵێک لە دنیای هێمادا دەژین بۆیە زانســـتی زمـان کـە گـرنگی بە هێـمـا دەدات بەشـێـوەیەکی بەرفـراوان و گەورە کـە تێـپـەری گرنگیەکەی کردووە لەرووی هێماو بەکارهێنانی

هێماکان.

بۆیە دەبینین شارل پێرس شتێکی خستووەتە سەر ئەوە کاتێ رابوو بە لێکۆڵینەوەی هێماو ئاماژەکان بە تێپەڕکردنی چوارچێوەی زمان بۆ زۆرترین هێما، بۆیە ئەو بیروڕای وایە کە هەموو هێمایەکی زمان لە دروستکردنی فۆنیم و پێکەو نووسانی مۆرفۆمیم و یەکەی زاروەیەی لێکسیماتن، کە بە هەموویانەوە کارلێکێک دروست دەکەن لە شتێکی بەرفراوان کە ئەویش رستەو ئاماژەیە، ئەو رستە یان دەربڕینانە لە دووتۆی کەرتێک کە پێی دەگوترێ سیاق ئەو سیاقەش دەبێتە هۆی دروستکردنی هێمای وا کە هێما بێت بۆ تێگەیشتن و لێکدانەوە.

هەر بۆیە دەبینین سیمبۆلۆژیا جیاوازە لە بونیادگەری، نەک بە پشتگوێ خستنی شێوەو تێپەڕکردنی لەو، بەڵکو لەڕووی چاودێریکردنی واتا بە سووربوونی ئەوەی هەموو دەقێکی ئەدەبی بە سروشتی خۆی لە کۆمەڵێک توانای جۆراوجۆری لێکدانەوە پێکدێت و بە رزگارکردنی خوێنەر لە جۆرەها دەلالەت و واتای دیاریکراوەوە، بۆیە کۆمەڵێک لە بونیادگەراکان وایان لە سیمبۆلۆژیەکان دەبینی کە رەخنەی بونیادگەراکان یە هیچ وەردەگرن، بۆ نموونە رۆلان بارت گرنگیەکی زۆری بە سیمبۆلۆژیا دەدا لە دووتۆی ئەوەی سیمبۆلۆژیا پێشکەشی کرد لەڕووی گەمەی واتای دەقەوە، ئەمەش واتای ئەوەبوو کە دەق کۆمەڵێک ئاماژەی تێدایە ئاسان نییە دەستی بەسەردا بگیرێ، بۆیە لەسەرمان پێویستە بۆ بەشەکانی دەق بگەڕێینەوە لەو ئاماژەو هێمایە بەرفراوانەی لەڕووی گفتوگۆو کارلێکی ناوەوەی دەقەدایە کە دەبێتە هۆی ئاشکراکردنی بوونی رێگەی جۆراوجۆر لەڕووی راگەیاندن و گەیاندن و دەربڕینەوە.

ئەمەش هەمووی لە ئازادی دەق و ئازادی خەیاڵدانی خوێنەرەوە دێتەدی، ئەمانەش هەمووی وا لە دەق دەکەن دەقێکی جۆراوجۆر بێت لە هەڵگرتن و لەدایکبوونی واتای جۆراوجۆرەوە، لێرەوەش سیمبۆلۆژیەکان کەوتە گرنگیدانی گەورە بە گوێگرەوە، هەتا (میشال ریفاتیر) کەوتە گەشەپێدان بەسیمبۆلۆژیەکی تایبەت بە خوێندنەوە، کە خوێندنەوەیەک بێتە هۆی: یەکەمیان دۆزینەوەیی و ئەوەی دیکەیان گەڕانەوەیی، لە دۆزینەوەییدا خوێنەر بەناساندنی واتای سەرەتایی لە چامەکەدا رادەبێ، لە گەڕانەوەییدا خوێنەر هەر بە ناساندنی واتای سەرەتایی رازی نابێت، بەڵکو بەدوا جفرەکانی شرۆڤەکردنەوە دەگەڕێت، تەئویلی واتاو دەلالەتی دیکە لە دەقەکە هەڵدەهێنجێ کە لە رێگەی زۆرتر لێکدانەوەی دەقەوە پێی دەگات.

بۆیە (ئەمبێرتۆ ئیکۆ) گرنگی زۆری بەو لایەنەدا، لەگەڵ گرنگیدانی بە هەوڵە بێوچانەکانی بۆ رێکخستنی سیاقی دەلالەت لە کۆمەڵێک واتای هێماو لاسایی و ئەفسانەیی و سروت و ئول و ئاماژەو هێمای شیمەو زەوق و سەلیقەو جۆری دەنگ و جوڵەی جەستەو هێمای رەنگ و دەلالەتی جوڵەو سات و کاتەوە.(١٨) بۆیە شوێن کاریگەری بەسەر لێکدانەوە هەیە بە گرنگیدانی خوێنەر بەقسەکردن لەسەر مێژوو بە لێکدانەوەی جۆرێک کە ناسراوە بە لێکدانەوەی چەند بارەی دەق، هەروەها گفتوگۆکردن لە بابەت ئیستیعارەو پەیوەندی بە لێکدانەوەو، هەروەها شانبەشانی بەرگریکردن لەو ئاراستەیە لە بەرامبەر دژەکانیان، کە ئەوە زۆر بە وردی جۆنسان کولەر روونی کردووەتەوە.(١٩)

گریماس greimas ئەوە ناشارێتەوە کە هەوڵی دانانی تیۆرێکی نێوی داوە بۆ بینای چیرۆک بە پشت بەستن بە تێڕوانینی سیمبۆلۆژیەکان، کە

کـورتەی بیـروڕاکـەی لە وتارێکی بەناوی تیـۆری چوارگـۆشـەی سیـمـبـۆلۆژی بەدیار دەکـەوێت و ڕووندەبێتەوە.(٢٠) کە هەمـوو کارێکی چیرۆک دەکرێ رووتبکرێتەوەو کورتبکرێتەوە بۆ چوار خاڵ کە هەمـووشیـان پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە ئەگەر ئەو پەیوەندییـیـەە یەکـتـریش هاودژ بکەنەوە یان هاوسـەنگ و گـونجـاو و تەواوکـاربن بەیەکـەوە، ئەگەر وا گریمان بکەین ئەو چوارگۆشەیە هێمایەک بێت بۆ هێمـاکـانی گۆشـەی وەک (ا ب ج د) ئەوا (ا) بۆ نموونە وشـەیەکی جـێگیـر ڕووندەکـاتەوە، بەڵام ڕوونکردنەوەی گـۆشـەی (د) وشـەیەکی ناجێگیر دەبێت، هەروەها گۆشەی (ب) وشەیەکی ناجێگیری لەسەر دەنووسرێت، بەڵام لەسەر گۆشەی (ج) وشەیەکی جێگیر دەنووسرێت، هەروەها هەر ئـامـــــــــاژەیـەک لـە (١)وە بـۆ (د) واتـای گـواسـتنەوەیەکی جـێگیـرە بۆ گـواسـتنەوەیەکی ناجێگیر، بەڵام ئاماژەی (١) بۆ (ج) واتای هیچ گـواسـتنەوەیەک نادات، هەروەها جـوڵەی (ب) بۆ (د) واتای هیچ گـــواســـتنەوەیەک نادات، بۆیە لێکۆڵڤان لەنێوان ڕەگەزەکانی دەق دەسووڕێتەوە، جوڵەیەکی چوارچێوەدار، ئەوەی دیکە چوارچێوەی نییە، بۆ دامەزراندنی بیرۆکەیەک لە گواستنەوەی ناوەکی خوێندنەوەکەیدا.

بۆ ڕوونکردنەوە دەتوانین ڕۆمـانی (زەینەب)ی محەمەد حسێن هەیکەل ساڵی ١٩١٣ وەربگرین ئەو شـێوە چوارگـۆشـەیەی سیـمـبـۆلۆژیای پێ لە دووتۆی جوڵەی کەسایەتیەکانی پێ ڕوونبکەینەوە، زەینەب ئافرەتێکی جوتیاری میسریە وەک هەمـوو میـسریەکیش ڕووبەڕووی زوڵم و جەورو ستـەمی چەوسـانەوەو ئەو بە پەراوێزبوونە بووە کـە باوەڕو نەریتی کۆمەڵگە بەرامبەر ئافرەت هەیەتی، لێرەدا دەتوانین بڵێین کۆمەڵگە وێنەیەکی بچووککراوەی خـێـزانە، دایک و باوک ئەوان خـاوەن بڕیارن لە بەرامبەر زەینەب، ئەوان هێماو گۆشەی جێگیرن کە ئاماژەمان بە هێمای (ا) بۆ کردووە، بەڵام زەینەب کە لە ڕۆمـانەکە دەیەوێ لەو کەسـەی خۆشی دەوێ نزیک بێتەوە کە پێچەوانەو جیاوازە لەگەڵ عورف و دابونەریتی کـۆمـەڵگە کـە ئەوەیان گـۆشـەیەکی گۆڕاوەو ئاماژەمان بە هێمای (د) بۆ کردووە، بەڵام کاریگەرە بە هەڵوێستەکانی کۆمەڵگەکەی بۆیە بە ئاگـاییـەوە هەڵسـوکـەوت دەکـات، وەک ئەوەی (ئیبراهیم) کە زەینەبی خۆشدەوێ، بەڵام ناتوانێ بیــــخـــــوازێ لەبەر ئەوەی هەژارەو نـاتوانێ پێداویستیەکان دابین بکات، بۆیە وێنە هۆکارێک دەنوێنێ بەرەو جـێگیـری، بەڵام کـەمـوکـورتی و خۆکێشانەوەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و خێزانی دەگونجێ کە ئیرادەیان بەسەردا بسەپێنێ، هەروەک (حـامـد) کـە کـوڕێکی دەرەبەگـەو بانگەشـەی خۆشـەویسـتی زەینەب دەکـات کـە دواجـار لێی دەکـشـێـتـەوە، جـوڵەی جـێگیـری بەرەو گـۆڕان دەنوێنێ، کە لەسەر حامد هۆکارەو بە پێچەوانەی ئیبراهیمـە، بەڵام (حەسەن) کە دواجار زەینەب دەخـوازێ نموونەی ئامـاژەیەکـە کـە نووسـەر وەکـو جـەخـتکردنەوە لە هەیمەنەو دەسـەڵاتی نەریتی کۆمەڵایەتی بەکاری دەهێنێ.

ئەوەی تێـبینی دەکرێ جـێگیـری لەو ڕۆمـانەدا دەبێـتـە هۆی لە دایکبـوونی کـۆمـەڵێک شـتی قەدەغەکراو، هەر بۆ نموونە ئاراستـەی حـامد کە کوڕێکی دەرەبەگەو دەیەوێ پەیوەندییـەکی خراپ لەگەڵ زەینەب ببەستێ، دواتر بکشـێتەوە لەو واقیعە، ئەمەش بە نامەیەک دەربڕینی لێ دەکات کە بۆ باوکی دەنێرێ، هەروەها بەخشـینی کـەمی زەینەب بۆ ڕۆیشتنی خێزانەکەیی و نزیکبوونەوەی لەوەی خۆشی ناوێ لە کاتێکدا کە هەست و سۆزی بەرەو کـاڵبـوونەوەی خۆشـەویستـەکەی دەچوو کە ئیبـراهیم بوو بەهۆی پرۆسـەی بوون بە سـەربازو

ناردنی بۆ سوودان، ئەمەش دەبێتە هۆی پچڕانی پەیوەندی نێوانیان و مردنی هەست و سۆزەکەی، رابوونی رێگەی گریماس greimas بۆ کەرتکردن و بەشکردنی دەقی چیرۆک بۆ کۆمەڵێک کەرتی خوێندنەوە بە ئامانجی ئاشکراکردنی ئامرازەکانی دەسەڵاتی زنجیرەی قسەکەر لە دووتۆی پەیوەندییە دووبوونەکانی ئاماژە بۆکراو، لێرەدا دەبێ هەڵوەستە لەسەرەتاو دەسپێکی چیرۆکەکە بکەین و لەسەر هەر بەشێکی خوێندنەوە بکەین کە بازنەیەکی نوێیە لە چیرۆکەکەدا، لەو قۆناغەی لێکۆڵینەوەشدا لێکۆڵڤان رووبەڕووی نووسەر دەبێتەوە لەو ئاماژانەی کار لەڕووداوەکان دەکەن، هەر بۆ نموونە ئەگەر نووسەر جەختی کردبێتەوە ئازایەتی حامد و پاکیەتی جل و بەرگ و دڵگیری دەکرێ بەو شێوەیە شرۆڤە بکرێ:

١- هەڵخەڵەتاوە بۆ زەینەب و هاندانی لەسەر بەردەوامی لە رۆڵەکەی بە ئامانجی هێنانەدی گۆڕاوەکەیە.

٢- یان بە دەلیلی ئەوەی حامد لە چینێکی ئۆرۆستۆکراتی و دەرەبەگی و لە نەوەی شارستانییە، ئەوەش هاندانە بۆ جێگیری.

حیکایەتخوان لەو رۆمانەداو لە دووتۆی رووداوەکانی ئەو چیرۆکەدا بە رۆڵێک رادەبێ دەکرێ وا شرۆڤە بکرێ کە زۆرانێک ئەو هەڵوێستە بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ شرۆڤە دەکەن و جوڵەی چیرۆکەکە بەشێوەیەک روونەکەنەوە، ئایا ئەوە جیگێرییە بەرەو گۆڕان یان بە پێچەوانەوە. دەرکەوتنی کەسانی نوێش لە چیرۆکەکەدا یان لە رۆمانەکەدا رەنگە بووەستێتە سەر رەخنەگر بۆ زانینی گۆشەکانی ئەو گۆڕانانە، ئەوەش دەبێتە هۆی هاندانی بوونی کەسانێک لەو کەسایەتیانە، رەنگە ببێتە هۆی سەرهەڵدانی کەسانی نوێ بۆ وەرگێڕانەوەی رەوتی رووداوەکانی چیرۆکەکەو گۆڕانی ریشەیی لە پەیوەندییەکان و کارلێکی هەر کەسایەتیەک لە کارلێکەکەیەوە، ئەوەش شتە زیندووەکەیە لە بەجێهێنانی رووداوەکان، بۆ نموونە دەرکەوتنی گەنجێکی خوێندەواری گەڕاوە لە ئەوروپا بۆ گوندێکی دواکەوتوو رەنگە ببێتە هۆی جوڵەیەکی نوێ لەڕووداوەکە، وەک ئەو گۆڕانەی لە چیرۆکەکەیە بووەتە سروتێکی گۆڕاوی ریشەیی لە رەوتی رووداوەکە، کە بووەتە ئەوەی ئەو کەسایەتیە شوێنێکی کارا لە رەوتی رووداوەکان داگیر بکات.(٢١)

قوتابخانەی ئیتاڵی گرنگیەکی زۆر بە لێکدانەوەی دەق دەدات و بە لێکۆڵینەوە لە ئاماژەو یەکەکانی واتای زاراوەیی و پۆلینکردنی لە خانەی واتایی وەک چۆن گرنگی بە سیماو زەمەن و شوێن دەدات، وەک لە چامەی (بەفر) کە لە بەشەکانی پێشەوە ئاماژەمان بۆ کرد وەک بینیمان شاعیر گرنگی بە دەنگی وشە بەسەر رەنگدا دەدات، کەواتە پەیوەندی نێوان رەنگە بە لایەنەکانی واتایی لە چامەکەدا چییە؟ بۆ نموونە سپیەتی پەیوەندییەکی توندی بە بیرۆکەکانی خوێنەرەوە هەیە لە ژیاندا، وەکو لە پێشەوە ئاماژەمان بۆ کرد کە رەنگی واتادار لە جوانی و پاکی و بێگوناهی و خۆشیدا، ئەو رەنگەیە کە گەشبینی و موژدەدەری سەنای خەڵکە بە رووبەکی سپییەوە:

### شیعر

وەک بە سەرزەنشتکراو دەڵێن روو رەش و بە پەخشندەش بە پێچەوانەوەی ئەوەوە، وەک دەڵێن: پارە سپیەکانت کۆکەوە بۆ رۆژە رەشەکانت، (کوردیش دەڵێ: پارەی سپی بۆ رۆژی رەش.) ئاڵای سپیش نیشانەی ئاشتییە، بەڵام رەش نیشانەی شەڕو مردن و رەشبینیە، بۆیە سیمبۆلۆژیەکان بیروڕایان لە لێکدانەوەو

بەكارهێنانی سپیەتی لە لای شاعیر بەرامبەر بە رەشــیــەتی لە چامــەدا وێنایەكــە بە هێــمــای خۆبەستنەوەی شاعیر بە چاكە كە پێكچووی وێنەی بەفــرە، هەلاتنیش لە ناخــۆشی و مــەلەلی كــە بە رەشی دەربڕینی لێ دەكرێت.

هەر لەگەڵ ئەوەشـدا بەكـارهێنانی هەندێ وشـە لای شـاعیـر لای خـەڵكی بە كۆمـەڵێك چەمكی دیكەوە پەیوەسـتـە وەك روت و روتبـوونەوە، گژو گـــیـــاو شـــتـی دیكەی بەدوا دادێ، هەروەها بەكـارهێنانی رەقس و هەڵپــەڕین و هەمــوو ئەو دەربڕینانە واتای نەهجی ســـۆزدارییـــە، بەڵام چەمكەكـانی رۆژ و توانەوەو كـەوتن ئەو وشـانەش هەڵگری واتـای گــــەڕانـەوەیە لـە خــــەون بە سەركەوتوویی، بۆ دنیای كۆت و بەندو شپرزەیی و بێـزارییـە، هەروەها لەو ئەگـەرانەی كـە هەیە لەنێـو شیعردا شاعیر بەكاری دەهێنێ جیاوازی و وشەی واتادارە لەڕووی باشی و بەچێـژی هەمـوو ئەمـانە هەستی زۆر لەخۆ دەگرن، كە دەبێ لە لێكدانەوەدا بگەینە تێگەیشتن لە قـووڵترین واتـای شیـعری لە دەقی چامــەكــەدا، ئەویش واتایەكی دیارو واتای ئەو دیـوی شـیـعـرەكـەیە، ئەمـەش لە دەرئەنجـامی شـرۆڤـەی خـوێندنەوەی یەكـەم و لێكدانەوە وەك دەرئەنجامی خوێندنەوەكانی دیكەیە.

دیارە ئەو تێــزە لە رەخنە هەڵگری واتایەكی دیكەش بوو بە ناونیشـانی سیـما بە دانانی ئەوەی سـەرزەنشــتـە لە رشــتنی جـوانی و نغـرۆكـردنی لەڕووتبـوونەوەیەك لە بەرهەمـێكی چیـرۆك یان رۆمـاندا، بۆ كۆمـەڵێك هۆكارو خاڵی نزیكبـوونەوە كە ببێتە پشتگوێخستنی ئارەزوو و زەوقی ئەدەبی و بڕینی پراوەی رەخنەیی كــە دەبێـــتـــە هـۆی روونكردنەوەو ئاشكراكـردنی لایەنەكـانی دیكەی چیـرۆكەكـە، وەكو لایەنی زمـانەوانی بۆ نموونە یان ئەندێشـە یان رەگـەزەكـانی جـوانكردن، كـە ئەوانە خۆشاوی ئاشكراكردنی چیرۆكێكە بۆ كـۆمـەڵێك خاڵ كە وا لە رەخنەگر دەكات وابەستەو دەستپاچە بێت لە بەرامـبـەر شـرۆڤـەی كـۆمـەڵێك چیـرۆكی دیكە.(٢٢) لێــرەدا خــوێندنەوە بڵاوبۆوەو هاتە كـایەوە بۆ ئەوەی لێكۆڵڤـانـان سـەرنج و تێـبـینی كـورتی خۆیان لە بابەت دەقەكـانەوە بخـەنە روو لە تەك ئەو چەمكە فــرە رەهەندانەی بە تەك ئەو بابەتەوەیە، كـە زۆربەیان واتاكـانیـان روون نییـەو كـەس لێـیــان تێ ناگــات، بۆیە لەسـەر هەمــوو رەخنەگرێك پێویستە ئەو رێگەیە بەكار بهێنێت كە لێكۆڵینەوەكەی یان خوێندنەوەكەی بە وشەی روون و ورد لە بەرامبەر چەمكەكان بەكار بهێنێت، بۆیە ئەو هەویرە ئاو زۆر دەكێشێت، جیاوازی لەنێوان وەرگـێـڕە عـەرەبیـەكـان بۆ فـەرەنسی زۆرە لە بە عــەرەبیكردنی چەمكەكــان، هەروەها لەنێــوان وەرگێڕە ئینگلیزیەكانیش ئەو شتە هەیە، ئەمەش بـۆتە هـۆی بـڵاوبـوونـەوەی واتـای زۆر، بـۆ نمـوونـە وشــەی counotation فــەرەنسی بۆ چوار واتای جۆراوجۆر وەرگێڕدراوە وەك:

١- هاوكاریكردن.
٢- واتای فارگۆن.
٣- وزەی سروش.
٤- واتای وەرگەڕان.

**سەرچاوە:**

النقد الادبي الحديث من محاكاة الى التفكيك
دكـتـور ابراهيم مـحـمـود خليـل، دار المسيـرة للنشر والطباعة، الاردن، ٢٠٠٣.

# خستنه‌ڕووی ته‌واوی
# خوێندنه‌وه‌كانی نیچه و ره‌هه‌نده تیۆرییه‌كانی

محه‌مه‌د ئه‌لمزوغی
و: خالید عوسمان ته‌ها


نیتشه

فردریک نیچه به‌پیشه فه‌یله‌سووف نه‌بوو، له‌ژیانی خوێندنیشیدا سه‌ری به كۆلیژی فه‌لسه‌فه‌دا نه‌گرتبوو. هه‌مووكه‌سیش ده‌زانێ یه‌كه‌مین و به‌ر له هه‌موو شتێک فیلۆلۆژیستێكی پسپۆڕ بوو له خوێندنه كلاسیكییه‌كان. زانستی فیلۆلۆژیای كلاسیكیش زانستێكه تایبه‌ت به لێكۆڵینه‌وه‌ی مێژوویی ره‌خنه‌یی و بایه‌خ به‌لێكۆڵینه‌وه‌ی ئه‌ده‌بیاتی كۆن و زمانه‌كانی (یۆنانی و لاتینی) ده‌دات. زانستێكه پشت به‌وردبوونه‌وه له ده‌قه‌كان و لێكۆڵینه‌وه لێیان و به‌راوردكردن له‌نێوان زاراوه‌كان و ده‌سته‌واژه‌كان و مێژووی په‌ره‌سه‌ندنیان و ئه‌و گۆڕانكارییانه ده‌به‌ستێت، كه به‌درێژایی سالآن به‌سه‌ریاندا هاتووه.

ئه‌وه‌یش پسپۆیێكه گه‌له میتۆدی دیاریكراوو

پرەنسیپی گشتی خۆی هەیە، کە لە لایەن لێکۆڵەرانی پسپۆڕەوە دانیان پێدانراوەو لەسەری هاوڕان. هەروەها زانستێکە لێ ناگەڕێ سنووری ببەزێن و ناکەوێتە ململانێش لەگەڵ زانستەکانی دیکە. ئەوەی لەسەر فیلۆلۆژیا بنووسێ پێویستە پابەندی ڕێساکانی ئەو زانست و ئەو ڕێبازانەی لێکۆڵینەوە بێت، کە چەندین سەردەم ڕەگیان داکوتاوە، هەروەها سوود لە تۆژینەوەی پێشوو و هاوچەرخ وەربگرێ وەبەریان بهێنێ.

بێتوانایی نیچە لە فەلسەفە لە میانی نووسینەکانیدا بەڕوونی دەردەکەوێت، کە بەدەست کەموکوڕی بە بەڵگەنامەکردن و نەبوونی ئاماژەکردن بەسەرچاوە و پەلەکردن لە فەرماندان و پەخشانی پڕ لە وتار ئامێزو شیعرەوە دەناڵێنێ. بەڵام لەوەش مەترسیارتر ئەوەیە نیچە تەنانەت پێشێلی زانستیشی کردووە. کە پسپۆڕیی تیادا پەیداکرد واتا فیلۆلۆژیا لە ڕاستیشدا پەرتووکی سەرهەڵدانی تراژیدیا، پەرتووکێکی فیلۆلۆژی خەوبینوو و وەهمکارە. پێشێلکاریی ئەو کارەی کردووە کە خۆیشی پیاوێکی پسپۆڕ بووەو، لە دامەزراوێکی زانکۆیی دێرینیش سەرجەم ئەو پێوەرو میتۆدانەی گوتووەتەوە. کە فیلۆلۆژیایان لێ بەرهەم هاتووە.

نیچە جەنگێکی توندی لەسەر زاناکانی فەلسەفەی کلاسیکی یۆنان بەرپاکرد، بەتایبەتیش سوقرات و بەکوشتنی تراژیدیا گوناهباری کرد، وێڕای یۆرپیدسی نووسەری شانۆییش، بە گوتەی نیچە ڕێنماییەکانی لە سوقرات وەرگرتووە و عەقڵ و لۆژیکی خستووەتە ناو کارە شانۆییەکانی. ئەو هەڵمەتەشی بەر لە دەرچوونی سەرهەڵدانی تراژیدیا لە کۆمەڵە موحازەرەیەک دەستپێکرد لە ماوەیەکدا کە زۆر دوور نەبوو لە ماوەی دەرچوونی پەرتووکەکەی «سەرهەڵدانی تراژیدیا». ئەمەو جگە لە قسەی شڵەژاوو هزری نائاسایی و تۆمەتی مەترسیدار هێرشی کردە سەر پیاوانی جیهانی یۆنانی و فیلۆلۆژیستانی هاودەمی خۆی و ئەوانەی پێش خۆشی. ئەو قسانەشی بێ بەڵگەن و پاڵپشتینەکراون بە گەواهیە مێژووییە وردەکان هەروەک چۆن لە کار تۆژینگەیەکی زانستی شایستەدا پێڕەوییان لێ دەکرێ.



شۆپنهاوەر

دوو پەرتووک کاریگەرییەکی گەورە و دیاریکراویان لە ژیانی هزری ئەودا هەبوو:

– یەکەم دۆزینەوەی لە فەلسەفە، کە بەڕێکەوت دۆزییەوە، بەبێ ئەوەی مەبەستی لێی هەبێ، ئەویش پەرتووکی جیهان وەک ئیرادە و نوێنەرایەتیکردن (چوونیەکی) (Vorstellung Die Welt als wille und) کە هی ئارتور شۆپنهاوەرە. ئەم پەرتووکەی بەهەڵلوشینەوە خوێندەوە و زانستێکی تیۆریی

نوێی دۆزییەوە کە وەک گەنجێکی پەروەردەکراوی هزریی لە باوەشی فیلۆلۆژیادا پێشتر خەونیشی پێوە نەدیبوو، بەڵکو وەها راهاتبوو دەقە کلاسیکییەکانی دەخستە بەر لێکۆڵینەوە و وردەکاریی و کاری بۆ ئەوە دەکرد میتۆدی شیکاریی مێژوویی بەرفراوان و رەخنەی میتۆدی رام بکات. نیچە سەبارەت ئەو کاریگەرییەی، کە بەرهەمەکەی شۆپنهاوەر دوای خوێندنەوەی کاری کردە سەری دەڵێت: «هەر دێڕێک (لە پەرتووکەکە) داوای خۆبەدەستەوەدان و رەتکردنەوە و دانە دەست دەکات و دەڵێت جیهان و ژیانی خۆمم بە ئەندازەیەکی تۆقێنەر لەو ئاوێنە ئاوەژووەدا دیت. لە میانی ئەو لاپەڕەدا، چاوی پڕشنگدارو گوێپێنەدەری هونەر لە من راما، لێرەدا دەردو دەرمان، دەرکردن و گەڕانەوە خۆشیی و دۆزەخ بەبەرچاوامدا رەت بوون». لەوە دەچێ ئەو ئەزموونە هزرییەی، کە خوێندنەوەی ناکاوی پەرتووکەکەی شۆپنهاوەر کاری لێکردو کردییە سەری ئەزموونێکی دیاریکراوو قووڵ بووبێ و مێشکی بەسیمایەک رەنگرێژ کرد، کە بەدرێژایی ژیانی لەگەڵیدا ژیا. ئەگەرچی لە کۆتاییشدا وەک نەریتی خۆی لە پێشینانی خۆی هەڵگەڕایەوە.

ئەوەی، کە هاوشانی فەلسەفەکەی شۆپنهاوەر بوو، لایەنە نێگەتیڤەکەی بوو، واتا نەیاریی بۆ عەقڵ بە ئیرادەو بنچینە ناعەقلانییەکەی و دوژمنایەتی و بۆ وەزعیەت و زانست و رەشبینییە قووڵەکەی و بانگەشەی بۆ ئەوەی کە مرۆڤ بەهونەرو مۆسیقا نەبێ رزگاری نابێ.

هەر کەسێکیش، کە بەجددی، فەلسەفەی خوێندبێتەوە و بەگیانە رەخنەییە توندەکەی پاراوبووبێ ناتوانێ بەئاسانی بکەوێتە ژێر سیحری شۆپنهاوەرو لە هزرەکانیدا بێت و بچێت و بەبێ دەمەتەقێ بیگرێتە ئەستۆی خۆی. بەڵکو پێویستە خوێندنەوە و بەدواداچوون سەرتاپاگیری بۆ مێژوویی فەلسەفە و ئاگاداربوونی لە نەستە هزری و زانستییەکان سوپەرێک بێت بۆ نەچوونە ناو هزرێک گەر نەخرێتە ژێر پرۆسەی شیکردنەوەی قووڵ و رەخنەی قووڵ، هەروەها بۆ ئەوەی بتوانێ زانینێکی سەرتاپاگیری هەبێت تاکو فەلسەفەی شۆپنهاوەر لە شوێنی خۆی دابنێ و لە بواری تایبەتی خۆی لە مێژووی فەلسەفەدا چوارچێوەی بۆ دابنێ.

(جیهان چوونییەکیە) Vorstellung Die welt ist meine

شۆپنهاوەر بەم وتەیە پەرتووکی جیهان وەک ئیرادە و چوونیەکی دەکاتەوە. وەک زانراویشە لە مێژووی فەلسەفەدا ئەم وتەیە تایبەتمەندییەکی نەزعەی خودگەرایی و سەرجەم رەوتە هزرییە هاوشێوەکانیەتی. ئەو فەلسەفە ئایدیالیییە رێچکە رۆمانسیەش کە لەو سەردەمەدا باڵی بەسەر هزری ئەڵمانیدا کێشابوو خودگەراییەکی رەهابوو، چونکە واقیعی بەرچاو و بەهای هەق و ئیستاتیکا لە دەرکپێکردنەکانی خودو هاوشێوەکانیدا بچووک دەکاتەوە. جیهانی ماتریالی و بەها ئەخلاقییەکان لە چاکەو خراپە و جوانی و دزێویی و بەها زانستی و لۆژیکییەکان لە راستگۆیی و ناڕاستگۆیی و هەڵە شتی رێژەیین و لە بنچینەدا بۆ سەرپشکبوونی کەسایەتی دەگەڕێنەوە کە خود دیارییان دەکات بەبێ ئەوەی شتێک هەبێت لە واقیعی بەرچاودا لەگەڵیدا هاوتەریب بێت. شۆپنهاوەر بەبێرکلی فەیلەسووفی ئینگلیزدا هەڵدەڵێت کە پێی وایە گوزارشتی لەو راستییە مەبدەئییە کردووە، کە دەڵێت بوون ئەوەیە، کە دەرکی پێ دەکرێت. (Esse est Percipii)

تەنانەت شۆپنهاوەر دەڵێت دانایانی هندیش گوزارشتیان لێ کردووە، ئەوانەی هەرە شکۆدارترین پرەنسیپی رێنماییەکانی ڤیدانتایان

کـرده راسـتـیـیـەک، کـە دەڵێت بوونی شت و دەرکپێکردنە خودییەکەی هاوشێوەو هاو واتان.

بەرێچکە گرتن لەگەڵ ئەم راستییە (نەمرە) راستییەکی دیکە هەیە، گرنگییەکەی لەو کەمتر نییە ئەویش شێلگیریی لە ریشاژۆکردنی نەزعەی خودیی و قـووڵکردنەوەیەتی کـە دەڵێت «جیـهـان ئیـرادەی منە» (Die welt ist mein wille) واتا جیـهـان لە خـودی خـۆیدا بوونی نیـیـە، بەڵکو بوونەکـەی مـەرجـدارە بەخـودی دەرککردوو و مەحکومە بەئیرادە خودییەکەی.

سـەرەڕای شـارەزاییـشی لە وردەکـارییـەکـانی زانسـتـەکـانی سـەردەمی خـۆشی ئەوا شـۆپنهـاوەر لێـرەدا لایەنی نێگەتیـڤی بیـرکـردنەوەکـەی دەردەخات.

رەخنەگـرو گـومـانکارێک بـوو لە زانسـت و هەروەها لە توانای عەقڵ لە دەستەمۆکردنی راستی شتەکان. ئەو تەسەورەشی لە بارەی شت لە خودی خۆیدا لە کـانت وەرگرت، وەک ئەوپەڕی ئاست بۆ زانینی مرۆڤـایەتی کـە خـۆی پێوە بەندکـردو وەک بنچینەیەکی بەراییش بۆ لێدانی پروپاگەندەکانی عـەقڵ لە بوونی ئیـمکانیـەتی گـەیشتن بە زانینێک کە هاوتەریبی واقیع بێ، گرتیە ئەستۆی خۆی.

زانست لەسـەرخانی شتـەکان بەولاوە هیـچی تر نازانێ: (میـکانیـکاو فیـزیاو کیـمیـا ئەو رێسـاو یاسـایانەمـان دەدەنێ، کـە هێـزەکـان بەهۆیانەوە کـاردەکەن بەڵام هەرچیـەک بگوترێ و هەرچییـەک بکرێ ئەو هێزانە لە خودی خۆیاندا هەمیشە وەک تـایبـەتمەنـدیی شـاراوە دەمـێننەوە (qualitates Occultae)، چـونکـە شت لـە خـودی خـۆیدا، کـاتێ بەدیمان دەردەکـەوێ، ئەو دیاردانەمـان بۆ زەق دەکـاتەوە، ئەوا لەڕووی ریشـەییەوە لەگەڵ هەمان گەلە دیاردە جیاوازە» لە کۆتاییشدا هەموو هێزە سروشتییەکان بەشاراوەیی دەمێننەوە و دەرکپێکردنی مـرۆیی لەبەردەمـیـاندا دۆش دامـاو دەبێ، چونکە دیاردەکـانی سـروشت و هێـزە پاڵنەرەکـانی، لە «پلەیەکی دیاریکراوی گـەوهەری تایبـەتی ئێـمـە بەولاوە شـتـێکی دیکە نییە؛ واتە ئەم ئیرادەیە دەکەوێتە دەرەوەی کات و شوێن». لەسەر ئەم بنەمایەش زانینی مرۆڤایەتی لە توانایدا نابێ ئەو ئیرادە گەردوونییە دەستەمۆ بکات، کە لە خودی خۆیدا شتە، تەنانەت یاسای هۆکـارگەراییش یارمـەتیـدەر نابێ لە دەرخسـتنی نهێنییەکانی.

پرەنسیپی هۆکارگەرایی، کە زانستە وەزعییەکان پشـتی پێ دەبەستن لە خـستنەرووێکی خـودی بەولاوە هیچی تر نییە شتێکیش نییە لە دەرەوە لەگەڵی هاوشان بێ، لەبەرئەوە بەڕای شۆپنهـاوەر «مـالبـرانش» لەسـەر هەقـە کـە دەڵێت: هەر هۆکارێکی سروشتی لە هۆکارەکانی دۆخی بەولاوە هیـچی تر نیـیـە) واتە لە خـودی شـتـەکـانەوە هەڵناقووڵێت، بەڵکو تەنها شێوەی دەرەوەی ئەو ئیـرادە پەینەبردوو بەدەرکـپـێکردنە مـرۆییـە پیشاندەدات، بەجۆرک دیمەنگەراییە پلەدارەکانی سەرجەم جیهانی بەرچاو پێکدەهێنێ.

نامەوێ فەلسەفەیەکی ئاڵۆزو دەوڵەمەندی وەک فەلسەفەکەی شۆپنهاوەر لەو دەرخستنەدا بچووک بکەمەوە، کـە لە پەرتووکی جیـهـان وەک ئیـرادەو تمثل وەک شتێکی راشکاوو راستەوخۆ بەرچاومان دەکەویت. بەڵام ئەگەر گەنجێکی تازە پێگەیشتوو پەرتووکـێک بخـوێنێـتـەوە کە هزری لەو جـۆرەی تێدابێت، کە بەشێکی زۆری چەق دەبەستێتە سەر توانای زانست لە دەرککردن بەڕاسـتـیی بوون هەروەها ئەگەر ئەو گەنجە لاپەڕەیەکی سپی بێ و هێـشـتـا فـەلسـەفـەی هەرس نەکـردبێ و لە مـەبەسـتـەکـانی قـووڵ نەبووبێـتـەوە ئەوا کـارێکی ئاسان دەبێ هەست بەو کاریگەرییە زۆرە بکرێ کە

لەسەری بەجێ دەهێڵێ هەروەها کارێکی ئاسان دەبێ هەست بەو هزرانە بکرێ، کە لە مێشکیدا ریشە دادەکوتن و تێڕوانینی بۆ جیهان پێکدەهێنن.

بەتایبەتیش ئەگەر مەیلی زانستی و ئیلهامی بەهەندێ وردەکارییەکانی نەبێ (هەروەک لە نیچەدا بەدی دەکرا، هەموو کەسێکیش ئاگاداری نەزانییەکەیەتی لە هەمبەر زانستە راستەکان و نامۆبوونی بەبیرکاری)، ئەوا بێگومان دژایەتی عەقڵ دەکاو لە بەهای زانست کەم دەکاتەوە و نکوڵیی لە رۆشنگەریی دەکات واتا لەڕووی دەروونییەوە لە واقیعێکی جوداواز لە واقیعی خۆی و لە بیرێکی ناکۆک لە بیری سەردەمەکەی خۆی دەژی، کە شوێن و پایەیەکی بەرزی بۆ زانستە راستەکان دابینکردو گیانی گەشبین بەپێشکەوتنی و بەتوانستی عەقڵی مرۆیی بۆ ناسینی گەردوون و کۆنترۆڵکردنی سروشت و دەستبەسەرداگرتن و بەرەو پێشبردنی لە لا دروست کرد.

هیچی لەبەردەم نامێنێتەوە تەنها داواکردنی رزگاربوون لە رێڕەوێکی گۆڕاوو لە بوارێکی مێشک و بیری جوداواز نەبێ. شۆپنهاوەریش ئەلتەرناتیڤەکەی پێشکەش دەکات، ئەویش هونەرو بلیمەتیی هونەرییە: «چ پۆلێک لە زانین رێگە بە خوردبوونەوە لە راستی گەوهەری جیهان دەدات؟ چ جۆرە زانینێک مثل تیایدا خورددەبێتەوە، کە ئەویش رەوشگیریی راستەوخۆی شتە لە خودی خۆیدا، بۆ ئیرادە؟ ئەم زانینە تایبەتەش هونەرە، کاری مرۆڤی بلیمەت).

لەم هونەرانەش، هونەری مۆسیقا بەتایبەتمەندییەکانی جودا دەبێتەوە، چونکە مۆسیقا راستەوخۆ گوزارشت لەو ئیرادە بالایە دەکات، گوزارشت لە شتەکە لە خودی خۆیداو لە نموونەی جوداکەرەوە دەکات.

ئەوەی، کە لە فەلسەفەکەی شۆپنهاوەردا سەرنجی خوێنەر رادەکێشێ ئاسانی دەربڕین و شلکی شێوازەکەی و روونیی چەمکەکانی و زنجیربەندە لۆژیکیەکەیەتی، کە ئەوەش چاکی و پەسەندییەکی گەورەیە، کەچی لای هیگل کە شۆپنهاوەر یەکێ بوو لەسەر سەختترین نەیارانی، نا روونی دەربڕین و تاریکی و لێڵی چەمک و سەختیی رامکردنی گەوهەری بیرکردنەوە بەرچاو دەکەوێ. ئەوەندە بەسە مرۆڤ لاپەڕەکانی بەرایی فینۆمینۆلۆژیای رووح بخوێنێتەوە، تا جۆرێک لە دڵهەڵچوونمان تووش دەبێ و بێزاری و نائارامی بەسەرماندا زاڵ دەبێ. لام وایە خەڵکێکی کەم لە خوێندنەوەی ئەو نووسراوەنە کۆتاییەکەی ئارامیان گرتووە.

کەچی مەسەلەکە لەگەڵ شۆپنهاوەر جوداوازە و دەکرێ لە چەند رۆژێکدا پەرتووکەکەی لە یەکەم دێڕەوە تا کۆتاییەکەی بخوێنێتەوە بە ئاسانی و بێ گرفتیش بیروباوەڕە بنەڕەتییەکانی هەرس بکات.

بەلام کارێکی ئاسان نییە ئیعتراز لە فەلسەفەکەی بگیرێ و رەخنە لە رێنماییەکانی هەماهەنگییەکەی بگیرێ ئەگەر خوێنەرانی شارەزاییان لە مێژوویی فەلسەفە نەبێ و تیایدا پسپۆڕ نەبن.. ئەمەشیان بەڕاستی ئەو بارە بوو، کە نیچە تیایدا بوو، زانینی بۆ فەلسەفە زانینێکی رووکەشانە بوو و لە چوارچێوەی زانینی فیلۆلۆژی دەرنەدەچوو. یاسپرس و زۆر لە ژیننامەنووسانی دانیان بەم کەلێنەی پێکهاتە فەلسەفییەکەی داناوە، ئەم مەسەلەیەش گەیاندییە ئەوەی خۆی باوێتە باوەشی یەکەم چوارچێوەی هزریی کە لە ژیانیدا تووشی هات. لەمیانی پەرتووکی جیهان وەک ئیرادەو چوونیەکی راستەوخۆ بەبێ بەرەنگاربوونەوەیەکی بیرومێشکی یاخود گیانی رەخنەی فەلسەفەی شۆپنهاوەری کردە رێبازی خۆی

فەلسەفەکەی شۆپنهاوەر فەلسەفەی ئیرادەیە ئەو ئیرادەیە کە بەروانگەی میتافیزیکی سەیر دەکرێ، وەک دەشزانین هیچ شتێک ئیرادە گەمارۆ ناداو هیچ لۆژیکیش جڵەوگیری ناکات، کەچی عەقڵ هەوڵ دەدات شتەکان دەستەمۆ بکات و بیانخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە، کەچی ئیرادە بەپێچەوانەی ئەمە جڵەو بۆ خەیاڵ و ئازادی هەڵبژاردن شۆڕدەکات. عەقڵ خاوەن پرەنسیپی چەسپاوو گەلە یاسای سەرتاپاگیرو رێسای لۆژیکییە، کە حوکمی چالاکییەکانی دەکات لە هەڵە دووری دەخاتەوە و وای لێ دەکات راستی بپێکێ، یاسایەکی چەسپاو حوکمی ئیرادە ناکات، هیچ بوارێکیش بۆ تیۆر نییە، ناشتوانرێ چالاکییەکانی بەسەر سەرجەم چالاکییە تاکییەکانی دیکە گشتیگیر بکرێ و بەرەو راستیش ناڕوات، چونکە ئیرادە بەوەی، کە ئەو تایبەتمەندییانەی هەیە، بوارێکی رێگەدان و بۆ بوون و ئازادی و رێگەپێدان و ئازادی هەڵبژاردن و دەستنیشانکردنە و هەقیشیان بەسەر راستییەوە نییە، راستی لە بواری تیۆری و ئیرادەش لە بواری کردەی عەمەلیدایە ئەوەی ئیرادە بترنجێنێتە بواری راستی یاخود پێش عەقڵی بخات ئەوا تەنها کار بۆ نەهێشتنی راستیی و هەڵوەشاندنەوەی سەرنج دەکات.

ئیرادە شوێنکەوتەی عەقڵ و دەستنیشانکردنەکەشی لە پێوانەکردنێکی عەقڵی بەر لە کردار سەرچاوەی گرتووە.

ئا ئەمەیە رێبازی عەقڵگەرایی، ئیرادە بنچینەیەو ئازادی هەڵبژاردن و دەستنیشانکردنیش پێش پرەنسیپەکانی عەقڵ و بیرکردنەوە دەکەوێت من دەمەوێ کەواتە بیر دەکەمەوە، ئەوەیە پرەنسیپی رێبازی بەرامبەر واتە رێبازی ناعەقڵیی.

دژایەتیکردنی زانست و نکۆڵیکردن لە پرەنسیپەکانی عەقڵ لەو ئاراستە هزرییە سەرچاوە دەگرێ و بڵاودەبێتەوە بۆ ئەوەی چەندین بواری دیکەش بگرێتەوە و دەیانگەیەنێتە دوا سنووری بوارە عەمەلی و سیاسییەکان.

سەرجەم رەوتە رەگەزپەرست و راسترۆکان لەسەر ئاستی سیاسیدا لە داواکارانی ناعەقڵ و زاڵبوونی ئیرادەن لەسەر لۆژیک، رەنگە ئەو رەوتە هزریە لە ئایینە یەکتاییەکاندا بنەمایەکی لاهوتی هەبێ (دەڵێم بنەما ئایینیەکان لەڕووی پرەنسیپەوە رەگەزپەرستییان تیادا نییە) کە ئیرادەیەکی کوێرانەی بەخوداوەندەوە لکاند، کە هیچ رێگرییەک بۆ کاروکردەوەکانی نییە تەنانەت ملکەچی هەڵسەنگاندنی ئەخلاقیش نابێت. چونکە هەروەک زانایانی ئاخافتنی ئەشعەری دەڵێن خودا ناچار نییە گونجاوترین کاربکات.

ئەم دیدو بینینەش لەسەر کردەوەکانی مرۆڤ و ئەو بەهایانە دەکشێتەوە کە ئاراستەیان کراوە، هەروەک زانایانی ئاخافتن لە ئیسلامدا دەڵێن، هیچ کردەیەک سیفەتی چاکەو خراپەی لە خودی خۆیدا نییە، بەڵکو هەموو کردەوەکانی لەسەر بێگوناهی کاری خوداش ناکرێ بە چاکەو خراپە وەسف بکرێ، چونکە ئەم وتانە لەسەری جێبەجێ نابن، چاکە ئەوەیە کە شەرع (واتە ویستی خودایی) رێگەی پێ بدات، هەروەها خراپەش، ئەگەر شەرع فەرمانی پێکردبایین زیناو کوشتن و دزیی بکەین ئەوە دەبوونە کاری حەڵاڵ، واتە رێپێدراو ئەم قسانەش لە پەرتووکەکانی لاهوتییە موسڵمان و جوولەکەو کریستانییەکاندا چەسپاوەو جێگیربووە، کە ئەوەش راستییەکە تەنانەت ئەگەر لەسەرچاوەیەکی هۆشیاری بیروباوەڕی راستگۆ بە مەزنی خوداوەندو بەتوانا بێ سنوورییەکانیشی هەڵقولابێ، ئەوا کەلێنێکی مەعریفی و ئەخلاقی یەکجار مەترسیداری کردۆتەوە.

لەم بارەیەشەوە ئیبن روشدی فەیلەسووفی

عەرەب دەیڵێت کاتێ هەر کەسێ جلّەو بۆ ویستی خودایی و بۆ ئەو توانایەی هەیەتی هەمەوو شتێک بکات، شۆڕ بکات، ئەوا وەها لە خودا دەکات لە پاشایەکی زۆردار بچێت، کردەوەکانیشی بێ هودەن و ناتوانرێ پێیان بزانرێ و پێشبینیان لە بارەوە بکرێ جگە لەوەش رەنگە ئەم راوبۆچوونە زیانێکی گەورە بە فەلسەفەو بە پرەنسیپەکانی زانستە تیۆرییەکان بگەیەنێ.

کەچی ئەم راوبۆچوونە لە مەیدانی کۆمبوون و ئاڵوگۆڕی نێوان خەڵکدا مەترسیدارترە، چونکە پرەنسیپە دامەزرێنەرەکانی ئەخلاق و دین دەشێوێنێ. لە راستیشدا ئەگەر لەڕووی ئەنتۆلۆژییەوە چاکەو خراپە وەک یەک لێکران و جیاوازی نێوانیشیان کردە جیاوازیەکی نمایشکارانە، کە بکرێ بە ویستی خودا بگۆڕدرێ، ئەوا بێگومان بەرەو جۆرێک لە رێژەگەرایی سۆفستایی دەچێت ئیبن روشدیش مەبەستی ئەشعەرییەکان و لاهوتگەراکانی ئایینەکانی دیکەیە: «بەڵام قسەی ئەوەی کە وای دەبینێ. کە کردەوەکانی (خودا) بەزۆرداریی وەسف ناکرێ، بەڵکو رێژەی چاکە بۆ ئەو لەگەڵ رێژەی خراپە یەک رێژەیە، ئەوەیان قسەیەکی یەکجار سەیرە سەبارەت بەسروشتی مرۆڤ و زۆر دوورە لەو سروشتەی، کە لە مەبەستی چاکەدایە. بەپێی راوبۆچوونی ئەشعەرییەکان شتێک نییە بۆ خۆی ناوی چاکە بێت، هیچ شتێکیش بۆ خۆی خراپە نییە، بۆی هەیە چاکە بۆ خراپە وەرگەڕێ و خراپەش بۆ چاکە، لێرەشدا بەهیچ شێوەیەک لە بنەڕەتەوە راستی نییە، تا یەکەمیان بەرز رابگیرێ و بپەرسترێ بەڵکو چاکەیەکە بەدانان، ئەم راوبۆچوونەنانەش هەمەوویان لە راوبۆچوونەکانی پرۆتاگۆراس دەچن. لەوەش دەچێ راوبۆچوونەکانی ئیرادە خوازەکانی جا چ لاهوتی بن یاخود فەلسەفی لەسەر ئاستی سیاسیش یەکجار مەترسیدار بن، چونکە لەوەی کە نایزانن یاسا رێژی بۆ سەر لێشێوان و خۆسەپاندن و زۆرداریی دەکەن. دیکارت پێی وایە ویستی خودایی بە ئارەزووی خۆی بەهای کردەوەکان دەسەپێنێ، بەڵکو بە ئازادیی بەهای راستیش دەسەپێنێ و هیچ شتێکیش راگیری ناکات و هەڵبژاردنەکەی رەتناکاتەوە، ئەمە راستیی هەوەس و کەموکورییەکی مێشکییەو پابەند بوونیش بەم پرەنسیپانە و بڵاوکردنەوەیان و راهێنانی خەڵک لەسەریان بەرەو ملکەچبوون و قایلبوون بە ئەمری واقیعیان دەبات و رەنگە بیانوویەکیش بداتە فەرمانڕەوا لە هەڵسوکەوتدا لاسایی کردارە رەمەکیەکانی خوداوەند بکاتەوە، کە هەر فەرمانڕەواشە هەمیشە خۆی بە سێبەری خودا لەسەر زەوی داناوە.

دووەم پەرتووک، کە کاری کردە سەر رێچکەی هزری نیچە مێژووی ماتریالی فەیلەسووف و سیاسەتمەداری سۆسیالیستی فردریک ئالبێرت لانگە (١٨٢٨-١٨٧٥)، نیچە لە رێگەی لانگەوە بەهزری ماتریالی فەیلەسووفانی ماتریالی کۆنی یۆنانی و فەیلەسووفانی نوێخوازو رەخنە لە مەعریفەت لای کانت و داروینیزم و پرەنسیپەکانی زانستە سروشتییە نوێیەکان ئاشنابوو. نووسیویەتی و دەڵێت «کاری فەلسەفی هەرە بایەخدار، کە لەم دەیانەی دواییدا دەرکەوت، بێگومان کاری لانگە، کانت و شۆپنهاوەرو ئەو پەرتووکەی (لانگم بەسە). لانگ سەرەڕای ئاراستە سیاسییە سۆسیالیستییەکەشی، بەڵام لە شوێنکەوتووانی ماتریالیزم نەبوو: ئەو بڕوای وابوو، کە ماتریالیزم لە فەلسەفەکانی پێشوودا لای کانت سەرچاوەی گرتبوو کە تاکە بۆچوونی پێشکەوتوو و یەکانگیر بوو کە دەکرێ لە میانییەوە روانینێکی زانستی بۆ واقیع پێکبهێنرێ.

کەچی دوای کانت ماتریالیزم بوو بە نەزعەیەکی

میتافیزیکی نزیک بەئایدیالیزم، کە پێویستە نەهێڵدرێ و لابچێ. بەپشتبەستن بە بنەما چەسپاوە راستەکانی کانت و بە پشتبەستن بە هەندێ لە پرەنسیپەکانی فەلسەفەی شۆپنهاوەر، ئەوا لانگ لای وایە ئەو کۆمەڵە دیاردانەی، کە زانست لێیان دەکۆڵێتەوە سەبارەت بە دەرکپێکردنە هەستییەکانمان ڕێژەیین و مەرجدارن بەپێکهاتە سنووردارەکانی مێشکمان و کە لە توانایدا نییە بگەنە زانینی شتەکان لە خودی خۆیاندا. لایەنی پۆزەتیڤ لە پەرتووەکەکەی لانگ لەو چەندایەتییە نەقولاّیەی بەخشەشە مێژوویەکان و گێڕانەوەی وردی تیۆری زاناو فەیلەسووفان دایە سەبارەت بەماتریالیزم، بەڵام بە لە ئەستۆگرتنی ئەو دوا راوبۆچوونەی کە دەری بڕی، کەردیە بێ لایەن ئەگەر لە باریشی نەبردبێ، ئەو دوا بۆچوونەی کە تیایدا پێ لەسەر سنووردارێتی مەعریفەی مرۆیی دا دەگرێ ئەمەش لەبەر ئەوەی پێوەندییەکی توندی بەخودی زاناوە هەبوو وێڕای بەیەکەوە بەستانی کۆمەڵە قاڵبێکی مێشکی چەسپاوو سنووردار تیایدا.

لە دوا پێچگەشدا شۆپنهاوەرو لانگ دەرژێننە هەمان ڕێژگەو هەردووکیشیان پشتگیری یەکتری دەکەن ئەوەی بەخوێندنەوەی هەردووکیشیان وازبێنێ، وەک ئەوەی نیچە کردی، ئەوا لە نەزعاتی ناعەقلانی و بڕشکانی هزری کەمکەرەوە لە بەهای زانست و دوژمنایەتیکردنی پرەنسیپەکانی عەقڵ بەولاوە هیچی تر لە خودی خۆیدا پەروەردە ناکات. نازانم ئایا خوێندنەوەی دوو، یان سێ پەرتووکی فەلسەفە بە تەنها بەسن بۆ ئەوەی وا لە هەریەکێکیان بکەن ئاشنای لق و پۆپەکانی فەلسەفەو هەروەها ئاشنای سەرجەم گرفتەکانی و ئەو کۆسپ و تەگەرەو گێژاوە مێژوویی و تیۆرییانە بێت کە دەکەونە سەر ڕێگای فەلسەفە؟ جگە لەوەش ئایا شتێکی لەو جۆرە یارمەتی لێکۆڵەر دەدات ببێتە خاوەنی عەقڵێکی فەلسەفی ڕەخنەیی شیکاریی؟

گومان لەوە هەیە ئەو ڕێگە وانەیە، هۆشیارییەکی فەلسەفی پتەو پەروەردە بکات و کەسایەتییەکی تیۆریی تەواوکەر پێکبهێنێ.

خوێندن و لێکۆڵینەوەی فەلسەفە شتێکی سەخت و پڕ شەکەتە و پێویستی بە قووڵبوونەوە و زانینێکی سەرتاپاگیر (تەنانەت ئەگەر قووڵ و فرەوانیش نەبێت) لە زۆر لە پسپۆڕیی و مەیدانە زانستییەکانی دیکە هەیە. نموونەی بالاّش لەوەدا بۆ ئەرەستۆ و (فەیلەسووفانی ئیسلام) دەگەڕێتەوە، کە سەرباری ئەوەی فەیلەسووفێکی خاوەن عەقڵی ڕەخنەیی شیکاریی بوو، مێشکگەرییەکی ئەزموونی لکاو بەواقیعیشی هەبوو، هەروەها شارەزایی لە سەرجەم زانستەکانی سەردەمەکەی خۆی هەبوو. زۆری تیادا بەرهەمهێناو چەندین شاکاری نەمریشی بەجێهێشت. کەواتە فەلسەفە پەبەندبوونێکی تەواو و مەشقێکی درێژی بێ پسانەوەی دەوێت و هەر ئەوەندە بەس نییە بۆ ئاشنابوون پێی و بەکردەوە مومارەسەکردنی، هەندێ پەرتووک بخوێنرێنەوە، تەنانەت ئەگەر بەناوبانگیش بن و لە کاتی خۆشیاندا ئەودەست ئەودەستیان کردبێ. ئەو کەسەش لە سەردەمی ئەمڕۆماندا بوون و نەبوونی سارتەرو مێژووی شێتیی، یاخود ئارکیۆلۆژیای مەعریفەی خوێندبێتەوە، بێگومان ڕێگە بەخۆی نادات بڵێت بنەماکانی فەلسەفەم دەستەمۆ کردووە، یاخود زانیاری تەواوم لەبارەیەوە پەیدا کردووە، یاخود ڕێگا بەخۆی نادات بڵێت منیش بوومەتە فەیلەسووف، بەڵکو لەوانەیە ئەو پەرتووکانە لە بنەڕەتەوە سەرشێوێن و ڕێونکەرو تێکدەری هۆشیاریی فەلسەفی بن

**سەرچاوە:**

**سایتی عشتار**


# ڕۆمانی (پیاوێک لە تاریکی) بۆل ئۆستەر لەژێر ڕۆشنایی ڕەخنەدا

و: کاوەیس محەمەد



(پیاوێک لە تاریکیدا) ڕۆمانێکی تازەی نووسەری ئەمریکی بۆل ئۆستەرەو هەر لە ڕۆژی دەرچوونییەوە بۆتە جێی سەرنج و بایەخ لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئۆستەر ژمارەیەک ڕۆمان و کۆچیرۆکی بەناوبانگی هەیە، دیارترینیان سێینەی نیویۆرک، هەروەها ڕۆژمێری سوورو تیمبکۆیە. لاپەڕەی کتێب لە ڕۆژنامە بیانییەکاندا بەدرێژی باس لەم ڕۆمانە دەکەن، کە من لێرەدا دوو وتار بۆ وەرگێڕان هەڵدەبژێرم، یەکەمیان وتاری ڕەخنەگر ستیڤن ئەمیلە کە لە پاشکۆی ئەدەبی تایمزو دووەمیان وتاری ڕەخنەگر ریتشارد ئەیدرەو لە نیویۆرک تایمز بلاوکراوەتەوە.. نۆرمان میللەر ڕۆژێ لە ڕۆژان لەبارەی بیکیت نووسی: بیکیت خۆی ناخاتە ناو حاڵەتێک کە لەوانەیە کەسێ لەناو کۆمەڵەکەی هەوڵی دەرچوون لەو تەڵەیەی تێی کەوتوون بدات، کارەکانیشی جێی

بایەخی مرۆڤن. بەڵام لەگەڵی بەردەوام نابن. ئەم نووسینە سەبارەت بە بۆل ئۆستەر هەمان مانا دەگەیەنێ کە بەرهەمە ئەدەبییەکانی بوونەتە جێی بایەخ، چونکە وا مامەڵە لەگەڵ کچێ دەکات، بێ ئەوەی چارەی بۆ بدۆزێتەوە. هەژاری و رووداوی لەناکاو لە ئارادان. لە زۆربەی کاتەکانیشدا گرفتەکان لە نووسینەوە سەریان هەڵداوە. جێی گاڵتەشە کە دوا دڵەڕاوکێ و ترس کە بابەتی دوا رۆمانەکەن ببنە هۆی دابەزینی پایەی ئەو سەبارەت بەپێوەری ئەمریکی. ئۆستەر بەرهەمەکانی بەلای شێوازی پاش نوێخوازی دەبات و ئەمەش بەڕوونی لە رۆمانی(گەشتەکان لە ژووری کۆپیکەر) دەردەکەوێ(٢٠٠٧). لەو رۆمانەدا نووسەرێ هەیە بەناوی(بەرێز بلانک)، بەڵام با ناوی بنێین ئۆستەر، کە رووبەڕووی ژمارەیەک تارمایی رۆحی بێ جەستە دەبێتەوە کە بریتین لە کۆمەڵێک تارمایی کەسایەتی ناو رۆمانەکانی، ئەم تارماییانەی لە ژوورێکی خەیاڵی بەندیکردوون. نووسەر ئەمە دەردەبڕێ و دەڵێ: (جیهان بچووک بۆتەوە بۆ یەک ژوور)، یا«ژوورۆچکەیەکی پڕکراو»، هەروەها رۆمانێک هەیە کە خوێنەر هیچ تروسکایەکی خۆشی تێدا بەدی ناکات. بەدڵنیاییشەوە(وەک کارەکە هەمیشە وایە، کاتێ تا ئەوپەڕی لەپاش




نوێخوازی نزیک دەکرێتەوە) وەک ئەوەی بەهەمان شێوە رەگەزی دڵسۆزی لە ئارادابێ. رۆماننووس لەسەریەتی ببێ بەشاهیدی بارودۆخی مرۆڤایەتی بۆ ئەو شتەی پەیوەندی بە هۆشیاری خودەوە هەیە، کە کردارێکە ئیمرسۆن دەریدەبڕێ و مرۆڤ لەرێی ویژدانی خۆیەوە دەخرێتە بەندیخانە. وە ئەوکاتەی ئۆستەر هەوڵدەدات پارێزگاری لە پایەی ئەدەبی خۆی بکات. ئەوە هەمان کار ئەنجام دەدات کە هەریەکێ لەئێمە بۆ پارێزگاریکردن لە ناسنامەکەی خۆی دەیکات.

ئەگەر پاش نوێخوازی بەندیخانەیەک بێ وبشێ بەسەربەستییەوە بچێتە ناوی ئەوا نووسەر دەبێ لەتوانای خۆی بۆ سەیرکردنی دەرەوە دڵنیابێ. وە کاتێ ئۆستەر تەنیا لەسەر نووسین دەنووسێ، ئەوا پەیوەندی خۆی لەگەڵ جیهانی دەرەوە دەپچڕێنێ و پشت بەسەروەری گەوهەری ئەقڵ و رۆح و توندی ناوەوەی خۆی دەبەستێ، نەخشەیەکی دووررودرێژ تاقی دەکاتەوەو لەناوەوەی رۆحی خۆیدا نقووم دەبێ کە بەشێوەیەکی پچڕپچڕ بۆ ماوەی(٢٠) ساڵ درێژە دەکێشێ. لە بەخت باشیشە کە(پیاوێک لە تاریکی) لەگەڵ ئەوەی کە تێڕوانینێکی مەبدەئی لەبارەوە هەیەو خەمۆکییە ناوەکییەکە ناهێڵێ، رۆمانەکە باس لە ئۆگست بریل(دیمەنی دەرەوەی ئەمە ناگەیەنێ) کە

رەخنەگـرێکی ئەدەبی تەمـەن ٧٢ سـاڵانەو لە دەرەوەی مۆنت لەگەڵ کچە تەمەن ٤٧ ساڵەکەی و نەوەیەکی کـە تەمـەنی(٢٣) سـاڵە دەژێ، هاوسـەرەکـەشی بەرلە ساڵێ مـردووەو مـێـردی کـچـەکـە بەر لە(٢٥) سـاڵ وازی لێـهـێناوەو هاوڕێی کـچـەزاکـەی کـوژراوە. بریل بەهۆی خـەوزڕانەوە شـەو بەبێـداری بەسـەردەبات و تا درەنگ دەمـێنێـتـەوە. بریل نموونەیی پاڵەوانی ئۆستەرەو هەمیشە بەتەنیا لەناو تاریکیدا دەژی و بەخەیاڵدا دەچێ و چیرۆک بۆخۆی دەگێڕێتەوە. چیرۆکی سەرەکی لە رۆمـانەکەش بەدەوری ئۆین بریک دەسـوڕێتـەوە کـە بەیانی رۆژێک لەخـەو هەڵدەستێ و بۆی دەردەکەوێ ئەمریکا ئیـفلیج بووە، هەڵبـژاردنی سـاڵی(٢٠٠٠) بۆتە هۆی جیـابوونەوەی(١٦) ویلایەتی ئەمریکی، تا ببن بەویلایەتی سەربەخۆو لەگەڵ ویلایەتەکانی دیکە کە ماون لە شەڕدان.

لێـرەدا (بریک) ئاگـادار دەکـرێتـەوە کـە دەبێ کۆتایی بەو شەڕە بێنێ، لەم ئەرکەشیدا پیاوێک یارمـەتی دەدات کـە هەر ئەوە بۆتە هۆکـار بۆ بەرپابوونی شەڕەکەو بەبێ هیچ سەرسوڕمانێک سـەیردەکـەین ئەم پیـاوە نووسـەرێکە بەناوی ئۆگست بریل کـە لە یەکێ لە ویلایەتەکـانی دی دەژی. هەمـوو ئەو رووداوانەیش کە روودەدەن، یا رەنگە رووبدەن لەمـێشکی ئەودا هەن. ئەگەر لەم سـەرەی رزگـاربێ ئەوا شـەڕەکـە کـۆتایی دێ. سـیـمـای دیاری ئەم رۆمـانەی ئۆسـتـەر وەک نووسەرێ لە دەستەواژەی کۆتایی دەردەکەوێ.

لە حـەقـیـقـەتیـشدا ئەزموونەکـانی ئۆین بریک بەشێـوازی وروژێنەر وەسفکراون، یا بەشێـوازی فـیلمـەکـانی(ئەکشن) نوێنراون. نووسـەر دەزانێ فیلم ژیان ئاسان و رووکەش دەکات، چیرۆکەکە بە دوو رەهەنددا دەبات و دەیگێـڕێتـەوە، ئەم نزیکبـوونەوەیە لە پێکهـاتە خێـراکـان لەڕێی ئەم دەنگ و سـەدایە دووبارە دەکـرێتـەوەو دیمەنێک لەدواوە بەڕوونی دەبەخشێ لەگـەڵ گـواستـنەوەی ئامـاژەکـانی ژیانی رابردوو بەخـێـرایی. خـانووی سـووتاو، چەند دوکـانێکی بەقـاڵی دارمـاو، سـەگـێکی مـردوو و ژمـارەیەک ئۆتۆمـبـێلی تەقێنراوە، هاوارهاواری ژمارەیەک کەسی دی.

(پیـاوێک لە تاریکی) تەنیـا باس لە ئۆگست بریل و هەوڵدانی بۆ گەیشتن بەلێک تێگەیشتن و خەمی خێزانەکەی ناکات. هەروەها باس لە ئۆین بریک و هەوڵدانی بۆ کـوشـتنی ئۆگـست بریل ناکـات، بەڵکو پرییەتی لە چیرۆکی هەمـەجۆر کـە دەشێ بەخـەیاڵدا بێن. بۆیە ئەم دەقـە پرییەتی لە کورتە گرێچنی دەیەها کۆنە فیلم(دزی بایسکل و چیـرۆکی شـەڕو هاوشـێـوەکـانی) کـە لە کـەشـوهەوایەکی تاریک روودەدەن و دەوری پیـاوەکـەیان داوە، دەلالەتیش لە دڵنەوایی و لەبیرکردن ناکەن، بەڵکو دەلالەت لە خەڵقکردن و داهێنان دەکـەن. کـەمکردنەوەی رووناکی لە هۆڵ بوار بۆ سـەیرکردنی وێنەکە بەشێـوەیەکی چاکـتـر دەڕەخسێنێ. چاکـترین شتی ئەم رۆمانەش لەگەڵ ئەوەی کـە پرییەتی لە کـەرسـتـەی دروسـتکراو، ئەوەیە کە حەقیقەتێکی سێ رەهەندێ دەردەخات، یا ئەوەی جـۆن ئەبدایک ناوی دەنێ(خـوێن و سەردەمی مرۆڤ) لەبارەی ژیان لە دەرەوەی. وەک ئۆسـتـەر لە(ژووری داخـراو)دا دەنووسێ(١٩٨٧) (تەنیـا تاریکی ئەو هێـزەی هەیە وا لە پیـاوەکـە

بکات دڵی بۆ جیهان بکاتەوە). رەنگە ئەمەش ئەوە بگەیەنێ کە ئێمە لە رۆمانەکانی ئۆستەر ئەوە دەبینین کە دڵ بایەخدارترە لە(سەر) ئەمە بەڕوونی کاتێ لەبارەی مردنی هاوڕێی کچەزاکەی دەدوێ دەردەکەوێ و بەمەردنێکی تۆقێنەری تیتۆسی دەچوونێ کە لە کۆتایی رۆمانەکە نیشاندراوە. کاتێ وێنەی پەڕاندنی سەری هاوڕێی کچەزاکەی لە عێراقدا دەبینێ، دەنووسێ. (تیتۆس وەک پیاوێ نەمایەوە). ئەمە بیرۆکەی مرۆڤ بۆیە دەکات. ئادەمیزاد ئادەمیزاد نییە، بەڵکو مردوویێکە خوێنی لەبەر دەڕوات. ئەم بیرۆکەیە حەقیقەتی شاراوەیی پشتەوەی رۆمانەکەیەو پێویستی مرۆڤ بۆ گێڕانەوەیەکی توکمە دەردەخات. وە لە پێناوی بەخشینی بونیادێک بەئەزموونی خراپ؛ ئێمە پێویستیمان بە ژیانێکی ئاسوودە هەیە بۆ ئەوەی هەستکردن بەژیان ئاسوودە بێ. کەواتە(پیاوێک لە تاریکی) تەنیا کۆمەڵێک چیرۆک نییە، بەڵکو لە هەمان کاتدا پاساوێکە بۆ شێوازەکەی ئۆستەر لە گێڕانەوەی سالآنی رابردوو، گفتوگۆ لەبارەی ئەوەش دەکات وەک نووسەر رایدەگەیەنێ کە رۆژێ دادێ هیچ دابڕانێ لەنێوان ژیان و نووسیندا نامێنێ و پێویستە ژیان لەناو گەرمی جەستەدا بچێتە پێش و ئەو خوێنەی لە دەمارەکانی مرۆڤدا دێت و دەچێ جۆرێکە لەو کارەی جەخت لەسەر ژیان دەکاتەوە. ئەمە پاش نوێخوازییە، بەڵام ئەمجارە لەگەڵ هەناسەدانێک کە دووبارە دەبێتەوە.

هەروەها رەخنەگر(لۆتاهانسن) لە نیویۆرک تایمز لەبارەی رۆمانەکە نووسیویەتی. پاش بەرپابوونی جەنگی ناوخۆی نێوان(١٦) ویلایەتە شینەکان لە سەردەمی بۆشدا ویلایەتە سوورەکان بەپاڵپشتی دەسەڵاتی فیدراڵ، چیرۆکەکە دەستپێدەکات کە(١٢) ملیۆن ئەمریکی لەشاری نیویۆرک کوژراون و بریک سامر لە شاری نیویۆرک لەگەڵ سەرکردایەتی ئەمریکییە شینەکان پلان دەگێڕێ بۆ کۆتایی هێنان بەشەڕ لەڕێی کوشتنی ئەو پیاوەی بەرپای کردووەو بەردەوامی پێداوە. پیاوەکە لە رۆمانەکە جۆرج بۆش نییە، بەڵکو رەخنەگرێکی ئەدەبییە بەناوی ئۆگست بریل کە بەردەوام خەوی دەزرێ و چیرۆک دەنووسێ.

بۆل ئۆستەر بەر لە پتر لە(٢٠) ساڵە دەستی بەنووسین کردووەو بەیەکێک لە باشترین نووسەرانی(پاش نوێخوازی دەژمێردرێ) لە ئەمریکاو پایەیەکی دیاری لە بازنەی ئەدەبی ئەورووپی پەیدا کردووە کە تایبەتمەندی هونەریان لا لە بەرهەمی ئەدەبی پێ باشترە. نهێنی پیاوێک کە لەسەربەتی بەو پیاوە رازی بێ کە خولقاندوویەتی و دانەیەکە لە ژمارەیەک دانە کە بەر لەو شانۆنووسی ئیتالی بەر لە سەدەیەک نووسیویەتی و کەسایەتییەکانی لە(شەش کەسایەتی بەدوای نووسەرێ دەگەڕێن) کە شانۆگەرییەکە دەبەزێنێ و بۆ پێشەوە دەڕوات، بۆ ئەوەی دەستی تاوانی بۆ درێژ بکات. کەچی لە کەسایەتییەکانی بیراندیللۆ جۆرێک لە بەهای مرۆیی هەست پێدەکەین، بەڵام کەسایەتییەکانی بریل بۆشن و تەنیا چەند داشێکی دامەن و رۆڵی خۆیان بەپێی ئەو هێزەی بەسەریاندا زاڵە دەگێڕن، هەتا پاڵەوانەکەی بریل کە بۆ پێشەوەو دواوە لەنێوان جیهانی دارماو شەڕو لەنێوان جیهانی

سروشتی هاوشێوەی دەیجوڵێ، دەیەوێ ببێ بەوکەسەی دەبێ بریل بکوژێ). بەدوای یەک هاتنی رووداوەکانیش سەبارەت بەبریل بەشێوەیەکی زیرەکانە سەردەگرێ، ئەگەرچی لەرووی شێوازی نوێوە هەژارە، ئەو بەنەرمی ململانێی نێوان لیبراڵ و محافزکارەکان وەردەگرێ(ئەمریکا لە شەڕدا) زۆر چاکە ئەمە ئەو قسەیەیە کە یەکێ لە کەسایەتییەکانی بریل دەیڵێ کە لەبەشی پارێزراودایە لە جیهان، ئێمە لێرە ئێستا شەڕ ناکەین، بەهەرحاڵ ئێستا نا.

وە بەرلەوەی کەسایەتییەکان بەمەنتقی دژی نووسەر بکەونە کار بەئەنجامی جۆراوجۆر دەگەین و بریل کارەکە بەوە کۆتایی پێدێنێ، کە چیرۆکێکی تەقلیدی بگێڕێتەوە کە پێشتر هەستی پێکردووەو بەدرێژایی شەو لەسەر کورسیە جووڵەدارەکەی دادەنیشێ و سەیری خراپبوونەکە دەکات. لە سەرەتا باس لەوە دەکات لە بەهرەو لە نووسین پەرت بووەو لە هەزارەها نووسین کە نووسیویەتی دەدوێ، هەروەها لە هەزاران وشە لەبارەی رەخنەگرتن لێی دەدوێ. ئەو لە وەرزشوانێ دەچێ کە لە پێشبڕکێیەکی کورت بەشدارە نەک نووسەرێکی پشی درێژی ماوە درێژ. بەهەندهەڵگرتن بۆ رێگایەکی لاوەکی لە هەوڵدانی بۆ وەدەستهێنانەوەی یادگارییەکانی دەبیات. بەر لە چەند ساڵی هاوسەرەکەی وازی لێدەهێنێ، ئەمیش بەهۆی پەیوەندی لەگەڵ ئافرەتێکی گەنج، پاش ئەوەیش دەگەڕێتەوە لای دەمرێ و هەست بەتاوان لەبارەیەوە دەکات.

کچەکەی پاش جیابوونەوەی لە مێردەکەی تووشی خەمۆکی هاتووە. هەرچی کچەزاکەی کاتیایە ئەوا لەوان باشتر نییەو هەستکردن بەگوناە ئیفلیجی دەکات، چونکە ئەو خۆشەویستەی وازی لێهێناوە چۆتە عێراق و لەوێ رفێنراوەو نەوت هەیە، هەروەها دانیال بیرل زۆربەی کاتەکانی هەموو رۆژێ لەگەڵ باپیری بەبینینی سێ فیلمی کلاسیکی بەسەر دەبات.

پۆل پۆستەر نووسەرێکە باوەڕی بەپێکەوە گرێدانی سەرووی نێوان بەشەکان نییە کە ئازار باڵی بەسەردا دەکێشێ، کە لەهیکڕاو لە کۆتایی دا کاتێ هیوا بەدەرکەوتنی خۆر دەردەکەوێ، لەناودەچێ. کارەکە لاسایی کردنەوەیەکی گاڵتەئامێز نییە، بەڵکو دەرئەنجامی بێ باوەڕییە بە بەهاکانی رۆماننووسی تەقلیدی..

لە یەک دان و پێک کەوتنەکەش هێزی نەماوەو ئەنجامەکەی بەرهەمێکی لاوازو پەرشوبڵاوە.

**سەرچاوە:**

المدى الثقافي

العدد ١٣١٤ الخميس ٤ ايلول ٢٠٠٨

و: بۆ عەرەبی ئیبتسام عەبدوڵڵا.

# زەوی بەبێ میکرۆب هەسارەیەکی بێ ژیانە

د. سەمیر ڕەزوان
و: د. فەیسەڵ عارەب بڵباس

زۆربەی ئەو میکرۆبانەی کە لەسەر زەوی دەژین بێ زیانن، تەنانەت ژیانیش بەو شێوەیەی کە لەسەری راهاتووین لەسەر ئەم هەسارەیە پەیوەندییەکی توندی بە چالاکییەکانی ئەو میکرۆبانەوە هەیە. دەبێ چ گۆڕانێک بەسەر ئەو شێوە ژیانەماندا بێ ئەگەر زەویمان بەتەواوی لەو میکرۆبانە پاک کردەوە..؟ ئەم وتارە وەڵامی ئەو پرسیارەی تێدایە:

لە ناوەڕاستی حەفتاکاندا دەزگایەکی بڵاوکردنەوە لە (لەندەن) کتێبێکی لەسەر رۆشنبیریی زانستی دەرکرد بەناوی (هاوپەیمانە نەبینراوەکانمان). مەبەستی دانەر لەم ناوونیشانە میکرۆبەکانی سەر زەوی بوو. ئێستاش دێتەوە بیرم کە ناوەرۆکی کتێبەکەم چەندە بەدڵ بوو، هەرچەندە هەندێک تێبینی بنەڕەتیم لەسەر ئەو ناوونیشانە هەبوو کە لەوەتی خوێندوومەتەوە تا ئەمڕۆش لە مێشکمدا جینگڵە دەخۆن، چونکە ئەو کات و ئێستاش- پێم وابوو ناونانی میکرۆبەکانی سەر زەوی بەوەی کە تەنیا هاوپەیمانی مرۆڤن، زۆر لە نرخ و بەهای ئەو زیندەوەرانە کەم دەکاتەوە لە ژیانی گشتیماندا. دیارە ئەوپەڕی هاوپەیمانێتیش ئەوەیە کە لە کاتی تەنگانەدا پشتی هاوپەیمانەکەی خۆی بگرێ و لەوانەیە یارمەتیشی بدات لە بەرگریکردنی لە ژیاندا، ئەگەر تووشی مەترسییەک هات. پاشان هاوپەیمانێتی، لەڕاستیدا، گۆڕینەوەی قازانجی تێدا دەبێ لەنێوان هەردوو لادا. هەرچی پەیوەندی میکرۆبەکانیشە بە مرۆڤەوە، ئەوا زۆر جیاوازە و بە تەنیا شێوەیەک نییە لە شێوەکانی



و خواردەمەنییەکان. زۆریش لێمان نزیک دەبنەوە بەبێ ئەوەی هەستیان پێبکەین، یان بەرگریەکمان هەبێ بۆیان. بە ئاشتی و ئارامی لە گەڵماندا دەژین و بە پێستمانەوە دەنووسێن یان بە رێژەیەک دەچنە ناوەوەی لەشمان، وەک: ناو کۆئەندامی خواردن، کە لە ژماردن نایەن. زانایان رێگەیان دۆزیوەتەوە بۆ جوداکردنەوەی ئەو گیانلەبەرانە بەشێوەیەکی پاراو بۆ ئەوەی بناسرێن و تۆژینەوەیان لەسەر بکرێ، بەجۆرێک کە زۆر شارەزای کەوی کردنیان بووینە و بە نهێنییەکانیان گەیشتوون و بۆ قازانجی مرۆڤ بەکاریان هێناون، بەتەواوی وەکو چۆن باب و باپیرانمان گیاندارانی دیکەیان ماڵی کردووە و رووەکی کێویان بەخێو کردووە و لە قۆناغی راوشکارەوە هاتوونەتە قۆناغی کشتوکاڵکردن و جێگیر بوون.

لایەنە نوێیەکانی لێکۆڵینەوەکان وای نیشان دەدەن کە مرۆڤی دوارۆژ زێتر پشت بە میکرۆبەکانەوە دەبەستێ بۆ بەرهەمهێنانی خواردن و دەرمان و جلوبەرگ و بۆ دروستکردنی وزەی پێویست بۆ هەندێک لە پیشەسازییەکانی.

بەدەگمەن مرۆڤ ئەوەی دێتەوە یاد کە خۆی نوێترین دیاردەی ژیانە لە سەر زەوی. بەو واتایەی کە نوێترین گیانلەبەرە. لەبەرئەوەی خودا هەموو گیانلەبەرەکانی دیکەی بۆ رەخساندووە، بۆیە زۆرجاران خۆی بە سەرچاوە دادەنێ لەسەر هاوپەیمانێتی. ئەوەی راستی بێت ژیانی مرۆڤ و گیانەوەرەکانی دیکەش لە بنەڕەتدا بوونی نابێ ئەگەر ئەو میکرۆبانە نەبن، بەڵام ژیانی میکرۆبەکان بەردەوامە ئەگەر گیانەوەرە گەورەکان هەمووشیان لەناو بچن. ئەمەشە کە دەمەوێ لەو لاپەڕانەی دادێ روونی بکەمەوە.

میکرۆبەکان گیانلەبەری کەمۆن:

حەز دەکەم لە سەرەتادا داوا لە خوێنەر بکەم ئەو بڕوا باوە لە مێشکی خۆی دەربکا کە دەڵێ: میکرۆبەکان تەنیا گیانلەبەری زیان بەخشن و ناوهێنانیان دەبێتە هۆی نانەوەی مەترسی، لەبەر ئەوەی پەیوەندییان بە زۆر نەخۆشی و (پەتا)وە هەیە، چونکە لەڕاستیدا ئەوانە تەنیا رێژەیەکی زۆر بچووک لە ناو ئەو گیانەوەرانە پێکدێنن. هەرچی زۆربەی میکرۆبەکانی دیکەش، هەر لە بەکتریا و کەڕووەکان، ئەوا بوونەوەری دەستەمۆ و کەمۆن. پێکهاتەیەکی وردیان هەیە و بە خێرایی زۆر دەبن و زۆریش چالاکن. لە هەموو ژینگەکانی دەوروپشتماندا دەژین وەک: ناو خۆڵ و ئاو و هەوا

هەســـارەی زەوی و ئەوانی دیکەش بە مـــیـــوان. ئەوەی لەکن زانایان جێگیرە ئەوەیە، کە بەکتریا بەبێ هیچ گومانێک یەکەمین گیانلەبەرێک بووە کە لەسەر هەسارەی زەوی دەرکەوتووە و هەر ئەویش ئاوەدانی کردۆتەوە، کاتێک کە هێشتا جگە لەو هیچ گیانلەبەرێکی دیکە دروست نەبووە. هەروەها هۆکاری گرنگ هەن کە وا لە زانایان دەکەن باوەڕ بەوە بێنن کە هەموو گیانلەبەرانی سەر زەوی لە بەکتریاوە پەرەیان سەندووە. ئەوەشی کە بە تەواوی چەسپاوە ئەوەیە کە بەکتریا سەرچاوەی ئەو مادە ئۆرگانییەیە کە جەستەی هەموو گیانلەبەرانی سەر زەوی لێ پێک دێت لەوانە مرۆڤیش. هەروەها سەرچاوەی ئەو ئۆکسجینەشە کە گیانلەبەران هەڵی دەمژن لە هەناسەدانیاندا.

**میکرۆبەکان سەرچاوەی مادەی ئۆرگانین:**

بۆ ئەوەی ئەو بابەتە لە مێشکی خوێنەردا نزیک بکەینەوە دەبێ پێکەوە- بگەڕێینەوە بۆ رابوردوویێکی دوور کە بڕی (٤٥٠٠٠٠٠٠٠٠) چوار هەزار و پێنجسەد ملیۆن ساڵە. ئەمەش ئەو تەمەنەیە کە زانایان بۆ هەسارەی زەویان داناوە. ئەمەشیان لەخۆڕا دانەناوە، بەڵکو بەپێوەرێکی زانستیان پێواوە کە وردیەکی زۆری تێدایە، بەڵام ئێرە بواری باسکردنی نییە. ئەوکات زەوی برێتی بووە لە تۆپەڵە ئاگرێک کە، بەبێ گومان، هیچ مادەیەکی ئۆرگانیکی تێدا نەبووە. ئەو مادەیەی کە جەستەی گیانلەبەرانی لێ دروست دەبێ. کە گرنگترینیان پرۆتین و شەکرو چەوربییەکانە.

لەگەڵ ئەو پلە گەرمییە بەرزەی کە زەوی لەسەرتای دروستبوونی تێیدا بووە، ناکرێ بیر لە بوونی ئەو جۆرە مادانە بکرێتەوە کە بەگەرمی دەسووتێن و شیدەبنەوە. کەوابێت زەوی تەنیا لە مادەی نائۆرگانیکی پێک هاتبوو. لێرەدا پرسیارێکی لۆجیکی خۆی دەسەپێنێ، ئەویش ئەوەیە: کەینێ ئەو مادە ئۆرگانییەی کە جەستەی گیانلەبەرانی لێ پێک دێت، سەری هەڵداوە و چۆن..؟

زەوی پاش دروستبوونی بۆ ماوەیەک بەبێ مادەی ئۆرگانی مایەوە، کە زانایان بەپێی ژماردنێکی ورد بە یەک بلیۆن و نیو بلیۆن ساڵی دادەنێن (بلیۆنێک هەزار ملیۆنە). هەڵەشە ئەگەر ئەو ماوەیە لە تەمەنی ژیانی سەر زەوی جودا بکرێتەوە ،چونکە گۆڕانکاری سروشتی و کیمیاوی ئەوتۆ لەو ماوەیەدا روویان داوە کە هەر لە ژماردن نایەن و رێگایان بۆ سەرهەڵدانی مادەی ئۆرگانیکی خۆش کردووە. پاشان ژیان پەیدا بووە. لەو گۆڕانە سروشتییە گرنگانەی کە لەو ماوەیەدا روویان داوە: ساردبوونەوە و رەقبوونی توێکڵی زەوی بووە. پاشان هەڵمی ئاو چڕبۆتەوە و لەو نزماییانەدا کۆبۆتەوە کە بەهۆی کورژبوونەوەی قەبارەی زەوی دروست بووینە، بەمەش دەریا و زەریا کۆنەکان پێکهاتوون. ئەو گۆڕانە بنەڕەتییە لە کەشوهەوا و پێکهاتەی زەوی هەنگاوێکی سەرەکی بووە لە رێخۆشکردن بۆ سەرهەڵدانی مادەی ئۆرگانی. پەیدابوونی خانەی زیندووش کە ئەمڕۆ بەبێ گومان دەزانین یەکەمین جار لەو ئاوانەوە دەرکەوتووە، کە لە پلەیەکی گونجاو و سارد دا بووە، کە رێگەی مانەوەی مادەی ئۆرگانیکیی بە جێگیری داوە، هەرچەندە ناوزگی زەوی هێشتا هەر لە سووتاندا بووە. تەقینەوە ئاگرپژێنەکانیش ناوە ناوە ئەوەمان دێننەوە یاد. ماوەیەک مشتومڕ لەناو زانایاندا گەرم بوو لەسەر سەرچاوەی مادەی ئۆرگانی سەر زەوی. هەبوو وای دادەنا کە

سەرچاوەی ئەو مادەیە لە بنچینەدا بۆشایی ئاسمانە. ئەو قسەیەش بە ئاسانی هەڵەی لێ دەگیرێت، چونکە ئەمڕۆکە زانراوە ئەو بەردانەی کە لە ئەستێرەکانی دیکەوە دێنە خوارێ دەبێ ئەو چینە هەوایە ببڕن و لێی بخشێن. لەمەشەوە برێکی زۆر لە گەرمی پەیدا دەبێ کە هیچ مادەیەکی ئۆرگانی ناتوانێ بە نەگۆڕی بمێنێتەوە. کەوابێ دەبێ هەر ئەو مادە ئۆرگانییەی کە گیانلەبەرانی بەرایی لێی دروست بوونە بەو مادانەی کە لە کۆنەوە هەبوونە، هەر لەسەر رووی زەوی پەیدا بوو بێت. زانایان دیسان- لەسەر ئەو مادە ئۆرگانییە سەرەتاییە لێک ناکۆکن کە ئایا یەکەم جار پەیدا بووە ئەوجا خانەی زیندووی بەرایی لێ پێکهاتووە یان گیانلەبەرانی بەرایی لەپێشدا دروست بووینە و پاشان لە شیبوونەوەی دوای مردنیان ئەو مادە ئۆرگانییە کۆبۆتەوە..؟ تەنیا کەمێک لە بیرکردنەوەی دەوێ تا مرۆڤ بگاتە ئەوەی کە دانراوەکەی یەکەم پتر رێی تێدەچێت، چونکە دانراوەکەی دووەم پێویست بەوە دەکات روونی بکەینەوە، کە لە کوێوە ئەو مادە ئۆرگانییە هاتووە کە یەکەمین خانەی لێ دروست بووە. ئەوەی پسپۆڕان پێی قایلن ئەوەیە، کە ئەو گۆڕانە سروشتی و کیمیاویانەی (رۆشنە کیمیاوی) کە لە کەشی زەویدا لە ماوەی یەکەم لە تەمەنی کە بلیۆن و نیوێک ساڵ درێژەی کێشاوە روویان داوە، بووەتە هۆی گۆڕانی هەندێ مادەی نائۆرگانی کە برێکی زۆر هەبووینە بۆ مادەی ئۆرگانیکی دیار کە چوونەتە پێکهاتەی خانەی زیندوو. هەروەها زانایان باوەڕیان وایە کە ئەو مادە ئۆرگانییانە بەدرێژایی ملیۆنان ساڵ لەناو زەریاکاندا کۆبوونەتەوە کە هێشتا زیندەوەر نەبووە

بیانخوات. بەجۆرێک زۆر بووە کە زانایانی ئەمڕۆ بە ئاوی زەریا کۆنەکان دەڵێن بەوەی کە مادەی ئۆرگانی تێدایە (شۆربای ئۆرگانی). ئەوەش وەکو لەسەرەتادا وا دێتە بەرچاو وەنەبێ تەنیا خەملاندن بێ، بەڵکو هزری بابەتین و بە تاقیکردنەوەی زانستی سەلمێنراون کە لێرە بواری باسکردنیان بە درێژی نییە، بەڵام رەنگە باش بێ ئەگەر بڵێین زانایان لەو تاقیکردنەوانەیاندا هەوڵیان داوە لاسایی ئەو مادە مێژووییەی زەوی بکەنەوە لە بارەی کیمیاوی و سروشتییەوە. مادەی نائۆرگانیکیان کۆکردۆتەوە، کە بێگومان لەکۆنەوە لە زەویدا هەبوونە- پاشان لە بارێکی وەکو بارو زرووفی کۆنیان داناوە وەک گەرمی و رووناکی و کارەبا و ئیدیکەی وەک سەرچاوەی وزەی بەرز. کە ئەنجامەکانیان بەکیمیاوی لێک داوەتەوە، لە لایان روون بۆتەوە کە تێکەلاوێک لە مادەی ئۆرگانی تێکەوتووە کە دەچێتە پێکهاتەی خانەی زیندووەوە وەک (ترشە ئەمینییەکان) و چەوری و ئیدیکەش. دەبێ خانەی زیندووش هەر لە پێکهاتەی ئەو (شۆربا ئۆرگانییەوە) پەیدا بووبێ. دەبێ ئەو جۆرە خانەیەش لە ئاکارەکانیدا زۆر بەهەندێک بەکتریا چووبێت، کە ئەمڕۆ لەسەر زەوی دەژین. پاشان دەبێ ئەو بەکتریایە خواردنی لەسەر ئەو مادە ئۆرگانیکیە بووبێت کە باسکرا و تێیدا بە چوستی لە زۆربوون دا بووبێت تا هەمووی بەکارهێناوە یان نزیکی نەهێشتنی کردووە. لەوانەیە یەکێک بپرسێ ئایا ئەو گیانلەبەرانە توانای ئەوەیان هەبووە بەرگەی ئەو بار و ژینگە دژوارە بگرن لەو کاتدا کە گەرمی زۆر و ئۆکسجینی کەم لەئارادابوونە..؟

بەڵێ، نەوەی ئەوان وا ئەمڕۆ لەناوماندا دەژین و بەکتریای وا هەیە پێی خۆشە لە پلەیەکی گەرمی

ئەوتۆدابێ کە لە پلەی گەرمی کوڵاندن نزیکە. هی واشیان تێدایە بەرگەی تیشکی ئەوتۆ دەگرێ کە ئیدیکە لەناو دەبا و هی واش هەیە بەبێ ئۆکسجین دەژیێ. پاشان ئەو گیانلەبەرانە دەبێ خۆیان لەتیشکی زۆر بەهێز بەوە پاراستبێ کە لە چینە قووڵەکانی ناو دەریاکاندا ژیابن. پسپۆڕان بەپشتبەستن بەهەندێ زانیاری زۆر ورد- وای دادەنێن کە ئەو بەکتریا سەرەتاییانە لەوانەیە نزیکەی سێ هەزار ملیۆن ساڵ لەمەوپێش پەیدا بووبن و پاش ئەوەی مادە ئۆرگانیکیەکانی ناو شۆربای دەوروپشتیان هاتۆتە نەمان ناچار بووینە پەرە بەچالاکییەکانیان بدەن بۆ ئەوەی بتوانن بەخۆیان خۆراکە ئۆرگانیکییەکانیان بۆ خۆیان دروست بکەن لەو مادە نائۆرگانییە زۆرانەی کە هەبووینە، ئەویش لە رێگەی ئەوەی کە بە(تیشکە هەرسکردن) ناسراوە و کرداری دیکەی وەکو ئەو کە تا ئەمڕۆش نەوەکانی ئەو بەکتریایانە جێبەجێی دەکەن کە لە مێژووی کۆنەوە ئەوەندە پەرەیان نەسەندووە.

بەکورتی دەڵێینەوە، ئەو مادە ئۆرگانییەی کە گیانلەبەرە بەراییەکانی لێ دروست بووە دەبێ هەر لە رێگەی کارلێکی کیمیاوییەوە بە تەنیا پەیدا بووبن، بەڵام ئەو مادەیە خێرا وەکو خۆراک بۆ ئەو گیانلەبەرانە بەکار هاتووە کە بەناچاری پەرەیان سەندووە و توانیویانە بەخۆیان مادەی ئۆرگانی لە هی نائۆرگانی بەرهەم بێنن. ئەو مادە ئۆرگانییە نوێیەش ئەوە بووە کە بوونەوەرەکانی دیکەی دوای ئەوان لەسەری ژیاون و جەستەیان لێی پێکهاتووە و پەرەیان سەندووە تا بوونەتە ئەو شێوەیەی کە ئەمڕۆ لە دەوروبەری خۆمان دەیان بینین.

**میکرۆبەکان سەرچاوەی ئۆکسجین:**

کەشوهەوای زەوی پێش پەیدابوونی ژیان و تا دوای نزیکەی هەزار ملیۆن ساڵیش لە پەیدابوونی بەکتریا بەراییەکان- بێ ئۆکسجین بووە و پێویستیش ناکات بگوترێ کە هەموو ئەو بەکتریایانەی کە لە یەکترییەوە پەرەیان سەندووە لەو ماوەیەدا، هەناسەدانیان بەبێ هەوا بووە. تا ئێستاش وەکو گوتمان- نەوەی ئەو جۆرە بەکتریایە هەیە و بەبێ هیچ گۆڕانێک لەو ئاکارەیدا ماوەتەوە. زاناکان هەنگاوەکانی پەرەسەندنیان بە پلەی جیاجیا دیارکردووە و هەرچەندە جیاوازی لەنێوانیاندا هەیە لە زۆر رووەوە، بەڵام هەموویان بەتەواوی کۆکن لەسەر بازدانی (طفرات) دیارکراو لە پەرەسەندندا کە گفتوگۆی لەسەر ناکرێ و پەیدابوونی ئۆکسجینیش لە هەوادا یەکێکە لەو بازدانە پەرەسەندنانەی کە لەسەری رێککەوتوون، چونکە پەیدابوونی ئۆکسجین لەهەوادا پەیوەندی بە سەرهەڵدانی جۆرێک لە بەکتریا هەیە پێی دەگوترێ بەکتریای سەوزی شینباو کە لە بەکتریای بەرایی پەرەی سەندووە و تاکە گیانلەبەر بووە کە گازی ئۆکسجینی بەرهەم هێناوە وەکو بەرهەمێکی لاوەکی لە کرداری تیشکە هەرسکردندا. زۆر سەیریشە، بەڕاستی، کە هەندێ جۆری ئەو بەکتریایە لەکۆنەوە وەکو خۆی ماوەتەوە و دەتوانێ ئۆکسجین بەرهەم بێنێ، هەرچەندە بەبێ هەواش دەژی، ئەوەش وامان لێدەکات باوەڕ بێنین بەوەی کە باپیرانی ئەو جۆرە بەکتریایەیە کە یەکەم ئۆکسجینیان لەهەوای زەویدا پەیدا کردووە و کۆبوونەوەی ئۆکسجینیش لەهەوادا بووەتە هۆی گۆڕینی تەرازووی ژیان لەسەر زەویدا، چونکە ئەگەر ئەو بەکتریا سەوزە شینباوە نەبووایە ئەوا

ئۆكسـجين نەدەبوو و هەواى زەويش بێ گـازى ئۆكسجين دەبوو و پەرەسەندنيش ڕێبازێكى ديكەى دەگـرتەبەر و بوونەوەرى ديكەى ناهەوايى پەرەسەندووى ئەوتۆ پەيدا دەبوون كـە ئاكـاريان لەگەڵ هى بوونەوەرانى ئەمڕۆدا نەدەگونجا.

گرنگى ئۆكسجين هەر لەبارەى ئەو پەرەسەندنەوە نييە كە باسمان كرد، بەڵكو ڕۆڵێكى زۆر لەوە قووڵتر دەگێڕێت. دەزانرێ ئەو گازە ئەگەر وزەيەكى بەرزى بەركەوێ ئەوا دەگۆڕێ بۆ گازى (ئۆزۆن) كە ئەويش توانايەكى بەرزى هەيە بۆ مـژينى تيشكە گەردوونييەكان.

لەگەڵ ڕۆژگاردا چينێك لەو ئۆزۆنە كۆبۆتەوە كە لە ئەنجامى بەركەوتنى تيشك بەئۆكسجينەوە پەيدابووە. ئەم چينەش ئەمڕۆ لە بەرزاييەك دايە كە دەگاتە (٢٥) كيلۆمەتر لەسەرووى زەوييەوە و دەورەى زەوى داوە و چەپەرێكى دروست كـردووە كە لەو تيشكە گەردوونييە ترسناكانەمان دەپارێزێ كـە بەردەوام بۆ زەوى دێن. ئەوانەى خـەريكى ژينگەپارێزين زۆر ترسـيـان لەوە هەيە كـە گـازە ژينگە تێكدەرەكان ببنە هۆى دروستبوونى كون لەو چينەى ئۆزۆن و ببێتە هۆى مەترسى بۆ سەر ژيان لەسەر رووى زەوى. ئەو ترسانەشيان لە جێى خـۆيەتى. هەروەها تاقيكردنەوە ناوكييەكـان و دەنگى ئەو فڕۆكانەى خێراييان لە هى دەنگ پترە و ڕۆكێتەكانى هەڵدەدرێنە بۆشايى ئاسمان لەوانەيە هەمان كاريگەرييان هەبێ.

لەم برگەيەدا دەگەينە ئەنجامێكى نوێ، ئەويش ئەوەيە كە ميكرۆبەكان هۆكارى يەكەمين بوونە بۆ دروستبوونى ئۆكسجين لەهەوادا و ئەگەر ئەوان نەبوونايە ئەوا گازى ئۆزۆنيش بەو برە نەدەبوو كە ببێتە چينێك ژيان بپارێزێت و تيشكە گەردوونييەكانيش بۆردوومانى گۆى زەوييان دەكرد و ژيانيان نەدەهێشت، وەكو ئەوەى لە شەرێكى ناووكى بەردەوامدا بووينايە وادەبوو.

**چى دەبێ ئەگەر هەسارەى زەوى لە ميكرۆبان پاك كەينەوە..؟**

بينيمان كە ميكرۆبەكان سەرچاوەى ژيانن لەسەر ئەو هەسارەيە و هەر ئەوانيشن ڕێگەى پەرەسەندنيان خۆش كردووە تا گەيشتۆتە ئەو شێوەيەى كە ئێستا هەيەتى. ئايا دەبێ لێرەوە بايەخى ئەو ميكرۆبانە كۆتايى هاتبێ..؟ ئايا ئەو ژيانەى كە ئەمڕۆ لەسەر زەويدا هەيە دەتوانێ بەبێ ميكرۆبان بەردەوام بێت..؟ بۆ ئەوەى وەڵامێكى بابەتيانەى ئەو دوو پرسيارە بدەينەوە، لێگەڕێ با سەيرێكى چۆنييەتى ژيان بكەين لەسەر زەوى پاش ئەوەى لەميكرۆبان پاكى دەكەينەوە..! باشتريش وايە يەكەمين جار وەڵامى ئەو پسيارە بدەينەوە كە خۆى دەسەپێنێ، ئەويش: ئايا دەتوانين بەڕاستى زەوى لەميكرۆبەكـان پاك بكەينەوە..؟ بەبێ ئەوەى بە دووورودرێژى لێى بدوێين، دەڵێين ئەوە ئاستەمە، چونكو هەرچى بۆ ئەوە جێبەجێ بكرێ ئەوا يەكەمجار دەبێتە هۆى لەناوچوونى گياندارانى ديكە پێش ئەوەى زيان بە ميكرۆبەكـان بگات. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەى كە بە تاقيكردنەوەى لابۆرى نايگەينێ دەتوانين هەوڵ بدەين زانستيانە هەڵى بێنجين. ئەمانەى خوارەوە هەندێكن لەوانەى كە ڕەنگە دواى پاككردنەوەى زەوى لە ميكرۆب بێنە كـايەوە و ئەوانەش خەياڵ نين بەڵكو ڕاستيەكى زانستى لۆجيكين.

پاش ئەوەى مرۆڤ دەمرێ، لاشەكەى بەخاك دەسپێردرێ و گيانەكەى بەرەو ئاسمان هەڵدەكشێ. هەرچى جەستەكەيەتى ئەوا (لەناو دەچێ).

لەراستیشدا دەبێتە خۆراکی ئەو میکرۆبانەی لەناو خاکدان کە پێکهاتەی لاشەکە شیدەکەنەوە و هەرسی دەکەن، وەکو چۆن بەخۆمان گۆشت هەرس دەکەین و شی دەکەینەوە. مادە ئۆرگانیکیەکەی لەش دەگەڕێتەوە باری جارانی خۆی، واتە بۆ مادە نائۆرگانییەکان. ئەوەی کە بەسەر مرۆڤدا دێت بەسەر هەموو گیانەوەرەکانی دیکەش دادێت. ئەو کردارەی شیبوونەوە قەفێکی (ئەڵقەیەکی) سەرەکییە لە زنجیرە سووڕی توخمە سروشتیەکان لەسەر هەسارەی زەوی، چونکە بڕی ئەو توخمانە جێگیرە و ناگۆڕێ. بەڵام بەزۆر شێوە دەردەکەوێ. با یەکێک لە گرنگترین توخمەکان وەرگرین کە کاربۆنە و هۆکارێکی هاوبەشە لەهەموو مادە ئۆرگانییەکاندا. پاش ئەوەی میکرۆبەکان مادەی ئۆرگانی جەستە شیدەکەنەوە، ئەو کاربۆنە دەگۆڕێ بۆ دووەم ئۆکسیدی کاربۆن و بۆ ناو هەوا بەرز دەبێتەوە. تا سووڕەکەش تەواو بێت رووەکە سەوزەکان ئەو گازە جارێکی دیکە دەکەنەوە مادەی ئۆرگانی بە رێگەی کرداری (تیشکەپێکهاتن). بەمەش خۆراک بۆ نەوەکانی مرۆڤ پەیدا دەکەن. ئەو کاربۆنەی لەناو لەشمان دایە هەر ئەوەیە کە لە لەشی ئەوانەی پێش ئێمەدا بووە و دواییش لە لەشی ئەوانەی دوای ئێمە دێن، دەردەکەوێتەوە. لەمەوە روون دەبێتەوە کە پاککردنەوەی زەوی لە میکرۆبان مانای راگرتنی خولی توخمەکانە لە قۆناغی بوونی ئەو مادە ئۆرگانییە کە لەناو لاشە زیندوو و مردووەکان دا هەیە. زوو بێ یان درەنگ هەموو ئەو مادە ئۆرگانییانە بەو شێوەیە دەمێننەوە و ئەو نەوانەی دوای ئێمە دێن بەشی خۆیان مادەی ئۆرگانیان دەست ناکەوێ تا لەشیانی لێ دروست بێت.

ئەگەر خوێنەر هەر مکوڕە لەسەر ئەوەی کە دەبێ ئەمەی بەتاقیکردنەوەی زانستی بۆ بسەلمێنین، با، بۆ نموونە، سەردانێکی (کریملن) بکا لە مۆسکۆ و سەیری لاشەی (لینین) بکا کە دەڵێی تازە مردووە چونکە لاشەکەی لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا وەکو خۆی ماوەتەوە، ئەمەش چونکە لە میکرۆبان پاک کراوەتەوە و لەناو سندووقێکیان پاراستووە کە توند و بێ میکرۆبە. ئەگەر ئەوەش نەبوایە ئەوا میکرۆب جەستەیان وەکو هەموو جەستەیەکی دیکەی کە خودا دروستی کردوون شی دەکردەوە(*).

لەناو لاشاندا دەخنکێین:

بێگومان ئەوە ماوەیەکی دەوێ ئەوجا رەوڕەوەی ژیان دەوەستێ و لەو کاتەشدا کاریگەرییە خراپەکانی پاککردنەوەی زەوی ناوەستێ . لەوانەش هەموو بوونەوەرەکان لە مرۆڤ و گیانداران و رووەک، رۆژ دوای رۆژ لەسەر یەک کەڵەکە دەبن تا دەبنە گردی زۆر گەورە. ئەمە ئەو پاشماوە و دەردراوانەی مرۆڤیش -وەکو میز و پیسایی- دەگرێتەوە، سەرباری ئەو پاشەڕۆکانەی کە لە ئەنجامی چالاکییەکانی رۆژانەماندا پەیدا دەبن وەک پیشەسازی. پاشەڕۆکی رۆژانەی شارێکی مام ناوەندی دەگاتە ملیۆنان تۆن. پاشەڕۆکە گازییەکانی سووتانی سووتەمەنییەکانی کە بۆ ئۆتۆمبێل و فڕۆکە بەکاردێن و ئەو گازانەی کە لەگەڵ نەوتدا هەن زۆر جۆرە بەکتریا لەسەریان دەژین.

نەوەی دوایی هیچی بۆ نامێنێتەوە لەسەری بژی و لەبرسان دەمرێ. ئەو گۆشتەی مرۆڤ دەیخوا بریتییە لە بەرهەمێکی راستەوخۆی ئەو میکرۆبانەی لەناو هەناوی گیاندارە

کـاوێژکـەرەکـاندا دەژین. خـاکـیش رەق و رووت دەمـــێنێـــتـــەوە و ژیانی تێـــدا نابێ، چونکە مـیـکرۆبەکـانی خـاک بەرپرسن بەرپرسـیـاریەکی راسـتـەوخـۆ- لە بەپیـتـبـوونی زەوی. هەر ئەوان توخمە جۆربەجۆرەکان ئامادە دەکەن بۆ ئەوەی ببنە خۆراکی رووەکە دانەوێڵەییەکان. مرۆڤ تووشی کـەمـبـوونی زۆر لە ڤـیـتـامـینەکـان دێت، چونکە زانراوە کە بەکتریای دیارکراو هەیە لەناو ریخۆڵەی مرۆڤدا دەژین- ڤیتامین دروست دەکەن و بەمەش مرۆڤ لەو مادانە دروست دەبێ. ئەوانە تەنیا چەند نموونەیەکن لەوەی کە مرۆڤ تووشیـان دەبێ ئەگەر زەوی لە مـیـکرۆبان خـاوێن کـرایەوە. بەکـورتی ئەگـەر مـیـکرۆبەکـان نەبوونایە ژیان هەر هەمـووی لەسـەر ئەم هەسـارەیە پەیدا نەدەبوو. ئەگـەر توانیمـان هیچ میکرۆبێک لەسەر زەوی نەیەڵین کە ناشـتـوانین- ئەوا ئێمە زۆر بە ئاسایی ئەو زەوییە بەتەواوی دەکەینە هەسارەیەکی مردوو.

ئایا پاش ئەوە بەراسـتی دەتوانین بڵـێین کـە مـیـکرۆبەکـان هاوپەیمانی نەبینراون بۆ مـرۆڤ..؟ نەخـێـر، پێم وایە خـوێنەریش لەگەڵ مندایە، کـە ئەوەی دەکرێ بەو گیانەوەرانە بگوترێ ئەوا شتێکە لەجۆری ئەوەی کە کراوەتە ناوونیشانی ئەم وتارە. یەک وشەی دیکەم هەیە کـە پەیوەندی بەم وتارەوە هەیە. زۆرجاران مرۆڤی ئاسایی دڵتەنگ دەبێ لەو شەڕانگێزییەی کـە لەسەر زەویدا هەیە. پیـاوی باوەڕداریش بە داوای لێبـوردنەوە دەپرسێ: ئایا باشتر نەبوو خودا ژیانێکی بەبێ شەڕی بۆ دروست کردبایین..؟ لەوانەیە خوێنەر لەوەی بۆمان نووسیوە لای ئاشکرا بووبێ کـە ئەو جـۆرە تێـڕوانینانە زۆر کورت بینن لە واقیـعدا، بگرە بەرهەمی هەڵەیەکی گـشـتین کـە مـرۆڤ تووشی دەبێ هەر جـارەی کـە حـوکم لەسـەر پارچەیەک دەدا بەجـودا لە هەمـووەکەی. ئەوەی دڵتەنگە بە بوونی میـکرۆبی کۆلێرا و سیل و ئیدیکە بێگومـان بوونی ئەوانەی لەسـەر زەوی پێ باشـتـر دەبێ، کاتێک کە تێدەگا لەناوبردنی هەمـوو مـیـکرۆبەکـان ئەنجـامەکـەی زۆر لەوە خـراپتـرە. کـەوابێ گـەورەیی هەر بۆ ئەو خودایەیە کە خێر و شەڕیشی دروست کردووە وەک تێکەڵەیەک کـە پارچە پارچە ناکـرێ و بۆ هەریەکێکیش رۆڵی خۆی لە دنیادا دیاریکردووە.

---

(*) تەرمی (لینین) لە ساڵی (١٩٢٤) مۆمیا کراو و پارێزرا تا یەکـێـتی سـۆڤـیـەتی نەمـا بۆیە خـوێنەر دەبێ بزانێ کـە ئەو نووسـینە لەسـەردەمی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوودا بڵاوکراوەتەوە و دوای رووخانی یەکێتی سۆڤیەت لاشەی (لینین) لەخاک نێـژرا، چونکە پاراسـتنی بەو شـێـوەیە خـەرجی و تـوانـایـەکی زۆری دەویـسـت و خــــۆیشی ئـەو پیرۆزییەی جارانی نەما پاش نەمانی رژێمەکەی. (وەرگێڕ).

**سەرچاوە:**

گـۆڤـاری (العـربی) ژمـارە (٣٤٢) مـایسی ١٩٨٧.

# ئاییندەی لیبڕالیزم کەوتۆتە گومانەوە

د. ئەحمەد ئەبوزێد
و/ ڕەمزی میرەکانی

زیاتر لە سەدەیەکە لیبڕالیزمی کلاسیکی پاشەکشێیەکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە دوای دەرکەوتنی بزاڤە سیاسی و کۆمەڵایەتییە کاریگەرەکانی وەکو سۆسیالیستی نیشتیمانی و دیموکراسیی کۆمەڵایەتی و لیبڕالیزمی ئەمریکی، جگە لە دەرکەوتنی ئاراستە پارێزەرە نوێیەکان لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا. دوای جەنگی جیهانیی دووەم و سەرهەڵدانی هەستە نیشتیمانی و نەتەوەییەکان و پەنابردن بۆ توندوتیژیی و دەمارگیری، لیبڕالیزم زیاتر پاشەکشێی کرد، ئەمەش پاساوی بەحکوومەتەکان دا بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ئاشکرا دەست لە کاروباری هاووڵاتیان وەربدەن بۆ سەپاندنی دەسەڵاتەکانیان لەژێر پەردەی پارێزگاریکردن لە ئاسایشی نەتەوەیی. ئەم ئاراستەیەی کە لیبڕالیزمی کلاسیکی ڕەتی دەکردەوەو نارەزایی زۆریشی لەسەر هەبوو، بەڵام دەبوایە دەست بە ڕەنسیپە ڕەسەنەکانیەوە بگرێت دەربارەی ئازادی تاک و کەمکردنەوەی ڕۆڵی حکوومەتەکان و بەرگریکردن لەم پرەنسیپانە لەدژی هەڵکشانی بزاڤە نوێیەکان بەشیوعییەت و فاشیەتیشەوە کە تاکیان بێبەش دەکرد لە ئازادییەکەی و دەستدرێژیشیان دەکرد بۆ سەر کەرامەتە مرۆڤایەتییەکەی، یانیش بەهەندێ لەم پرەنسیپانە داچووبایەوەو هەندێ ئاراستەشی هەموار بکردایە، بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەستبوون بەوەزیفەی سەرەکیی حکوومەت و پەیوەندییان بەتاک و لەبەرچاوگرتنی مافەکانی موڵکایەتی تایبەت و چڕکردنەوەی ڕۆڵی دەربارەی پەیڕەوکردن

و سەرپەرشتیکردنی سیستەمی گشتی، لەبەرئەوەی لیبرالیزمی کلاسیکی تەرکیز لەسەر ژمارەیەک لە توخمی بنەرەتیی گرنگ دەکاتەوە وەکو جەختی رەوشتی بەسەر تاک بەو گوزارشتەی لەپێش دەوڵەت و کۆمەڵگا دێت لە بوونیدا، لەگەڵ پاڵپشتیکردنی مافەکانی موڵکایەتی تایبەت لەگەڵ بوونی سیستەمێک بۆ بازاری ئازاد و بەرپابوونی حکوومەتی دەستووری بۆ پاراستنی مافەکانی تاک لە دژی زیادەرۆییەکانی کەسانی دیکە، لەهەمانکاتیشدا تاک بپارێزێت لەبەدواکەوتنی ئارەزووەکانی لە لادان لە سنوورەکانی مامەڵەکردن، بەم گوزارشتەی ئەم توخمانە هەموویان مەرجی باشن بۆ پەیرەوکردن لە هەموو کات و ساتێکدا، بەگوێرەی وتەکانی ئیمی ستورجیس لەم بڵاوکراوەیەی کە پەیمانگای لۆکەر سمیس لەژێر ناونیشانی «بەهاو شپرزەبوون ئینجا دەرکەوتنی لیبرالیزمی کلاسیکی سەرلەنوێ» دەریکرد، وەلێ لەگەڵ پێشڤەچوونی سەدەی بیستەم وەکو خودی ستورجیسیش سەرنجدەدات ئیفلیجی حکوومەتەکان لە خۆرئاوا بەروونی دەرکەوت لە رووبەڕووبوونەوەی گۆڕانکارییە قووڵەکان ئەوانەی بەسەر ژیانی ئابووری و کلتووری جیهانیدا هاتن لەگەڵ زیادبوونی داواکاریی لەبەرچاوگرتنی مافەکانی مرۆڤ و دەستگرتنی بەم مافانەو بەرگریکردن لێیان و شۆڕشی پەیوەندیکردن و زانیارییەکان لەتەک کەمتەرخەمیی شیوعییەت و سیستەمە سەربازی و شموولییەکان یارمەتیدەری نەشونماکردن و بڵاوبوونەوەی ئەم داواکاریانە بوون، بۆ رازیکردنی بۆچوونەکانی خەڵکی بۆیە ئاراستەکان لە خۆرئاوا زیادبوون بەرەو گەڕانەوە بەرەو هزرو بۆچوون و پرەنسیپە کۆنەکان کە نەمابوون و لەبەرچاو ون ببوون. بەمەش گەشتی گەڕانەوە بەرەو زیندووکردنەوەی لیبرالیزمی کلاسیکی دەستی پێکرد، بەڵام تەواو سەرکەوتوو نەبوو، جگە لەمەش گومانی زۆر دەربارەی توانای لیبرالیزمەکان ورووژێندرا لەسەر بەردەوامبوون و لەسەر کارایی و کاریگەریدا، ئەم گومانانەش بۆ هەندێ لە خودی هزرڤانە لیبرالیزمەکان درێژ بۆوە، ئەمەش مانای ترسناکی بارودۆخەکەو ئاڵۆزبوونی قەیرانی لیبرالیزم ئاشکرادەکات.

**رەهەندی رەوشتیی**

گومانی تێدانییە، کە لیبرالیزم بەیەکێ لە گرنگترین و بەهێزترین ئایدیۆلۆژیا دادەنرێت کە هزری مرۆیی لەسەردەمی نوێ چووبێتە ژێر باری، ئەگەر رایەکان جیاوازیش بووبن دەربارەی دیاریکردنی چۆنایەتی و رەهەندو پاساوەکانی بوونی، بەهەرحاڵ نیمچە کۆکییەک هەیە بەدانانی لیبرالیزم وەکو فەلسەفەیەکی سیاسی خاوەن رەهەندی رەوشتی پەیوەست بەئازادیی تاکەوە، کە لەوانەیە بەرای هەندێک ئازادییەکی بێ پایان بێت.. ئینگلتەرا بەپێگەی رەسەنی لیبرالیزمی کلاسیکی دادەنرێت کە تەرکیز لەسەر پرەنسیپەکانی لێبووردەیی ئایینی و ئازادیی کەسی و ئابووری و بەرپابوونی حکوومەت دەکاتەوە لەرێگەی رەزامەندی و رێککەوتنەوە، بەڵام لیبرالیزم لە فەرەنسا بەشێوەیەکی تایبەت بەعەلمانیەت و دیموکراسییەتەوە گرێدرابوو، وەلێ لە ئەمریکا لەسەر بنەمای هاوسۆزی مەعنەوی لەگەڵ ئازادیی کەسی و هەڵچوون لەسەرمایەداری بەرپابوو کە لەکۆتاییدا تەئکیددەکاتەوە لەسەر ئەوەی تەنها تیۆرێکی سیاسی نییە، بەڵکو ئاراستەی ئایدیۆلۆژیی خاوەن رەهەندی رەوشتی کۆمەڵایەتییە

و بایەخ بەنەشونماکردنی تاک و ئازادییەکەی دەدات و پاڵپـــشـــتی ئازادیی بیـــرکـــردنەوەو ئازادیی خـواپەرسـتی دەکـات بەگـوێرەی ئارەزووی تاک و ویست و هەڵبـژاردنی خـۆی بێ دەسـتـێـوەردانی دەوڵەت چ بەپاڵپشتی بێت، یان بەرهەڵستی بێت یان ئازادیی قسەکردن و گوزارشتکردن لەڕاوبۆچوون بێت، بێ گـوێدانە ناوەرۆکی ئەم راوبۆچوونە، وەلێ تەنهـا بەئازادیی قـسـەکـردن دەتوانیت بگەیت بەڕاستی و بەگوێرەی ئەم پرەنسیپ، یان مەرجانە خـەڵکی هەمـوو یەکـسـانن لەبەردەم یاسـادا، بەجـۆرێک هەر هەوڵێک بۆ جـیـاکـردنەوە، یان رەگەزپەرستی لەنێوانیان لەسەر بنەمای نەژاد، یان ئایین، یان جۆر، یان پێشـخستن لە بەلاداچوون و سـروشت و مـومـارەسـاتی رەگـەزی بەتەنهـا بەپێشێلکردنی پرەنسیپەکانی کۆمەڵگای لیبراڵی ئازاد دانانرێت، بەڵکو بەهەڵوێستی رەوشـتـیش دادەنرێت و دەبێت بەرپەرچ بدرێتەوە.

لەبەر تاکی کەسەکان و جیاوازیی پێداویستی و داواکـاریـیـەکـان و هەمـەجـۆریی توانـاو لێهاتووییـەکان، لیبرالیزم بانگەواز بۆ رێزگرتنی ئارەزووەکـانی کـەسـانی دیکە دەکـات ئەوەی پەیوەستە بەجۆری ئەم ژیانەی بۆ خۆیان هەڵیدەبژێرن و دابینکردنی مافەکانیش لەگەڵ لە ئەستۆگرتنی بەرپرسـیـاریەتیـیـە گـونجـاوەکـان هاوتا دەبن، بەجۆرێک تاک بەرپرسی لەکارەکانی ئەم شتانەی لێی دەکەوێتەوە دادەنرێت، ئەمەش پرەنسیپێکی سەرەکییە بۆ بەدیهێنانی پێشکەوتنی رەوشی کۆمەلایەتی و ئابووری و بەرپابوونی جیهانێکی باشتر، ئەگەر جیهانێکی نموونەیی نەبێت، لێرەدا لایەنگرانی لیبرالیزم کرۆکەکەی بەفەلسەفەیەکی گەشبین دەبینن، ئەم پرەنسیپەسالارانەی کرۆکەکەیان بەرێزێکی زۆرەوە وەرگیراون، ئەگەر پێشـوازی کـردن نەبێت (هەرچەندە رەخنەشی لێگیراوە) لیبرالیزمی کلاسیکی ئێستاکە دووچاری بەرهەڵستی و هێرش و گومان لەراستگۆییەکەی بۆتەوە لە دەرەنجامی ئەم گۆرانکاریی و لادانانەی دووچاری بۆتەوە لەکاتی پراکتیزەکردنی کرداریدا، بەپلەیەک زۆران ئێستاکە لەچارەنووسی لیبرالیزم دەپرسن و لەم ئایندەیەی چاوەڕوانیـشی دەکـات و نووسـینی پڕ لەرەشـبـینی زۆریش دەربارەی ئەم ئایندەیە نووسراوە، لەبەرئەوەی لیبرالیزم ئێستاکە هیچ پرۆژەیەکی هزریی روونی نییە هاوتابێت لەگەڵ بارودۆخی ئێستادا، بەڵکو بۆتە کۆمەڵێک رەفتارو پراگـمـاتی نەفـام، بەڵکو نەفـرەتلێکراو، ئەم پرەنسیپە بەرزانەی پێشتر تەرکیزی لەسەر دەکردن دووچاری لەوێری زۆر هاتوون و خـەڵکی پێی لە رێرەوی یەکەمیدا لایانداوە، ئەمەش بەپێچەوانەی ئاراسـتـەی پارێزگـارەکـانە کـە پێـدەچێت لەسـەر ئایدیـۆلۆژیای دیاریکراو بەرپابووینە و بەردەوام پابەندن پێی بێ گوێدانە هەموو گـوزارشـتـەکـانی دیکە.

**ئایا لیبرالیزم ئایین رەتدەکاتەوە؟**

زۆربەی ئەم رەخنانەی لەدژی لیـبـرالیـزم دەخرێنەڕوو بەپلەی یەکەم لەسەر بنەمای رەوشتی دەوەستن لەبەرئەوەی لیبرالیزم چەمکێکی تایبەت دەربارەی رەوشت لەخـۆدەگـرێت و رەوشـتـیش کۆمەڵگا رەتی دەکاتەوە -یان بەشێکی زۆری- بە کۆمەڵگای خۆرئاوایی پێشکەوتووشەوە، بەگوێرەی ئەوەی دوژمنانی لیبرالیزم بۆی دەچن، ئەوانەی وای دەبینن ئەم چەمکە ناگـونجـێت لەگـەڵ بەهاو دابونەریتە بەجێماوەکان، هەروەها هەڵوێستێکی بێ لایەنی هەیە - ئەگـەر نێگەتیڤ یان رەتکەرەوەی

ئایین نەبێت- ئەوەش یەکێ لەئاکامی داواکردنی ئازادیی بێپایانی تاکەکانە. لەمەشدا لیبراڵییەکان بۆ ئەوە دەچن ئەوەی دەبێت حوکمی پەیوەندییەکانی نێوان خەڵکی بکات ئەوا رەوشتی مەدەنییە Civ-ic Morals بۆیە دەبێت سیستەمێکی مەدەنی بێلایەن کۆمەڵگا دابگرێت و لەسەر دانان بەمافە مەدەنییەکان بۆ ئەندامەکانی بێ گوێدان بەبوون، یان نەبوونی بیروباوەڕی ئایینی هاوبەش لەنێوانیاندا، چونکە مەرج نییە ئەم رەوشتە مەدەنییانە لەگەڵ ئایین کۆک بن، بەڵکو رێگە دەدات بەبوونی جۆراوجۆری و فرەیی لە پرەنسیپ و رەفتارو بەهای تاکی، کۆمەڵگای (ساڵح) هیچ پابەندییەکی رەوشتی بەسەر ئەندامەکانی ناسەپێنێت، جگە لەوەی خودی کەسەکە لەسەر خۆی دەسەپێنێت و تاکە پابەندی لە کۆمەڵگاوە دەردەچێت تەنها پابەندییە یاساییەکانن. ئەمەو ئەم پرەنسیپانە پاڵی بەزۆرانەوەناوە بۆ ئەوەی بڵێین لیبراڵیزم بۆجۆرێک لە گێرەشێوێنی و شپرزەیی و شڵەژاوی گۆڕاوە، بەجۆرێک وایلێهاتووە دۆزینەوەی وشەیەکی ورد ئەستەم بێت بۆ پێناسەکردنی و نادیاری دەربارەی ئەم مەسەلەیە گەیشتۆتە ئەم رادەیەی هەندێک بڵێین لیبراڵیزم «دەکەوێتە شوێنێکی ناوەڕاست لەنێوان ئاراستە پارێزگارەکان و چەپڕەوەکاندا»و هەندێکیش بە(سیاسەتی ویژدان) وەسفی بکەن. ئەم وتانەش هەموویان وتەی نێردراون و روونی و وردییان کەمە، ئەمەش ئاماژەن بۆ قووڵی قەیرانەکە.

ئەمەو بەبڵاوبوونەوەی بزاڤە لیبراڵیزمەکان لەماوەیەک لە ماوەکاندا - بەر لەپاشەکشێی ئێستای- بانگەوازکردن بۆ پێویستی لەناوبردنی پاشماوەکانی کۆمەڵگای تەقلیدیی لە هزرو هەڵوێست و راو پرەنسیپەکان جیهان بگرێتەوە و کار بکرێت بۆ بەرپاکردنی شێوەیەکی گشتیی نوێ بۆ بەیەکەوە گرێدانی ئادەمی کە هاوتایەکی ژیرانەی تەواو پێکبێنێت و بەس بێت بۆ رازیکردن و تێرکردنی ئارەزووە تایبەتییەکانی تاک، بەمەرجێک ئەم هاوتاییە کەوتاندنی ئایین لە ژیانی گشتی و لەناوبردنی جیاوازی و ناکۆکییە ئەتنیکی و جۆرەکانی نێوان هەردوو رەگەز لەبەر چاوبگرێت لەگەڵ بەرپاکردنی سیستەمێکی جیهانیی نوێ کە پشت بەپرەنسیپەکانی بازاڕی جیهانی کیشوەربڕەکان ببەستێت و بگات بەچارەسەری بۆ ناکۆکییە خۆماڵییەکان بۆ بڕیاردانی پرەنسیپەکانی مافەکانی مرۆڤ و ئاسایشی بەکۆمەڵ و گەشەکردنی ئابووری نێودەوڵەتی و دروشمی دیکەی هاوشێوە، کە هەندێ ئاراستەکانی لیبراڵیزم ئێستا هەڵیدەگرن بۆ دەرچوون لەم قەیرانە وەکو چۆن هەندێ لە نەیارانی لیبراڵیزم بۆی دەچن، بەگوێرەی راوبۆچوونی زۆربەی لیبراڵەکان -وەکو ئەوەی مارک ریچاردسۆن لە وتارێکی لە گۆڤاری پەیمانی نوێ TheModernAge هاوینی ٢٠٠٠، دەڵێ: بەتێڕوانینی لیبراڵیزم ئەوەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پێویستی پێیەتی ئەوا بوونی ژمارەیەکی کەم و دیارە لە پرەنسیپە مرۆییە بەرزەکانی وەکو یەکسانی و سەربەخۆیی خودی بەم واتایەی مرۆڤ موڵکی خۆیەتی self - ownership ناوبراو وتاری بەناونیشانی The Tyranny of Liberal-isim بڵاوکردۆتەوە.

**چەندەها تاوان بەناوی ئازادییەوە:**

ئەمەو ئەو قورسایی و بارودۆخە کۆمەڵایەتی و

رەفتارە تاکییەی لە لیبرالیزم کە کاردەکات بۆ پروپاگەندەکردن و بڵاوکردنەوەیان، یان بەلانی کەمەوە بەرگرییان لێدەکات بەناوی ئازادییەوە گەورەترین سەرچاوەی خەلەل پێکدێنن، کە لەم سالانەی دواییدا بەری کەوتووەو سێبەرە بچووکەکەشی دەخاتە سەر تواناکانی بەردەوامبوونی هێزی پالنان کە بۆ دەیەها سالی رابردوو هەیبوو، بەڵکو هەرەشەش لە ئایندەی دەکات وەکو فەلسەفەیەک بەکاریگەر لەژیانی گشتی لەسەر ئاستی جیهانداو زۆر لە رەفتارەکانی کە لیبرالیزم رێگە دەدات بە بوونیان دەبێتە هۆی هەڵچوونی گشتی لەنێوان چینێکی زۆری خەڵک لە کۆمەڵگا جیاوازەکاندا، وەکو ئەوەی لە زەواجی هاورەگەز و رێگەدان بەلەباربردنی منداڵ و هزرو راوبۆچوون و هەڵوێستی هاوشێوە کە رووبەرووی برێکی زۆر بەرخودان دەبێتەوە، بەڵکو رەتکردنەوەش، هەتا لە کۆمەڵگای ئەمریکیشدا کە بە کۆمەڵگای رێگەپێدەر Permissive Society وەسف دەکرێت لەگەڵ لێبووردەیی و ئازادی و توانا لەسەر هەڵمژینی زۆر لە جۆرەکانی رەفتاری نائاساییدا ،کە لەوانەیە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکانی دیکەی خۆرئاوا دەریبرن. لەوانەیە هەڵەی سەرەکی کە لیبرالیزم تێیکەوتبێت لەمبارەیەوە - بەگوێرەی هەندێ راڤەکار لە ئەمریکا بۆی دەچن- ئەوەیە هەندێ لە هزرڤانە هاوچەرخەکانی لیبرالیزم هەندێ دابونەریت یان رەفتاری باو لە کۆمەڵگاکان (بەر لە سیاسەت) -بەگوێرەی گوزارشتی بەکارهێنەر- ئەم شێوازە سروشتییەیە کە دەبێت لە سروشتی مرۆڤ هەڵبقوڵێت و خۆی لەگەڵ رابهێنێت، بۆیە لەوانەیە گەرانەوە بۆی و بریاردانی و دەستپێوەگرتنی باشتر بێت لەژیانی هاوچەرخدا. ئەم هزرڤانانە نەیانزانیوە

کە لەدواوەی ئەم دابونەریت و رەفتارە (لەناوچووانە) سیستەم و بنکەو دابونەریت و بەها هەیە کۆنترۆڵی دەکات و هاوتای دەکات لەگەڵ سەردە و ئەم بارودۆخەی تێیدا دۆزراوەتەوە و هیچ شتێک نییە ئەگەری ئەوە بسەلمێنێت کە لە قۆناغی یەکەمی سەرەتا لە قۆناغەکانی گەشەکردنی کۆمەڵگای مرۆیی قۆناغی ئازادیبوونی رەگەزی تەواوبوو، یان ئەوەی بە Promiscuity ناسراوە، یان کۆمەڵگای بەر لە سیاسەت .. یان ئەوەی هەندێجار ناوی ئەم کۆمەڵگایەی دەوڵەت پێکناهێنێت statelessSociety پێدەوترێت - نەیدەزانی سیستەمی دەسەلات چییە و یاساکانی رێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان خەڵکیشی نەدەزانی و هانای بۆ شێوازی توندوتیژی و زۆرداری و سزاسەپاندن دەبرد و بەرپرسیارێتی لە هەموو حاڵەتەکاندا بە کۆمەڵی نەبوو، بەڵکو زۆرجار تاک بەرپرس دەبوو لە کردەوەکانی، لەبەر ئەوە هیچ شتێک نییە پاساو بێت بۆ ئەوەی لیبرالیزم بۆی دەچێت لە هەوڵەکانی بۆ گەران بەدوای بیانوو دەربارەی رەفتاری نابەجێ و گلەییکردن لەم بارودۆخەی دەوری کەسی خراپی داوە -یان لەباری ئابووری شپرزە، یان لەدایک و باوک کە بەباشی پەروەردەیان نەکردووە، یان لەسەرمایەداریی، یان بیانووی دیکە تەنها خودی تاکەکە نەبێت، لەبەرئەوەی سروشتی مرۆڤ لە جەوهەرەکەی سروشتێکی پاک و بێگەردە، هەروەها مرۆڤ بوونەوەرێکی باش و ساڵحە، وەلێ خەوشەکە هەموو لەم ژینگەیەیە کە تێیدا دەژێت لەگەڵ ئەم بارودۆخەی دەوریان داوە- بۆیە لێککەیشتن لەگەڵ شەرانگێزان باشترە لە رووبەرووبوونەوەو بەرابەرایەتی کردنی توند، واتا بەشێوازی ئاشتیانە

بەردەوام باشتـرە لە ململانێ و دوژمنایەتیکردن، ئەمـەش بەرای دوژمنانی لیبـرالیـزم تێـروانینێکی نەفـامی و سـاویلکەییـە، لەبەرئەوەی ناکـرێت لەهەمـوو حـاڵەتەکاندا لێبـووردەیی بنوێنێت بەبێ جیاکردنەوەو هاوێرکردن.

**کلتووری هەستیاری:**

ئەم نەیارانە لیبـرالیـزم بەنەرجسـیـیـەت وەسف دەکـەن، بەرلەسـەرسـامی زۆری بەم پرەنسـیـپـە ئازادیخوازانەی بانگهێشتەی بۆ دەکات لەگەڵ ئەم شێوازە کلتوورییە هەستەوەرییانەی کاردەکات بۆ بلاوکـــردنەوەیان، هەروەها لەبەراوردکـــردنی لە حکوومەت کە هەستی تاکەکان لەبەرچاو بگرێت بەتایبـەتی لەکـاتی مـامـەڵەکـردن لەگـەڵیـاندا بێ گوێدانە جیاوازی بارودۆخ و حاڵەت و هۆکارەکان. ئەوەش مـانای ئەوەیە بەرای ئەم نەیارانە بزربوونی هێڵە جیاکەرەوەکانە لەنێوان چاکەو خراپەدا، بەڵکو ئەم دووبەشـــەیە بەتەواوەتی لە (فـــەرهەنگی) لیبرالیزمدا بەجۆرێک هەموو کاتێک بۆتە خاوەنی رەوشتی تایبەت بەخۆی کە لەناوەوەی دەردەچێت و گـوزارشت لە تێروانینی خودی خـۆی بۆ شـتـەکـان دەکات، لەوانەشە لەبەرامبەر ئەمەدا تێگەیشتن لەم تێکەڵە سەیرە لە نەفامی و نەرجسییەت ئەستەم بێت کـە خـۆی لەزیادەرۆیی لەبایەخـدان بە خـود دەنوێنێت لەسـەر بەرژەوەندی کـەسـانی دیکە و بێ لەبەرچاوگـرتنی مـافـەکانیـان هەرچەندە پرەنسـیـپـە بنەرەتییـەکانی لیبرالیزم بانگهێشتـەی پێویستی رێزلێگرتن لە ئازادی کـەسـانی دیکە دەکـات، ئەم هەموو شتە پاڵ بەزۆرانەوە دەنێت بۆ گومانکردن لە ئاییندەی لیـبـرالیـزم ، ئینجـا چ لە کـۆمـەڵگای ئەمـریکی بێت یان لە هەمـوو جـیـهـاندا بێت، بـەتـایبــــــەتی لـەدوای ئـەم بووژانـەوەی تـەزووە پارێزگارەکان بەدەستیان هێنا لەم ساڵانەی دواییدا، دوای ئەوەی لە شـەسـتـەکـانی سـەدەی رابردوودا تەزووی پارێزگار بەدەست خراپیی باری چارەنووسی دەیناڵاند بەرادەیەک زانای ئابووریناسی ئەمـریکیی بەناوبانگ (جۆن کنیس گالبرایت Galbraitn) پارێزگـارەکـانی بەنەزان و بایەخ نەدەر بەکلتـوور وەسفکرد، هەروەها هەمان تەزووی بەئیفلاسیبوونی هزری وەســـفکرد، بەڵام بارەکـــە زوو بەتەواوی پێـچەوانە بۆوە بەجۆرێک وایلێـهاتووە لیـبرالیـزم بەنەزانی و ئیـفلاسـبوون وەسفدەکرێت و چۆتە نێو قۆناغی رۆحدان کە بەرەو مـەرگی دەبات، ئەمـەو حاڵەتی پاشەکشێکردنی لیبرالیزم گەیشتۆتە ئەم رادەیە کە ئەلبێرت موهلەر AlbertMohler لە ژمـارەی یادەوەری گـۆڤـاری مـیللی نوێ( The-NewRepoblic کـــە لە مـــانگی مـــارسی ٢٠٠٥) بەبۆنەی تێـپـەربوونی ٩٠ سـاڵ بەسـەر دەرچوونیدا بنووسێت و روو لە خوێنەران بکات و بڵـێت « لەخـۆت بپـرسـە کێ بەتەواوی عـەقـڵی لیبرالی کاریگەرە لە کلتووری ئێستاماندا و چ پەند و هزرێک سـرووش و تێـرامـان دەوروژێنێت و چ کـتـــێب و وتار باو بێت و لەنێــو خــەڵکیـــدا بلاودەبێـتـەوە. دەبینین لەنێـو ئەم هەمـووانەدا تاکە عەقڵێکی لیبرالی نییە، بەڵکو لیبرالیزم ئێستاکە خۆی لە هەڵوێستی بەرگریکردن لەخۆی دەبینێت لە بواری کلتـووری سـیـاسی فـراواندا، لەبەرئەوەی هزرڤـانەکـانی ئاگاداری قـووڵی گۆرانکارییـەکـانی ئێستا کە لەجیهاندا روودەدن نین» سەیر لەوەدایە بزاڤەکانی نەیاری لیبرالیزم لە ئەوروپا سەریانهەڵدا کە بێشکەی لیبرالیزم بوو و لەوێوە بۆ ئەمریکا چوو ئینجـا بۆ سـەرتاسـەری جـیـهـان، ئەم نەیارانەش

شێوازی هەمەجۆریان هەبوو کە زۆر جار لەگەڵ یەکتریش کۆکنین.. وتەی گاڵتەجاڕی زۆر هەیە کە تێڕوانینی زۆر لە هزرڤانان و نووسەران بۆ لیبرالیزم ئاشکرادەکات، لەم وتانەدا: لیبڕالی ئەو پیاوەیە کە لەسێدارەدانی تاوانبارو خوێنڕێژان تووشی خەوزڕانی دەکات، یان لیبڕالی ئەو پیاوەیە کە بانگهێشتەی پێویستی دەرکردنی ڕێسا دەکات بۆ ڕێگەدان بەکێشانی کۆکایین، بەڵام لەهەمان کاتدا بانگهێشتەی پێویستی قەدەغەکردنی بەکارهێنانی چەک دەکات لەبەرگریکردن لەخۆ و پیاوانی پۆلیس بەبەرازو تاوانبار دادەنێت کە قوربانی ئەم ژینگەیەن دەوری داون، یان لیبڕالی زەواجکردن بەشتێک دادەنێت شایەنی بایەخ پێدان و ڕێزگرتن نەبێت تەنها سەبارەت بەهاوڕەگەزەکان نەبێت و جیناتەکانی بۆماوەیی بەرپرسن لە لادانی سێکسی ناوازە کە تا ئێستا لە زۆربەی شوێنەکانی جیهان بڵاودەبێتەوە و بڵاوبوونەوەی ئایدز لە ئاکامی دابین نەکردنی پارەی تەواو بۆ قەڵاچۆکردن سەری هەڵداوە، لەگەڵ چەندەها وتەی دی کە بەشێوەیەکی گشتی مەبەستیان سووککردنی هزری لیبڕالیزمە. بەڵکو کارەکە بەم ڕادەیە گەیشتووە هزرڤانێکی وەکو (جۆن دیوی) بڵێت: « لیبڕالیزم لەراستیدا گۆڕاوە بۆ لیبڕالیزمێکی قەڵپ، یان درۆزن، لەبەرئەوەی بەسیتو ڕەق بووەو بەرینایی هزرە پان و فراوانەکانی تەسک کردۆتەوە کە لیبڕالیزمی کلاسیکیی مژدەبەخشیان بوو، هەرچەندە دەستەواژە تایبەتییەکانی لیبڕالیزم بەکاردەهێندرێن بەبێ گۆڕانکاری تاکو ئێستا وەلێ ناوەرۆک و ماناو فۆرمەکانی گۆڕاون، بەجۆرێک وشەکان ئێستاکە مانای تەواو پێچەوانە دەبەخشن و ئێستاکە جیاوازی هەیە لەنێوان ئەوەی کۆمەڵێکی ژێردەستی زۆرداری دەستەواژەیەکی دیاریکراو بەکاربهێنێ لەبواری بەرگریکردن لە ئازادی و داواکردنی دەربازبوون لە هێزە ستەمکارەکان. دیسان ئەم هێزە ستەمکارانە هەمان دەستەواژە بەکار بهێنن بۆ داکوتانی هێز و لەناوبردنی مافی گوزارشتکردن. بۆ ئەوەی لیبڕالیزم ئەم ئامانجە بەدەست بێنێت کە لە بنەڕەتدا لەبەر ئەمانە بەرپابووە، ئەوا دەبێت ڕازی نەبێت لەسەر گەڕانەوە بۆ بڕیاردانی ئازادیی تاک و بانگەوازکردن بۆ نەمانی هێزەکانی ستەمکار و چەوسێنەرو زۆردار بەتەنها، بەڵکو جگە لەمانە کاربکات بۆ دەرخستنی لایەنە پۆزەتیڤەکان لە سیستەمە سیاسیی و ئابووری و یاساییەکانی کە ئێستا لە کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکاندا هەن و دەبێت بارودۆخە مێژوویی و پەیوەندییە گۆڕاوەکانی نێوان تاک و سیاسەتی کۆمەڵایەتیش لەبەر چاو بگرێت.

ئەم وتەیەش لەوانەیە پاڵ بە هزرڤانانی لیبڕالیزمەوە بنێت بۆ بەدواداچوونی هەڵوێست و ڕاوبۆچوون و ئاراستەی نوێ کە نارەزایی و ڕەتکردنەوە دەورووژێنێت، بەجۆرێک دەکرێت (گیانی لیبڕالیزم ) نوێ بکاتەوەو بتوانێت خۆی ڕابگرێت لەبەرامبەر گۆڕانکارییەکانی ئێستاو ئایندە کە زانینیان بەوردی ئەستەمە، بەمەش ئەم گومانانە دەڕەوێنێتەوە کە دەوریان داوە، بەڵام ئەم مەسەلەیە هیچ شتێک یەکلایی ناکاتەوە تەنها خودی ئایندە نەبێت.

سەرچاوە /
العربی ، العدد ٥٦١ ئابی ٢٠٠٥ ص ٣١تا٣٤

# میسیۆنەرێن سوێدی ل سەرحەدێ
# ١٨٩٨ - ١٩٢١

و: سائیب محەمەد

د داویا سەد سالا نۆزدان و د دەستپێکا سەد سالا بیستان دە ئەم دبینین کو کۆمەک میسیۆنەرێن سوێدی د ناڤ کوردان دە کارکرنە. ل ڤر ئەمێ تەنێ ل سەر میسیۆنەرێن کو زێدەتر ل دەردۆرێ تفلیس، ئەریڤان، ئاگرێ و قەرسێ، ل سەرحەدێ کار دکرن، بسەکنن. میسیۆنەرێن سوێدی ل عیراقێ د ناڤ کوردێن ئێزیدی دە هەر ژی ل ئیرانێ د ناڤ کوردێن مسلمان دە ژی کار کرنە. میسیۆنەران گرانیا خوە دانیبوون سەر کوردێن ئێزیدی و تفلیس ژ خوە رە کربوون ناڤەندەک. پایتەختێ قافکاسیایێ د ڤان سالان دە مرۆڤ دکارە بێژە کو تفلیس بوو.

ئارمانجا ڤان میسیۆنەران یا هەرە مەزن بەلاڤکرنا دینێ خرستیانییێ بوو. لێ بەلێ بەری هەر تشتی دڤێ وان ناسیا خوە بدان وان هەموو کۆم، نەتەوەو گەلێن دەڤەرێ. ژ بەر ڤان سەدەمان میسیۆنەرێن سوێدی گەلەک جاران خوەستنە کوردان، چاندا وان، زمان، ئەدەبیات، سازیا جڤاتێ و دینێ وان ناس بکن. ل قافکاسیایێ ب سەدان گەل، نەتەوەو کۆمێن ئەتنیکی هەبوون، دەڤەر وەک «وەلاتێ گەلان و زمانان» دهاتە زانین.

میسیۆنەرێن سوێدی ل دەشت، قونتار و پێیێ چیایێ ئاگرییێ ئاکتیڤ بوون. ئەڤ چیا وەک چیایەکی پیرۆز دهاتە حەسباندن، چیایێ کو کەشتیا نوح پێغەمبەر لێ دانیە. تەڤ دەڤەرە هەر وساژی وەک «دەرگووشا مرۆڤایەتیێ» باخچەیی بوهشتێ کو ئادەم حەوا لێ دمان دهاتە حەسباندن. باژارێ وەک تفلیسێ، ئەریڤان، قەرس، بازیدێ و ماکوویێ ل ڤێ دەڤەرێ بوو بوون چەند ناڤەندێن ناسکری ژ بۆ میسیۆنەرێن سوێدی. سینۆرو زمانێ جهێ جهێ ل هەڤ د قەلبین.

میسیۆنەرێن سوێدی ئەڤ جارا پێشین بوو کو وەک کۆم هاتبوونە وەلاتێ سەرحەدێ. ئەڤ دەڤەرا دۆربەرێ ئاگرێ، دەڤەرا کو میسیۆنەرێن روسیایێ، ئوسمانی و ئیرانێ هەڤ د بوون، ژ خوە رە کربوونە

ستار و مەیدانا كارە.

مـیـسـیـۆنەرێن سـوێدی جـارا پێـشین د سـالا ١٨٨٧دا ب كـوردێن مـسلمـان رە ل كـوردسـتـانا ئیرانێ كەتنە تێكەلیان، ئەو ناسكرنە، پاشێ ناسیا خوە دانە كوردێن ئێزیدی ل سەرحەدێ. دەما مرۆڤ ب گشـتی دیرۆكـا مـیـسـیـۆنەرێن سوێدی و كوردان مێزە دكە، دبینە دیرۆكا وان پێوەندیان كو د ناڤبەرا سالێن ١٨٨٧-١٩٥٢دا قاسی ٦٥ سالان بەردەوام كریبە. د ڤـان سـالان دا ب تایبـەتی هەڤالبـەندێن سازیێن وەك خەباتكارێن میسیۆنەرێن ژن(كڤننلگا مسسۆنس-ئار بەتارە)و یەكتیا میسیۆنەرێن سوێدی(سڤەنسكا مسسۆنفوور بو ندەت) ل ڤان دەڤەرێن كوردستانا باكوور گەلەك ئاكتیڤ بوون كۆما خەباتكارێن میسیۆنەرێن ژن د سالا ١٨٩٤ دە ل سوێدێ سازبوو و د سالا ١٩٠٤ دە ب ناڤێ نار ئۆجە كوڤارەك دەرخست، ئەڤ رێخستنا ئەڤ كوڤارا هەتا رۆژێن ئیرۆیێن ژی هەبوونا خوە بەردەوام دكن. خەباتكارێن میسیۆنەرێن ژن د سالا ١٨٩٨ ب ناڤێ میسیۆنا ئێزدییان(ژەسدمسسۆنەن) خەباتەكێ دەست پێدكە.

د ناڤ میسیۆنەرێن سوێدی دا كۆمەكە ژن كو ئەندامێن خەباتكارێن میسیۆنەرێن ژن بوون، ب سالان د ناڤ كوردێن تفلیسی ئەریڤانێ دە كار كرنە. بەری هەموویان هەردوو خوشك ئیدا ئۆبەرگ، مارا ئانهۆلم و ژنێن دن ئۆلگا مۆبەرگ و ئەلف سوندڤال بوونە دۆستێن كوردێن ئێزیدی. ئیدا ئۆربەرگ، مارا ئانهۆلم ئەندامێن خەباتكارێن میسیۆنەرێن ژن، ئۆلگا مۆبەرگ و ئەلف سوندڤال ئەندامێن یەكەتیا میسیۆنەرێن سوێدی بوون، لێ بەلێ گەلەك جاران ئالیكاریا هەڤ دكرن. د ڤێ ئەم ل ڤر دیار بكن كو نە تەنێ میسیۆنەرێن ژن، هەر وسا ژی كۆمەكە میسیۆنەرێن مێرین ژی د ناڤ كوردان دە كار دكرن، وەك. ساروە. ن، ئە. هووژەر، ل. ئە. هوگبەرگ و، ئە. ژ. لارسۆن. ژ ڤان كەسان ن، ئە. هوژەر كوردی ژی زانبوو، رەوشا كوردان ژ نێزیك ڤە تەقیب دكرو بالا میسیۆنەران كشاندییە سەر رەوشا كوردان.

**ئیدا ئۆبەرگ- خێرخوازا یەكەمین:**

د داوییا سەد سالا ١٩ێ دە ل باژارێ تفلیسێ كچەكە سوێدی ب ناڤێ ئیدا ئۆبەرگ دما. ئەو ل ور قاسی ١٥ سال وەك كاركەرا ژێماستیكێ بۆ نەخوەشنان خەبتیە. ئیدا ئۆبەرگ ل ور راستی كوردێن ئێزیدی تێ. ئەو كەسا پێشینە كو خوەستیە ژ بۆ كوردێن ئێزیدی تشتەكی بكە. ئیدا ئۆبەرگ پاشی دبە دۆستەكە كوردێن ئێزیدی كو د وان سالان دا ژ ئالیێ سوێدیان دە گەلەك جاران وەك «پارەزكارێن شەیتێن» یان ژی «پارێزكارێن ئاگر» دهاتن بناڤكرن. ئانگۆری میسیۆنەرێ سوێدی كوردێن ئێزیدی گەلەك خزان بوون و د ناڤ جڤاتا تفلیسێ دا كۆم و چینەكە هەرە پەریشان پێكدئانین. ژ بەر درووڤ و بەلەنگازیا وان، ئەو ژ ئالیێ روونشتڤان و ئەهالیێ تفلیسێ دە ب ناڤێ خەلكێ قلێر دهاتن بناڤكرن. كوردێن ئێزیدی ل تفلیسێ زێدەتر ل تاخا ب ناڤێ ئاڤلابار دژیان. پرانیا وان وەك باربر(حەمال) كار دكرن و هنەك ژی ب كارێ پاقژیێ مژول بوون.

میسیۆنەرەكی مایی یێ سوێدی ولهام ساروە (١٨٥٩-١٩٤٨) دبێژە كو د سالا ١٨٩٨دە پشتی هەڤدیتن و راستهاتنا وی ب ئیدا ئۆبەرگ رە وان بریار دایە كو ب كوردێن ئێزیدی رە ل تفلیسێ بجڤن و كۆمێن چاپێ پێكبینن. ڤان جڤینا هەتا سالا مرنا ئیدا ئۆبەرگ ١٩٠٤ بەردەوام كریبە. وەلهەم ساروە د سالا ١٨٩٦ دە هاتیە تفلیسێ و كوردێن ئێزیدی رە پاشێ گەلەك تێكەلیێن وی چێبوونە. مرۆڤ دكارە سالا ١٨٩٨ وەك سالا دەستپێكا كاركرنا میسیۆنەرێن سوێدی د ناڤ كوردێن ئێزیدی دا د حەسبینە.

دەما ئیدا ئۆبەرگ وەفات كر، ولهەم ساروە ژ بۆ

خاتر خوەستن و بیرئانینا وێ، نڤیسەکە بچووک نڤیسی. ئەو د ڤێ نڤیسێ دا دبێژە کو ئیدا ئۆبەرگ گەلەک ژ ئێزیدیان حەز دکر، مرۆڤێن هەرە قەنجترین کو وێ ل تفلیسێ دیتبوون، کوردێن ئێزیدی بوون. ولهەم سارووە د نڤیسەکە مایی دا دیسا دیار دکە کو هەردوو خوشکان ئیدا ئۆبەرگ و مارا ئانهۆلم ب ئەڤینەکە مەزن ژ کوردێن ئێزیدی حەز دکر.

**مارا ئانهۆلم نیڤێ ژیانا خوە ژ بۆ کوردێن ئێزیدی دا:**

نڤیسکار مارا ئانهۆلم ١٨٥١- ١٩٤٠، نێزیکایا پێنجێ سال ژ بۆ کوردێن ئێزیدی خەبتی. مرۆڤ دکارە بێژە کو وێ، نیڤێ ژیانا خوە پێشکێشی کوردێن ئێزیدی کر. هەتا رۆژا مرنا خوە ژی ب وان رە بوو. ئەو خوشکا ئیدا ئۆبەرگ بوو کو بەری گەلەک سالان هاتبوو تفلیسێ. مارا ئانهۆلم ل سوێدێ وەک ئاڤا کار و ئامادەکارا میسیۆنا کوردێن ئێزیدی تێ حەسبین. ئەو جارا پێشیێ د سالا ١٨٩٣ دە چوو تفلیسێ ژ بۆ سەرەدانا خوشکا خوە کو ل تفلیسێ دماو د ڤێ گەرێ دا ناسیا خوە دا کوردێن ئێزیدی. جارەک دن دیسا چوو تفلیسێ، د ناڤبەرا سالێن ١٩٠١-١٩٠٢ ل ور ما. ب خوشکا خوە ئیدایێ گەلەک جڤین و هەڤدیتنێن ب رێز ژ بۆ کوردێن ئێزیدی پێکئانی. مالا ئیدا ئۆبەرگ ل تفلیسێ ژ بۆ کوردێن ئێزیدی بوویە ستارەک. مارا ئانهۆلم پاشێ ب دەهان نڤیس ل سەر رەوشا کوردێن ئێزیدی نڤیسی و ل سوێدێ بەلاڤکر. پشتی وێ گەرا خوە یا سالا ١٨٩٣ ل گورجستانێ پرتووکەک د سالا ١٨٩٥ دە نڤیسی. بەشەکە ڤێ پرتووکێ ژ کوردێن ئێزیدی رە جهێ کر. مارا ئانهۆلم پاشێ پرتووکەک مایی د سالا ١٩٠٢ دا تەنێ ل سەر کوردێن ئێزیدی ئامادە کرو وەشاند. ئەو نڤیس و بەرهەمێن مارا ئانهۆلمێ پشتی سەد سالی ڤێ جارێ د سالا ٢٠٠١ دا ل ستۆکهۆلمێ ژ نووڤە هاتن وەشاندن مارا ئانهۆلم د سالا ١٩٠٢ دە ب ولهەم سارووە د چن پایتەختێ ئەرمەنیان یێ کەڤن ئانییێ زیارەت دکن. چاوا تێ زانین بەرمایێن ڤێ باژارێ خەرابە کو نێزیکی باژارێ قەرسێ دمینە هەتا رۆژێن ئیرۆین هاتنەو گەلەک بالا توریستێن دەرو هوندور دکشینە. مارا ئانهێلم یەک ژ وان کەسێن پێشین بوو بالا سوێدیان کشاندیبە سەر هەبوون، چاند و رەوشا کوردێن ئێزیدی. ب سایا وێ کوردێن ئێزیدی ل سوێدێ هاتنە ناسین هەروسا ژی بابەتا کوردێن ئێزیدی بوو بابەتەکە لێکۆلین و مەراقێ ژ بۆ کەسێن دن ل سوێدی.

د سالا ١٩٢٢ دە کۆمیتەیەک ژ بۆ کوردێن ئێزیدی ل سوێدێ ساز دبە. سەرکا ڤێ کۆمیتەیێ نڤیسکار مارا ئانهۆلم بوویە. ئەڤ کۆمیتەیا بەلکی ژی کۆمیتەیا هەرە پێشینە کو ل وەلاتەکی ئەورۆپایی ب گشتی ژ بۆ کوردان و ب تایبەتی ژ بۆ ئالیکاری و پشتگیریا کوردێن ئێزیدی تێ سازکرن. مارا ئانهۆلم ب کەسەکی دانمارکایی رە مێرکر بوو و د سالێن خوە یێن داوین دە ل ور دما، هەر سال د هاتە باژارێ مالمۆیێ ل سوێدێ، ل ور ب ئەندامێن رێڤەبەریا کۆمیتەیا ئێزیدیان و دۆستێن ئێزیدیان رە د جڤیا. مارا ئانهۆلم د سالا ١٩٤٦ د ٩٥ سالیا خوە دا مر.

**ئۆلگا مۆبەرگێ ل تفلیسێ د ناڤ کوردێن ئێزیدی دا:**

سازیا ب ناڤێ یەکەتیا میسیۆنەرێن سوێدی ب سالان ل قافقاسیایێ کار کرییە. یەکەتیا میسیۆنەرێن سوێدی جارا پێشین هێ د سالا ١٨٨٢ دە دەست پێکریە ل دەڤەرا قافقاسیایێ جیوار بوویەو دەست ب کار کرییە.

یەکەتیا میسیۆنەرێن سوێدی تام بەری ١٠٠ سالان، د سالا ١٩٠٨ بریار دگرە کو خانمەکە میسیۆنەر ب ناڤێ ئۆلگا مۆبەرگ ١٨٨٠-١٩٦٥ بشینە ناڤ کوردێن ئێزیدی ل تفلیسێ. ئۆلگا مۆبەرگ تەنێ ژ بۆ کوردێن ئێزیدی دچە تفلیسێ ئەو قاسی حەفت سالا ل ور دمینە، گەلەک هەول ددەو

دخـوازە ئاليكاريا زارۆكـێن كـوردێن ئێـزيدى يێن سـوێوى و بەلەنگاز بكە. د ڤـان سـالان دە گـەلەک زارۆكـــێن وســـا ل تفليـــسێ هەبوون. لێ بەلێ بەرپرســـێن رووسى ئاســـتـــەنگى دەردخـــستن. مـيـسـيـۆنەرێن سـوێدى پاش ژ خوە رە مـەتۆدێن نوو جەرباندن.

پێشيێ ب مێران رە كەتنە تێكەليان، مێر بەر ب خـوە كـشـاندنە، پاشێ ب ژن و زارۆكـێن ئيـمكانا هەڤديتنێ پەيدا كرنە. ميسيۆنەران هن جاران لۆكا ل تفليسێ كرێ كرنە، د هەفتەكى يەک- دوو جاران ل ور جـڤـيـانە. هن جـاران رۆژێن چاى ڤـەخـوارنێ ئامادە كرنە. جارجار د مالێن مـيـسـيـۆنەران جارجار ژى د مـالێن كوردان جڤيانە. ئۆلگا مۆبەرگ زێدەتر ب ژنان رە تێكەليێن خوە دانيە، پێشيێ كێم كەس هاتنە جڤينان، لێ بەلێ پاشێ چاوا د نڤيسەكە خوە دە ديار دكە دەما وان باوەريا خوە ب مـيـسـيـۆنەران ئانينە، هەژمارا وان گهشتييە پێنجى كەسان.

ئۆلگا مۆبەرگ ديار دكە كو ژن و زارۆكێن كورد د ڤان جڤينان گەلەک دەنگ دكرن و بێدەنگرنا وان نە ممكون بوويە. پاشێ ميسيۆنەر دەوسا جڤينان چوونە مـالێن كوردان، ب وان رە د ناڤ حزورو ئاراميێ دە پەيڤينە. هن جاران جيهێ هەڤديتنێ ديار نەدكرن، زێدەتر مەتۆدێ هەرە- وەرێ ب كار ئانينە. د شەرێ جـيـهـانێ يێ يەكـەم دە ئۆلک مـۆبەرگ ڤـەدگـەڕە سوێدێ و هەڤكارێ وان كاسجها ئيبراهيم تـەمرۆس دچە ئامـــەريكايێ. كـاســـجـــهـــا ئـيـبـــراهيم تەمرۆس(كەسێ ل ملێ راستێ) يەک ژ وان وەرگێرو هەڤكارێن ميسيۆنەرێن سوێدى ل تفليسێ.

**هەڤكارێن ميسيۆنەران سوێدى ل تفليسێ:**

دەما مـيـسـيـۆنەرێن كـورد ل تفليـسێ كار دكـرن، هەڤكارێن وان كو كوردى زانبـوون، هەبوون. يەک ژ وان كـاسجـهـا ئيبـراهيم تەمـرۆس بوو، ئەو ب خـوە ئاسـوورى بوو. يەک ژى م. ئا. تەر- ئاسـاتور ئانتـز بوو. ئەو ژى ب كۆكا خوە ئەرمەنى بوو. ڤان كەسێن كـۆ هم وەک وەرگـێـڕ كـار دكـر، هم ژى ئاليكاريا كـوردان دكـرن ژ ئاليێ كـوردێن تفليـسێ دە گـەلەک دهاتن حەزكرن. خەباتكارێن ميسيۆنەرێن ژن د سالا ١٩٠٥ دە كـاسجـهـا ئيـبـراهيم تەمرۆس هلددە سەر كار بۆنا كۆ د ناڤ ئێزيديان دە بخەبتە، ئەڤ هەردوو كـەس ژى ل سوێدى مـانە و ل سەر كوردێن ئێـزيدى جار جـاران نڤـيسنە ژى. ژ وان كاسجـهـا ئيبـراهيم تەمـرۆس د نامـەيەک خـوە دا(١٩١٣/١١/٢٨) وەک مـيـسـال دنڤـيسە كـو ل هن گوندێن ئێـزيدتيـان تەڤلهەڤيک هەيە، دەما مرۆڤ ل كوردێن ئێزيدى رە بەحسا (عـيـسا ) دكەو وى وەک خـەلاسكار نيـشـان ددە، هن كـوردێن ئێـزيدى ژى قـالا (مـەلەک تاۆس) دكن! م، ئا. تەر- ئاساتورنتز ژى د نامەيەكە خوە دا (١٩١٩/٩/١٦) ديار دكە كو پشتى گوهارتنێن ل رووســيـــايێ، ب هاتنا شـۆرەشـا ئۆكـتـۆبەرێ، ميسيۆنەران و هەڤكارێن وان بەر ب خەرابيێ چوويە.

مـيـسـيـۆنەر ولهەم سارەوە د راپۆرەكێ دە ديار دكە كـو كـەسێ كـو ل گـوندێن دەردۆرێ باژارێ قـەرسێ كـارێن ميـسيـۆنەريێ كرييە، هەڤكارێن وان ئا. م. دژەها نژانتـز بوويە. ئانگورى ئا. م. دژەهانژانتـز ئەرمەنييێن ل ڤان دەڤەران زێدەتر ب كارێن پۆليتيک و نەتەوەيى رە مژوول دبوون. رووسان هەرتم كەسێن مـيـسـيـۆنەر ل قـەرسێ دبن چاڤـان دا دگـرتن. پۆليس دوو جاران گازى ئا. م. دژەهانژانتز كريەو ئيفـادەيا وى گرتيە.

**ئەلن سوند ڤال هەتا رۆژا مرنا خوە ل ئەرڤانێ ما:**

يەک ژ وان مـيـسـيـۆنەرێن سوێدى كو پێوەنديێن وێ ب كوردێن قـافقـاسيـايێ رە هەبوون، ئەلن سوندڤـالە ١٨٥٣-١٩٢١، دەمـا شـەرێ جيـهـانێ يێ يەكەمێن هەموو ميسيۆنەران خوە ژ قافقاسيايێ ڤەكشاند، لێ بەلێ ئەلن سوندڤال هاتا رۆژا مرنێ ژى ل ئێريڤانێ ما.

ئەلن ســـوندڤـــال دۆســـتێ كـــوردێن ئێـــزيـدى ل سەرحەدێ يەک ژ وان خەونێن ئەلن سوندڤال ئەوبوو

زارۆكێن كوردێن ئێزیدی زارۆكخانەیەكێ ڤەكر. ژ سالێن ١٩١٠ هەتا سالێن ١٩٢١ ب ڤەكرنا زارۆكخانەیەكێ ژ بۆ زارۆكێن كورد مژوول بوویە. ئەلن سونداڤال د سالا ١٩١٠ دا دنڤیسە كو نیەتا وان هەبوویە كو ل باژارێ گومرییێ زارۆكخانەیەكێ ڤەكن. لێ بەلێ ئەو ب سەرنەكەتنە. ئەو د عەینی نامەیا خوە دا دیار دكە كو باشترە ئەڤ زارۆكخانە ل ئێگدرێ ل دەڤەرا سورمەلییێ بێ ڤەكرن. دەما شەرێ جیهانێ یێ یەكەمین دەست پێدكە، ئەڤ پلانێن ئەلن سونداڤال نایێن جیهـ. پشتی كو شەر دقەدە دیسا هەول دایە، ب پەرسێن كورد رە كەتیە تێكەلیان، سەرەكێن كورد یێن وەک جیهانگیر ئاغاو ئوسڤ بەگ ل ئەریڤانێ چەند جاران دیتیەو ب وان رە ل سەر ڤێ پرسێ پەیڤییە. د نامەیەكە خوە دا دنڤیسەكە كو هێڤیێن وێ د دەربارێ ڤەكرنا زارۆكخانەیا ژ بۆ زارۆكێن كورد زێدەتر بوویە.

ئەلن سونداڤال ل وان گوندێن كوردێن ئێزیدی كو ل دەڤەرا سورمەلییێ هەبوون، كار دكر. پشتی شەرێ جیهانێ یێ یەكەمین، د ناڤبەرا سالێن ١٩١٨–١٩٢٠ دە رەوشا كوردێن ئێزیدی ل دەڤەرێن قەرس و ئێگدرێ بەر ب خەرابییێ دچوو، قاسی ٢٠٠٠ پەنابەرێن كوردێن ئێزیدی ل تفلیسێ بەرڤە بوو بوون. ئەڤ كەسێن ژ هالكەتی، تی و پرچی هەوجەداریا ئالیكاریەكە مەزن بوون. ئەلن سونداڤال كەتبوو ناڤ سترەسەكە مەزن، دەما حالێ وان كوردێن ئێزیدی ددیت گەلەک بەرخوە دكەت

سالەک بەری مرنا ئەلن سونداڤالێ ژ بۆ زارۆكێن كورد ئەتیمخانەیەک ل ئەرمەنیستانێ ڤەدبەو خەونێن وێ یێن ب سالان ب ڤی تەهری تێن جیهـ. د سالا ١٩٢١ دە ب كوچكرنا ئەلن سونداڤالێ مرۆڤ دكارە بێژە كو دیرۆكا چالاكیێن میسیۆنەرێن سوێدی ل قافقاسیایێ كو د سالا ١٨٩٨ دە دەستپێكر بوو داوی هات. چاوان ئەم دبینن خەباتا میسیۆنەرێن سوێدی ژ بۆ كوردێن ئێزیدی ل قافقاسیایێ نێزیكی بیست سالا بەردەوام كرییە.

ئەلن سونداڤال ل پەرچێت مایین یێن كوردستانێ ژی گەرایە. وەک میسال د سالا ١٩٠٦ دە چوویە كوردستانا ئیرانێ. گەلەک تشتێن ئەنتۆگرافیک ئێن كوردان بەرەڤ كرییە، پاشێ ئانیە سوێدێ و د سلا ١٩٠٧ ل ستۆكهۆلمێ د پێشانگەهەكێ پاشی پێشكێشی موزەخانەیا ئەتنوگرافیایێ ل ستۆكهۆلمێ كرییە.

ئەلن سونداڤال د سالا ١٩١٣ ژ ئێگدرێ رێدكەڤە ل سەر بازیدێ رە هەتا باژارێ وانێ سەفەركێ پێكتینە. ئانگوری ئەلن سونداڤال وی دەمێ ١١٠٠٠٠ كورد ل وانێ دمان میسیۆنەرێن سوێدی یێن ژن د ڤان سالان دا چاوا ئەم دبینن ل ڤان دەڤەرێن بیانی بێ ترس سەربەست گەریانە. هم ئەلن سونداڤال، هم ژی ئۆلكا مۆبەرگ نە مێركری بوو نەو زارۆكێن وان تونەبوون. ڤێ یەكێ ژ ڤان هەردوو میسیۆنەران رە ب رەحەتی ئیمكانا تەڤگەرینێ پەیدا كرییە. لێ بەلێ هن رێخستنێن میسیۆنەران ژی نەدخواستن ژنێن عازەب نە مێركری هەرن د ناڤ بیانیان دە كارێن میسیۆنییێ بكن.

ئەلن سونداڤال دەما د ناڤ كوردان دا گەریا گەلەک دەرمان ب خوە رە د برن، كنگێ لازم بوو ددا وان. ژ بۆ ڤێ یەكێ ناڤێ وێ دەركەتبوو «حەكیم» جارەكێ ئەو كوردەكی نەخوەش دەرمان دكە، كورد ژێرە وەک دیاری دیكەک ئانیە. ڤی كوردی ژێرە گۆتیە كنگێ ئەو تام سلامەت بوو، ئەوێ هەسبەكی ژی وەک دیاری بدە وێ. ئەلن سونداڤال دبێژە كو پشتی دەمەكێ وێ، ئەڤ كوردا ل باژارەكی دیتیە، سلامەت بوو بوو، ب كێف دگەریا، لێ بەلێ هەسپ ژ بیر كربوو. جارەكێ ژی دەما ئەلن سونداڤال د ناڤ كوردان‌دا دگەریا، ئەو راستی سەروک عەشیرەتی كورد(تەموور بەگ)ێ تێ و ژێ دپرسە چما دارەكێ ل وان دەران ناچكینن؟ بەرسیڤا ڤی بەگێ كورد ژان و ئێشا كوردان یا سەد سالان گەلەک ب ڤەكری

رادخە ئۆرتێ: «کێری تشتەکی نایێ، ئیرۆ ئەم ل ڤرن، لێ بەلێ سبێ بەلکی ژی گوندێن مە بێن ویران کرن».

**نلس فرەدریک هووژەر- میسیۆنەرێ کو کوردی زانیبوویە:**

یەک ژ وان میسیۆنەرێن سوێدی کو کورد ژ نێزیک ڤە ناس کرنە، نلس فرەدریک هووژەرە(١٨٥٧-١٩٢٥). د سالا ١٨٨٦ دە هاتیە تفلیسێ و چەند سالان ل ور مایە. د سالا ١٨٨٧ دە ب میسیۆنەر ل. ئە. هۆبەرگێ رە تەڤایی چوویە ناڤ کوردێن ئیرانێ. پشتی دوو سالان هۆژەر نڤیسکە درێژ سەر کوردان دنڤیسە. ئەڤ نڤیسا ب ناڤێ کورد- تابلۆیەک ژ دەڤەرێن بهووشتی یەک ژ وان نڤیسێن پێشین بوو کو ژ ئالیێ میسیۆنەرێن سویدی دە د دەربارێ کوردان دە هاتبوو نڤیسین. هۆژەر د ڤێ نڤیسا خوە دا ب گشتی کوردان ددە ناساندن و هەر وسا ژی ئەفسانەیا باژارێ بینگۆلێ نەقل دکە. وەک میسیۆنەرێن دن دەولەمەندیا فۆلکلۆرا کوردی بالا هۆژەر ژی کشاندیە. هۆژەر دبێژە کو ل وەلاتێ کوردان هەر چیبیا، رۆبار، باژار، گوندو کەڤرەک چیرۆکەکە خوە هەیە. ل وەلاتێ سەرحەدێ زێدە چای ڤەخوارنا کوردان بالا وی ژی کشاندیەو دبێژە کورد ماشۆکێ چایێ نە. هۆژەر د وارێ هینبوونا زمانان دە کەسەکی ژێهاتی بوو، قاسی ١٤ زمان زانبوو و د ناڤ ڤان دە کوردی ژی هەبوون، هن جاران دووا ب کورمانجی دخواند. جارەکێ د سالا ١٨٩٧ دە دەما ل دەردۆرا ئاگرێ چوویە گوندەکێ کورد، د ناڤ کوردێن ئێزیدی گەریایە، کوردان مێزە کریە کو یەکی بیانی ب کوردی د پەیڤەو کورد شاش- مەتەل مانە.

کوردان ژێ پرسییە(توکی یی؟)، وی گۆتیە(ئەز سوێدی مە). پاشێ کوردان پەیڤان سوێدی د ناڤ دە دووبارە کرنە:(سڤەک، سڤەسک، سڤنسک)و پێکەنیانە. د زمانێ سوێدی دا پەیڤا سڤن تێ مانایا دۆنگز، بەراز، ن،ف. هووژەر ل ڤر سۆز ددە کوردەکی بێکار ژ بۆ کو ژێرە کارەکی ببینە، ئادرێسا خوە ددە وی و پشتی چەند مەهان ژێرە ل تفلیسێ کارەکی پەیدا دکە.

د داویا سەد سالا ١٩ێ دە چاوا تێ زانین گەلەک زۆر دەستی و لێدان ل ئیمپاراتۆریێ ئۆسمانی ل ئەرمەنیان تێن کرن. هۆژەر گەلەک جاران خوەستیە ئالیکاریا وان پەنابەرو کۆچبەرێن ئەرمەنی یێن سینۆر دەرباس دبوون، بکە. یەکی ئەلمان ب ناڤێ هانس فجهەر رە هەڤکارکێ دکەو ب هەڤدا د ناڤ ئەرمەنیان دە گەرێن پۆلیتیک پێکتینن. د سالا ١٨٩٧ دە قاسی سێ مەهان ل دەڤەرێن نێزیک سینۆرێن رووسیایێ، ئۆسمانی و ئیران ب هانس فجهەر گەرەکە درێژ پێکتینە. ڤان گەرێن پۆلیتیک بالا میسیۆنەرێن دن و بەرپرسێن ئۆسمانی و فارسی دکشاندن. کێفا وان ب ڤان کرنێن هۆژەر رە نە دهات. جارەکێ ئەو یەکی ئەرمەنی ب ناڤێ ژاکۆپ دچنە ئیستەنبۆلێ ژ بۆ کو هەڤکاریا ناڤبەرا کوردو ئەرمەنیان خورت بکن، ئەو ل ور ب شێخەکی کورد رە هەڤدیتنا پێکتینن. فرەدریک هۆژەر یەک ژ وان ئەندامێن یەکەتیا میسیۆنەرێن سوێدی بوو کو میسیۆن و پۆلیتیکا گەلەک جاران تەڤلهەڤ دکرو دخواست پشتا گەلێن بن دەست بکە. د سالا ١٨٩٦ دا یەکەتیا رۆژهلات رێخستنەکە ئەلەگال ساز دکەو دخوازە ڤان گەلێن بن دەست ل دژی ئۆسمانیان راکە سەرپیان.

هۆژەر د سالا ١٨٨٨ دە دنڤیسە کو یەکەتیا میسیۆنەرێن سوێدی هەتا نها راستە راست دناڤ کوردان دەست ب کارێ میسیۆنەریێ نەکریە. لێ بەلێ دبێژە کو رێخستنا یەکەتیا میسیۆنەرێن سوێدی بریار گرتیە کو ڤی کاری د ناڤ کوردان دە مەشینە. وەک ناڤەند ل ئیرانێ قەرەداغ فکرینە.

هۆژەر ل ڤر دبێژە کو باژارەکی دن باژارێ بازیدێ ژی دکارە ببە ناڤەندا وان.

هۆژەر هەر وسا ژی جار جار بەحسا سەرپێهاتێن خوە ب کوردان رە دکە. جارەکێ دخوازە د رۆبەرەکی رە دەرباسی ئالیێ دن ببەو کوردەک ب هەسپێ خوە ئالیکاریا وی دکە. کورد ل پێشیێ، هۆژەر ل تەرکیا کورد شیار دبەو هەتا نیڤی دکەڤنە ناڤ ئاڤێ.

دەمـــــا د نـاڤ ئـاڤـێ دا بـوونـە، کــــــورد ب لاقردی(گالّتە) گۆتە وی: «دەرخە پەران یان ئەزێ تە باڤێژمە ناڤ ئاڤێ». وێ دەمێ هۆژەر ناملا وی دگرەو د هەژینە؛«هش! دەنگێ مەکە، عەکسی ڤێ ئەزێ تە ژ پشتا هەسپێ باڤێژم!». کورد مێزە کریە ئەو ژ حەقێ ڤی سوێدیی دەرنایێ، پاش کەنیایەو ژێرە ب ترکی گۆتیە کارداش(برا)، ب ڤی تەهری هۆژەر و ئەڤ کوردا بوونە هەڤال.

د پرتووکەک کو د دەربارێ هۆژەر دا هاتیە نڤیسین ئەم راســـتی وێنەیەکی تێن کـــو ڤێ پرتووکێ دا سەرپێهاتیا هۆژەر د ناڤ ئاڤێ دا نیشان ددە.

د ڤێ پرتووکێ دا وێنەیەکی دن ژی هەیە نیشــان ددە کو سە- کووچکێن کورد یێن مینا گوران چاوا ئێرشی هۆژەر دکن.

**میسیۆنەرێن دن:**

یەک ژ وان مـیـسـیـۆنەرێن سـوێدی لارس ئەرک هۆگبەرگ ١٨٥٨-١٩٢٤، د سالا ١٨٨٩ دە دچە ئیرانێ و نێزیکی چار سالان ل ور دمینە. د سالا ١٨٩٣ دە ڤەدگەرە سوێدێ، دەما ڤەگەڕێ کوردەکی ب ناڤێ میرزە سەعید ژی پێرە تێوتیێ دکە، وەک مـیـڤـان هاتیـە سـوێدێ. د سـالا ١٩٢٠ێ دا پرتووکەکە لارس ئەرک هۆگبەرگ ب سـەر ناڤێ د ڤـاڤ مـحـەمـەد دانا دە دەردکـەڤـە. ئەو د ڤـان بیرئانینێن خوە دا ب فەرەحی ڤالا کوردان و ڤالا خەباتێن خوە یێن د ناڤ کوردان دکە.

بەرگێ پرتووکا لارسۆن ناڤێ(ل بەر پێیێ ئاگریێ) ١٩١٩، مـیـسـیـۆنەرەکی مـایـی کـو ب کـوردان رە کـەتیـە تێکلیـا، د ناڤ واندا کـار کریە ئەرک ژۆهن لارسۆن ١٨٥٧-١٩٤٠ چەند جاران چوویە کو کورد لێ دمان بەشەکە بیرئانینێن وی یێن چاپ نەبوویی ل سەر مژارا کوردانە. د ناڤ ڤان بیرئانینێن وی دا ئەم راستی هەلبەستەکی وی تێن کو سەر چیایێ ئاراراتێ یە، وی هەر وسا ژی دیرۆکا میسیۆنەرێن سـوێدی ل دەردۆرێ ئاراراتێ نڤیسی. ئەرک ژۆهن لارسۆن چەند جاران د ناڤ کوردێن ئێزیدی دا مایەو لێکۆلین کـرنە. د سـالا ١٨٩٣ دا ژ ئیـرانێ هەتا ئەرزەرۆمێ رێوینیــــــــەکێ دکــــە، ل ور ل تەڤی کۆنفەرانسەکە میسیۆنەرێن ئامەریکایی دبە. د ڤێ گەرا خوە دا ئەو راستی گەلەک کوردێن ئیرانێ و ئۆسمانی تێ، وەک میسال ل دیادینی شێخەکی کــورد دبینە. لارســـۆن هەر وســـا ژی راســـتی دەنگبێژەکی کورد یێ گەرۆک تێ کو ژ زمانێ وی تشتەک فام نەکریە. ئەرک ژۆهن لارسۆن ل جیهەکی دا دبێژە کو کورد ژ ستران و موزیکێ گەلەک حەزدکن و کورد کۆمەکە پۆئەتیکە. لارسۆن، کوردان ب باشی و خرابیێن خوە د شبـوونە ڤـیکینکێن باکووری، ئانگۆری لارسۆن ئەو رێبەرو تالانکاران، لێ بەلێ ئەو گـەلەک جـاران ب جـەنتـەلمانیـا خـوەڤـە مێـرو جامێرێن. لارسۆن د جیهەکی مایی دا ژی دبێژە کو کوردان وسا بچووک نەبینن، مرۆڤ ب ڤـان نکارە، ئەو نە کارێ حەنەکانە.

**کوردێن کو بوونە خرستیان:**

بوویەرا کو دلێ میسیۆنەرێن سوێدی گەلەک خوەش کریە، بێ گومان سەرپێهاتیا یەکی ژ دەڤەرا بازارێ وانێ ب ناڤێ میرزە بوویە. میرزە ژ وانێ هاتیە تفلیسێ، ل ور وەک ئاڤکێش کار کریە. د سالا ١٩١٣ دە میرزە دەرباسی دینێ خرستیان دبەو ناڤێ خوە کریە میرزە عیسا سەڤەر. پاشی ناڤێ وی عیسا سەڤەر ترکی یە وتێ مانەیا ئیسحاق ئانگۆ کەسێ کو ژ عیسا پێغەمبەر حەز دکە. پاش چ تێ سەرێ میرزە عیسا سەڤەر چاوا مارا ئانهۆلم دیار دکە کەس نزانە. بەلانگازەکی کورد ل تفلیسێ( مارا ئانهۆلم، ١٨٩٥).

**ئالما ژۆهانسۆن- میسیۆنەرا کو بوویە شاهدێ قرا ئەرمەنیان ١٩١٠:**

یەک ژ وان میسیۆنەرێن سوێدی ئالام ژۆهانسۆن دەما د ناڤبەرا سالێن ١٩١٠-١٩١٥ دە ل باژارێ موشێ مایە، بوویە شاهدێ قرکرن و سرگوونا ئەرمەنیان. ئالما ژۆهانسۆن ومیسیۆنەرەکە نەروەجی بۆ دل بژۆرن د ڤان سالان دا ل ڤی باژاری زارۆکخانەیەکێ دە کار دکرن. ئالما ژۆهانسۆن پاشێ بیرئانینێن خوە د نڤیسەو ب فرەهی بەحسا ڤان زۆر دەستییێن کو ل ئەرمەنیان بوونە، دکە د جیهەکی دا دبێژە کو ترکان سێ رۆژ وەخت دابوون ئەرمەنیان کو باژار ڤالا بکن، ئەمر ددانە کوردان کو ئەرمەنیان بکوژن، دەما کوردان ئەڤ یەکا نەدخوەست، وان ڤێ جارێ ب خوە قولە بەری ئەرمەنیان ددان. ئەرمەنییێن کو ل سوێدی دمینن ئالما ژۆهانسۆنێ وەک دۆستەکە ئەرمەنیان د حەسبینن، هەر سال ل ستۆکهۆلمێ دچن گۆرا وێ زیارەت دکن.

**خوە دێ حافیز قافقاسیا! میسیۆنەرێن سوێدی بەرێ خوە ددن عیراقێ:**

پشتی ڤان بوویەرو رەوشا سیاسی ل رووسیایێ ١٩١٧ ئێدی مەرجێن کارکرنێ د ناڤ کوردان دا ژ بۆ میسیۆنەرێن سوێدی نامینە. ڤێ جارێ سازیا خەباتکارێن میسیۆنەرێن ژن بەرێ خوە ددن کوردێن عیراقێ و کارێن خوە د نا/ واندا بەردەوام دکن. میسۆنەرێن سوێدی ب خوە نەچوونە عیراقێ، ب ئالیکاریا هەڤکارێن خوە ئەڤ کاران مەشاندنە. ب رێیا بانکەیان هەر سال کو ل سوێدێ بەرەڤکری، ژ ڤان کارێن میسیۆنەریێ رە هاتە شاندن.

گوندێ باشقا بوویە یەک ژ ناڤەندێن میسیۆنەرێن سوێدی، ل ور د سالا ١٩٣١ دە دبستانەک ئاڤاکرنەو هەتا سالا ١٩٣٦ ئەڤ دبستان ڤەکری مایە، قاسی ٧٠ زارۆک چوونە دبستانێ ئەڤ گوندە ١٥کم ژ موسلێ دوور بوویە. هەموو مەسرەفێن دبستانێ سوێدیان فینانسە کرنە میسیۆنەرێن سوێدی ب ناڤێ فران ژەسدمسۆنەن کۆڤارەک د ناڤبەرا سالێن ١٩٣١-١٩٤٥ دەرخستنەو ژ ئەندامێن خوە رە شاندنە قاسی ١٥ هەژمارێن وێ هاتنە وەشاندن، هەر سال هژمارەک دەرکەتیە. د ناڤ رووپەلێن ڤێ کۆڤارێ دە نموونەیێن چاندا کوردێن ئێزیدی، مەزنێن وان، عادەتێن وان و کارێن کۆ ل سوێدێ ژ بۆ وان هاتنە مەشاندن، جیه گرتنە.

مارا ئانهۆلمێ ب مناسەبەتا دەستپێکا ڤێ تەڤگەرا ئالیکاریێ ل عیراقێ د سالا ١٩٣٠ێ دا برۆشورەک ب زمانێ سوێدی وەشاندیە. کۆمیتەیا ئێزیدیان کو د سالا ١٩٢٢ دە ل سوێدێ هاتبوو سازکرن ب سالان ب رێیا گەلەک چالاکی و ئاکتیڤیتەیان پەرە بەرڤەکرنەو ژ کوردان رە شاندنە.

مارا ئانهۆلم ئێدی پیر بوو بوو، د ٩٥ سالیا خوە دا د سالا ١٩٤٦وەفات کرییە. سالەک بەری مرنا وێ د سالا ١٩٤٥ دە کۆمیتەیەکە نوو ژ بۆ ئێزیدیان سازبە. نوونەرێن خەباتکارێن میسیۆنەرێن ژن، یەکەتیا میسۆنەرێن سوێدی و میسیۆنەرا دێرا سوێدێ دناڤ ڤێ کێمیتەیێ دا جیه گرتن. کارێ ڤێ کۆمیتەیێ هەتا سالا ١٩٥٢ بەردەوام دکە. کۆمیتەیا ئێزیدیان پشتی ڤێ سالێ میسیۆنا خوە ژ سازیا

(The united mission in mesopotamia)

رە دهێلە کو د ڤان سالان دە ل عیراقێ ئاکتیڤ بوو. چاوا تێ خویان میسیۆنەرێن سوێدی قاسی نیڤ سەد سالی ژ بۆ کوردێن ئێزیدی کار کرنە.

پێوەندی و تێکلیێن میسیۆنەرێن سوێدی ب کوردێن ئێزیدی رە یەک ژ وان رووپەلێن بالکێش یێ دیرۆکا پێوەندیێن سوێدی- کوردان پێک تینە.

**ژێدەرو چاڤکانی:**

وەشانێن نەفەل/ نڤیسکار، رۆهات ئالاکۆم. ٢٠٠٨، ستۆکهۆلم.

د.ئیحسان فوئاد

# لەدوا دیداردا



دیدار: زانیار سەردار قرگەیی

یەکێک لە شاعیرە ناسراوەکانی کوردستان(د. ئیحسان فوئاد)ە، لە بنەماڵەیەکی ناسراو و زانستخوازی شاری سلێمانییە، جگە لەبواری زانست ساڵانێکی زۆرە خزمەت بەبواری ئەدەب و شیعر دەکات و خاوەنی چەندین کتێبی چاپکراوە. لەبواری پێگەیاندنی نەوەکانماندا لەچەند زانکۆیەکی عێراقی و کوردستاندا رۆڵی بینیوە، بەر لەکۆچی دوایی لە زانکۆی سلێمانی سەرگەرمی کاری فێرکاریی و نووسین بوو... هاوڕێی زۆرێک لە کەسێتییەکان و شاعیرە ناسراوەکان و ئەدەب دۆستانی کوردو عەرەبە، لە وەڵامی شیعرێکی جەواهری بۆ نەتەوەی کورد ئەمیش شیعرێکی بۆ(فەتحی) جەواهیری نووسیوە. لەساڵی ١٩٥٨دا بەبۆنەی گەڕانەوەی بارزانیی نەمر شیعرێکی لەژێر ناونیشانی(قارەمانێک) بۆ قارەمانانی بارزان هۆنیوەتەوەو بەناوی(کاکەی شوان)ەوە بڵاوکراوەتەوە، لە بەسەرکردنەوەیەکدا بەرلەوەی ماڵئاوایی یەکجارەکیمان لێ بکا سەردانمان کردو ئەم دیمانەیەمان لەتەکدا سازکرد..

*** سەرتا شیعر چۆن ناچاری کردی بینووسییەوە؟**

– هەمـوو کاتێک هەوڵمـداوە زیاتر لە مـەیدانی مێژوو و ئەدەب و رەخنەدابم و نەبم بەشاعـیرێکی ناسـراو، بەڵام ئەم شتـە بەدەست خـۆت نییـە، من پێش ئەوەی بچمە قوتابخانە لەو کۆڕە شیعرانەدا، کە لە ماڵەوە زۆربەی جار دەبەستران، شیعرێکی جـوانیـان دەخـوێندەوە بەبێ ئەوەی من لەمـاناکـەی بگەم، کە شیعرێک دەخوێندرایەوە زوو لە مێشکم دەچەسـپی.. لەوانە شـیـعـرێکی حـەمـدی کـە بۆ نەورۆزی گـــوتـووە بەنـاوی(بەهبـــەهـ چ رۆژێکی نەوە)، هەروەها شیعرێکی(قانع)ی شاعیر بەناوی (نەمـا ترسی قـەل و کـۆتر)، هەروەها شـیـعـرێکی شـیخ رەزا، کە دەڵێ:(مـیـر بەسە مننەت هەناردی هێـسـتـرێکی رووت و قـووت و ئەندامی هەر وەک عـەنکەبووت)، ئەم سێ شیعرە لەو شیعرانەن، کە من پێش ئەوەی بچـمـە قـوتابخـانە لەبەرم بوون، کـەواتە بەهرەیەو بەدەست من نییـەو خـۆی ناچارم دەکا بینووسمەوە.

*** کەی یەکەمین شیعرت بڵاوکردۆتەوەو لە کوێدا بوو، ئەی هەستت بەچی دەکرد؟**

– کە قوتابی بووم لە(دار المعلمین عالی) یەکەم بەرهەمی شـیـعـریم لە رۆژنامـەی (ژین)دا بەناوی (ژینێکی شـــێـــواو)ەوە لە ســـاڵی ١٩٥٤دا بڵاوکـرایەوە.. بەناوێکی خـوازراو لە هەولێـرەوە ناردم، ئەو رۆژە کـە ئەم شـیـعـرە بڵاوکـرایەوە وام دەزانی کە گەورەترین کەسی جیهانم، کە ئەوسا ئەم دەرفەتانە لەبەردەم لاواندا زۆر کەم بوو و بەئاسانی شت بڵاو نەدەکـــرایەوەو منیش بەتەمـــای ئەوە نەبووم، لەبەرئەوە بڕوا بکەن لە خـۆشـیـاندا نانم پێنەدەخورا، دێتـەوە بیـرم کە رۆژنامـەکەم هێنا لە مـاڵەوە چوومـە ژوورەکـەم و ئیـدی لە خـۆشیـاندا نەهاتمەوە خـوارەوە. ئیـتـر لەوکـاتەوە هەمـیـشـە بەرهەمی شـیـعـریم هەبـووە، تەنهـا هەندێ حـاڵەت نەبێ، کـە تـووشی دڵتـەنگی دەبم، لەو حـاڵـەتانەدا ناتـوانم هیـچ بنـووسم، نـەک شـــیـــعـــر هیـــچـم پێنانووسـرێ، بەڵام لە حـاڵەتی ئاسـاییـدا لەم ماوەیەدا من کـۆمەڵێک شیـعری نوێم هەیە، ئیـتر چارە نیـیـە، کـە شـیـعـر یەخـەی پێگرتی دەبێ بینـووسیـتـەوە، کـە تەجروبەکـەت پێگەیشت دەبێ یەکـســەر بینـووسی، چونکە سـواری ملت دەبێ و وازناهێنێ،

وەکو بڵێیت دەربڕینێکە ئەگەر نەیکەیت نەخۆش دەکەویت، ئەم ساڵ لە یادی هەڵەبجە لەوێدا بینیم خـوێندکـاران نمایشـێک دەکـەن ئەو کـارە وای کـرد شـــیـــعـــرێک بنووسم بۆ رۆژی دواتر هەر لەوێدا خوێندمەوە.

*** با بزانین هەگبەت لەڕوانگەی شیعرەوە چی تێدایە؟**

– یەکەم بەرهەمی شیـعـریم کە چاپم کـردبێت لە سـاڵی ١٩٧٠ بوو، بەناوی(گوڵی کێوی) یەکسـەر پاش دوو رۆژ لە بازاڕدا نەمـــاو ئێـــســـتـــا داوام لێدەکەن کە چاپی بکەمەوە،

دووەم بەرهەمم کـــە بەداخـــەوە فـــەوتا لە رووداوەکاندا بەناوی(شەقامی جەمبـازان)، بەڵام دواتر توانیومە زۆربەیان واتە ٨٠٪ی کۆیکەمەوە، بەنیازم سەرلەنوێ چاپی بکەمەوە، سێیەم بەرهەمم بەناوی(کۆو تەرازوو) کە ئێستا بۆ دووەم جارە کە چاپکراوەتەوەو ئێـستـا دەیبـینی، جگە لەوەی دوو بەرهەمی دیکەم هەیە کـە بەژمـارەیەکی زۆر کـەم چاپکراوە، یەکـێکیـان بەناوی(ئاگـرە سـوورە)و ئەوەی دیکەشیـان بەناوی (کەندو قەڵزەم) هەیەو ئێـسـتـا بەنیـازم هەر چواریان بکەم بەیەک دیوانی زۆر گەورە، کە(١٠٠٠) هەزار لاپەڕەیەک دەبێت.

*** هەندێ کەس پێیوایە دکتۆر ئیحسان ماوەیەکی**

**زۆرە لەبواری شیعردا بێدەنگە؟**

– نەخێر بێدەنگ نیم.. بەڵام من دان بەو راستییەدا دەنێم، کە خۆم لەناردنی شیعردا بۆ رۆژنامەو گۆڤارەکان زۆر تەمبەڵم، لە هەمانکاتیشدا ئەوان زۆر بەتەنگەوە نین دەیانەوێت تۆ راکەیت بەشوێنیاندا.. من لەراستیدا شیعر نە بۆ تەباهی دادەنێم نە شتێکە زۆر شانازی پێوە بکەم، شتێکە لە تەبیعەتمدایە، ئەگەر رۆژنامەکان بێن دەیاندەمێ ئەگەر نەیەن نایاندەمێ و خۆم ناچم، کێشەکە لێرەدایە، بۆیە تۆ ئەمرۆ پێویستت بەهونەری پروپاگەندەیە دەبێت دەبێ زۆر هەوڵ بدەیت تا شیعرێکت بۆ بڵاودەکەنەوە، منیش تاقەتی ئەوەم نییە، بەڵام هەرکاتێ دەزگایەک ویستیان من شیعری نوێیان دەدەمێ، وەکو پێشتر ئاماژەم پێکرد لە ماوەی مانگێکدا کۆمەڵێک بەرهەمی شیعری نوێم هەیە. بێ سڵکردنەوە ئامادەم شیعر بەهەموو رۆژنامەو گۆڤارەکان بدەم. لێرە ئەمە کێشەیەکە، بەڵام لە وڵاتان وا نییەو دەزگایەک هەیە خۆیان دێن بەرهەمت لێ وەردەگرن و خۆیان چاپی دەکەن و خۆیان دابەشی دەکەن و پاداشتت دەدەنێ، بەڵام لێرە بەپێچەوانەوەیە، دەبێت حەمباڵ بیت، دەبێ پیتچن بێت، دەبێ لێیان بپاڕێیتەوە کە بۆمان چاپ بکەن و بڵاوی بکەنەوە، جا ئەوەیە کە خەڵکی وا تێگەیشتووە کە بەرهەممان کەمە، تەنها ئەو ماوەیە نەبێت، کە دووچاری خەمۆکی بووم، هیچم نەبووە، ئەگینا کاتێک هاتمەوە کوردستان کۆمەڵێک رووداوم دی، کارێکی زۆری تێکردم کە هیچ نەنووسم، بەڵام دوایی بەپێچەوانەوە.

*** چی وای لێکردی بەو بەرهەمە نایابە بێیتە مەیدان و نووسراوێک لەسەر داستانی چیمەن بنووسی؟**

– ئەو داستانە بێ گومان رووداوێکی گەورە بوو، برادەرێکی نووسەر کە هاوڕێیەکی نزیکمە بەناوی(رەئوف حەسەن) بۆی گێڕامەوە، کە ئەو کارەساتە بووە، لەپاش ئەوەی کە گوێبیستی راپەڕین بووین دڵمان خۆش بوو بەو هەنگاوانەی راپەڕین، بەتایبەتی کە شاری کەرکووک رزگارکرا لە بەغدا لەماڵەکان شایی دەکرا، لەوێدا کە ئەو رووداوانە پێچەوانە بۆوەو جەماوەر ناچاربوو کۆڕەو بکات و مافەکانی کورد تووشی مەترسی بۆوە، ئەو برادەرەم بینی لێم پرسی خەریکی چیت؟ گوتی: چەند رۆژێکە چووم ئێسک و پرووسکی ژن برایەکم هێناوەتەوە، کە لە داستانی چیمەندا شەهیدکراوە بەناوی(حیکمەت محەمەد عەلی)یە. من ئاگاداری ئەمە نەبووم...

شێخ محەمەدی خاڵ لە گەلاوێژدا جارێکیان نووسیبووی (مێشکی نووسەر لەگەڵ رووداوێکدا یا تەفاعول دەکات یا نایکات) کە رووداوێک روودەدات مێشکی دادەگیرسێ ئەو کاتە دەبێت بنووسێ، کە رەئوف حەسەن بۆی گێڕامەوە، لە ماوەی (٤٨)چل و هەشت کاتژمێردا هەوڵم دا بگەمە سلێمانی و زانیاری وەربگرم لەسەر ئەم رووداوە، دواتر لەچەند شوێنێک ئاسانکارییان بۆ کردم، ئیتر ئەم رووداوە مێشکی منی داگیرساندو وەکو فیلمێک لەبەرچاوم بوو، ئیتر نووسیمەوە رۆژانە لێکۆڵینەوەم دەکرد، ئینجا بوو بەو هەڵبەستە ئەو رۆژەی گەڕامەوە زۆربەیم لەبەر کرد تا لە بازگەکانی رژێم دەربازبم، تەنانەت ئەو رۆژە نانم نەخوار نەکو لەبیرم بچێتەوە، بەڵام خۆشبەختانە هەموویم لەبیر مابوو، کە (٥٣٢) پێنجسەد سێ و دوو دێڕ بوو، یەک وشەم لەبیر نەچووبوو، شیعری ئازادیش بەزەحمەت لەبەر دەکرێ... پاشانیش بەناوی(ک.ش) بڵاوکرایەوە، چونکە من لە بەغدا بووم بەناوی خوازیارو نهێنی

بڵاوکرایەوە.

*** باسی ناوی خوازراوت کرد، بۆچی شیعرەکانت هەر لە سەرەتاوە تاکو ئەم دواییەش بەناوی خوازراوەوە بوون؟**

- جاران باوبوو هەرکەسە بەناوی خۆیەوە نەبێت و بەناوێکی خوازراوەوە بێت، چونکە ناوەکانی ئێمەش عەرەبی بوو، لەبەر بارودۆخەکەش بوو..

*** جاران بەناوی(کاکەی شوان)ەوە، دەتنووسی ئەی ئێستا؟**

- ئێستا پێویستمان بەوە نییە ناوی خۆمان بشارینەوە، جگە لەوەی من ئێستا بەپێویستی نازانم و پێویستمان بەم نازناوانە نییە... پێشتر ترس و دڵەڕاوکێ لە ئارادا هەبوو، هەرکەسەش لە رۆشنبیرو شاعیران و نووسەران نازناوێکی هەبوو، ئەوە بوو (عەبدولڕەزاق بیمار، مەحموود زامدار، مەدهۆش)...هتد.

*** ئەی شیعرێکت هەیە بۆ بارزانیی نەمر، ئەوە باس لەچی دەکەیت بەو شیعرە؟**

- بەڵێ ئەوە لە ساڵی(١٩٥٨) بۆ قارەمانانی بارزانە، ناوی بارزانیی نەمری تێدایە، کە بیستمان بارزانییەکان لە وڵاتی یەکێتی سۆڤیەتەوە رێگایان دراوە، کە بگەڕێنەوە بۆ کوردستان هەموومان زۆرمان پێخۆش بوو، چونکە هەموان بیرمانە کە چەندەها لەو بارزانییانەی لەسەر کوردایەتی دەردەکران لەبرساندا مردن، کە چۆن تەنانەت ئاردیشیان نەدەدانێ.. لەبەرئەوەی کە ئەوان بەسەربەرزی گەڕانەوە منیش دڵخۆشی خۆم لەو شیعرەدا دەردەبڕم بەبۆنەی گەڕانەوەی ئەو قارەمانانە کە ئاوی(ئاراس)یان بڕی و ئەو ماوەیە لەو دەربەدەرییەدا ژیان، ئینجا دوای گەڕانەوە بەسەربەرزی، کە ئەمە جۆرە سەربەرزییەکەو جۆرە خەباتێکە.. جا لەناو ئەو شیعرەدا ناوی(مەلا مستەفا)م وەک قارەمانێک و سەرکردەیەک، وەک رابەرێک بۆ میللەتی کوردو بۆ ئەو تێکۆشەرانە هێناوە.

*** کام لە بەرهەمەکانت زیاتر لەلا خۆشەویستترە؟**

- بەرهەمەکانم هەمووی خۆشەویستن، بەڵام ئەو شیعرانەی، کە زۆر بەسۆزەوە بۆ دڵداری گوتوومە، لەگەڵ چەند شیعرێک وەک(دیارییەک بۆ پێشمەرگە)و(کۆو تەرازوو) دەتوانم بڵێم ئەوانە دادەنێم بەسەر دەستەی دیوانەکەم، چونکە بەتایبەتی ئەوەی دووەم دەتوانم بڵێم زۆر شانازیی پێوە دەکەم، من لەبارودۆخێکی زۆر سەختدا دامناوە، سوپاس بۆ خوا کە گەیشت بەخەڵکی و ئەوانیش چۆن هەڵیدەسەنگێنن کەیفی خۆیانە.

*** ئێستا شیعری کوردی چۆن دەبینی کە لاوەکان بەنوێگەری ناوی دەبەن؟**

- من هەمیشە لەگەڵ تازەکردنەوەدام و هەموو کاتێک دەمەوێت نەفەسێکی تازە بدەین.. لە هەمان کاتیشدا دەبێ هەوڵی لاوان لە تازەکردنەوەی شیعری کوردیدا باس بکەین و دەتوانین بڵێین جێی دەستیان دەردەکەوێت.. یاخود شتێکە وەکو دیاردەیەک دیارە، بەڵام من تکام لە لاوان ئەوەیە، کە دەبێت میرات و کەلەپووری ئەدەبیاتی دێرینی کورد هەزم بکەن، هەموو دیوانەکانی(نالی و مەحوی بەرهەمەکانی ئەحمەدی خانی)و ئەوانی دیکە بەوردی بخوێننەوە تا زیاتر سوودی لێوەربگرن، ئینجا بێنە سەر نووسینی شیعر.. چونکە ئەگەر بێ ئەوەی دەستیان پێکرد، ئەوا شتێکی بێ رەگوڕیشە دەبێت و هیچ تامێکی تێدا نابێ..

بەرهەمەکانی لاوانی ئەمڕۆ هەندێکیان بەسەرکەوتوو دەزانم، لەبەرئەوە بەهرەی تێدا دەبینم

و گـەلێک شـیـعـری جـوان دەبینم لەم تازانە، بەشـێکی دیکەی دەبینم کـە چۆن لاسـایی ئەزمـوونێکی رۆژئاواییـان کـردۆتەوە، کـە ژیانی بەراورد ناکـرێ لەگـەڵ ژیانی رۆژهەڵات. خـۆی ئەدەب بەسـتـراوە بەژیانەوە، دەبێ باسی ژیانی میللەتی خۆت بکەی نەک خەڵکی دیکە، قەیناکە سـوودی لێـوەربگرە، بەڵام نەک بەو شـێـوەیەی هەندێ کـەس... لەبەرئەوە من گـەشـبـینم و لەو بڕوایەدام جیـهـانی شیـعـر هەرچەند خـۆی ئێـستـا کاتی رۆمان و پەخشانی هونەرییە، بەس شیعریش شـوێنی خـۆی هەیە، من لەو بڕوایەدام لەو هەمـوو بەهرانەی کە هەیە دەتوانن ئاستی شیعری کوردی بەرز بکەنەوەو بیگەیەننە ئاستی شیعری جیهانی.

بێگومـان شـیـعـر وەکـو هەمـوو هونەرێکی کـە لە تـازەکـردنەوەیەکی بەردەوامـدایە، مـن سـەرەتا بەتایبـەتی ئەو هۆنراوانەی کـە لاوان دەیاننووسین بەچاوی گـومـانەوە سـەیرم دەکـرد، بەڵام دوایی بەنەفەسـێکی درێژتر تەماشام کرد ئەمانە لەڕووی داهێنانەوە خاڵی نین. رۆژێک زۆرم پێ ناخۆشبوو، لام وایە گۆڤاری کاروان بوو بەرهەمی کۆمـەڵێک کـچی کـوردم بینی کـچـە شـاعـیـر، کـە هەمـوویان خەڵکی هەولێرن بەڕاستی شیعرەکانیانم پێ باش بوو لەبەرئەوە بمانەوێ و نەمـانەوێ ناتوانین بەو نەفـەسـە کـۆنە بڕۆین، من لەگـەڵ تازەکـردنەوەی شیـعـردام، جـا گرنگ ئەوەیە ئەوانە ئەم هەنگاوانە دەنێن، ئەو هاوسەنگییە لەنێوان میرات و شیعری چەرخـێک لەمەوبەرو ئەمرۆ بپارێزن و نەپچڕێت، وەکو بۆ نموونە(عەبدوڵڵا گۆران) شیـعـری کوردی نوێ کـردۆتـەوە، بەڵام خـۆ نەچووە دەرگـای مـیـرات دابخـات شـارەزای ئەوانە بووە. دەبێت ئەمـانیش هاوشـێـوەی ئەو بکەن، بۆ نموونە شـاعـیـرێکی وەکـو(لەتیف هەڵمـەت)، ئەگـەر ئێـوە مـەبەسـتـان شـیـعـری نوێ بێت لەتیف هەڵمـەت شـیـعـری زۆر جـوانی هەیە، هەروەها شـێرکـۆ بێکەس شـتی زۆر جـوانی هەیە، بەڵێ شـێرکـو لە بەرهەمـەکـانیـدا دووبارکـردنەوەی هەیە، کـە من حـەز بەوە ناکـەم، بەڵام خۆ ئێمە کە حوکم دەدەین بەسەر شاعیرێکدا نـایەیـن لەسـەر لایەنێک قـسـە بکەین، تێکڕا دەیگرین دەبینین رووی داهێنان زۆرترە، هەروەها ئەم کـۆمـەڵە گـەنجـانەی ئەمـڕۆ شـیـعـر دەنووسن لەوانەیە کۆمەڵێک لە کیژان:-

(کەژاڵ ئەحمەد، کەژاڵ خدر) شیعری جوانیـان هەیە، من لەو بڕوایەدام کە هۆنراوەی کوردی بەرەو پێـشـەوە دەڕوات، بەڵام وەکـو گـوتم تکا دەکـەم ئەوەیە مـیـراتیـان لەبیـر نەچێت، هەر شـاعـیـرێکی رەسەن ناکرێ میرات فەرامۆش بکات، یا ناتوانێ شتی جوان بکات.

*** ئایا ئەو شیعرانەی کە نووسیوتانە گەیشتۆتە ئاکام؟**

- بەشـێکی بەڵێ، بڵاوکـراوەتەوە، بەشـێکی ماوەتەوە ئەوەشی خەتاکەی لە ئەستۆی خۆمەو هی ئەو بارودۆخەیە، بەس من بەئومـێدم کـە هەمـووی بدۆزمەوە، کە دەڵێم بیدۆزمەوە، چونکە هەر یەکە کـەوتۆتە شـوێنێک با یەک نموونەت بۆ بهـێنمـەوە ئەگەر ئاگاداربن لە شاری هەولێر فستیـڤاڵێک کرا بۆ(جگەر خـوێن) رۆژی دووەم تیـپی بالەی سلێمـانی هات نمایشێکی کرد، کە تەماشام کردو ئەوەم بینی کەوتمە هەڵەکەسەما یەکسەر ئیلهامێکی پێ بەخشیم هۆڵەکەم بەجێهێشت، ویستم ئەو رۆژە بێم و بیـخـوێنمـەوە، بەڵام بەداخـەوە نەمـتـوانی لەبەرئەوەی هەواڵی کـۆچی دوایی(قـادر بەگی) مـامم بۆ هات ناچاربووم بگەڕێمـەوەو نەمـتـوانی بەشداری بکەم تا ئێسـتـا ئەو شیـعـرە مـاوەتەوەو بڵاونەکراوەتەوە، لەسەر جگەر خوێن بڵاونەکرایەوە

ئەوە نموونەیەکـــە لە دەیان نموونەی دیکە، کـــە دەرفـــەتی بڵاوکـــردنەوەم نەبووە، بەرهەمم زۆرن، بەڵام تارادەیەک من خـــۆم خـــاو و ســـست بووم، گوێشم نەداوەتێ من زیاتر بەرهەم بۆ ئەوە نانووسم و ئیعلانی بکەم، بەڵکو وەک نەفەسێک وایە لام، کە دەینووسم دڵم ئیسراحەت دەکات. ئیتر گرنگ نییە دوایی چی لێدێت، ئەوە یەک و دوو نییە دەتوانم بڵـــێم لەو مـــاوەیەی من لە بەغـــداوە هاتوومەتە ئێرە دەتوانم بڵێم سەد پارچە شیعرم داناوە کە تەنها دوانیان بڵاوبۆتەوەو بەس.

*** کۆو تەرازوو چ ئیزافەیەکی خستۆتە سەر بەرهەمەکانی رابردووت؟**

– بەنیسبەت ئەم بەرهەمە شیعرییەوە ئەگەر بیبینین تا رادەیەک وەکو شیعری کۆن نییە لەسەر وەزنی کلاسیکی شیعری تازەیەو بەرگێکی درامی گرتۆتە خۆی، دوای ئەوەی گێرانەوەی چیرۆکێکە کە دەگاتە پلەی داستان لە قارەمانێتیدا، لەبەرئەوە من پێـــخـــۆشـــحـــاڵم کـــە لە مـــەیدانی شیعری(غنائی)یەوە گۆستوومەتەوە شیعری درامی و لەو(پێنج سەدو شتێک) دێرە توانیومە ئەوەی دەربارەی ئەو قارەمانانە بهێنی بەشێکی بنووسم. ئەوەش یەکـــێکە لەو بەرهەمـــانەی کـــە زۆرم لا خـــۆشـــەویســـتـــە، چونکە جـــیـــاوازە لە هەمـــوو بەرهەمـــەکـــانی دیکەم، ئەوە بۆچوونی خـەڵکیـشە لەســـەری، بەئومـــێـــدی ئەوەم ســـەرلەنوێ چاپی بکەمەوە، چونکە لە بازاڕدا نەماوە.

*** باشە جگە لەبواری شیعر لە چ بوارێکی دیکە نزیکی؟**

– من لەبواری رەخنەشدا کار دەکەم و دەنووسم ئینجا لەبواری وەرگێرانیشدا کار دەکەم، بەڵام وەکو پێشـتـر گـوتم من خـۆم رێکوپێک نیم لەو شتـانەدا، نایەم کوێ بکەمـەوەو دایبنێم، دەیدەمە دەست زەمانە. یەکێک هەڵکەوت کۆی بکاتەوەو بڵاوی بکاتەوە، ئەوا باشە ئەگەرنا ونەبوو هیچ!!

ئەمـــەش بۆتە هۆی ئەوەی هەشـــمـــە خـــەڵک نەیزانێ، یانی من ئێستا(١١) یانزە بەرهەمم هەیە بۆ نموونە، تۆ بیستووتە(دراسات معاصرە) من لە بەغـدا وەرم گـێڕاوەتە سـەر زمـانی عـەرەبی، بەڵام هەر خـۆم نا دوو کـەسی دیکەم لەگـەڵدایە، بەڵام هەمووی هی منە شتەکان من هێناومە، کتێبەکە لە بازاڕدا لەمـاوەی هەفـتـەیەکدا نەمـا!! کێ لەسـەری نووسیوە(عەلی جەواد تاهیر) گەورەترین رەخنەگری عـــەرەب لە کـــۆلێـــژی ئادابی بەغـــدا، هەڵســـەنگاندنێکی پوخت و تیـــروتەســـەلی بۆ کردووە.

*** ئەی سەبارەت بەوەرگێڕانی شیعر چیت کردووە؟**

– بەڵێ من هەمە کـۆمـەڵێ شـیـعـرم هەیە وەرم گـێـڕاوە، پێت بڵـێم هی کـێـیـە. پێنج بەرهەمی شکسـپـیـرم وەرگـێڕاوەو زۆریم بڵاوکـردۆتەوە، لە فارسییەوە بەدەستکارییەوە دوو شیعری(حافظ)م بڵاوکردۆتەوە، شیعری(ابو قاسم شابی)، شیعری پوشکین، شیعری گـۆرگی، شیـعـری بایرۆن) واتە نزیکەی دە تا پانزە شاعیر دەبن، کە من شیعریانم وەرگێڕاوەتە سەر زمانەکان، کە لە گۆڤاری کاروان بڵاوکراونەتەوەو خۆشبەختانە فەوتاون.

*** ئەو سانانەی دەستت دایە وەرگێڕانی شیعر ساڵی چەندو بۆ چەند بوو؟**

– لەڕاستـیـدا لە سـەردەمی رۆژنامـەی(ژین)ەوە بوو لە ساڵی ١٩٥٤–١٩٥٥، کە دەستم پێکرد بۆ یەکەمجار بەوەرگێران بوو شیعرێکی شاعیرێکی ئینگلیزی بوو ناوی(جۆن کینز)ە، بەدەستکارییەوە بوو، لەو کاتەوە من خەریکی وەرگێڕانم، کە زیاتر لە پەنجـا شـیـعـر دەبێت، کـە وەرم گـێـڕاوە، کـە

ئەوەی(بایرۆن) لە نووسەری کورددا لە دوو ژمارەدا خۆشبەختانە ماون و لە فەوتان رزگاریان بووە.

*** با بزانین بەڕای بەڕێزتا ئامانج لە شیعری نوێخوازی چییە؟**

– تۆ ناتوانی ئامانجێک دیاری بکەیت، واتە شیعر برووسکەی ژیانە، شیعر ئەو چەخماخەیە کە ئاسمان رووناک دەکاتەوە، لەبەرئەوە لەهەموو چەرخێکدا پێویستە، بەڵام لە هەموو چەرخێکیشدا ئەو کەشوهەوایە وەردەگرێت، کە بارودۆخەکە فەرزی دەکات، تۆ ناتوانی ئەمرۆ باس لە عەقڵییەتی سەدساڵ لەمەوبەر بنووسی، لەبەرئەوە لای من برووسکەو چەخماخەو شەوق و ژیان لە شیعردایە، بەبێ ئەوە ژیان وشک دەنوێنێ وا سەیر دەکەم.

*** ئەمڕۆ خوێنەری شیعر لە کزیدایە، تۆ هۆکەی بۆچی دەگێڕیتەوە؟**

– راستە ئەمڕۆ خوێنەری شیعر لە کزیدایەو زۆریش لە کزیدایە، چونکە خەڵک خەریکی ئەنتەرنێتەو ئەفلامە، لەپاشان شاعیرەکانیشمان ئەو دەرفەتەیان بۆ هەڵنەکەتووە، ئینجا من درکم بەشتێک کردووە، کە خەڵک هەیە کاتێک کە گوێ لە شیعرەکە دەگرێ و لێی تێدەگا ئینجا حەزدەکات بیخوێنێتەوە، خەڵک لەم شیعرە نوێیانە تێناگەن ئەمە دەبێت رەخنەگرێک بێت و روونی بکاتەوە، لێرە ئەو هەوڵانە نییە.

با بۆ زانیاریت شتێکت بدەمێ(مایکۆفسکی) گەورە شاعیری رووسی، کە دوایی خۆی کوشت لەبەر دکتاتۆرییەتی ستالین، تەماشای دەکرد بەو شێوەیە گرنگی بەشیعرەکانی نادرێت، دەچوو لە جادەی(گۆرگی) دوو خشتی بەرز دەکردەوە یا کورسییەکی لەوێدا دادەناو شیعری دەخوێندەوەو دەیگوت من ئەم جمهورەم بەسەو کافییە.

خەڵک لێی کۆدەبوونەوە، دەیگوت مەرج نییە هۆڵ و شوێنی تایبەت و رازاوەم بۆ بکەن و ئامادەی کەن، من لەسەر جادەو شەقامەکان شەڕ بەخەڵکی دەفرۆشم وا لە خەڵک دەکەم گوێ لە شیعرەکانم بگرن، تێبینی بکە هەتا لە کۆمەڵگایەکی وا پێشکەوتوودا(مایکۆفسکی) گلەیی لەوە دەکات، کە خەڵکی ئەوەندەو بەپێی پێویست بەپڕ شیعرەکانییەوە ناچن، ئەی چۆن لە کۆمەڵگایەکی وەکو ئێمە کە خەڵک لە شیعر تێناگەن، شیعر لە کزیدا نابێت.

*** دوا پڕۆژەتان کە تەواوتان کردبێ یا کاری تێدا بکەن؟**

– بەرهەمێکی گرنگم بەدەستەوەیە هەرچەندە ناوی ناهێنم، بەهۆی برادەرێکەوە کەمێک دواکەوت، ئەو برادەرە بەڵێنی دامێ کە بێت و هاوکاریم بکات، من عادەتێکم هەیە یا بڵێین کێشەیەکم هەیە لە وەرگێڕاندا ناتوانم بەرهەمەکە هەر خۆم وەریبگێڕم و بشی نووسم، دەبێت یەکێک دانیشێت، من دەیڵێم و وەریدەگێڕم و ئەو دەبێت بینووسێ، لە هەمانکاتدا زۆر شت هەیە چاکی دەکەم، جا لەبەرئەوەی ئەو برادەرە بەهەر هۆیەک بێت نەیتوانی ئامادەبێت.

*** لە کۆتاییدا سوپاست دەکەین بۆ ئەم دەرفەتەی بۆت رەخساندین؟**

– منیش زۆر سوپاسی ئێوە دەکەم

## جەمیل توران:
# ئەز رۆمانێن دیرۆکی سەر کوردان د نڤیسم

**دواندنی: فەرەیدون سامان**



جەمیل توران لە ساڵی ١٩٥٢ لە ناوچەی سەرحەد لە بازێری بازید لە کوردستانی باکوور لەدایکبووە ، لە ساڵی ١٩٨٤ وە تا ئێستا لە وڵاتی یۆنان ژیانی دەباتە سەرو قۆناغەکانی خوێندنی لە شارەکانی ئەنکەرەو ئەستەمبۆڵ تەواو کردووە.لەسەر هەڵویستی سیاسی و نیشتمان پەروەری و کوردایەتی خۆی بۆ ماوەی سێ ساڵ لە زیندانەکانی تورکیا ماوەتەوەو دوای ئازادبوونی بە ناچاری لە ولاتی یونان گیرساوەتەوە.بەرهەمە چاپ کراوەکانی ئەمانەن :

-رۆمانی (بەرفین ناڤ خونێدا) لە ساڵی ٢٠٠١ چاپ بووە.

- رۆمانی (چاڤێن گوران )لە ساڵی ٢٠٠٣ چاپ بووە.

- شەڤ دنیرە رۆ ، ساڵی ٢٠٠٥ .

- زارۆکین ئەرارات ، ساڵی ٢٠٠٨ .

جەمیل توران لە بواری رۆژنامەڤانیشدا لە چەندین بلاڤۆک و رۆژنامەی یۆنانی کاری کردوە و بە زمانی یۆنانی لەسەر دۆسیەی کورد چەندین وتارو لێکۆڵینەوە و رێپۆرتاژی بلاوکردۆتەوە تا ئاستێکی زۆریش بە قەڵەمە بە برشتەکەی توانیویەتی دۆزی کورد بەرای گشتی و شەقامی ئەو وڵاتە بناسێنێ ، هەروەها لە بواری بەرچقە کردنیشدا چەندین بەرهەمی شاعیرانی کوردی بۆ زمانی یۆنانی وەرگێراوە لەوانەش (شێرکۆ بێکەس ، عەبدوڵا پەشێو ، رەفیق سابیر ، لەتیف هەڵمەت ، فەرهاد شاکەلی ، مارف

عومەر گوڵ...چەندین شاعیری ناسراوی دیكە)

هەروەها ماڵپەڕێكی بە ناوی خۆی هەیە كە لاپەڕەی تایبەتی بە هەڵەبجەو ئەنفال و دیرۆكی كوردان و لە بوارەكانی دیكەی ئەدەب و هونەری كوردی هەیە.




هەر وەك خۆی دەڵێ لە سەرانسەری جیهاندا نزیكەی پەنجا هەزار كەس سەردانی ئەم ماڵپەڕە دەكەن . كتێبێكی كەمال بوركای سكرتێری پارتی سۆسیالی كوردستانی باكور بە ناوی (كوردو كوردستان) كە (٧٥٠) لاپەڕەیە بۆ زمانی یۆنانی وەرگێڕاوە . دوا بەرهەمیشی كە ئەمساڵ بە زمانی یۆنانی چاپ كراوە ،وەرگێرانی كتێبی پیرۆزی ئێزدییەكان ە بە ناوی (مەسحەفا رەش) بوو كە بەر لەمەش كتێبێكی لە بارەی ئۆڵی ئیزیدیان بە ناوی (ئێزیدی)بە چاپ گەیاندووە.جەمیل توران پەیوەندی نزیكی لەگەڵ زۆربەی رۆژنامەو گۆڤار و كەناڵەكانی میدیای یۆنانی هەیە لە نزیكەوە كەسایەتی گرنگی وەك سەرۆك وەزیران و وەزیری راگەیاندن و رۆشنبیرو هەروەها پەیوەندی زۆری لەگەڵ نووسەران و ئەدیبان و رۆژنامەنووسانی ئەو وڵاتە هەیە ، بە تایبەت رۆماننووسی ناوداری یۆنانی (نیكۆس كاسداغلیس) كە ئەو رۆماننووسە ناسراوە بەر لە چەند ساڵێك رۆمانێكی لەسەر ژیان وبەسەر هاتی خودی جەمیل تۆران نووسیووە ،كتێبەكەی بە ناوی (كاتێ نارارت ڤۆلكان دپەژێنیگ)، كەسەرەنجام بە وەشاندن و بڵاوبوونەوەی ئەم رۆمانە گرژییەك لە پەیوەندی نێوان توركیا و یۆنان دروست بوو ، وڵاتی توركیا داوای كرد نیكۆس كاس داغلیس بدرێتە دادگاو كتێبەكەی لە بازارو كتێبخانەكان رابكشێتەوە ،چونكە واقیعی تراژیدی و سیاسی و جڤاتی كوردەكانی باكوری نیشان دەدا، ستەم و چەوسانەوەی كوردی بە جیهان راگەیاندا، جەمیل تۆران هەرچەند ناچار بووە بابەتە ئەدەبی و رۆژنامەوانیەكانی بە زمانی بیانی (یۆنانی، توركی و فەرەنسی و ئنگلیزی و سویدی) بنووسێ، ئەویش سەبارەت بە قەدەغە بوونی زمانی كوردی لە توركیا ، بەڵام ناواخن و كارەكتەرو رووداوەكانی سەرجەم نووسین و رۆمانەكانی باس لە دیرۆك و بەسەرهاتی رووداوی تراژیدی جڤاتی كوردی دەكەن لە كوردستانی باكوردا ، هەر سەبارەت بەو نووسینانەشی ئەم رۆماننووس و رۆژنامەنووسە لەسەر ئاستی یۆناندا زۆر بە گەرمی پێشوازی لێ كراوە و لە لایەن ئیلیتەی روناكبیران وئەكادیمیانی یۆنانی رێز لە نووسین و بەرهەمەكانی گیراوە ، لەو سەردانەی بۆ شاری هەولێر و سلێمانی و یەكتر ناسین و تێكەڵ بوونی بە رۆناكبیران و رۆژنامەنووسانی باشوربەجددی هەوڵدەدات ئیدی بە زمانی كوردی بنووسێ، لە م دیمانەیەدا رووبەرووی چەند پرسیارێكم كردەوە :

* **خالۆ جەمیل، تۆ چما ب زمانێ یونانی دنڤیسی، كوردی نانڤیسی؟**

– نهـۆ دخەبتم و ب هیڤیا وێم كو ب زمانی كوردی بنڤیسم، من هەول دایە كو كوردی بێهتر


ب نڤیسین و خواندن فێربم ، لێ هون دزانن ل ترکیا زمانێ کوردی قەدەغەیە ، ئەم ژ زارۆکیا نکارینە ب کوردی بخوێنین و بنڤیسین و دبستانا کوردی توونە بوویە ، ڤێ گاڤێ هەرچەند من رۆمانێن خوە ب کوردی نە نڤیسییە ب یۆنانی نڤیساندییە ، لێ پێتڤیە ئەم بزانین کو زمانێ یۆنانی پڕ دەوڵەمەندە و دیرۆکییە ، زمانێ فەیلەسوف و رۆماننڤیسانێن پڕ ب ناڤ و دەنگن، من خواست ب ڤی زمانی دیرۆکا کورداو دۆزا میللەتا خوە و کولتورو چاندییا کوردا بۆ گەلێ یۆنان بوەشێنم . هەتا وان بزانن کو ئەم کوردا ژی نەتەوەیەک مەزن و شارستانینە و خودان زانست و ئەدەب و هونەر و مرۆڤێن مەزنین وەکێ ئەحمەدی خانی و مەلێ جزیرێ و فەقێ تەیران و یەشار کمال و ئەحمەد عارف .

*** پەیوەندییا تە دگەل ئەحمەد عارف چەوا بوو؟**(شاعیرێکی ناسراوی کوردستانی باکور بووە لە ساڵی هەشتاکان کۆچی دوایی کرد ، شیعرەکانی سیاسی و بەرگری بوون دژی ستەمکاری دەسەڵاتی کەمالییەکان و شۆڤینیەتی نەتەوەی سەر دەست ف. س)

– بەراییا ساڵێن هەشتێ من چەند هەڵبەستەکێن ئەحمەدی عارف بۆ زمانێ یۆنانی بەرچڤە کر، ئێک ژوان ب ناڤێ (سی و سێ گوللە)بوو، هەڵبەت ئەڤ هەڵبەستە پڕ مەزنە ، من چەند وتارەک سەر ئەحمەدی عارفی ب زمانێ یۆنانی نڤیسی یە،حەیا نها نزیکی شەست بابەت سەر وی نڤیسی یە، ئالی دنێ ژی من گەلەک رۆژنامە نڤیسیاند.

*** باشە سەیدا جەمیل خوێندەڤانێ رۆمانێن تە ئەڤ یۆنانینە یا ژهەمی جهانێنە؟**

– ئەز بخۆ زمانێن ترکی و سویدی فەرەنسی و ئینگلیزی و ژبلی کوردی دزانم ودنڤیسیم ،ئو نڤیسین و رۆمانێن من بۆ وان زمانان بەرچڤە بوونە




،نها ژی ل بازارێ سلێمانی جەم مامۆستا عەلی رۆمانا -بەرفێن ناڤ خونێدا ، تێتە بەر چڤە کرن بۆ زمانی کوردی - دیالکتا سۆرانی - ،چەند رۆمانێن من بۆ زمانێ سویدی و فەرەنسی بەرچڤە بوونە ،ژ بەر هەندێ ئەز باور دکەم کو خوێندە ڤانێن من تەنێ تورکی و یۆنانی نینە، بەلکی ژهەمی جیهانێنە.

*** تو ژنزیکڤە، یەشار کەمال ناس دکەی؟**

– ئەز پتر ژ ٢٥ساڵە ژ ترکیا دەرکەتیمە لێ ب رێکا خوێندنا رۆمانێن یەشار کەمال من گەلەک باش ناسکرو گەلەک فایدە ژلایەنێن هونەری و تکنیکی رۆمان وەرگرت ، یەشار کەمال بەرێ ل ترکیا بوو گەلەک ب ناڤ و دەنگ بوو کتێبێن وی پڕ دهاتنە فرۆتن ، پاشی یەشار سەر رەوشا سیاسی کوردێن باکوور نڤیسی گشت بەرهەمێن وی هاتنە قەدەغە کرن و یەشار دانە دادگا ، پاشی




ئەو رەڤی بو دەرڤە ،

*** تە چاوا نیکۆس کـاسـداغلیس ناسکر، ئەو ژبەرچ رۆمانەک سەرژیانا تە نڤیسییە؟**

– ئەڤ نیاسینە سەبا رۆمان و نڤیسانێن من بوو ل رووپەلێن بلاڤۆک و رۆژنامەیێن ناڤ یونانێ کو من گەلەک بابەت تێدا بلاڤ کرن سەر دۆزا کوردێن باکور ب تایبەتی یێن کوردستانێ ب گشتی ، پاشی نیکۆس ژ نزیکڤە پەیوەندی ب من کرو گۆتە من دخوازم رۆمانەک سەر ژیان و سەرهاتیێن تە بنڤیسم، بێگومان ئەڤ رۆمان گەلەک شوهرەت وەرگرت ژبەر هەندێ ب ڤی رۆمانێ نیکۆس رەوشا کورد ژباکورێ کوردستانێ ژبیاڤێت سیاسی و جڤاتی و دیرۆکی بەحس کربوو ب شێوەکی گەلەک هونەری ، پاشی کێشەک ناڤبەرا ترکیاو یۆنان دروست بوو ل نا ڤ میدیایۆنانی بۆ مە چێکرن ، ترکیا دگوت ئەو رۆمانە خر درەون ، جەمیل توران ژی مرەڤەکی خیالییە نە دروستە ، وان دڤیا بکن پرۆبلەمەکە سیاسی ...

*** تە رۆمانێن دیرۆکی نڤیسیە ، باشە تە چ گهۆرینەک بۆ نڤیسینا وان رۆماناکرییە؟**

– بێگومان ئەز رۆمانێن دیرۆکی سەر کوردان دنڤیسم کارەکتەرێن رۆمانێن من هەمی ریالیزمینە و سەر هاتا وان چیرۆکا هەمی دروستن لێ ئەز ب شێوەکێ هونەری دنڤیسم وەک پێتڤییێن نڤیسینا رۆمانا هونەری .

*** نها رۆماننڤیسێ کورد چاوا دبینی؟**

– ئەز گەلەک سەرسامم ب رۆمانێن مەمەد ئوزوون، ئەو مرۆڤەک مەزن و خەباتکەر بوو، ئو ژیانا خوە ژ سەر کورداتییێ دانا .هەڵبەت وێ گاڤێ ئوزون ژ ترکیا بوو نەهاتە ناسین .لێ نها گەلەک بناڤ و دەنگە ، مخابن ژبەرهندێ ئەم زمانێ کوردی ژباکورێ کوردستانێ ب تیپێن لاتینی دنڤیسین ، کوردا ژ ئێرانێ و عیراقێ ب تیپێن




عەرەبی دنڤیسین، ئەڤ کێشەکە بوومە چێبوویە .ئەم نکارین ب سانایی رۆمانێن پارچەیێن دن یێن کوردستانێ بخوینین.لێ نها ئەز باور دکەم رۆمانا کوردی گەلەک پێشڤە چوویە، وەکی رۆمانێن سەلیم بەرەکات و یەشار کەمال و محمەد ئۆزوون ،هتد..

# شەوباش موسافیری پاییز، کچی دەریا

رەسوول سوڵتانی (بۆکان)



کازێوەی دەریایە و
دوا چرکەساتەکانی پەپوولە،
ئەئێوارەی ئەو شەقامە بێ کچانە
وەڵامی پرسیارم دەدەنەوە
ئەگوڵەکانی سەفەر ئاشنان بەچێژی
یاخیبوون
لە زەردە پەڕی دەریاوە
بەشوێن شێتیدا وێڵ
بەشوێن عەشقێکدا
شەوباش و
بەیانی
باش و
دەپرسێ:
ئەرێ قەفەس کۆتایی باڵندەیە؟
ئەرێ باڵندە
سەرەتای ئاسمان و
پەپوولە موسافیری ئێوارەی خونچەیە؟

عەشقێک بەنێوانماندا رادەبرێ و
ئێمە هێشتا چەپکە گوڵێکمان لە
سینگی هیچ وڵاتێک نەداوە.
ئێمە هێشتا
پێکەنینی هیچ بەڵاڵووکێکی بەهارمان
نەمشتووە
ئێمە
گەمیەوانێکی سەوڵ شکاوین و
لەوپەڕی دەریاوە ئەستێرەکان
نەفرینمان دەکەن.
ئەو رادەبرێ و
ئێمە ژێرە دڵخۆشەکان
لە حیکمەتەکانی شێتی ناگەین.
ئێمە هێشتا
لەموسافیرێکی پاییز
خەونێکی گەڵامان نەبیستووە و
بەیانی باشێکمان بەکچانی سەر رێی
قوتابخانە نەگوتووە
بەیانیت باش
کچی دەریا
بەیانیت باش
دەفتەرەکەت ئاشناکە بەحیکمەتی ماچ و
هەنار و
بەڵاڵووک
کە ئێمە بێ ماچ
نە لەبزەیەکدا دەپشکوێین و
نەپیاسەیەکمان بەعەشقا پێدەکرێ
ئێمە بێ ماچ
تێناگەین
لە حیکمەتی مەمک و
فەلسەفەی شێتی و
حیکایەتەکانی وەهم و
ئەفسانە شیرنەکانی خوا ...
ئێمە بێ ماچ
پرسیارێکمان
بەگوڵە مێلاقەی بووندا
هەڵنەواسی
هەواڵێکمان پێ نەگەیشت لەشێتی و
بۆنێکی سەوز لەتێکەڵبوونی باران.
ئێوارەت باش
کە من ئێوارەکانم هێندە تۆزاوین
کچانی رێی قوتابخانە ناناسمەوە.
ئەوەندە دەزانم یەکیان
چاوەکانی لە رەگەزی دەریان.
من ئێوارەم
شەپۆلی سەفەرە و
هەڵوەرینی بەڵاڵووکی ماچ
دەترسم سەفەر
هیچ هەوارێک بۆ بەڵاڵووک نەهێڵێتەوەو
هیچ وێستگەیەک بۆ دابەزینی ماچ ..
دەترسم سەفەر
لە ئەنفالی ماچی کازیوە تێر نەبێ.
با نەهێڵین
عەشق بەنێوان ئێوارە و
تەمتومانا رابرێ
یا ئێوارەکانمان
بڕفێنین و
نیگەرانییان بەدارستانە بێ باڵندەکان
بسپێرین.
با نێو لەپمان پڕکەین لە بزەی هەنار
لەزەتی ماچ .
با ئیتر هیچ کازیوەیەک رانەبرێ
بەسێبەری تابووتا .
ئێوارەت باش

له هەڵوەرینم
بەسەر لاجانگی کازیوە و
باغ و چاوەڕوانیدا
بڕوانە
کە لە ئێوارەی دەریا دەگەڕێمەوە
سروودی هیچ بارانێک فێنکم ناکاتەوە
دێمەوە و
ئێستاش نازانم
هەنارەکانی ماڵی ئێوە کەی گوڵ دەکەن؟
تێناگەم
چۆن بەڵاڵووکەکانی ئەوێ
لە چاوەڕوانیدا دەگەن؟
من بەسپێدەدا کۆچم کرد
هیچ ئەستێرەیەکی درۆزنم تێنەگەیاند
هەواڵم بۆ هیچ شەهیدێکی گوناحبار
نەنارد
هیچ ئاڵایەکی چاوکاڵم پێ نەبوو
تۆ میوانی زەردەپەڕی دەریا بووی و
من موسافیری کازێووە.
من بەشوێن ماچ و شێتیدا
هەموو دارستانەکانی بەهەشتم کرد
نە درەختێک دەیناسی و
نە چۆلەکە و
نە چلووک و
نە گەڵ ...
ئاخ ماچی بێ ناونیشانی کازیوە
ئێمە شێتییەکانی عەشقمان لێ بزرە
بەشوێن تۆدا
هیچ کۆڵانێکی دۆزەخیش نەما
نەگەڕێین
تۆ بەرێچکەی کام رەوە پەپوولەدا
ماڵئاواییت کرد

ئێستا
من ڕ ا دە کە
بە
هەناوی تراویلکەی عەشقا
تا ئەوپەڕی شێتی و
سەفەر و
تۆ.
شەوباش
کچی زەردەپەڕ
گەر خەمەکانت لێم گەڕێن
شێتییەکانی ئەم جیهانە
بەشی غەزەلێکم ناکەن
بێ شێتی
نەخوا یەک کڕنۆشم بۆ حەقیقەت دەبا
نە شیعرێک متمانە بەئاوێنە و
تەنیاییەکانی دەکا.
بێ شێتی
لە حیکمەتی هەنار و
ماچ و
بەڵاڵووکەکانی ئەوێش ناگەین
پێناگەین
لەساتەوەختی کازێوە و
پیتەکانی عەشق و خوا
بەیانیت باش کچی کازیوەی دەریا
وەرە با
بێ شێتی وەهەم گاڵتەمان پێ نەکا.

# پەنجەرەکان و پەنجەکانی پەنجەرەنووس

تەحسین موحسین عومەر



پێشکەشە بەپەنجەرەخان

خودا.. پەنجەرەم بدەرێ
با تاریکایی نەمکوژێ
تا تروسکایی ببینم
وەک چڵە لاولاوێکی سەوز
باڵ دەبم.. هەڵدەکشێم
بەبەرزیدا هەڵدەزنێم
خودا..
پەنجەرە بینایی چاوانمە
لێم دانەخەی
حەزم وایە هەموو دەمێک
هاونشینی پەنجەرە بم
لای پەنجەرەو بەر بەپەنجەرەو سە پەنجەرە
پەنجەکانم بجوڵێنم
رەسمۆکەو هێما بنووسم
پەنجەرەکان بخوێنمەوە



پەنجەرەکان..
وەک پەنجەرەم شەرم بەخۆو
روون و زەلاڵ و دیودیارن
پەنجەرەکان..
وەک پەنجەرەم عەقڵ بەخۆن
شیار.. شیار.. هەستیار.. هەستیار
پێش هەمووکەس
هەمووشتێ
هەموو جێیەک
لەکەی و چۆن و چی دەگەن
پەنجەرەکان..
بێ چاویلکە لەبەرامبەریان دەڕوانن
والاّن و بەبێ هەست و خوست
رۆژ دەهێننە ژوورەوە
ژوانێک بۆ
کۆلیۆسەکان دەڕەخسێنن
والاّن و سەرە دیقانێی
مێشخۆرە ژەرەژییەکان دەکەن

والاّن و بۆنی ریحانەو
گوڵەڕەزو مێخەک و مێلاقە دەکەن
والاّن و گوێ لە مەرامی
ئاوازە حەسرەتاوییەکانی
شاڵوورە تروبادۆرەکان دەگرن
لە سپییە ساتی سبەینێ و
لەزەردە ساتی نیوەڕۆژێ و
لە سوورەساتی مەغرەبان
والاّن و.. شیار راماون
لە زوومی چاوەکانیان
لە هەموو دوورو نزیکا
نزیکی دوور
دووری نزیک
دوور دەبینرێ لە نزیکا
کەس پێش پەنجەرە نابینێ
کەس پێش پەنجەرە نابیستێ
کەس پێش پەنجەرە بەخووناو
سیما ناشواو سەرمەست نابێ
کەس پێش پەنجەرە هەست ناکا
وەرزەکان دێن و دەبوورن
کەس پێش پەنجەرە پێشوازی
لە کزەباو لە شنەباو لە سروەبا
ناکاتن و باوەشیان تێ نائاڵێنێ
کەس وەک پەنجەرە
بەهوڕەو گەردەلوول و رەشەبای شێت
قەڵس نابێ
پەنجەرەکان وەک پەنجەرەم
ئاوێزانی دیداری ئازیزان دەبن
وەک پەنجەرەم
خوناوی شەرم دەتکێنن
کە چنارێکی رەنگ زەردی

پێخواسی رووت دەبینن
پەنجەرەکەم وەک پەنجەران
تیشک دەخاتە سەر جوانی و دیاری دەخات
پەنجەرەم تیشک دەخاتە سەر جوانی و
دەیناسێنێ
پەنجەرەم تیشک دەخاتە
سەر زێرەگەڵای پاییزان دەیبریسکێنێ
پەنجەرەم گورزە دەخاتە سەر ژوان و
دەیڕازێنێ
پەنجەرەم شەبەنگ دەخاتە سەر پەیڤین و
بەقسەی دێنێ
پەنجەرەش جریوەم بۆ دێنێ و
ژوورم پڕدەکات لە ئاواز
پەنجەرەش شەبەنگ دەهێنێ و
ژوورم پڕدەکاتن لە رەنگ
پەنجەرەش چپەم بۆ دێنێ و
ژوورم پڕدەکات لە ئولفەت
پەنجەرەش سروەم بۆ دێنێ و
ژوورم پڕدەکات لە گوڵاو
پەنجەرە هەڵمدەستێنێ
دەمباتە بەردەم ئاوێنە
ئەوساتەم بیردەخاتەوە بەپەنجەرە سوێندم
دەخوارد
خودا.. پەنجەرەم بدەرێ
رێگام دە پەجەم بگەڕێ
خودا.. ئەو دەمە من دەمرم
لە ماڵدا پەنجەرەم نەبێ
لە شەقام پەنجەرەم نەبێ
لە کۆڵان پەنجەرەم نەبێ
لە ئاهەنگ پەنجەرەم نەبێ
لە کۆڕدا پەنجەرەم نەبێ

لە شیعرا پەنجەرەم نەبێ
لە کتێب پەنجەرەم نەبێ
لە هزرم پەنجەرەم نەبێ
لە گۆڕم پەنجەرەم نەبێ
لە بەهەشت پەنجەرەم نەبێ
لە دۆزەخ پەنجەرەم نەبێ
خودا.. گەر پەنجەرەم نەبێ
لەکوێ پەنجەرە ببینم
لەکوێدا چرا ببینم
لەکوێوە شیعر ببینم
لەکوێوە حەرف ببینم
لەکوێوە عەقڵ ببینم
لەکوێوە ژیان ببینم
لەکوێوە ژەرەژ ببینم
لەکوێوە سێوان ببینم
لەکوێوە مەمان ببینم
لەکوێوە عەزاب ببینم
لەکوێوە شەڕاب ببینم
لەکوێوە عەشق ببینم
لەکوێوە فەنەر ببینم
لەکوێوە زێوان ببینم
لەکوێوە تەمبوور ببینم
لەکوێوە دایسان ببینم
لەکوێوە سەما ببینم
لەکوێوە خودم ببینم
من بێ پەنجەرە نابینام
خودا.. پەنجەرەم بدەرێ و
بوارده پەنجەم بگەڕێ
بۆ پەنجەرەکەی جیرانمان
لەسەر پەنجەرە بنووسم
ئاگرێک بەربۆتە بوونم

وەرەو بەسەرما رابووره
ببە بەرێژنە بارانێ دامرێنە
بوارده پەنجەم بگەرێ
بەجورئەتێکی عاشقانە
لە یەکەیەکەی پەنجەرەکانی زەلیلان
بنووسم «شەرم»
لە پەنجەرەی پۆل بنووسم
مەرگ بۆ جەبرو جوگرافیا
کەی پۆل دەبێتە رەشبەڵەک؟
کەی مەمکدان دەبێتە تاجە گوڵێنە
لە پەنجەرەی دیوانخانەکان بنووسم
پەستم بەمیوانی بەپۆز..
خانەخوێی گێل و چاوچنۆک
لە پەنجەرەی بەرپرسەکانا بنووسم
بەسە مێزبازی
لە پەنجەرەی بەرپرسەکانا بنووسم
خەو بەفیرعەون مەبینن
لە پەنجەرەی دەوڵەمەندەکان بنووسم
کێ ناوی ناون خواپێداو؟
لە پەنجەرەی جاشمەرگەکانا بنووسم
خۆشی لێتان وەک جارانن
لە پەنجەرەی کۆشفرۆشەکان بنووسم
دڵتەنگ مەبن کڕین و فرۆشتن یەک شتە
یەک بازاڕەو یەک حەرامەو یەک حەیاچوون
لە پەنجەرەی پەروەردەکانا بنووسم
(جوت) لەئێوە
ئێوە واتان پێگەیاندم
لە پەنجەرەی دادگایەکانا بنووسم
ئەوەی ئاسوودەیی شێواند تۆی عەدالەت
لە پەنجەرەی شەمەندەفەرێک بنووسم
ساڵانێکە ئێمە دەڕۆین و هەر دەڕۆین

تەنیا یەک پرسیاریش ناکەین
بەرەو خۆرهەڵات یا باشوور
رووەو هەڵزنان یا خلیسکان
ڕێ دەرنابەین
لەو فارگۆنە نابینایە موطیحانە
رووەو کوێ ڕێمان گرتووە
دەڕۆین بەرەو کوێی بێ ئاگا
لەناکۆتی.. لە شەترەنجی شەیتان و خوا
خودا.. پەنجەرەم بدەرێ
بوارده پەنجەم بگەرێ
لە پەنجەرەی ژیان بنووسم
مردن هەر خەنجەرێک نییە
کە مرۆڤ شەتوپەت دەکات
مردن دابڕانە لە خوود
جیابوونەوەودابڕانە لە پەنجەرە
لە پەنجەرەی یاریگایەکان بنووسم
ژیان یارییەکی درێژو بەردەوامە
ئێمەش ئامێری سەر خانەین
براوەی دۆڕاوین
دۆڕاوی ونبووین
دۆڕاو و ونبووین
ونبوو و بێ ئاگاین
ئەوەی یاریمان پێدەکات
هەست ناکەین خوایە یان شەیتان
لە پەنجەرەی دۆزەخەکانا بنووسم
خوا شێوەو شوێنتان دەگۆڕێ
بۆ ئەوەی خەڵک عاشق بێ
لە پەنجەرەکانی خەو بنووسم
ئارامی دەستێک شەترەنج بوو دۆڕاندمان
لە پەنجەرەی سەر بنووسم
رۆح بەتۆوە رۆشن دەبێ

نەفرەت لە رەشی قەترانی
لە پەنجەرەی ئاو بنووسم
سڵاو لەڕوونی و بێ گەردی
لە پەنجەرەی باخ بنووسم
بەڵێ بۆ هاتن و نا بۆ چاوەڕوانی
لە پەنجەرەی پاس بنووسم
ئەو کورسییەی تەنیشتم گیراوە بۆ پەنجەرە
لە پەنجەرەی ترس بنووسم
تکایە باسی قەرز مەکە
لە پەنجەرەی عەشق بنووسم
منیش هەم بەبێژینگەک برینەوە
لە پەنجەرەی حەز بنووسم
عاشقی بەینی مەمکۆڵەی ئەلبۆمێک ژەرەژە کچم
لە پەنجەرەی پەنجەرەکانا بنووسم
لە ناوکت بەرەوخوار بۆتۆو
دوو مەمک و گەردنت بۆ من
لە پەنجەرەی خۆم بنووسم
من هەڵگیراوی پەنجەرەم بۆ پەنجەرەم
من داگیرکراوی پەنجەرەم هی پەنجەرەم
من پاسەوانی پەنجەرەم
من باخەوانی پەنجەرەم
من حەزو خولیای پەنجەرەم
من هەموو ژیانی پەنجەرەم
خودا.. پەنجەرەم بدەرێ
خودا.. پەنجەرەم دانەخەی
خودا.. ئەو دەمە من دەمرم
پەنجەرەم لەڕوو دابخەی
خودا.. پەنجەرەم دانەخەی
بواردە پەنجەم بگەڕێ



ئازاری ٢٠٠٨


# پێڵاوی کات و گمەگمی تەنیایی

ڕابەر فاریق



بەدەریاکانم وت: بوون و نەبوونی ئاو
وەکوو یەکە، لە ساتێکی بێزاریدا.
تارماییی سێبەری ئەم پیاوە لە باڕێکدا
بەجێ ماوە
لە تەنیشت بێتاقەتیی پێکێک هەوا و
جووتێک گۆرەویی فڕێدراو.
کوردبوونی ئەم میللەتە لە وەهمێکەوە
درێژ دەبێتەوە
درێژ تا قەقنەسبوونی هەوا
درێژ تا جاددە خۆڵگرتووەکانی ژیان.
هەوا هەناسە دەدا،
وەختێک مرۆڤ دەبێتە ئاوێنەی پەیکەر،
وەختێک کە هیچ نییە
بۆشایی نەبێ.
کات دەکرِم وەکوو پێڵاو

بۆ پێم بچووکە وەک بچووکیی بوون
بەرانبەر بەژیان و بەرانبەر بەچەقۆ.
من بوو مەتە نیگەرانیی
بوو مەتە تۆزی نێو کتێبە نەکراوەکان
بوو مەتە ڕەفەی هەڵمی نسکافە و
قەفەزێک: هەڵواسراو بەئاسمانەوە.
لە ژیاندا ژوورێک نییە بۆ کرێ
لەم ژوورەدا پیاوێک نییە، وشە نەبێ.
سەرم دەکێشم بەدیواری چۆڵەوانیی
کاغەز ئاو دەدەم بەوشە..
پاڵم ناوە بەبۆشایی
لەسەر دۆشەکی ئاو ڕاکشاوم
قوڕ بۆن دەکەم و تەلیسمێک دەڵێ:
(قوڕ نەما تا بیکەی بەسەری
نەهامەتیتدا؟):
- وشە هەیە، هیچ هەیە.
بە(شەو) خوێنوڕژانی ئەم وشەیە ڕادەگرم:
(ڕەهەند).
خۆم و عارەبانەکەم دەچین بۆ بازاڕ
ئەو دەستی (ڕۆن) دەگرێ
منیش: پێ.
هەر بەوشە دەنووسم: (وشە).
تەعبیر لە وەڕسیی ژان دەکەم
بەشادمانیی تۆ.
وشە دەئاژووم نەک پاسکیل
خۆم لێدەخوڕم نەک ئۆتۆمبێل.
بە ڕووتیی دەچم بۆ بازاڕ
ڕەسم لەگەڵ یادگار دەگرم
بە شمەکی گمەگمی تەنیایی.



* (لە گۆرانییەکی دیاری قەرەداغی- یەوە).

# فووم لێمەکەن.. مۆم هەر دەسووتێ

بەهار کەمال



مۆمێکی سووتاوم
لەوەتەی هەم هەر دەسووتێم و دەسووتێم،
کەسێ نەبوو بمکوژێنێتەوەو
رەحمێ بەئەشکی خوێناویم بکات،
زۆر گریام و فرمێسکم رشت
تا وایلێهات دەریا شەرمی لەلافاوی
چاوانم کرد،
زۆر هاوارم کردو کڕوزامەوە
گوێی هیچ دەنگێک ئاگای لەمن نەبوو.
مۆمێکی سوور بووم
رۆژێک کچێکی شۆخوشەنگ
منی لەناو شوشەی یەکێک لەدوکانەکانی
شاردا بینی و یەکسەر ئاشقم بوو،
لەخاوەنەکەمی کڕی و بردمیەوە

بۆ کۆشک و تەلارە چۆڵەکەی
بەو هیوایەی لەبەر شەونمی روو مدا
سەرگوزشتەی خۆشەویستی خۆیم
بۆ باس بکات،
ئەو وایدەزانی من دەبمە میحرابی
سۆزو ئەوینی ئەو ،
شەوانە بۆ یەکتری دەگریاین
گریان قەدەرو ناونیشانی ئێمە بوو ،
من لە مۆمێتی خۆم وەڕس بووم و
ئەویش لە ژنێتی خۆی،
من و ئەو قەدەری سووتان
کۆیکردبووینەوە،
سووتانی من بەرەو ڕۆشناییەکی کپ و ماتە،
بەرەو تەنیاییەکی پڕ لە بێهوودەییە.
بەرەو باخچەیەکی جەرگ سووتاوە.
سووتانی ئەویش بەرەو جوگرافیایەکی
قرچ و وشکەساڵییە،
بەرەو باوەشی ئەو قایغەیە
کە خیانەت لە بەندەرەکانی دەکات.
ئێمەی جنسی مۆم هەروەک ئینسانەکان
کێشەی پیاوێتی و ژنێتیمان هەیە،
ئێمەیش سووتان قەدەرێکە و
بەرۆکی گرتووین.
بەڵام ئێمە هەمووومان دەسووتێین
ژن بین یاخود پیاو ،
من بەدرێژایی تەمەنم دەسووتێم،
هەر جارەو یەکێک بە مەزاجی خۆی
دەنکە شقارتەیەک دێنێ و دامدەگیرسێنێ،
یەکێک بۆ ساڵیادی خۆشەویستەکەی و
دایکێک بۆ جەژنی لە دایک بوونی
کۆرپەکەی و
سەرکردەیەک بۆ بۆنەیەکی نیشتمان و

نائومێدێکیش بۆ دڵدانەوەی
یادەوەرییەکانی خۆی.
جەستەی سووتاوم هاوار دەکاو فیغانێتی،
بەڵام هەر لە گڕگرتندام،
خۆ چراو ئاگردان و گڵۆپە دەستە خوشکەکانم
ئاگایان لە هەنسکی منە،
ئەوانیش هەر یەکەو چیرۆکی پڕ دەردەسەریی
خۆیان بۆ یەکتری ئەگێڕنەوە.
لەوەتەی دنیا هەیە ئێمە دەسووتێن
تا ئینسانەکان بەختەوەر بکەین،
من هەرگیز هیوای رووبارێک ناخوازم
فرمێسکەکانم بشواتەوە،
ناونیشانی من فرمێسک و توانەوەیە،
هەمیشە پەپوولەکان عاشقی مۆم و چران.
عەشقێکی جەدەلی هەیە لە نێوان
ئێمە و پەپوولەدا،
لەحزەی ماچ کردنی پەپولەو چرا
لە دایک بوونی چیرۆکێکی بێ کۆتایە.
وا نەزانن بەسووتانی پەپولە
خۆشەویستی لەناو دەچێ،
زەمەنی حیکمەتی من و سادەیی پەپوولە
تێپەڕیووە،
من چاوەڕێی هاوڕێیەک دەکەم
ڕۆحی تواوەم کۆبکاتەوە و
بمباتەوە بۆ ئەو کاتانەی کە
لە زەمەن جێماون.
هەر تنۆکە ڕژاوێکی من پڕە لە سەدان
یادگاریی تاڵی تەمەنم،
هیچ شەمعدانێکی ئەم دنیایە ناتوانێ
جەستەی پڕ زوڵم لە ئامێز بگرێ.
من هەر لەو سەفەرەی کە سووتان و
فەنابوون پێناسەیەتی.

ڕۆژێک چووومە بازاڕو سەرم سووڕما
لەو نمایشە مەزنەی بۆ ئێمەو شەمعدانە
هاوڕێیەکانمان سازکرابوو.
بەڵام من لەو سەرزەمینەدا مستێکی بچۆکە لەو
تەریکم شک نەبرد هەتا دواهەناسەمی
تیادا بتاسێنم،
خۆ ڕۆحی کچێکی سووتاو دەتوانێ
من هەڵگرێ و بمبات بۆ ئەو
شوێنەی کە ناوی لێدەنێن جەهەننەم،
لەوێ لە باوەشی یەکتریدا
خەون بە سێبەرە بەجێماوەکانەوە دەبینین،
من شەوقی خۆم سەمای بۆ دەکەم و
ئەویش بەپرچی زێڕینی
فرمێسکەکانم دەسڕێ.
بۆنی من و بۆ ئەو
تێکەڵ بەیەک دەبێ؛
(بۆنی ئافرەت و بۆنی سووتان)،
من بەچاوە ڕۆشنەکانمەوە شەوەزەنگی
بۆ ڕووناک دەکەمەوە،
ئەویش بە پەنجە میهرەبانەکانی
دڵنەوایی غەریبایەتیم دەداتەوە.
من و ئەو حەز بە ئاگر دەکەین و
لەبەردەمیدا حەسرەت هەڵدەکێشین،
ئەوەندە لە تاریکیی و تەنیاییدا سووتاوم
تیشکەکانم لە تاریکیی تاریکترن،
ئەویش ئەوەندە مەینەتبارە
جوانیی خۆی لێبۆتە دەردو بەڵا.
لە نیشتمانی سووتاندا
نە سێبەر هەیە،
نە درەخت،
ئەشێ ڕۆشناییەکانی من
لە ڕووناکی شەرمەزاربن و
تاریکییان بەلاوە باشتر بێت،
هەروەک چۆن ئەو دۆزەخێکی
پێ خۆشترە وەک لە باخچەیەک
کە پەرژینەکانی دەستیان لە
کوشتنیدا هەبێت.
لە سووتانی هەردووکماندا
ئاگرێک لە دایک دەبێت
منەتی بەهیچ بەهەشتێک نییە،
ئەزانم هەردووکمان گوناهبارین و
نە وڵاتی ڕۆشنایی و
نە وڵاتی تاریکی
خۆیان ناکەن بە خاوەنی ئێمە،
خۆ من باش دەزانم
هەر ئەبوایە هاوڕێیەکم هەبوایە
بۆ سەفەری سووتانم
بەڵام لە تۆی کچی ناسکتر
هیچ کەسێکم شک نەبرد.
تۆ هەمیشە بەدیار
گریانی منەوە
سۆمای چاوەکانت تێکەڵ
بە جەنگڵستانێک دەبێت
کە عاشقێکی ڕق هەڵساو
بەبێ لێکدانەوە ئاگریان تێ بەردەداو
نە جەستەی تۆ ئازادەو
نە جەستەی من،
بەدرێژایی تەمەنم دەمخەنە
ئامێزی شەمعدانە باڵابەرزەکانەوە و
لە هەموو بۆنەیەکدا چاوەکانم
دادەگیرسێنن،
خۆ منیش ئەوەندە ئەشک دەڕێژم
تا کیژۆڵەکان شەرم لە نیگای

مـن دەکەن.
ئەیشزانم قەدەری مـن هەر تـوانـەوەیـە،
بەڵام هەر دەگریم و دەگریم،
لە زەمـەنـی تاریکستانـدا هەمـوو بونـیادەکان
رۆشنایـی خۆیـان لە دەست دەدەن.
ئاسمان سەرپـۆشێکی دڕاوە و ئـیدی
لە تـوانـایـدا نـییـە ئـەستێرەکان
کۆبکاتـەوە.
چی نـور هەیـە دەڕژێ و
بەرەو عالـەمـی ئـەو دیـوی رووناکی
ئـۆغر دەکەن.
نیشتمانـی مـن نـاوی تـوانـەوەیـە، تـوانـەوە
رۆح و جەستەم لەیەک چرکەدا
شونـاسی تـوانـەوە هەڵدەگرن.
رۆحی مـن وەک رۆحی مـرۆڤ
تـامـەزرۆی ژیـان نـییـە
بەقەدەر ئـەوەی حەز بە فەنـابوون دەکا.
جەستـەشم ساتێ بەبێ رۆح هەڵـناکا،
دوانـەیـەکـین بۆ یـەک ئـەسووتـێـین،
سەرتـاپـام حەز بە لەحزەی مـاچ کـردن
لەگەڵ ئـاگردا دەکات،
عەشقێکی زۆر سەیر لەگەڵ ئاگر.
بەخوا مـن تـاوانم نـییـە لە مـەرگـی پـەپـولـە
بەرلـەوەی مـن چاوەکانم هەڵبێنم
پـەپـولـە مـرد.
بەرلـەوەی بچمە ئـامێزی ئـاگرەوە
ئـەو لـەدایـکبوو،
بەرلـەوەی بگریم
ئـەو عاشق بوو.
مـن یـەقینـم کە کـەس ئاگای
لە مـردنـی مـن نـییـە،
لەحزەی رۆحکێشانم
لەگەڵ دوا فرمێسکمدا
ئـیدی بەرەو سەفەرە ناوادەکەی
سەری خۆی هەڵدەگرێ.
پـەپـولـە منـی مـاچ کـردو مـرد،
منیش ئـاگرم مـاچ کـردو مـردم،
مـن نـازانم جەستـەی تـواوەم
لە رۆخـی کام چەپک لە رووناکی
خێوەتـی خۆی هەڵداوە،
بەو هیـوایـەی جارێکی تـر
رۆحی ئـاگر دۆنـایـدۆنـی رۆحم نـەبێ،
جەستـەی مـن گـەر تـواوەش بێ،
بەمـەرگ و بەژیـان،
بەتـاریکی و بەرووناکی،
بەخـەم و بەخـۆشی
هەر بە ئـاگایـە،
مـن لە دڵۆپێی ساتـی سووتـانـی خۆ مـەوە
سەرلـەنـوێ لە دایـک دەبـمـەوە،
دڵۆپـی مـن و فرمێسکی کچێک و
شەونمی گوڵێک بەچەشنێک
ئـاوێتـەی یـەکدی بوون،
کە هیـچ بایـەک و هیـچ پـەنجـەیـەک و
هیـچ پـەرژینـێک
نـاتـوانێ لە یـەکمان دابـبڕێت.
فووم لێمەکەن با تـا دوا هەنـاسە بسووتـێم،
لەوە زیـاتـر برینـدارم مـەکەن،
لێگەڕێن بابسووتـێم.
تـا بەسووتـانم شەوگارە ونـبووەکان
بدۆزمـەوە.

# دایکم پاسەوانی گوڵەکان دەکات

هێرۆ کوردە/ کەرکووک

دایکم سپێدان بەر لەخۆر
هەڵدێت و
دەچێتە سەر رەگەزی پەپوولەو
هەڵاڵەی گوڵەکان
دەمژێت،
دایکم
نیوەڕوان دەچێتە سەر
رەگەزی رەنگەکان و
سەوز سەوز دەبێت و
لەناو
گەڵاو گوڵی
باخچە چکۆڵەکان
ون دەبێت..
تاوێک دەبێتە گەڵای
دارسێوە باڵابەرزەکەو
تاوێکیش
دەبێتە تەرزی دارمێوەکەمان و
دەستی لە دیوارەکانی ژیان
گیردەکات.
دایکم نیوەڕوان
دەچێتە سەر رەگەزی
فریشتەکان و
بە دوو دەست
سۆزو میهرەبانی بەناو باخچەکان
دەپڕژێنێ..
دایکم، پاسەوانی گوڵەکان دەکات و
نزایان بۆ دەکات
دایکم پاسەوانی گوڵەکان دەکات و

هەردەمەو
گۆرانییەکیان بۆ دەڵێت..
سپێدان بەگۆرانی
«ئای لەجوانی ئەم گوڵانە
ئای لە شۆخی ئەم گوڵانە»
گوڵە ناز نازو هەمیشە بەهارەکان
لەخەو هەڵدەستێنی،،
دایکم هەمیشە سوێند بەجوانی
گوڵەکان دەخوات و
من سوێند بەسەوزی رۆحی دایکم دەخۆم.
دایکم
جگە لە گوڵەکان
دڵی بۆ کەس ناکاتەوە و
گوێ بۆ خەم و ترسی
گوڵەکان لە هەڵوەرین دەگرێ
دایکم بەگێڕانەوەی
دیرۆکی پڕ لە سووتانی خۆی
گوڵەکان، دارەکان
بەفرمێسک موتربە دەکات و،
تا لەوە جوانتر و شۆختر و رەنگین
تر بن و
چاویدانیان پێ دەبەخشێت.
دایکم
سوێند بەگوڵەکان دەخوات
کە جگە لە بەهار
وەرزەکانی دی
سەر بەرۆحی ئەونین و
گوڵ و جوانی و رەنگیان
تیا ناڕوێ.
دایکم پاسەوانی گوڵەکان دەکات..
دایکم
چاوێکی لەسەر ئێمەیەو
چاوێک لەسەر
گوڵەکان،
گۆرانییەک بۆ ژیان
دەڵێت و
هەزاریش بۆ گوڵەکان.
دایکم لەناو گوڵەکاندا هەر لەگوڵ
دەچێت.
دایکم
هێندە پاسەوانی گوڵەکانی کردووە
خەریکە دەچێتە سەر
رەگەزی
گوڵەکان و
جوانی و گوڵەکان
لەخۆی دەگرێت.
تا هەزار هێندەی تر
جوانترو تەڕترو میهرەبانتر
بێت.
دایکم بۆنی گوڵەکانی
گرتووەو
کۆڵانەکانی ژیان
پڕ دەکات
لە بۆنی سەوزی و
تەڕی باخچەکەمان،
دایکم ژیان
لەسەر پەردەی گوڵەکان دەبینێ.
دایکم
پاسەوانی گوڵەکان
دەکات..
تا چاویدانی بەژیان ببەخشێ

مایسی، ٢٠٠٨

# ١٣ چامەی هەڵبژاردە
# ٢ - ٢

و: لە ئینگلیزییەوە: جەلال زەنگابادی

(٩)

## ئۆرفیۆس بەکوژراوی

**ساندۆر ڤیۆریش** *

لە پەنایەکی سێبەرین و فێنکا هەڵاژاوم
ئەز مردووم؛ رۆڕۆ مە!
هاوئاپۆڕەی ئافرەت و پیاوان
بەسەر تەرمەکەما بەکوڵ دەگرین!
کۆسکەفتن هەر لە دهۆلەوە
گلۆردەبێتەوە؛
جا بۆیە منیش دێمە سەما
ئەدی کێ منی کوشتووە؟
ئەرا؟
بە نێو: بازاڕ، تەلار، مەیخانەو زووڕناژەنەیل
دەخولێمەوە؛
تا بتوانم لە مەی نۆشینا بە بەدمەستان بێژم؛
- ( باش تێمڕامێنن؛
ئەز دلْتانم،
لەپێناو گەدایان و کوێرانا گیراوی مەرگم!)
ئەز کەڤرم
من کانزام
کەلاکیشم لەبان خاچی کۆیلەیەکا
بەچاوەیلی پووک و زەقەوە تێدەڕوانێ؛
بۆیە سەمادەکەم!
ئەز هەموو شتێکم
هیچیش نیم!
ئاخ! تێمڕامێنن،
من هەموو مرۆڤێکم
کەسیش نیم!
کەڤرو کانزا
فرە شێوەم
لەسەر خاچی کۆیلەک
لۆ زیوانگەل منیان کوشتووە؟!

داخۆ گاڵتەم بە پەرستگاکەیان کردبوو ؟!
ئەوەتانێ لە وێرانە خاکا
بەڵاشەی هەڵاهەڵاوە راکشاوم
ئاخۆ چ مەرکانێک هەژی ژیلەمۆ
چەرمۆکەمە؟!
ئەرێ ئافرەتەیل بۆچ منیان هەپرووون
هەپرووون کردووە؟!
ئایا ئەڤینە مردووەکەم دەبینن؟
گورگە داهێزراوەکان لە برسان بەدەورما
دەسووڕێنەوە
هەر گەمارۆم دەدەن
سترانیش دەبارێ و گلۆردەبێتەوە؛
ڤێجا سەمادەکەم!
ئەز (قابین)م
قددیسیشم!
ئا دەی کڕنۆشم بۆبەرن!
گەڕوگولم، پاکژیشم!
دە دەستان پێما بسوون!
جەستە دەبزوێ
جو مگە لاوازەکان هەڵدەوەشێنەوە
سارده فرمێسکیش هۆن هۆن دێتەخوارێ..
جەستەکە جواناو دەدەلێنێ
هەر ئارەقدەکا...
ئەز گەمژەلم،
پیتۆلیشم!
سا هیچم لێ مەپرسن!
ئەز مردووم، زیندووشم!
روخسارێکی کەرم،
قوربانییەکم
بەڕووەمەتە مۆمینەکەی ئاوڕ لە ئاسمان
دەداتەوە!
بەتۆقاندن و داپلۆسین گەمارۆدراوە!
جا با هەر وەیشوومە لە دهۆلەوە
غلبێتەوە!
منیش با هەر سەمابکەم
چ پرسیارێک بەرنگاری جەستەیەکی لە
خاچدراو بێتەوە،
هەنێ ئاوارەکراو لە وێرانە ئاخا هەڵژاوم؟
چ پرسیارێک گەمارۆی گەنەی
تۆپەڵکراوی نێو لۆدەکان بدا؟
ئاری؛ هەر دهۆڵی مەرگە گلۆردەبێتەوە!
منیش هەتاهەتایە لە گێژەنگەی سەمادام!
گۆرانیش بەخوێنم ڤەژێ و رۆخانەو دۆڵان
دەخنکێنێ!
ژیانە نهێنییە بێپایانەکەشم
بەتەنافی مەرگەوە هەتاهەتایە
هەڵواسرایە...

---

* Sandor Weores (١٩١٣-١٩٨٩)
هۆزانڤانێکی هنگارییە(٩)

## (١٠)

## دەربازبووم

**تادیۆش رۆجیڤچ***

بیست و چوار ساڵ تەمەنمە
لە کوشتار دەربازبوومە

* *

ئەمانە ناڤێن پووچن
یەک واتاشیان هەیە:
مرۆڤ و ئاژەڵ
رق و خۆشەویستی
دۆست و دوژمن
تاریکی و رووناهی!

* *

بەرخ ئاسا مرۆڤ سەردەبڕێ
فارگۆنێن شەمەنەفەرم دەدی

تژی لە مەردمی هەلا هەلاو
هەپروون هەپروون
(ڕزگاریکەر)فەرامۆشیانی کردبوو!

* *

واتایەل هیچ نین
مەگەر هەر واژەێن:
پاکژی و پیسی
درۆو ڕاسی
جوانی و دزێوی
دلێری و ترسنۆکی!

* *

ئاری...پیسی و پاکژی هاوسەنگن؛
مرۆڤێکم بینی لە هەمان کاتا چاک و بەد بوو!

* *

منەی مامۆستایەک دەکەم؛
بینین و ببیسێن و ئاخاوتنم بۆ بگەڕێنێتەوە
ناوی شت و واتاکان بنێ سەرلەنوێ
ڕووناهی و تاریکی لە یەکدی جودابکاتەوە

* *

بیست و چوار ساڵانم
لە کوشتارگە ڕزگارم

---

* Tadeusz Rozewicz(١٩٢١-)هۆزانڤانێکی پۆڵەندییە(١٠)

## (١١)
## هێز

**بلاگا دیمترۆڤا***

زۆر بەهێزم
کە هیچم نییە لێم بسێنرێتەوە
هیچم نییە لە ترسی لە دەستدانیا بلەرزێم
یا سەراپا ببمە چاو لە ترسی رووتەوکردنا!
دەتوانم راوەستم بێباکانە
لە رووی تەڤ باهۆزێن ئەم جیهانە؛
دەهەڵکەن ئەی باهۆزان!
بمدەنە بەر تازیانە...
چیم هەیە تاڵانی کەی؟
هیچ بۆ خۆم نابەم؛ تا بنووشتێمەوە!
لەپێناو هیچ شتێ ناپاڕێمەوە؛
تا کڕنۆشم پێ بدەی
هیچم لە کاسەی بەتاڵی دەستانما هەڵنەگرتووە؛
تا کۆت و بەندمکەی
ئازادم نها ڕووناهی ئاسا
بە باڵ و خەون و هزرێن ڕەها
بۆ لە کۆشگرتنی هەموو شتێکیش زۆر بەتوانا...
دە تۆش ئەی دنیا
هەرچەن زیاتر لێم دەسێنیتەوە؛
زیاتر لە چنگی منی!
چونکە دەسم لە خۆ شۆردۆتەوە؛
لە هەر گاڤێکی تر پەیوەستەی منی!

---

* Blaga Dimitrova(١٩٢٢-)شاعیرەیەکی بولگارییە(١١)

## (١٢)
## لێکترازان

**دراگۆ شتامبوک***

هەنتەشت گیانم ڤەژێنێ
دەکەفمە دوات بۆ خەونەکۆشکێ.
لە ڕەوتتدا شنە دەهەژێنی،
لە گۆڕێکی مەڕمەڕینا دەمنێژی!
نا...ناکۆچی،
هەمرە ناچاردەبی
بازووەکانت بەدەوری کەمەرما بئاڵێنی،
گیانیشم وەک دار دەقلێشێنی و

بە ئێشێکی ناخامۆش گڕدەگرێ!

-هەنتەش:حزوور/ناکۆچی:کۆچناکەی
* Drago Stambuk( ١٩٥٠ )هۆزانڤانێکی کرواتییە.(١٢)

## (١٣)
## هەر چامەیەک

**بیاتا فیدریب***

**هەر پەیڤێکم**
**پەڕێکە دەدرەوشێتەوە**
**مینا دڵ لە جەستەدا**
**هەر رستەیەکم**
**باڵێکە خۆی پێما دەسایێ**
**وەک نیگای تۆ؛**
**کە هەموو شتێکم لە هویر دەباتەوە!**
**هەر چامەیەکم**
**پاسارییەکە دەفڕێ،**
**(با)دەپشکنێ،**
**بۆ رێڤگەیەکی نۆێ بەجێمدێلێ...**
**ئارێ؛**
**پەیڤێکە**
**پەڕێکە**
**باڵێکە**
**پاسارییەکی بەرزەفڕە...**

- هویر: بیر، یاد/ پاساری: چۆلەکە، چێشکە.
* Biata Fidrin(١٩٥٢- )شاعیرەیەکی دانیمارکییە(١٣)

**ژێدەر:**


١- Love Poems Selected by: Jean Garrigue
New yourk, 1975, p: 124
٢- هەمان سەرچاوەی یەکەم لاپەڕە ٥١
٣- Land Mark Ed: Szabolcsi Miklus 1965, p: 247
٤- The Penguin Book of Italian Verse Ed by: George Kay- 1966, p: 380-381
٥- Selected Poems Marina Tsvetaev Trans & Introduced by: Elaine Feinstein Penguin books- 1994
٦- لە ئینتەرنێتەوە
٧- لە ئینتەرنێتەوە
٨- لە پەرتوکی(چۆن فێری رۆمانی دەبیت، بەزمانی ئینگلیزی.....)
٩- The penguin Modern European Poets Sandor Weores & franc juhasz
١٠- لە ئینتەرنێتەوە
- الثقافة الاجنبية ع ٢/٢٠٠٠م الصمت الشعري مع الضوضاء الجهنمية/ ترجمة: عدنان المبارك
- لە پەرتوکی(هاتف الجنابي)
١١- Blaga Dimitrova Selected Poems Translated by Brenda Walker, 1992
- پەرتوکی میخائیل عید!
١٢- Language of dismemberment Drago Stambuk Cairo, 2000, p 42
- ل(٤٥) وەرگێڕدراوی عەرەبی
١٣- لە ئینتەنێتەوە.

# سوقرات

عەبدولکەریم شوانی

حەبێکی هەڵدایە دەمییەوەو نیو پەرداخ ئاوی کرد بەسەریداو پشتی نا بەدیوارەکەوەو هەردوو پێی جووت کردو رایکێشان، ئینجا چاوەکانی بەدەوروبەریدا گێڕاو لە هەموو شتێک وردبووەوە، دەتوت ئەمە یەکەم جارە ماڵەکەی دەبینێ، چاوی کەوت بەوێنەکەی(مۆنالیزا) کە بەدیوارەکەوە هەڵواسرابوو لەپڕ هەڵوەستەیەکی کردو ئینجا زۆر بەبێدەنگی چاوی تێبڕی و نوقمی خەیاڵێکی قووڵ بووەوە، کەمێ هەڵکشاو هەناسەیەکی پڕ لە حەسرەتی هەڵکێشاو لەبەرخۆیەوە دەیوت:(جووتێ چاوی گەش و زەردەخەنەیەکی بەئاستەم لەسەر جوانترین جووتێ لێوی تەنک!... دەڵێن لیۆناردۆ داڤینچی بە سێ ساڵ توانی ئەم وێنەیە تەواو بکات تا بتوانێ مۆنالیزا یان(جۆکندا) بۆ هەتاهەتایە بەزیندوویی بهێڵێتەوەو بەهەموو مرۆڤی بناسێنێ، بەڵام ئەویش داڤینچی لەگەڵ خۆیدا بەزیندوویێتی هێشتەوە). بەدەم زەردەخەنەیەکی خەماوییەوە دەتوت وڕێنە دەکات، هەردووکیان تەواوکەری یەکترین، نا هاوکێشەن، یان....! کەچی منیش چواردە ساڵە خەریکی وێنەیەکم، تاوەکو ئێستا تابلۆکەی هەر سپییە!

ژنەکەی بەسینییەکەوە هاتە ژوورەوەو لەبەر دەمیا داینا، هێلکەیەکی کوڵاوو کەرتێ نانی تیری و کەمێک قاشە تەماتەو پەرداخێک ئاو، ئێواران شتێکی سووکی دەخوارد رێژیمی نەدەکرد، بەڵکو لەبەر قورحەی دوانزەگرێ بوو، کە ژنەکەی چاوی کەوت بە دوو کتێب و جەریدەیەک لە تەنشتییەوە دانرابوون چاوی پەڕییە پشتی سەری و وەک خووی هەمیشەیی دەستی کرد بەبۆڵەبۆڵ، ئەی چۆن... هەر دوو سێ رۆژ جارێک یەک دوو کتێب و جەریدەو مەریدە نەکڕێ ئۆقرە ناگرێ! کۆڵێ پارە خەسار نەکات وادەزانێ زەرەری کردووە، ئاخر توخوا چی لەم هەموو کتێب و جەریدەو موجەلەیە دەکەی، پێمناڵێی؟(ماڵەکەمان کەری تیا بکەوێ دانی دەشکێ) کەچی هەرچی کون و قوژبنی ئەم ماڵە کاولەیە پڕیەتی لە قاقەزە شڕ! ئاخر تۆ پێمناڵێی

ئەمانە چی سوودێکیان هەیە...ها؟

ئەو پارانەی لەوانەیا خەساریان دەکەی، بۆ چارەیەکی خۆتی پێ ناکەی و لە عەزابی ئازاری ناو زگ و ریخۆڵەکانت، هەرجاریٚ خۆت دەیڵێی، رزگارت بێت؟ چواردە ساڵە من بەناخێری ژنی تۆم، تەنها دوو شت لەم ماڵەدا زەقن، ژانەزگ و قاقەزە شڕە، ماوەیەکی دیکەش چاوکزی دەبێتە سەربار... ئێمە هەر دیومانەو بیستوومانە خەڵکی کە مەکتەب تەواو دەکات ئیتر بۆخۆی دادەمەزرێ و دەحەسێتەوەو لەم شتانە رزگاری دەبێت و دووردەکەوێتەوە، کەچی ئەم تازە بەتازە تێهەڵدەچێتەوە، خۆ تۆ تا مردن ناخوێنی... ئەوەتا کاکم خۆ چەند ساڵ پێش تۆش تەواوی کردووەو دامەزراوە، قورئان بەهەقت، سوێندت لە سەرم نییە، هەرچی کتێب بێت لە ماڵەکەیدا نییە، سوێندم لەسەر قورئانەکەی نییە، ئەوە تۆ بەزەییت بەخۆتدا نایەتەوە؟ شەوی وا هەیە دوو سێ جار خەبەرم دەبێتەوە تۆ هەر خەریکی کتێب خوێندنەوەی.. ئەرێ توخوا پێمناڵێی دوێنێ شەو لەبەر خۆتەوە بەچی پێدەکەنیت؟... ئەی توخوا ئێستا بەچی پێدەکەنی؟! گاڵتەت بەقسەکانم دێت وانییە؟

دوا پارووی لەدەمدابوو قووتی داو پەرداخە ئاوەکەی بەسەردا کردو قرقێنەیەکی درێژی بەدوایدا هێناو وتی: کچێ تۆ زۆر سەیری پیاو دەهێنیتە قسەو پێکەنین، نەمزانی ئەو نانەم چۆن قوزەڵقورت کرد، پێکەنینەکەی ئێستام لەبەرئەوەیە کەوا چواردە ساڵە تۆ ئەم موحازەرە دوورودرێژەم بۆ دەڵێیتەوە، شەرت بێ وام لەبەرکردووە ئەگەر لە وەختی خۆیدا مەحفوزاتم ئاوا لەبەر بکردایە هەموو ساڵێک بەیەکەم دەردەچووم، بەڵام پێکەنینەکەی دوێنێ شەو بەسوقرات پێدەکەنیم..

دەسا تۆش ئەوەندە باسی سوقرات و موقراتت بۆ کردووم، خەریکە وەک خۆتم لێدەکەی... شێتم دەکەی، لەبەر خۆیەوە.. چاک بوو هەر زوو لە مەکتەب دەریان هێنام، ئەگینا ئێستا وەک تۆم لێدەهات.

ئینجا کێ دەڵێ وەک کاکت لێنەدەهات؟

بۆ کاکم چییەتی؟

دەتۆ راوەستێ با باسی پێکەنینەکەی سوقراتت بۆ بگێڕمەوە.

دەفەرموو دەی شەکرەکەت بشکێنە بابزانم.

دەڵێن؛ جارێکیان سوقرات لەگەڵ چەند خوێندکارێکی فەلسەفەدا دانیشتبوون سەرگەرمی موناقەشەکردن بوون، خوێندکارەکان گوێیان بۆ موحازەرەکەی شلکردبوو، سوقرات ژنێکی زۆر شڕو شێتی دەبێ، لە پڕێکا ژنەکەی لە ماڵەوە دێتە دەرەوە تەنەکەیەکی زبڵ و خاشاکی بەدەستەوە دەبێ کە چاوی پێیان دەکەوێ یەکراست دەچێ تەنەکە خۆڵە پیسەکە دەکات بەسەرو گوێلاکی سوقراتداو بێئەوەی هیچ بڵێ دەڕوات.

سوقرات بێ ئەوەی هیچی پێ بڵێ، یان خۆی تێک بدات زۆر لە سەرخۆ بەهێمنی روو دەکاتە خوێندکارەکانی و پێیان دەڵێ: (کوڕگەل ژن بێنن... ئەگەر ژنەکەتان ژنێکی چاک و گوێڕایەڵ بوو ئەوا بەدڵنیاییەوە زۆر بەختیار دەبن، خۆ ئەگەر هات و ژنەکەتان ژنێکی شڕوشێت بوو ئەوا بەتەئکید دەبن بەفەیلەسووف..)

جا توخوا ئەمە پێکەنینی دەوێ؟ وەڵڵاهی بەسەد قسەی وا پێکەنینم نایەت.

کچێ ئاخر من دەڵێم تۆ ژنێکی سەیری، چۆن پێکەنینی ناوێت؟

دەبزانم پێکەنینەکەی لە چییایە؟

دەزانی چی.. کە ئەوەم خوێندەوە یەکسەر تۆم بیرکەوتەوە، کە بەژنەکەی سوقراتت نەوتوە بەولاوە.

ئینجا من ئاوها شڕو شێتم؟

ئاخر من مەبەستم ئەوەیە، کە نە بەختیارم و نە بووشم بەفەیلەسووف...

# زەردەخەنە

د. نەوال سەعداوی
و: شەرمین عەبدوڵڵا رواندزی



لەخەو هەڵسام بینیم خەم دڵ و دەروونمی پڕ کردووە.. هەستم کرد جەستەم قورسە، قورس هەروەک لە ئاسن دروستکرابێ!! هەر دەبێ لەسەر تەختەوە بۆ سەر زەوی راکێشەرێک هەبێ. بۆ زانینی هۆی ئەو خەمە گەورەیە سەرو دڵم هەڵدەگێڕایەوە.. بەڵام هیچم نەدۆزییەوە.. تەنانەت لەو کاتەدا دڵم و سەرم بوونیان نەبوو. هەستم دەکرد رقم لە هەموو شتێکی ژیانمە... کارەکەم و هونەرەکەم و دایکایەتیم و هاورێ و خۆشەویستەکانم و هەموو شتێک تەنانەت بوون و دەروونیشم. جەستەم

بەسەر جێگاکەوە ئیفلج بوو. هەستم بە شەپۆلێکی زیانبەخش و پێداهاتنی موچرکێک لە قاچ و قۆڵەکانم کرد هەروەکو جەستەیەکی دەستکرد وابێ. لەوکاتەدا وای بۆ دەچووم کە مێشکم بەتەواوی جووڵاندنی جەستەمی لەبیرکردبێ. کە هەرگیزو هەرگیز ناجووڵێ. دڵم لە ترسان زۆر بەهێز لێی دەدا... خوێنی لە سەرو قاچم رادەکێشا. سینگمی دەپێکا، خوێن هەروەکو گڕکان گەرم ببوو وەک چۆن جەستەم بەتوندی بەر وایەرێکی کارەبا کەوتبێ، زۆر بەخێرایی لەسەر تەختەکەم بۆ سەرزەوی بازم دا.. لەسەر قاچەکانم وەستام و بەتوندی قاچەکانم دەجووڵاند. بۆ ئەوەی دڵنیابم کە وەکو رۆژانی دیکە کاردەکات.. لەسەرخۆ بەرەو کانتۆری جلەکان رۆیشتم.. جوانترین جلکم لەبەرکرد.. بەبێ چاودێری قژم شانەکرد و سەیری چاوەکانم کرد. نەمتوانی دەستم بۆ ئەو قەڵەمە رەشە ببەم، کە رۆژانە سەرەوەی برژانگەکانم پێ رەش دەکرد. دەستم دایە جانتاکەم و بێ ئەوەی ئەو چایەی هەموو بەیانییەک دەمخوارد بیخۆمەوە چوومە دەرەوەو بەرەو شەقامەکان رۆیشتم.. قاچەکانم روویان لە وێستگەی پاسەکان کرد. هەروەک چۆن گوێدرێژ قاچەکانی لە ماڵەوە بۆ کێڵگە رادەکێشێ. پاسێک وەکو نەریتی جاران پڕبوو لە خەڵک، هات و توانیم سەربکەوم و بچمە ناوەوە چۆن؟ نازانم..! لەناکاو لەنێو شوێنێکی پیس و هەناسەیەکی ناخۆش دۆزرامەوە. هەندێکیان دووکەڵ بوو... هەندێکیان نەخۆشی... هەندێکیان بۆنی پیاز.. هیچ ئارەزوویەکم لەژیان نەبوو تاکو رابکەم و وەکو جاران سەری خۆم لە یەکێک لە پەنجەرەکان دەربهێنم. ئەو خەفەتە نادیارە کە ویستمی تواندبۆوە دەروون و مێشکمی لەناو بردبوو، وای لێکردبووم لەو شوێنەی وەستابووم بێ ئاگابم لە دەورووپشتم و ئەو دەستانەی لە دەروپشتم پێم دەکەوێ هەستی پێ نەکەم، بەچاوێکی کوێرانە نیگاکانم کەوتە سەر شتێ.. روخسار.. روخساری منداڵ.. روخساری پیاوێک!! روخساری کچێک.. نازانم..!! هەردوو چاوەکانم نەیانتوانی خاوەنی ئەو روخسارە دیاری بکات.. بەڵام روخسارێکم بینی، لەسەر ئەو رووەش زەردەخەنەیەکم بینی، ئەو زەردەخەنەیە بۆ دنیایەک رایکێشام هەروەکو چۆن قوولاپی مەلەوانەکان مرواری لە قووڵایی دەریاوە بۆ سەرزەوی رادەکێشێت. وامدەزانی لە قووڵاییەکی تاریک و دووردام و پاشان بەگوریسێک بۆ رووناکی و هەوا رایانکێشام.. وەکو وابێ لێوەکانم پێکەنینیان لەبیر چووبێتەوە. سەیری ئەو روخسارەم کرد نازانم چۆن وەڵامی ئەو زەردەخەنە سەیرە بدەمەوە، زمانێکی نوێی پیشاندام کە فێری نەبوبووم... بۆ ئەوەی وەڵامی پێکەنینەکەی بدەمەوە بەبێ ویستی خۆم و بەبێ مانا سەری خۆم بۆ لەقاند. چاوەکانیشم لەسەر روخساری جێگیر ببوو بەلێوەکانیشی پەیوەست ببووم هەستم کرد قورسایی قاچم کەمێک سووک بوو. جەستە ئاسنینەکەم هەندێک نەرمی بەخۆیەوە بینی.. بەبێ ئاگایی دەمی خۆم کردەوەو بەبێ ویستم گوتم: «سوپاس...» بەگوێمدا ئەو وشەیە زەنگێکی سەیری لێدا... ئەو زەنگە نەبوو کە گوێچکەکانم لێی راهاتبوون، هەمان ماناش نەبوو کە مێشکم وا لێی تێگەیشتبوو. گوێم لە وەڵامی

وشـەکـەم نەبوو، هەروەکـو ئەم وشـە سـادەیەی کـە خـەڵـک بەکـاری دەهێنێت ئەو تێناگـات، یان باوەڕی پێی نییە، بەڵام گوێم لە چاوەکانی بوو کە بۆم پێدەکەنین.. چۆن گوێم لێ بوو، نازانم؟ بەڵام هەستم بەو هەستە مردووانەی کە هەموو کەسێکی بەتۆپڵـەیەکی ڕەش دەبینـی، ژیانێکی نوێی بۆ هات و دووبارە چاوەکانی بینییەوە... لە لایەکی خۆمدا پەنجەرەیەک هەبوو سـەیرم کـرد تیـشکی خـۆری بریقـەدار کـە دەکـەوتە سـەر ئاوی نیل هەروەکو وایەرێکی زێڕینی سەیرو و جادوو وابوو بریسکەی دەدایەوە، سەیری ئەو خەڵکانەم دەکرد کـە لە شـەقـامـەکـان بەتوندوتۆڵی و چالاکـانە دەڕۆیشتن.. پەنجەرەکـەم جـێهـێشت و سـەیری روخسـارەکـەم کـردەوە، بینیم بۆ سـڵاوکـردنی مـاڵئـاوایی سـەری بۆ دانەواندم و پێکەنینێکی سـەیری زیندووش لەسـەر لێـوەکـانی هەبوو وەک چۆن بەسەر روخساریدا بەشێکی جێگیربێت. ئەو روخسـارە لەنێـو پاسـەکـە دابەزی و لە ئاپۆڕەی شـەقـامـەکـاندا ونبـوو.. بەڵام پێکەنینەکـە لەبەر چاوم ون نەدەبوو... هەسـتم بەوە کـرد کـە ئەو پێکەنینە هەرگـیـز لە خـانەکـانی یادەوەریم دەرناچێ.. تەنانەت مـردنیش ناتوانێت ئەمـە بکات.. گـەر رۆژێـک ئەو روخـسـارە بمرێ.. بێ گـومـان دەمـرێ.. بەڵام ئەو پێکەنینە هەرگـیـز نامرێ... تاکو لەژیاندا مابم هەردەم لە یادەوەریم دەمـێنێ.. ئەگـەر مـردیشم.. منیش هەر دەمـرم، بەڵام ئەو پێکەنینە گەر کەسێکی دیکە بینیبێت لە یادەوەری ئەویش دەمـێنێ... ئەگـەر ئەویش مـرد.. بێگومـان ئەویش دەمـرێت... ئەوا لە یادەوەری کـەسـێکی دیکە هەر دەمـێنێ... هەر وەکـو چۆن خـودای گـەورە بەبێ هەژمـارکـردن ژیان لەوێ و لەوێ دابەش دەکـات. لە پەنجـەرەکـە هەوایەکی خـۆش هات و هەناسـەیەکی قـووڵم هەڵـمـژی و دەمـارەکـانی دڵ و دەروونمی ئاسـوودە کرد. بەخۆمم گوت کە دنیا جوانە... جوانە.

گـەیشـتـینە وێسـتگەو لە پاسـەکـە دابەزیم... چەند هەنگاوێکم هەڵهـێنا.. هەسـتم کـرد کـە جـەسـتـەم لە پەڕەمـووچەیەک دروسـتکراوە.. لە شـەقـامـەکـان هەروەکـو سـەمـا بکەم دەڕۆیشـتم.. لەناخەوە گوێم لە دەنگێک بوو گۆرانی دەگوت..! هەمـوو روویەکم دەبینی بەرامـبـەرم پێـدەکـەنین و منیش بەپێکەنینێکی سـادەو سـروشـتی وەڵامم دەدانەوە... هەروەکـو... هەروەکـو چۆن لێـوەکـانم پێکەنینیان لەیاد نەکردبێ...

# دواجار قەلەڕەش دێتە خوارێ

ئیتالۆ کالڤینۆ
لە ئینگلیزییەوە: ئەدیب نادر

تەوژمەکە تۆڕی کۆمەڵێک وردە شەپۆلی شەففافی سووکەڵەبوو، ئاوەکەش لە ناوەڕاستیدا ڕەوتی دەکرد. وێدەچوو جارناجارێک پەڕەکە زیوینەکان لەسەر رووی ئاوەکەدا بلەرێنەوە و پشتی تراوتێکیش(*) بەرلەوەی زیگزاگ بچێتە ناوەوە بدرەوشێتەوە «پڕێتی لە تراوت» یەکێک لە زەلامەکان گوتی:

«ئەگەر نارنجۆکێک باوینە ناوەوە هەر هەموویان سک لە حەوا دەکەونە سەر رووی ئاوەکە» یەکێکی تریان ئەمەی وت و نارنجۆکێکی لەبەر پشتێنەکەیەوە دەرهێنا و کەوتە کردنەوەی قەپاخەکەی.

دواتر ئەو کوڕە چیانشینە روخسار سێوییەی کە تەماشای دەکرد هاتە پێشەوە گوتی «بیدەرە من» و تفەنگی لە یەکێک لە پیاوەکان وەرگرت. پیاوەکە وتی: «ئەوە ئەو کوڕە چی دەوێت؟» و تەقەلای ئەوەی دا تفەنگەکەی لێ بستێنێتەوە، بەڵام کوڕەکە تفەنگەکەی ئاراستەی ئاوەکە کردبوو، وەک بڵێیت بۆ نیشانەیەک بگەڕێت. پیاوەکە دەیویست بڵێ: «ئەگەر بەناو ئاوەکەدا تەقە بکەیت ئەوا ماسییەکان دەترسێنی، هیچی تر»، بەڵام تەنانەت نەیتوانی ئەوەش تەواو بکات. تراوتێک بەبریقەیەکەوە سەر روو کەوتبوو، کوڕەکەش تەقەیەکی لێکرد وەک ئەوەی رێک ئا لەو شوێنەدا چاوەڕوانی کردبێ. تراوتەکەش یەکسەر بەسکی سپی روو لە حەواوە سەر ئاوەکە کەوت. پیاوەکان کەوتنە: «ئۆ.. ئۆ.. ئۆه»کردن.

کوڕەکە فیشەکێکی تری خستە بەر تفەنگەکە و بەدەوروبەردا سووڕاندییەوە، هەواکە چرو‌پرو رۆشن بوو، گەڵا دەرزیوارەکانی سنەوبەری سەر لێوارەکەی دیکەو وردە شەپۆلەکانی سەر ڕەوتەکە ئاشکراو روون دیاربوون. شتێک گورج و ناگەهان هاتە سەر

رووی ئاوەکە، تراوتێکی تربوو. کوڕەکە تەقەیەکی تری کرد، ماسییەکەیش بە مرداریی سەرئاو کەوت. پیاوەکان سەیری تراوتەکەیان کردو دواتر سەیری ئەویان کرد. ئینجا هەموو وتیان: «ئەم لاوە نیشانچییەکی باشە».

کوڕەکە هەمدیس لوولەی تفەنگەکەی بە دەوروبەردا سووڕاندەوە. بیرکردنەوە لەوەی کە ئە ئاوا بەهەوا گەمارۆدراوو بەو هەمەوو «یاردە»یەی هەواوە لە شتەکانی دیکە دابڕاو شتێکی سەیرو عاجباتی بوو. کاتێک کە تفەنگەکەی ئاراستەی ئەو هەڵۆیە کرد کە لەو بەرزاییەی ئاسماندا بەو جووتە باڵەوە دەفڕی کە بەوە نەدەچوو بجووڵێنەوە، بەڵام لەولایەی ترەوە، هەواکە هێڵێکی نادیاری راستەو راست بوو لە دەمە لوولەی تفەنگەکەوە هەتا نیشانەکە بەچەسپاوی راکێشرابوو. کاتێک پەلەپیتکەکەی فشاردا هەواکە هێشتا هەروەکو خۆی بۆش و دیوودەر بوو، بەڵام لەو بەرزاییەی کۆتاییەکەی تری هێڵەکەدا هەڵۆکە باڵەکانی نووشتاندەوە و وێنەی بەردێک بەربووە خوارەوە. لە میلی کراوەی تفەنگەکەشەوە بۆنی خۆشی باڕووت کەوتە نێو هەواکە.

کە داوای گوللەی لێکردن چەند گوللەیەکی تریان دایێ. ئێستا ئیدی پیاوگەلێکی زۆر لە قەراغەکەی پشتییەوە تەماشایان دەکرد. ئەوەی بە خەیاڵدا هات کە «بۆچی دەیتوانی بەرە سنەوبەرەکان لەسەر پۆپەی دارەکانی رۆخەکەی ئەو بەردا ببینێت و نەیدەتوانی دەستیان لێ بدات؟ بۆچی ئەم مەودا چۆڵ و هۆڵە لە میانی ئەوو شتەکاندا هەبوو؟ بۆچی ئەو بەرە سنەوبەرانەی کە بە بەشێک دەچوون لەو، بەشێک لە ناواخنی چاوەکانی، کەچی ئا ئەمەندەیش دووربوون؟ بێ گومان ئەوە خەیاڵێک بوو کاتێ کە تفەنگەکەی ئاراستەی مەودا بۆش و بەتاڵەکە کردو پەلەپیتکەکەی فشار دا و دەمودەست بەرەسنەوبەرێک بەوردو خاشییەوە کەوتە خوارەوە؟

کاتێ کە تەقەی لە بەرەسنەوبەرەکەی ئەو بەرزاییە و سمۆرەیەک و بەردێکی سپی و پەپوولەیەک کرد، هەست کردن بە بەتاڵی وەکو نەوازشکردن وابوو. نەوازشکردنی ئەو بەتاڵییەی کە لەنێو لوولەی تفەنگەکەدا پێ بەپێی هەواکە درێژەی دەکێشا و لێواولێو دەبووەوە. «ئەم لاوە هەتا جارێکیش تێگرتنەکانی بەخەسار نادات» پیاوەکان وایان وت و هیچ کامێکیشیان ئارەزووی پێکەنینیان نەکرد.

فەرماندەکە وتی: «وەرە لەگەڵمان»، کوڕەکەیش وتی: «ئەگەر تفەنگێکم بدەنێ دێم» ئەویش وتی: «ئەی چۆن، بەدڵنیاییەوە» و رۆیشت.

کوڕەکە بەدوودانە سەڵکە پەنیرو کۆڵە پشتێکی پڕ لە سێوەوە کەوتەڕێ. گوندەکەی لەککەیەکی بۆری شینباوو کاو تەپاڵەی مانگا بوو لەبنی دۆڵەکەدا. دوورکەوتنەوە شتێکی باش و بەجێ بوو، چونکە لە هەموو پێچ و پەنایەکدا شتی لقەکانەوە هەڵدەفڕین، وەکو قەوزەی سەر بەردەکان، کە هەرهەموویان لەنێو رادەی دووریی ئەو مەودا ساختانەدا بوون، ئەو مەودایانەی کە دەکرێ بەتەقەیەک پڕ بکرێنەوە کە هەرچی هەوای ئەو نێوەندەیە هەڵیان دەلووشێ. لەگەڵ ئەوەیشدا پێیان وت نابێ تەقە بکات، ئەمانە ئەو جێیانە بوون کە دەبوایە بەبێدەنگی تێیپەڕێنرێن و فیشەکەکانیش بۆ جەنگەکە پێویست بوون، بەڵام لە شوێنێکی دیاریکراودا کەروێشکێکی کێوی، کە بەهەنگاوەکانی ئەوان تۆقیبوو، لەنێوەندی دەست راوەشاندن و هاتو هاوارەکانی ئەو پیاوانەوە رایکردە ئەوبەری رێگاکە هەر لەگەڵ ئەوەدا کە خەریکبوو لە بێشەزارەکە بزربێت گوللەیەکی کوڕەکە رایوەستاند. هەتا ئەمجارە فەرماندەکەیشی وتی: «پێکانێکی نایاب بوو، بەڵام ئێمە بۆ راوکردن نەهاتووینەتە ئێرە. نابێ ئیدی تەقە بکەیت هەتا ئەگەر قرقاوڵیش ببینی ئیتر نابێ تەقە بکەیت» بەرلەوەی سەعاتێک بەسەر ئەوەدا گوزەری کردبێ

کـۆمـەڵە تەقـەیەکی تر لەنێـو ریزی پیـاوەکـانەوە دەنگی دایەوە «دیســـــانەوە هەر ئەو کـــورەیە!» فـەرمـاندەکـە زۆر بەتووڕەییـەوە هاواری کـردو چووە لای، تەواوی دەمـــوچاوە ســـێـــوییـــە ســـپی و پەمەییەکەی کوڕەکە پێدەکەنی وتی: «ئەها پۆڕ»و بەدەست پیــشـــانی دان. «ئەها لەو چرســـتـــانەوە بەرزبوونەوە» . فـەرمـاندەکـەش وتی: «پۆڕ بن، یا کــوللە، پێم وتی، ئەو تفـەنگەم بدەرێ. ئەگــەر ئەمــجــارەیش تووڕەم کــەیتــەوە، ئەوا بۆ مــاڵێ دەگەڕێیتەوە» . کوڕەکە نەختێک پرتەوبۆڵەی کرد، زۆر خـۆش نەبوو بەبێ چەک لەگـەڵیـاندا بەڕێگاوە بێت، بەڵام ئەگــەر لەگــەڵیــاندا بمابایەتەوە ئەوا هەمیشە هیـوای ئەوەی هەبوو کە تفەنگەکە بەدەست بهێنێتەوە.

ئەو شەوە لە کوختەی شوانێکدا نووستن، کوڕەکە لەگـەڵ دەرکـەوتنی یەکـەمین رووناکی لە ئاسـمـاندا بەخـەبەر هات، کـەچی ئەوانی دی هێـشـتـا هەر لە خـەودا بوون. چاکــتـرین تفـەنگیــانی هەڵگرت، کـۆڵەپشــتـەکـەی پڕ کـرد لە فـیـشـەک و رۆیشت. هەوای ســەرلەبەیانی زوو، فــێنک و خــۆش بوو. دارتووییەک لە نزیک کوختـەکـەوە بوو. ئیـتر کـاتی هاتنی قــەلەباچکەکــان بوو. یەکــێکی لێ بوو، تەقـەیەکی کـرد، رایکرد بیـهـێنێ و بیـخـاتە نێـو کـۆڵەپشــتـەکـەیەوە. بەبێ ئەوەی لەو جــێگایە بجـوولێـتـەوە کـە گـرتبـووی نیـشــانەیەکی تری جـەڕباند، سـمـۆرەیەک بوو! بەتەقـەکـە تۆقـیـوو، ســـــمـــــۆرەکـــە رایکرد هەتا لە چەڵەپۆپەی دار کـەستـەنەیەکدا خۆی حـەشـار بدات. سـمۆرەیەکی گـەورەی کلک بۆر بوو، کــاتێ دەسـتی لێ بدرایە بەتۆپەڵ مووی دەوەراند، بەڵام ئێستاکە ئیدی مردار ببـۆوە. لە ژێر دار کـەسـتـەنەکـەشـەوە قـارچکێکی سووری خـاڵسپی ژەهراوی لەنێـو مـێرگـوزارەکـەی خوارەوەدا بینی. بەتەقـەیەک داغانی کرد، ئینجا بۆ ئەوە رۆیشت تا بزانێ داخـۆ بەڕاسـتی لێـیـداوە. گـەمـەیەکی خـۆش بوو ئاوا لە نیـشـانەیەکـەوە بۆ نیـشـانەیەکی تر بەردەوام بێت، لەوانە بوو بتـوانێ بەدەورو خولی گێتیشدا بسووڕێتەوە و سەرومرێش بێ لە ئەنجـامـدانی. لەسـەر بەردێکدا قـاقـڵـە جنۆکەیەکی گەورەی بینی، نیشانەی لە قاپۆڕەکەی گرتەوە و کاتێ کە چووە سەر شوێنەکەی هەر تەنها بەردێکی پارچە پارچەکـراوو تۆزێک لینجـاوی رەنگاڵەی دیتـەوە و هیـچیـتر. بەو تەرزە نەختـە نەختە لە کوختەکە دووترو دوورتر کەوتەوە و بەنێو کێڵگە نادیارو نەناسراوەکاندا شۆڕبووەوە.

لە لای بەردێکەوە مارمێلکەیەکی گەورەی لەسەر دیوارێکدا بینی، لە لای دیوارەکـەوە گـۆلاوێک و بۆقــێکی بینی، لە لای گــۆلاوەکــەوە تابلۆیەکی زیگزاگــداری رێنمــاییکردنی رێبــوارانی لەســەر جادەکەدا بینی و لە پایینشـیـدا. لە پایینیـشـیـدا کۆمـەڵە پیـاوێکی خاکی پۆشی بینی کـە بەچەک و تفـاقی تەیارەوە دەهاتنە سـەرێ. کـاتێ دەمـوچاوە سێوییە سپی و پەمەییە سەراپا پێکەنیناوییەکەی ئەو کوڕە تفەنگدارەیان دیت، شیتەو هاواریان کردو تفەنگەکانیـان ئاراستەی کرد، بەڵام پێشوەخت کوڕە چەند دوگــمـــەیەکی زەرکــەشی لەســەر یەکێ لە سینەکـاندا هەڵبـژارد و تەقـەی لە یەکێکیـان کـرد. گوێبیستی هاتوهاواری پیاوەکان بوو گوللەکانیش تاک تاک یاخود بەدەستـرێژ بەسەر سەریدا گڤەیان دەکرد، بەڵام ئەو ئیدی لەسەر عەرزی پشت کەڵەکە بەردێکی رۆخ جادەکەدا تەخت درێژ ببوو، سەنگەری گرتبوو. کەڵەکە بەردێکی دوورودرێژ بوو، دەیتوانی بەهۆیەوە بەهەمـوو لایەکدا بجوولێتەوە و لە هەندێ شـوێنی چاوەڕوان نـەکـراویشـیـەوە دزە نیگا بکات، بریق و بـاقی لوولەی تفـەنگی سەربـازەکـان ببـینێ، بەشە درەوشـاوەو بۆرەکانی سـەر یونیفـۆرمەکـانیان ببـینێ، تەقە لە خـەتێک، یاخود نیـشـانەیەکیـان بکات. ئەوسا دووبارە داکەوێتەوە سـەر عەردەکەو خێـرا بۆ تەقـەکـردن بە مـاتەمـات بۆ لایەکی دیکە

بڕوات. پاش قەدەرێک لە پشتییەوە گوێبیستی کۆمەڵە دەستڕێژێک بوو کە بەسەر سەریدا تەقەیان دەکردو سەربازەکانیان دەپێکا، ئەوانە هەڤاڵەکانی خۆی بوون هاتبوون بەرەشاش پشتیوانی لێبکەن و دەیانوت: «ئەگەر ئەو کوڕە بە تەقەکانی خۆی ئێمەی بەخەبەر نەهێنابایە...». پارێزراو بەتەقەی هەڤاڵەکانی خۆی، کوڕەکە ئیتر دەیتوانی سێرەی باشتر بگرێتەوە، بەڵام کتوپڕ فیشەکێک یەکێک لە ڕوومەتەکانی رووشاند. کە ئاوڕی دایەوە، دیتی سەربازێک وا گەیشتۆتە ڕێگاکەی سەرووی ئەوەوە. بۆیە خۆی هەڵدایە نێو چاڵێکی نادیارو شاراوە وە، بەڵام هاوکات تەقەشی کردو ل ەسەربازەکەی نەدا بەڵکو لە میلی تفەنگەکەی دا. گوێی لێبوو کە سەربازەکە دەیویست دووبارە سواری بکاتەوە، بەڵام پاشان تفەنگەکەی تووڕ هەڵدایە سەر عەرزەکە. ئەودەم کوڕەکە تەماشایەکی دەرەوەی کردو تەقەی لە سەربازەکە کرد کە لە ترسا کەوتبووە راکردن و فیشەکەکەیش سەرشانییەکەی لێکردبووەوە.

کوڕەکە دوای کەوت. سەربازەکە جاروبار لەنێو درەختەکاندا دەرەوبییەوە و دیسان دیار دەکەوتەوە.. کوڕەکە تەوقەسەری کلاوزرێکەی خۆی لێکردەوە و دواجار ئەڵقەبەندی پشتێنەکەشی لێکردەوە. هاوکات گەیشتە ئەو نشێوە دووردەستەی کە تیایدا چیدی دەنگی شەڕ نەدەبیسترا. لەپڕێکا سەربازەکە پەی بەوە برد کە ئیتر دارودرەخت لەبەردەمیدا نەماوەتەوە، هەر تەنها روتەلانێک نەبێ کە چەند لێژاییەکی بەبێشەزاری چڕوپڕی تێدابوو. ئێستاکە ئیتر کوڕەکە خەریکبوو لە دارەکانەوە دەهاتە دەرێ، لە ناوەندی روتەلانەکەدا تاشەبەردێکی گەورە هەبوو، سەربازەکە هەر ئەوەندەی کات هەبوو کە سەری لەنێو ئەژنۆکانی دابنێ و لە پاڵ تاشەبەردەکەدا خۆی مەڵاس بدات. ئا لەوێدا بۆ چرکەساتێک هەستی بەوەکرد کە لە خەم رەخسیوە، لەبەر ئەوەیش کە چەند نارنجۆکێکی پێ بوو کوڕەکە نەیتوانی نزیکتر بکەوێتەوە، بەڵام هەر تەنها لە داگرتنەوەی گابەردەکە بەردەوام بوو نەبا سەربازەکە هەوڵی دەربازبوون بدات. ئەگەر تەنها، سەربازەکە لەوە تێفکری، بیتوانیبایە بەخێراییەک بگاتە چڕستانەکەو بەلێژاییە بێشەڵان پۆشەکەدا شۆڕببێتە خوارەوە، بەڵام دەبوایە ئەو شوێنە رووت و رەجاڵە ببڕێت، داخۆ کوڕەکەیش چەندێ دەیتوانی لەوێ بمێنێتەوە و ئەو تفەنگەش هەرگیز شۆڕنەکاتەوە؟

سەربازەکە بڕیاری ئەوەی دا تاقیکردنەوەیەک ئەنجامبدات، کلاوزرێکەی خستە سەر نووکی سوونگییەکەی و نەختێک لە ئاستی تاشە بەردەکە زیاتر بەرزی کردەوە. تەقەیەک دەنگی دایەوەو کلاوزرێکەش سەرتاسەر سمراو تلۆربۆوە سەرزەوییەکە.

سەربازەکە ورەی بەرنەدا. بێگومان سێرە گرتنەوە لە قەراخەکانی تاشەبەردەکە سانا بوو، بەڵام ئەگەر ئەو بەخێرایی بجووڵایەتەوە ئەوا لێدانی مەحاڵ دەبوو. ئا لەو چرکەساتەدا باڵندەیەک، لەوانەیە کۆتر بووبێ، تیژ بەئاسماندا تێپەڕی. تەقەیەک و، کەوتە خوارەوە سەربازەکە ئارەقەی سەر لاملی خۆی وشک کردەوە. باڵندەیەکی دیکە رابورد، بۆقژە بوو، ئەویش هەر کەوتە خوارەوە. سەربازەکە لیکاوەکەی خۆی قووت دا.. دەبێ ئەم جێگایە جێگای تێپەڕین بێت، باڵندەکان بەسەر سەرەوە بەردەوام بوون لە هەڵفڕین، هەر هەمووبان جیاواز جیاواز بوون، کوڕەکەیش لە تەقەکردن و خستنە خوارەوەیان بەردەوامبوو. سەربازەکە بیرۆکەیەکی هاتێ، «ئەگەر ئەو چاودێری باڵندەکان بکات ئەوا ناتوانێت زۆر چاودێری من بکات، بۆیە هەر لەگەڵ تەقەکردنەوەیدا تێی دەقووچێنم»، بەڵام رەنگە واچاکتر بێ کە یەکەمجار تاقی کردنەوەیەک بکات. دیسانەوە کلاوزرێکەی قۆزتەوە و خستییەوە سەر

نووکی سوونگییەکەی و ئامادەی کرد. دووباڵندەی قوڕاویلە پێکەوە تێپەڕین. سەربازەکە لەوە داخداربوو کە هەلێکی ئاوا نایابی لە پێناوی تاقیکردنەوەدا لەکیس دابوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا هەر نەیوێرا سەرچڵی بکات. کوڕەکە تەقەی لە یەکێک لە قوڕاویلەکان کرد، ئەوسا سەربازەکە کڵاوزرێکەی بەرزکردەوە، گوێی لە تەقەیەک بوو، بینی وا کڵاوزرێکە لە حەوادا دەخولێتەوە.

سەربازەکە دەستبەجێ لەنێو زاری خۆیدا هەستی بە تامی قوڕقوشم کرد، لەگەڵ تەقەیەکی تردا بە ئاستەم تێبینی کەوتنی باڵندەکەی تریشی کرد. بەهەرحاڵ نابێ پەلەپەل لە شتەکان بکات، چونکە ئەو بەنارنجۆکەکانیەوە لە پاڵ ئەو گابەردەدا سەلامەت بوو.. ئەی بۆچی لەکاتێکدا کە داڵدەگرتوو پەنهانە بەنارجۆکێک هەوڵی لێدانی نەدات؟ بەسەر زەوییەکەدا کشایە پاشەوە و قۆڵی لە پشتییەوە راکێشا، لەوەش ئاگادار بوو. نەوەک خۆی دەربخات، هەموو گوڕوتینی خۆی کۆکردەوە و نارنجۆکەکەی تووڕهاویشت. تەقەلایەکی باش بوو، رەنگبوو زۆر دوور بڕۆیشتایە، بەڵام لەنێوەندی فڕینەکەیدا تەقەیەک لە حەوادا تەقاندییەوە. سەربازەکە خۆی هەڵدایە سەر عەرزەکە تاکو خۆی لە پارچە تەڵەزم بپارێزێت.

کاتێ کە سەری هەڵبڕی قەلەڕەشێک هاتبوو. لە ئاسمانەکەی ژوور سەرییەوە، بەهێواشی بەدەوروخولدا دەسووڕایەوە. بیری کردەوە: «ئایا ئەوە قەلەرەش بوو» ؟ ئێستاکە ئیدی کوڕەکە لە خستنە خوارەوەی دڵنیا دەبێ. کەچی بەوە دەچوو تەقەکە بۆ ئەوەی پێی بگات کاتێکی درێژ خایەنی بوێت. رەنگە قەلەڕەشەکە زۆر بڵند بووبێت؟ لەگەڵ ئەوەیشدا ئەو باڵندانەی تری پێکا کە بەرزترو خێراتر دەفڕین. دواجار تەقەیەک کرا، ئێستا ئیتر قەلەڕەشەکە دەکەوێت، بەڵام نەکەوت، بە سووڕانەوە هێورو کەمتەرخەمەکانییەوە سەرومڕ بوو لە فڕین بەدەوروبەردا. لەگەڵ ئەوەشدا بەرە سنەوبەرێک لە درەختێکی نزیکەوە کەوتە خوارێ. ئایا ئێستاکە ئیدی کەوتبووە پێکانی بەرە سنەوبەرەکان؟ یەک بەدوای یەک بەرە سنەوبەرەکانی تر لێ دران و بەزرمەزرمی بچووکەوە کەوتنە خوارێ. لەگەڵ هەموو تەقەیەک سەربازەکە تەماشای قەلەڕەشەکەی دەکرد، داخۆ بەردەبێتەوە؟ نەخێر، باڵندە رەشەکە لەسەر سەریدا نزم و نزمتر دەخولایەوە. بێگومان مەحاڵ بوو کوڕەکە نەیبینیبێ؟ رەنگە قەلەڕەشەکە بوونی نەبووبێ؟ رەنگە هەلوەسەو وێناکردنی خۆی بووبێ؟ رەنگە کاتێک کە یەکێک لە سەرەمەرگایە تێپەڕینی هەموو جۆرە باڵندەیەک ببینێت، کاتێ کە یەکێک قەلەڕەش دەبینێت، ئەوە دەگەیەنێت کە کاتی مردنی هاتووە. پێویستە هۆشداری بەو کوڕە بدات کە هێشتا هەر خەریکی پێکانی بەرەسنەوبەرەکان بوو. بۆیە سەربازەکە هەستایە سەر پێیەکانی و ئیشارەتی بۆ باڵندە رەشەکە کرد و بەزمانە تایبەتەکەی خۆی هاواری کردو وتی: «ئەوە قەلەڕەشێکە:» گوللەکەیش لەناوەڕاستی ئەو داڵە باڵ ئاوەڵایەی دا کە لەسەر پاڵتۆ سەربازییەکەیدا نەخشێنرابوو. قەلەڕەشەکەیش بەهێورییەوە، خولخواردووانە هاتە خوارەوە.

**سەرچاوەو پەراوێز:**

* جۆرێکە لە ماسی.

Italo calvine Adam, one afternoon TransLated by:

Archibald colquhoun and peggywright minerua - London 1994

# ڤەگەرا ماڵ

**و: ئەڤین ئاکرەیی**

یادێ، باڤۆئێ کەنگێ ڤەگەرە؟ پرسی(ئازاد) ب دەنگەکە نزم. تە دگوت بەلکی نە دخوەست کەسەک دن خەین ژ دایکا ویڤێ، پرسێ ببهیسە(نازێ) کر کو وی دەنگێ کوڕێ خوە نەبهیست، لێ نهەری دگوت «زوو قەدەحا خوە ڤالاکە، بۆ ئەز ژ تەڕە دیسا تژیکەم، زوو زوو هەنگی چای سار نەبووی». ئازاد دەست نەئاڤێتە قەدەحێ و نەژی ل دایکا خوە نهێڕی.

بەر چەند سالان، دەما ئەو هێ مندالەک بچووک بوو، وی سێ چار قەدەح چای ل سەر خوارنا فراڤینێ ڤەدخوارن، لێ بەلێ چایا ئیرۆ وەک ئاڤا دلۆپای سۆراڤێن بوو. نە تاما خوە تاما چایێ بوو و نەژی شیرینیا خوە. وەک رۆژێن کەڤن شەکرێ کاپکێن ژی دتاسن تونەبوو، بۆ مرۆڤ چەکە دەڤێ خوەو چایێ ل دوو ب سەرخوەڤە کە«یادێ باڤۆئێ کەنگی ڤەگەڕە؟

دیسا پرسی ئازاد ژ دایکا خوە، یاکۆ ژ دەست نەهات دەر جارەک دن گوهێن خوە د دەرحەقێ پرسا لاوێ خوە دە کر بهێلە: هەردوو دەستێن خوە ل دۆرا وێ گەراندن، ئەو هەمبێزکرو ب دەنگەک پڕ نزم دگوهێ ئازاد یێ چەپی دە دگوت.«ئازاد من ژی بیرا باڤۆکریە، وەک تە، ئان بەلکی هێ پتر، ئەو ئێ وەرە، ئیشەڵاه هەفتا ل پێش. گەڕ نا مەهاتێ ئێ وەرە. تێیە بیراتە ئەو چاوا شەڤەکێ ئەڤ هەڤالەک خوە راکرو توورکێن شەکرو خورمان برن دەستێن تەر ئەو ئێ دڤان رۆژان دە دیسا وەرە. ئەز دزانم».

هژمارا لێخستنا دلێ ئازاد ب بەر سیڤا دایکا وی رە رابوو زۆر و پاش هات بیرا وی، چاوا باڤێ وی دکورانیا شەڤێدە جارێ بەرێ ژ خوە راکر. بەرڤ وێ دەمێ هێ تونە بوو. داویا پایزێ بوو. ل دەرڤە ڤیزا بێ بوو. ئەو سەعەتا وێ شەڤێ وەک خەونەک شێرین دهات بیرا وی. هند خانیێ وان ژ دوویێ جغاران تژی بوو بوو. مرۆڤەکە زەخم. دامەنچە ل پشتێ تفەنگ ل پێش، سەر داویا دۆشەکا وی روونشتبوو و باڤێ وی ژی ئەو کربوو هەمبێزا خوە، رادمووساو تورکێن ئارمووخانان ددان وی. دوو رۆژهەلات، دەما ئەو ژ خوە رابوو، ژ شەڤا چوونی تەنێ بینا دوویێ جغاران د هندر دە مابوو.

دایکا وی تورکێن شەکرێ و خورمان ڤەشارتبوون، دڤا بوو کو ئەو هایا کەسەکی نەگهینە هاتنا باڤکێ یا شەڤا بوهری نازێ دایکا وی تە نەبەل وی کربوو، ئازاد هێ د هەمبێزا نازێ دەبوو دەما دایکا وێ هات بیرا وی زارۆکیا دایکا وی ژی وەک ئازاد دەرباس بوو بوو کالێ ناژێ، د ناڤبەرا سالێن نڤێن شەڤاندە هاتبوویە مال و دووڤرە شەڤەکێ ل سەر سینۆر هاتبوویە کوشتن، چاڤێن نازێ نە دکاربوون ئێدی

هێستران پاشڤە ڤەگەریێن. یێن کو دەست پێ کرن ل سەر روویێ ئازاد ببارن، کورو دێ دلێن خوە ب گری هۆنک کرن.

(مام رەشید) ب بیرێ ئاڤ دکشاند. ڤێ سبێ دنێ بیر سار بوو. بایێ شەڤا بوهری بەرف ل سەر ئەردێ هشک و ئوهت کربوو. هەر رۆژ کەچا وی بهار دچوو ئاڤێ لێ بەلێ ئیرۆ ژ مام رەشید زوو ژ خەورا بوو بوو، نمێژا سبێ کربوو و هاتبوو سەر بیرێ ئاڤێ ژ بەر قیزا خوەڤە بکشینە. رۆژێن مام رەشید هەمی ل ڤی دەرباس بوو بوو. دواندەیێن خوەش ژێ وێن رەش ژێ هەبوون لێ تەڤ هەمی کێماسیان ژێ، ئەو ژ ژیانا خوە رازی بوو، تا سالا بوهری، دەما کولفەتا وی رۆژەکێ نەخوەش کەتبوو و دوو سێ رۆژان مربوو. مرنا شوویا وی شاهیا دلێ وی ژێ ب خوەرە کربوو ئاڤا گومێ و نەما ئێدی کەسەکی کەن ل سەر لێڤێن وی دیتبوو.

ژ زارۆکێن مام رەشید تەنێ(بهار) هێ بێکاربوو ئەوێن دن هەمی خودان کولفەت بوون و ئیرۆژ ل شوونێن دن دمان، لێ بەلێ نوها بووکەک وی تەڤ مندالێ خوە ب وی و بهارێ رە ل گوند روونشتبوون، چکو کورێ وی سەید ژی وەک مێرێ نازێ پێشمەرگەبوو.

مام رەشید ساتلا خوە تژی کر. ئەو ل شوونێ هشت و هەبکی وێدەچوو ل سەر کەڤرەک رەش روونشت. توورکێ تتوون ژ بەریا خوە دەرخست و دەست پێکر جغارەکێ ببێژە کەلەبوخا ژ ساتلا ئاڤێ رادبوو ب کتی بالا وی کشاند سەر خوە. لێ دووڤرە بەر دوو چاڤێن وی خانێن گوند بوو خوە کرن تێشان. هات بیرا وی کو چاوا وی و(رەسوول محەمەد) خەزوورێ نازێ. بەر سالێن پر خالێن خوە دهندر زکێ سێ هەفتان دە، یەک ل کێلەکا یێ دن لێکرن. بێ کو بخوازە، ستۆیێ وی بەرەڤ هێلا مەرزەلێ گوند لەڤیاو چاڤێن وی تێکۆشیان کو گورا رەسوول د ناڤێن دن دە ب جه بکن. دوویێ جغارا گران د هەردوو لێڤێن وی رە دکەت و خوە د ناڤ بایێ سارده وندا دکر. تاما جغارێ ژ هەردەم پتر تال بوو د دەڤێ وی دەو ل کێڤا نەدهات. لێ جارەکێ هاتبوو تێخستن و دڤابوو کو وەرە کشاندن د دلێ خوە دە مام رەشید ل پێچاندنا وێ پۆشمان بوو بوو، چکو وی پر جاران بریاردابوو کو ئێدی ل خوارنێ جغارێ نەکشین وایێ جغارەیەک ل ڤالا چوو د ئەڤ رۆژێن تەنگ دە. دەما کو تشتێن وەک تتوون و چایێ و شەکر بوو بوون وەک دەرمێن.

مام رەشید کوتەک دن جغارێ خست. ئەو دبن لنگەک خوە ڤەمراندن، رابوو سەر ساتلا ئاڤێ ب دەستێ راستێ راکرو هێدی هێدی بەر ب مال مەشیا.

ڤالابوونا دەستێ چەپێ د قافێ وی دە فکرەک پەیداکر، کو خوەزیا وی ساتلا نازێ ژ ب خوەرە ئانی با، بۆ تژی ئاڤ بکە، هەر دەرڤێ سێ گەور سپی خویا دکر خەین ژ مالان سەرێن کاشێن ل دەردۆرا ژ منی خویا نەدکرن، خەین ژ دەنگێ سەگەکی، تو دەنگێن دن نەدهاتن گوهان، لێ درێژ نەکر دەما دەنگێ سەگەکی بوو یێ دودویان و سێیان و چاران. مام رەشید ساتل دانی و ل دوە راخوە مێزکر. تشتەک نە دهات خوەیا کرن کو مرۆڤ ببێژە ئەوێ بکار ببە سەدەما ئەوتەئەوتا کووچکێن گوند. هێ مام رەشید دڤێ کرکێدە مژوول بوو بوو. دەما دەنگێ بالەفران ژ دوورڤە کەت گوهێن وی وسا، ئەو تێگهشت چا دەنگ ب سەگان کەتیە. دیسا دەست ئاڤێت ساتلێ ئەو راکرو مەشا خوە دۆماند. هاتنا دەنگێ بالەفران دڤان رۆژان دە نە تشتەکە عەجەب بوو.

دەنگێ ژ ئەزمانێ هەکو دچوو بێتر دبوو،«تو جاران وەها نزیکی گوندێ مە نەکرنە» د دلێ خوەدە دگوت مام رەشید، دەما کو گورمینیەک وەک دەنگێ تاڤەک مەها نیسانێ هات گوهان. پر درێژ نەکر گورمینیەک دن وەک بێتاران ئیجار ژ هێلەک گوند هات ل ئەرد دبن لنگێن وی دەهژاند، ساتل ڤێ رە ژ دەست خست. گورمینیا چاران مام رەشید د سەر

قوونیێ خست، یێ کو بەرخوە دەبوو رابە سەر خوەو دیت چاوا خانییێ وی وییێ رەسوول و هندر دوومانەک گەورو رەش دەوندابوون. هەردوو چونگێن وی ژانەک زراڤ خوە بەردا کوورانیا دلێ وی کەتن بەر دێزێن وی سست بوون و. ئەو ل سەر زل کەت خوارو روویێ وی د کۆمکەک بەرەف دەوندا بوو.

دنێ هێ ساربوو، لێ یەکی دزانبوو کو زڤستان ئێدی مالا خوە هێدی هێدی باردکێیە. سێ هەفتەو چار رۆژ مابوون کو نەورۆز خوە بگهینە هۆلێ. شێرکۆ مێرێ نازێ د شەڤا رەش دە نێزیکی ل گوند دکر. ئیرۆژ ئەو ب تەنێ خوە بوو. دوو هەڤالێن وی ل گوندەک دن مابوون و ئەوێ بەر رۆژهەلات دیسا ل شوونەکێ هەڤوودو ب دیتنا بارێ شێرکۆ نە سڤک بوو، خەین ژ کلاش نیکوڤێ، دوو دەراخ و مالەک گولان ل پشتا وی بوون. چار بۆمبەیێن دەستان. هەردوو د توورکەکین ب قایشا وی هاتبوون گرێدان و ل سەر ملەک وی ژی توورەک مەزن هەبوو، یێ کو هنرێ خوە دە شەکر، چایێ، شووشاک قازاخی و تشتێن دن کو قاجاخچیان هاتبوون کرِین، د حەواندن ئیرۆ کورِێ مام رەشید و هرور مرورێن دن بۆ مالباتا خوە تەڤ شێرکۆ شاندبوون ئەڤ بوو بوو نێزیکی پێنج مەهان کو شێرکۆ و شووبا خوە هێ پێنج دەقە ژ چاڤێن یێن دن دوور ب هەڤ رە دەرباس نەکربوون، دلێ وی دکر کوپەکوپ و گاڤێن وی ب لە پێشڤە د هاتن ئاڤێتن، دەستێن وی یێن ئشک و سارێ ب جانێ نازێ یێ نەرم و سێرین گرم ببانا، وەی هەوار وی چقاس بیرا نازێ و ئازاد کربوو! «شێرکۆ و خورمەێن ئازاد ئەزێ بەر ژ مال دەرکەتم بدمێ» ، دلێ خوە دە دگوت شێرکۆ، دووڤەر ئەو دەمەک دن د هندر دەردوخەمان دە دن و ندابوو تا گەنگێ بدومینە ئەڤ رەوشا خراپ، گەنگێ ئاشتییێ ئێ ڤەگەرەو ڤان دۆرهێلان گەنگێ ئازادی و سەربەستی ئێ تێکەڤن شوونا ستەمکاری و زۆرداریێ..؟ دەنگێ سەگێن گوتن شێرکۆ دیسا هشیارکر، یێ کو ژ کێفخوەشیا هەما هندک مابوو بفرە، کشاندنا جغارە ل دن و ئەوێ بگهشتا مالاخوە، بۆ خوە تێخە بنێ لهێفێ و بەدەنا خوەیا نازێ بکە یەک، بۆ وندا ببە د ئەڤینا دلان دە، بۆ دوورکەڤا ژ دەردو کولێن دونێ، ئەو تێ دوو ڤەر قازاخێ بەر بە پاپورێ ئاڤێ بۆ چایێ بدە سەر، جغارەیەک قالند بپێچە. گوهـ بدە سەر دەنگێ نازێ و ژ وی رە بپەیڤە، دەما وان تێر شۆرکرن تەو ئێ دەنگ ل ئازاد کەی وی د هەمبێزا خوە دە بدە روونشتاندن و راموسە دیسا راموسەو جارک دن. دوورڤا ئەوێ توورکێن نایلۆن یێن تژی شەکرو خورمە بدە وی...

ترسەک سڤک ب نشکا ڤەکەت دلێ شێرکۆ، یێ کو ب دەنگەکە نزم ژ خوە پرس«کورِۆ لاوۆ کاخانی» وی باش دزانبوو کو وی رە شاش نەکریە، وی و سەگێن گوند هەڤناس کرن و کوچکێ مام رەشید ب وی رە دمەشیا، یان خوە هاڤێت بەر لنگێن وی، وەک کو دخوازە هایا وی بکشینە سەر تشتەکی، ترس هەکو چوو بێتر بوو تامارێن شێرکۆ سست کرن ب جارەکێ ڤە وی دیت چاوا ترسا نوها داییێ سەر ترسا ژ مرنێ. رۆژەک دەرباس نەدبوو، یێ کو ئەو و مرنێ ل چاڤێن هەڤ نە نهێرێن، لێ تو جاران ترسا مرنێ تا مرنێ وی وەسا سست نەدکرن، ئەو ئیدی فێربوون وێ رەشێ دەما ئەو دار کو باڤێ وی د رۆژا بووینا وی دە چاندبوو، تەنێ کومێن کەڤرو خوەلییێ ل شوینا خانییێ و مام رەشید خویا دکرن.

پێشمەرگە پشتا خوەدا دارێ و کرنەکر بگری، لێ مە دکاربوو. ژان و گو، وشوات و قەهرا د دلێ وەدە نە دخوەستن خوە تێخن هندر هێستران بۆ وەرن دەر.

**ژێدەر**

وەرگێڕان ژ تیپێن لاتینی

ژ بەلاڤکرییێن ئەنیستوتا کوردی، پاریس

# پێشکەوتنی ئەلفوبێی کوردی بەپیتی عەرەبی لە کوردستانی باشوور لەبیستەکانی سەدەی بیستەمدا
# ٢ - ٢

و: نەریمان خۆشناو

**پیتە کوردییەکان**

پیتەکانی کوردی لە (٣١) پیت پێک دێت:
AbceCdigegikqulmnoqrsstfrwyz
هەشت لەم پیتانە بزوێن و ئەوانی دی نەبزوێن، پیتی بزوێن لەزمانی کوردیدا وا نییە جارێک کورت و جارێک درێژ بێت، بەڵکو یان درێژ یان کورت دەبێت.

**پیتە بزوێنە کورتەکان ئەمانەن:**

(e) ئەم پیتە لەگەڵ (فە تحـة)ی عەرەبی بەرامبەر یەکن، وەکو (فە تحـة- سەر) لەوشەی (bel. ser, der, qer بل)

(i) ئەم پیتە بەرامبەر بە (الکسرة - ژێر)ە لەزمانی عەرەبیدا، وەک کەسرە لە وشەی (من min).

(U) ئەم پیتەرێک بەرانبەر بە (ضمە) نییە، چونکە نزیکە لەو (ضمە- بۆر)ەی کە لەم وشەیەدا هاتووە (کرد ـ qurd، garastin, gur)

پیتە بزوێنە درێژەکانیش ئەمانەن:-

ئەو پیتانەن کە بەرامبەر بە ئەلفی درێژ کراون وەکو (آس ـ as) av, awa.

(e) ئەو پیتەیە کە بەرامبەر بە(ی) لەزمانی سەرزارەکی بەکارهێنراوە، وەکو وشەی (خیر)، ئەم پیتە لەزمانی عەرەبی تەواودا نییە: ller, zer, der

(I) ئەم پیتە بەرامبەر بە(ی)ی درێژکراوەیە، بەئاخاوتنە عەرەبییە ڕاستەقینەکەی، (جدید cedid) sin, zin

«U» ـ ئەو پیتەیە کە بەرامبەر بە(و)ی درێژکراوەیە بە ئاخاوتنە عەرەبییە ڕاستەقینەکەی،

qantar, rut, Dur (nur ـ نور)

(O)ـ هیچ پیتێکی بەرامبەری لەزمانی عەرەبیدا نییە و بەرامبەر بە (O) ی فەرەنسییەو بە بەردەوامی بەدرێژکراوەیی بەکاردەهێنرێت و حاڵەتی کورتکراوەشی نییە.

**پیتە نەبزوێنەکانیش، بەم شێوەیەن:**

B = ب

C = ج

C = چ

D = دض

G= گ

H = ھ

X = خ

J = ژ

K = ق

Q = ک

l = ل

M = م

N= ن

P = پ

R = ر

S = س ص ث

S = ش

T = ت ط

F = ف

V = ڤ

W = و

Y = ی

Z = ز ذ ظ

جا لەبەرئەوەی کە لە زمانی کوردیدا پیتەکانی (ض، ص، ط، ث، ظ، ذ) نییە، لەبەرئەوە لە هەموو ئەو وشانەی کە کورد لە زمانی عەرەبی وەری گرتووە،پیتی بەرانبەری بۆ داناوە،لەوانە پیتی (ص، ث) وەکو (س) و (ط) وەکو (ت) و (ذ، ظ) وەکو (ز) بەکاردەهێنرێت.

لەزمانە بیانییەکانەوە دوو پیتی زیاد هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە، کە هەردوو پیتی (ح) و (غ)ن، لەبەرئەوە بۆ ئەم دوو پیتە، ئەم وێنانەمان کردووە :ـ

H = ح   حال ـ hal

X = غ   غار ـ xar (٦٢)

بەم وشە و پیتانە جەلادەت بەدرخان دەربڕینی لەشێوازی ئەلفوبێیەکەی خۆی کرد، کە لە (٣١) پیت پێکدێت، و لەپێناویدا زیاتر لە (١٣) ساڵ کۆششی بۆ تەرخان کرد، لە کۆتاییدا بڵاوکراوەیەکی کوردی بەپێی ئەو دەرەنجامانە بەچاپ گەیاند، چونکە دەرچوونی ئەم گۆڤارە سەرەتایەکی باش بوو کە دەرگاکانی چاپەمەنی دی لەو بوارەدا خستە سەرپشت،جا چ لە کوردستانی تورکیا یا سووریا یان لە ئەوروپا بێ، هەروەها چەند زمانزانی دی کاریان لەسەر پێشخستنی ئەلفوبێی کوردی کرد، تەنانەت هەندێکیان هەستان بە دامەزراندنی ئەلفوبێی کوردی لاتینی تایبەت بەخۆی، وەکو ئەلفوبێیەکەی تۆفیق وەهبی(٦٣) و کامەران بەدرخان.(٦٤) بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەلفوبێیەکەی جەلادەت بەدرخان لەهەموویان سەرکەوتووترو بەهێزتربوو، جا هەرچەندە هەندێک هەموارکردنی گرتەخۆ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێستا کوردی سووریاو تورکیا

بەکاری دەهێنن،کەچی کوردی عێراق و ئێران هێشتا پیتە عەرەبییەکان پەیڕەو دەکەن، جا گرنگترین ئەو هۆکارانەی کە بووە هۆی سەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی ئەلفوبێیەکەی میر جەلادەت بەدرخان، ئەم هۆکارانە بوون:-

١- میر جەلادەت بەدرخان هەست و سۆزێکی نەتەوایەتی بەجۆشی هەبوو، چونکە لەنزیکەوە بارودۆخی دارماوی گەلەکەی خۆی دەزانی، جگە لەوەی کە لەنەوەی میرانی (بۆتان) بوو، کە لەناوەراستی سەدەی (١٩) رۆڵێکی نەتەوەیی گرنگیان گێرا.

٢- گەشت کردن و دنیا دیدەیی جەلادەت بەدرخان لە وڵاتان و شارانی هەمەجۆری ئەم دنیایە، بەتایبەتی تورکیاو سووریاو کوردستان و ئەڵمانیاو ئەوروپاو میسرو قاهیرەو لوبنان، کە شارەزایی زمانزانیەکی زۆری فێرکرد، چونکە جگە لە زمانی دایکی کە کوردییە، زمانەکانی تورکی و فارسی و عەرەبی و یۆنانی و رووسی و فەرەنسی و ئەڵمانی و ئینگلیزی فێر ببوو.(٦٥)میر جەلادەت هەموو ئەو زمانانەی بۆ خزمەتی زمانی کوردی بەکارهێنا، چونکە شارەزاییەکی باشی لە چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو پیتانەدا هەبوو، بۆیە لە سەرەتاوە دەرکی بەوەکرد کە پیتە لاتینییەکان نزیکترن بۆ دەنگە کوردییەکان.

٣- دوو رووداو زۆر کاریگەریان لەسەر میر جەلادەت بەدرخان هەبوو و وایان لێ کرد کە زیاتر ئەلفوبێیەکەی پێشبخات: یەکەمیان: راگەیاندنی تورکەکان لە ساڵی (١٩٢٨) کە پیتی عەرەبی لابەرن و لەباتی پیتی لاتینی بەکاربێنن، ئەم رووداوەش سەبارەت بەجەلادەت بەدرخان وەکو خاڵێکی پێشڤەبردن و قەڵبەزەیەکی نوێکردنەوە وابوو، هەرچەندە ئەلفوبێی میر جەلادەت لەگەڵ ئەلفوبێی تورکیدا زۆر جیاوازی هەبوو.(٦٦)رووداوی دووەمیش بریاری کۆمەڵەی (خۆیبوون) بوو لە ساڵی (١٩٣١) بە بەکارهێنانی ئەلفوبێی لاتینی لەزمانی کوردیدا، کە ئەمەش پاڵنەرێکی مەزن بوو بۆی.

٤- بەڵام هۆکاری هەرە گەورە لە سەرخستنی ئەلفوبێیەکەی میر جەلادەت بەدرخان، دەرکردنی گۆڤاری (هاوار) بوو، بەم شێوازەی ئەلفوبێی جەلادەت بەدرخان، واتە ئەلفوبێیەکەی خۆی خستە بازنەیەکی پراکتیکی پەیرەوکراوەوە کە بووە دەروازەیەکی واڵا بۆ پرۆژەکانی رێنووسی کوردی.

لە کۆتایشدا پێویستە باسی گرنگترین ئەو هۆکارانە بکەین کە وای لەبەشێک لەزمانزانە کوردەکان کرد کە واز لەپیتە عەرەبییەکان بێنن و دەست بدەنە بەکارهێنانی پیتی لاتینی، کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:-

١- گەیشتنی هزری نەتەوەیی لە ئەوروپاوە بۆ هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی و کاریگەربوونی گەلانی ئەو دوو وڵاتە بەو هزرە نەتەوایەتییەوە، لەوانەش بێگومان گەلی کورد لەژێر فشاری ئەو کاریگەریەدابوو، هەروەها سەرهەڵدانی تەوژمێکی بەهێزی نەتەوەیی لەنێو میللەتی کورددا لەژێر ئەو فشارە ئەوروپییە رۆشنبیری و نەتەوەیی و پیشەسازییە مەزنە تازەیە، وەکو میللەتانی تری ناوچەکە.

٢- ئاشنابوونی زۆر لەرۆشنبیرانی کورد لە ئەوروپاو گەشت کردنیان بۆ وڵاتە ئەوروپییەکان، وەکو (عەبدوڵڵا جەودت) و (جەلادەت بەدرخان) و (کامەران بەدرخان) و تێکەڵاو بوونیان لەگەڵ رۆشنبیرە ئەوروپییەکان و فێربوونی چەند زمانێکی بیانی و ئەوروپی و گەیشتنیان بەو قەناعەتەی کە پیتی لاتینی شیاوترە بۆ زمانی کوردی وەک لە

پیتە عەرەبییەکان،چونکە زمانی کوردی لە خانەوادەی زمانە هیندو ئەوروپییەکانە و تارادەیەکیش نزیکە لە هەندێ زمانی ئەوروپییەوە وەکو زمانی ئەڵمانی و فەرەنسی و ئینگلیزی کە پیتی لاتینی لەنووسینیاندا بەکاردەهێنن، ئەمە جگە لەوەی کە زمانی عەرەبی یەکێکە لەزمانە سامیەکان و زۆر لەزمانی کوردییەوە دوورە.

٣- بوونی ژمارەیەک لە دەنگە کوردییەکان کە بەهیچ شێوەیەک بەرامبەریان لەزمانی عەرەبیدا نییە و بەپێچەوانەشەوە، ئەمەش وای کرد کە رێژەیەک لەلێکۆڵەران و زمانزانە کوردەکان بگەنە ئەو قەناعەتەی کە یەکێک لە گرنگترین هۆیەکانی بڵاوبوونەوەی نەخوێندەواری لەناو کوردان، زەحمەت فێربوونی زمانی کوردییە بەپیتە عەرەبییەکان، هەروەها زەحمەتی زمانی عەرەبییە بۆ کورد کەوای کردووە وردە وردە کوردەکان دوور بکەونەوە لەفێربوون و زانین، بەم حاڵەش نەخوێندەواری لەناو کورددا زیادی کردووەو تەشەنەی سەندووە.

٤- ژمارەیەک لەکوردان لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا و لە کاتی سەرهەڵدانی هۆشیاری نەتەوایەتی لە لای کورددا، خوازیاری ئەوەبوون کە ژمارەیەک لە لایەنە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییە باوەکانی کوردەواری بگۆڕن، ئەویش لەپێناو پەلەکردن و خێراکردنی پرۆسەی پێشڤەبردنی کۆمەڵگای کوردی، یەکێک لەو لایەنە رۆشنبیرییانەی کە ئەم ژمارە کوردە خوازیاری گۆڕینی بوون، لابردنی پیتە عەرەبییەکان و دانانی پیتی لاتینی بوو، کە بەڕای ئەوانە یارمەتیدەرێکی باشە بۆ پێشڤەبردنی بزاوتە نەتەوەیی و رۆشنبیریەکەی ئەو ماوەیەی میللەتی کوردە.

## کۆتایی

لێکۆڵینەوە لە ئەلفوبێی کوردی لەو ماوەیەدا (١٨٩٨ - ١٩٣٢)، چەند مەسەلەیەکمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، لەوانە:-

١- رۆژنامەگەریی کوردی لەو ماوەیەدا رۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی لەبواری دۆزینەوەی ئەلفوبێی کوردیدا هەبووە، چونکە رۆژنامە لەوکاتەدا گیانی خستە چەمک و مانا رۆشنبیریەکانەوەو روحی تازەی بە بەردا کرد، جگە لەوەی کە بۆ یەکەمجار لەرۆژنامەکاندا بوو کە وتووێژی بەگوڕو ڕاستەقینە لەنێوان رۆشنبیرانی کورددا لەمەڕ ئەلفوبێی کوردی بەڕێوەچوو.

٢- یەکەمین ئەو کێشانەی کە نەتەوەیی و رۆشنبیرە کوردەکان تاووتوێیان کرد، کێشەی ئەلفوبێی کوردی بوو، کە بە مەسەلەیەکی گەورەو مەزنیان هەژمارکرد بۆ بەرەوپێشبردنی دۆزی نەتەوایەتی کورد.

٣- هەندێک لە رۆشنبیرە کوردەکان رۆڵێکی مەزنیان لەفۆرمەلە کردن و داهێنانی ئەلفبایەکی کوردی گونجاو گێڕا، لەوانە (خەلیل خەیالی) کە بەیەکەمین کەس دادەنرێت کە ئەم بیرۆکەی هێنابێتە کایەوە، هەروەها ئەمیر جەلادەت بەدرخان باشترین ئەلفوبێی کوردی بەپیتی لاتینی هێنایە کایەوە.

٤- یەکێک لەو مەسەلە گرنگانەی کە پێویستە لە کاتی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی مێژوویی و سیاسی و نەتەوەیی و رۆشنبیری کوردی ڕەچاو بکرێت ئەوەیە ،کە ئەو ماوەیەی کە لەنێوان ساڵانی (١٩١٨)ەوە واتە پاش کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی تاکو ساڵی (١٩٢٢)، واتە ئەو ساڵەی کە (کەمال ئەتاتورک) چووە ناو (ئەستەنبول)ەوە، ئەو ماوەیە کە میللەتی کورد زۆر

لەبەرهەم و نووسینە هزری و نەتەوەیی و رۆشنبیرییەکانیان لەشاری (ئەستەنبول) بەجێهێشت، چونکە لەو ماوەیەدا بوو کە باشترین زاناو سەرکردە و رۆشنبیرانی کورد لەوێ کۆببوونەوەو هەستابوون بە دامەزراندنی کۆمەڵەو رێکخراوی سیاسی و دەرچوونی رۆژنامەو بڵاوکراوەی جۆراوجۆر بەزمانی کوردی، جێی نیگەرانییە کە زۆربەی زۆری ئەو نووسین و رۆژنامەو بەرهەمانە بزربوون و تا ئێستاش نەدۆزراونەتەوە.ئەویش لەدەرەنجامی شاڵاوی تورکە کەمالیەکان بۆ سڕینەوەی هەموو ئاسەوارێکی کوردی و دانپیانەنانیان بەمیللەتی کوردو پەراوێزخستنیان لەئایندەی سیاسیدا.

٥- هزرڤانە کوردو رۆشنبیرە کورد پەروەرەکان بواری زۆر شیاو و دەرفەتی گونجاویان بۆ نەڕەخسا، کە ئەلفوبێیەکەیان زیاتر خزمەت بکەن، بۆیە نووسەرو ڕووناکبیرە کوردەکان دابەشبوونە سەر دووبەشەوە، لایەکیان پیتی عەرەبی و ئەوانی تریشیان پیتی لاتینیان پێ باشتربوو لە رێنووسی کوردیدا، جا داگیرکەرانی کوردستانیش رۆڵێکی چەوتیان لەو بوارەدا گێڕا، بۆیە کوردی عێراق و ئێران دەستیان دایە نووسینی رێنووسی کوردی بەپیتی عەرەبی و هەوڵیشیاندا کەزیاتر پێشی بخەن، چونکە عێراق ولاتێکی عەرەبییەو زمانی عەرەبیش تاکە زمانی فەرمی بووە تیایدا، ئەمە گەر کوردستانی باشوور بە بەشێک لەو حاڵەتە هەژمار نەکەین، ئێرانیش زمانی فەرمی تیایدا زمانی فارسیە کەچی پیتی عەرەبی لە تۆمارگای زمانەوانیاندا، بەکاردەهێنن.

هەروەها تورکیا کە دەستی دایە بەکارهێنانی پیتە لاتینییەکان لەنووسینداو رۆڵێکی گرنگی گێڕا لە بڵاوبوونەوەی ئەلفوبێی کوردی بەپیتی لاتینی لەنێوان کورددا، هەرچی کوردی سووریایە پیتی لاتینی بەکاردەهێنن، هەرچەندە دەوڵەتەکە عەرەبییە، ئەویش لەبەرئەوەی بەکارهێنانی پیتی لاتینی بۆ کوردی هەر لەسووریادا سەری هەڵدا، لەکۆتایشدا دەڵێین کە دابەشبوونی کوردو کوردستان لەنێوان ئەو ولاتانەدا هەموو شتێکی کوردی دابەش کردووە تەنانەت ئەلفوبێ و نووسینەکەشیانی دابەش کردووە.

بڕوانە : هوگر طاهر توفیق، الالفباء الكوردية بالحروف العربية و الحروف اللاتينية،نشوؤها وتطورها ١٨٩٨-١٩٣٢، دار سبيريز للطباعة والنشر، دهوك ٢٠٠٥، ص٤٩-٧٨

**سەرچاوەکان**


١ - بۆ شارەزابوون لەبارودۆخی کوردو کوردستان لەماوەی جەنگی یەکەمی جیهانی، بڕوانە: كمال مظهر احمد، كوردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى، ل ١٣٠ ـ ١٩٧.

٢ - بۆ شارەزابوون لەکۆمەڵەو پارتە سیاسیە کوردییەکان دوای جەنگی یەکەمی جیهانی بڕوانە: عبدالستار طاهر شريف، الجمعيات والمنظمات والاحزاب الكوردية في نصف قرن ١٩٠٨-١٩٥٨، ل ٤٠ . عەلی تەتەر، بزاڤا سیاسی ل کوردستانێ، ١٩٠٨- ١٩٢٧، ل١٤١ ـ ١٨٥.

٣ - م. ئەمین بوز ئارسلان، زانیاری گشتی لەمەڕ گۆڤاری (ژین)، گۆڤاری رۆژنامەوانی، ژمارە (٦ ـ ٧)، هەولێر، زستانی ٢٠٠١، ل ٢٦٨ ـ ٢٧٢.

٤ - بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە:ـ احمد عثمان ابوبكر،كردستان فى عهد السلام (بعد الحرب العالمية الاولى )، اربيل،٢٠٠٢،ص٣٢ و ئەوانیتر، جرجيس فتح الله، يقظه الكرد، تاريخ

سیاسی ۱۹۰۰ ـ ۱۹۲۰، ومما یتناول النزاع علی جنوب کردستان أمام عصبه الوثائق والمذکرات المتعلقه به اربیل، ۲۰۰۲، ص ۱٤۲ و ئەوانی تر.

٥ – عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەکاری (۱۸۹۰ ـ ۱۹٥۸) لە یەکێک لە قەزاکانی سەر بە شاری (وان)ی کوردستانی باکوور لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە وان تەواوکردووە، دواتر خوێندنی باڵای لە زانکۆی ئەستەنبوڵ تەواو کردووە، لەرۆژنامە کوردییەکان کاری کردووەو خاوەنی چەندین بەرهەمە لەم بوارەدا. بڕوانە:ـ فەرهاد پیربال، عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەکاری، تازەکردنەوەی شیعری کوردی و داهێنانی شانۆنامە لەئەدەبیاتی کوردیدا، دهۆک، ۲۰۰۲، ل ۱۱ - ۲۲.

٦ – هەردوو بەڕێزان ڕەفیق ساڵح و سدیق ساڵح ڕۆلیان بینیوە لە دۆزینەوەی ئەم دوو بڵاوکراوەیە، ولە سلێمانی داویانە نووسەری ئەم کتێبە، کەچی بەداخەوە تاکو ئێستا چوار ژمارەکەی تر بزرەو نەدۆزراونەتەوە.

۷ – بۆ زیاتر زانیاری لەبارەی رۆژنامەی کوردستان، بڕوانە: هێمن، رۆژنامەی کوردی لە کوردستانی ئێراندا، گۆڤاری رۆژنامەنووس، ژمارە (۱)، هەولێر، ۲۰۰٤، ل ۱٤۸ ـ ۱٥۳. مەحموود زامدار، رۆژنامەی (کورد) و شۆڕشی سمکۆ شکاک، گۆڤاری رۆژنامەنووس، ژمارە (۱)، هەولیر، ۲۰۰٤، ل ۱٥٦ ـ ۱٦۲.

۸ – مێجەر ئەی، بی. سۆن (۱۸۸۱ ـ ۱۹۲۳) :ـ مێجەرسۆن یەکێکە لە ئەفسەرە ئینگلیزەکان پێش جەنگی یەکەمی جیهانی دەستی کرد بەگەشتێک بۆ کوردستان و وڵاتی نێوان دوو ڕوبار، زمانی کوردی وەکو کوردێک دەزانی، لەگەڵ شوکری فەزلی لەساڵی ۱۹۱۸ رۆژنامەی تێگەیشتنی راستی) بەزمانی کوردی لەبەندا دەرکردووە، دوایش چەندین پۆستی کارگێڕی لە بەغداو سلێمانی وەرگرتووە، بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: ـ کمال مظهر احمد، کوردستان ...، ص ۳٦ ـ ۳۷. کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی راستی: شوێن لەرۆژنامەنووسی کوردی دا، بەغدا، ۱۹۸۷، ل ۱۰۳ ـ ۱۰۷.

۹ – شوکری فەزلی (۱۸۸۲ ـ ۱۹۲٦):ـ رۆژنامەنووسێکی شاعیرو مێژوونووسێکی سیاسی بەناوبانگە، کوڕی مەحمود ئاغای کوڕی ئەحمەد ئاغایە، لەشاری بەغدا لەدایکبووە و خەڵکی شاری سلێمانییە، ۱٤ ساڵ لەشاری سلێمانی ماوەتەوە، دواتر لەساڵی ۱۹۰۸ ڕووی کردۆتە شاری ئەستەنبوڵ، چەندین وتاری لەگۆڤاری (بانگی کورد) بڵاوکردۆتەوە، کە لەساڵی ۱۹۱٤ لەبەغدا دەردەچوو، بڕوانە:ـ میر بصری، اعلام الکورد، ص ۱٤٦ ـ ۱٤۷، کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی راستی...، ل ۱۰۸ ـ ۱۰۹.

۱۰ – بۆ زیاتر شارەزابوون لەڕۆلی ئەم رۆژنامەیە لەپێشکەوتنی زمانی کوردی، بڕوانە:ـ کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی ڕاستی، ل ۱٤۸ ـ ۱٥٤.

۱۱ – شێخ مەحموودی نەمر (۱۸۸۱ ـ ۱۹٥٦) : کوڕی شێخ سەعیدی کوڕی شێخ کاکە ئەحمەدەو لەشاری سلێمانی لەدایکبووە، لەبیستەکانی سەدەی بیستەمی دوای جەنگی جیهانی یەکەم سەرکردایەتی چەندین شۆڕشی کردووە دژی ئینگلیزەکان، بۆ زیاتر شارەزابوون، بڕوانە: میر بصری، سەرچاوەی پێشوو، ل ۳۸ ـ ٤۳.

۱۲ – بۆ شارەزابوون لەم رۆژنامانە، بڕوانە: رۆژنامەکانی سەردەمی حکوومی شێخ مەحموود، ئامادەکردنی: ڕەفیق ساڵح، لەسەر نووسینی:

سەدیق ساڵح، سلێمانی، ٢٠٠٣.

١٣ - گۆڤاری دیاری کوردستان: ـ گۆڤارێکی کوردییە لەنێوان ساڵانی ١٩٢٥ ـ ١٩٢٦ لەشاری بەغدا دەرچووە، خاوەنی ئیمتیازو سەرنووسەری (سەلاح زەکی ساحێبقران) بوو، ئەم گۆڤارە وتارەکانی بەزمانی کوردی و تورکی و عەرەبی بلاودەکردەوە، و (١٦) ژمارەی لێ دەرچووە، بڕوانە:ـ دیاری کوردستان (١٩٢٥ ـ ١٩٢٦) ئامادەکردنی ڕەفیق ساڵح، لێکۆلینەوەی نەوشێروان مستەفا ئەمین و سدیق ساڵح، سلێمانی، ٢٠٠١.

١٤ - تۆفیق وەهبی (١٨٩١ ـ ١٩٨٤): لەگوندی (چوارتا)ی سەر بەشاری سلێمانی لەدایکبووە، ساڵی ١٩٠٨ خوێندنی سەربازی لە ئەستەنبۆل تەواوکردووە، ساڵی ١٩٢١ بۆتە ئەفسەر لەسوپای عێراقی، لەسەردەمی پاشایەتی لەعێراقدا بۆتە وەزیری ئابووری و وەزیری کاروباری کۆمەلایەتی پاش کودەتای شۆڕشی ١٤ ی گەلاوێژی ١٩٠٨ عێراق بەجێ دەهێلێ و روو دەکاتە لەندەن، لەو شارە مایەوە تاکو مردنی لەساڵی ١٩٨٤ بڕوانە: ـ دیاری کوردستان...، ل ٨٤ ـ ٨٧.

١٥ - گۆڤاری دیاری کوردستان، ژمارە(٥)، ١٢ئایاری ١٩٢٥، ل ٥ ـ ٦.

١٦ - گۆڤاری دیاری کوردستان، ژمارە (٦)، ٢٩ ئایاری ١٩٢٥، ل ٥ ـ ٦.

١٧ - ئیسماعیل حەقی شاوێس (١٨٩٦ ـ ١٩٧٦):ـ کوڕی محەمەد عەلی ڕەسول کوڕی ئەحمەد ئاغایە، لەشاری موسڵ لەدایکبووە، ساڵی ١٩٠٨ ئامادەیی سەربازی لەبەغدا تەواوکردووە، لەساڵی ١٩١١ بۆتە مولازمی دووەم، دواتر لەجەنگی یەکەمی جیهان پلەکەی بۆ (نەقیب) بەرزکرایەوە، لەبیستەکانی سەدەی سێیەم لەشاری بەغدا جێگیربووەو بەهۆیەوە، چەندین پلەی سەربازیی لەسوپای عێراق وەرگرتووە، ئیسماعیل شاوێس لەساڵی ١٩٢١ ئەندامی (جفاتا خوەسەربیا کورد ـ ئازادی) بوو ولەساڵی ١٩٢٦ سەرۆکی کۆمەڵەی زەردەشت بووە. لەساڵی ١٩٣٠ یەکێک لەدامەزرێنەرانی لیژنەی پێشکەوتنی کوردی. بڕوانە: دیاری کوردستان. ل ٨٠ ـ ٨٣.

١٨ - بڕوانە : گۆڤاری دیاری کوردستان، ژمارە (٥)، ١٢ ئایاری ١٩٢٥، ل ٨ ـ ٩. و ژمارە (٦)، ٢٩ ئایاری ١٩٢٥، ل ٧ ـ ٨.

١٩ - بڕوانە: گۆڤاری دیاری کوردستان، ژمارە (٨)، ٤ تەمووزی ١٩٢٥، ل ٧ ـ ٨.

٢٠ - بڕوانە: گۆڤاری دیاری کوردستان، ژمارە (٨)، ٤ تەمووزی١٩٢٥، ل ٧ ـ ٨.

٢١ - بڕوانە: گۆڤاری دیاری کوردستان، ژمارە (١٣ ـ ١٤)، ٥ی ئاداری ١٩٢٦، ل ١٨ ـ ٢٠، و ژمارە (١٥)، ١٨ئاداری ١٩٢٦، ل ١٠ ـ ١٢.

٢٢ - بڕوانە: گۆڤاری دیاری کوردستان، ژمارە (١١ ـ ١٢)، ەی کانوونی یەکەم، ١٩٢٥، ل ٩.

٢٣ - بڕوانە: گۆڤاری دیاری کوردستان، ژمارە(١١ـ ١٢)، ەی کانوونی یەکەم، ١٩٢٥، ل ١٠ ـ ١١.

٢٤ - بڕوانە: گۆڤاری دیاری کوردستان، ژمارە (١١ ـ ١٢)، ەی کانوونی یەکەم، ١٩٢٥، ل ١١.

٢٥ - حەسەن کوردستانی: ژیاننامەی کەسێتی نازانرێ، تەنانەت نازانرێت کە ئەم ناوە ڕاستەقینەیە یاخود نازناوە، تەنیا ئەوە نەبێ کە عەبدوللا زەنگەنە دەڵێت: (لەوانەیە ئەم کەسە (سەید تەها نەهری) بێت، لەبەرئەوەی ئەمیش لەم ماوەیەدا چەند وتاری لەرۆژنامەکانی (ژیانەوە) و (ژیان) و گۆڤاری (زاری کرمانجی) نووسیوە،

بڕوانە : دیاری کوردستان... ل٤٢.
٢٦ – گۆڤاری دیاری کوردستان، ژمارە (١٦)، ١١ ئایاری ١٩٢٦، ل٨.
٢٧ – گۆڤاری دیاری کوردستان، ژمارە (١٦)، ١١ ئایاری ١٩٢٦، ل ٩ ـ ١٠.
٢٨ – بۆ زیاتر شارەزابوون لەم گۆڤارەو ڕۆلی لەپێشخستنی زمانی کوردی، بڕوانە:ـ زاری کرمانجی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠ ـ ٢٤.
٢٩ – بڕوانە: حامید فەرەج، ڕێنووسی کوردی لە سەدەیەکدا، ل ١٨ ـ ٢٢.
٣٠ – سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژە بەژیانی ناکەن.
٣١ – حامید فەرەج،ل١٦٤ .
٣٢ – حامید فەرەج،ل١٦٤ .
٣٣ – بڕوانە : ڕۆژی کورد، ژمارە (١)، ٩١ی حوزەیرانی ١٩١٣ ،ل٤ .
٣٤ – جێگای ئاماژە پێکردنە، کە بە ماوەیەکی کەم پێش ئەم مێژووە، هەندێک دەنگۆی ئەوە هەبوو لە نێو دەولەتی عوسمانی کە بانگەشەی گۆڕینی پیتی عەرەبی بەپیتی لاتینی لە نێو نووسینی تورکیدا دەکرد، یەکەم کەسیش کە ئەم باسەی وروژاندبێ، نووسەرێکی تورک بوو بە ناوی محەمەد مونیف پاشا (١٨٢٨–١٩١٠) ،کە کاری وەرگێڕانی زانستی و ئەدەبی دەکرد لە زمانانی ئەوروپییەوە بۆ سەر زمانی تورکی، لە کاتی وەرگێڕاندا هەستی بە قورسی و ناخۆشی وەرگێرانەکە دەکرد، ئەمیش بە هۆی هەژاری زمانی تورکی لەڕووی زاراوەوە، هەر بۆیەشە لە سالّی ١٨٦٢ کۆمەلّەی عوسمانی زانستی دامەزراندو تیایدا بانگەشەی گۆڕینی پیتی عەرەبی کرد، بەلاّم داواکەی جێگەی قبوولّکردن نەبوو . دواتر هاوولاتییەکی تر بەناوی(فەتحی عەلی) پرۆژەیەکی پێشکەش بە دەسەلاتی عوسمانی کرد، پرۆژەکە ئامانجی گۆڕینی پیتی عەرەبی بوو بۆ پیتی لاتینی، دواتر پرۆژەکە ڕەوانەی کۆمەلّەی زانستی عوسمانی کرا، بەلاّم ڕەتکرایەوە، دواتر لە سالّی ١٨٦٩ ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی (حریە) وروژێنرایەوە، ئەم ڕۆژنامەیە لەلایەن کۆمەلّەی فەتاتی تورکی لە لەندەن دەردەچوو، بڕوانە:دراسات عن تورکیا ، الجامعة المستنصریة معهد الدراسات الاسیویة و الافریقیة، بغداد، ص٧٥٩–٧٦٠.
٣٥ – میر جەلادەت بەدرخان(١٨٩٤–١٩٥١): یەکێکە لە گرنگترین کەسایەتیە کوردییەکان کە لە بواری نەتەوەی ڕۆشنبیری کوردییەوە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم کاری کردووە، کوری ئەمیر ئەمین عالی بەدرخانە. لە ئەستەنبۆل خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی لە شارەکانی(ئەستنەبۆل، ئەنقەرە، سالۆنیک، ئەدرەنا) تەواو کردووە، سالّی ١٩١٩ پاش کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی لەگەل مێجەر نوئێل و کۆمەلّێک کەسایەتی کوردی سەردانی کوردستانی کردووە، بە ئامانجی دروستکردنی چەند جوولانەوەیەک دژی کەمالییەکان، بەلاّم سەرکەوتوو نەبوون، دوای ئەوەی کەمالیەکان کۆنترۆلی لە دەولەتی عوسمانی گرتە دەست، حوکمی لە سێدارەدانیان بەسەر باوکی و براکانی دەرکرد، ئەمە وای کرد کە ڕوو بکاتە ئەلمانیا و لەوێ لە بواری یاسا بخوێنێت، لە سالّی ١٩٣٢ لە دیمەشق گۆڤاری(هاوار)ی دەرکرد، دواتر گۆڤاری روناهی دەرکرد. لە سالّی ١٩٥١ کۆچی دوای کرد، بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: مالمیسانژ بدرخانیو...، ص ١١٢–١١٣، کۆنێ ڕەش، بیرانینا میر جەلادەت بەدرخان، گۆڤاری

ڕۆژنامــەوانی، هەولێــر، هاوینی ٢٠٠١،ل ٣٠٣-٣٠٦.

٣٦ - جەمال نەبەز، نووسینی کوردی بەلاتینی، بەغدا، ١٩٥٧، ل ٢. حامید فەرەج، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢.

٣٧ - بڕوانە: تێگەیشتنی ڕاستی... ل ١٠٩.

٣٨ - بڕوانە: پاشکۆی ژمارە (٨).

٣٩ - حامید فەرەج، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥ ـ ١٦.

٤٠ - عارف خەزنەدار ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە (لازۆ) سەر بەحزبی (هنچاک)ی ئەرمەنییە، کـەیەکێ لەئامانجـەکانی کـۆکـردنەوەی کـوردو پێکهێنانی کوردستانی گەورەیە، کە خاوەنی خود مـوختـاری ئەرمـینیـای گـەورەبێ، بڕوانە وتاری: ژیانی کــوردناسی و زانایانی کــوردی ئەوروپا، قەناتی کوردۆ، گۆڤاری ڕۆژی کوردستان، ژ (٢)، تەممووزی ١٩٧١، ل ٣٨.

٤١ - بڕوانە: پاشکۆی ژمارە (٩).

٤٢ - قـەناتی کـوردۆ: لەساڵی ١٩٠٩ لەیەکێ لەگوندەکانی سەر بەناوچەی قارس کـوردستـانی باکــوور لەدایکبــووە، لەســاڵی ١٩٢٠ لەگـەڵ خـانەوادەکـەی چۆتە شـاری تەفلیس، و سـاڵی ١٩٢٨ باوکی وەفـاتی کـردووە، لەساڵی ١٩٢٨ لەقوتابخانەی (لازۆ) خوێندنی تەواو کـردووە، و سـاڵی ١٩٣٦ لەبەشی زمــانەکــان لەزانکۆی لینیگراد خوێندنی زانکۆیی تەواو کردووە، قەناتی کوردۆ چەندین بەرهەمی بەسەر کوردو زمانەکەی هەیە، لەوانە: تەحویرا مێژووی کـورد لەزانستـی مێژووی بواری جوازی فارس ٢ دەستووری زمانی کـوردی و چەندین بەرهەمی تر. بۆزیاتر زانیــاری بڕوانە:ـ مارف خەزنەدار، ژیانی کـوردناسی... ل ٣٧ ـ ٤٤.

٤٣ - مارف خەزنەدار، هەمان سەرچاوە، ل ٣٨ ـ ٣٩.

٤٤ - بڕوانە: پاشکۆی ژمارە (١٠).

٤٥ - جمال خزنەدار، مرشد الصحافة الكردية، بغـداد، ١٩٧٣، ص ٣٥. وریا جـاف، کـاروانی ڕۆژنامـەگـەریی کـوردی، هەولێـر، ١٩٩٨، ل ٤٤. اراس جـودي، الاميـر جـلادت بدرخـان والالفبـاء الكورديـة اللاتينيـة، ترجمـة: نوزت الدهوكي، مـجلة الصـوت الاخـر، العـدد (١)، اربيل، ٣ حزيران ٢٠٠٤، ص ٣٦.

٤٦ - حامید فەرەج، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥ ـ ٢٦. بڕوانە: پاشکۆی ژمارە (١١).

٤٧ - جـێگای ئامـاژە پێکردنە، کـە گـۆڤـاری هاوار لەنێـوان سـاڵانی (١٩٣٢ ـ ١٩٤٣) تەنیـا (٥٧) ژمــارەی لی دەرچووە، و تەنیـــا لەژمـــارە (٢٤) تاکـو کـۆتایی بەپیـتی لاتینی بووە، جگە لەوەی هەندێ وتاری بـەزمـــانـی فـــەرەنسی بڵاوکـردۆتەوە، بۆ زیاتر زانیـاری بڕوانە: صـلاح محمد سليم هروري، الاسرة البدرخانية، ل ١٣١. مـحـەمـەد بەکـر، دەنگی زانین و خـون نانسـینێ، گـۆڤـاری ڕۆژنامـەڤانی، ژ (٥)، هەولێـر، هاوینی ٢٠٠١، ل ٢٥٧ ـ ٢٦٢.

٤٨ -مـێـجـەر نوئێل :یەکـێـکە لە ئەفسـەرە ئینگلیـزەکــان کــە لە دوای جـەنگی یەکـەمی جیـهـانیـیەوە لە کـوردسـتـان کـاری کـردووە، لەم ماوەیەدا توانی پەیوەندییەکی نزیک و باش لەگەڵ ژمـارەیەکی زۆر لە سـەرۆک عـەشـیـرەتەکـان و کەسایەتی دیار لە کوردستان پەیدا بکات، و توانی زمانی کوردیش فێربێت، نوئێل زۆر لە کوردستان نەمـایەوە، بەڵکو سـەرکـردە ئینگلیـزەکـان دواتر ڕەوانەی قـەفـقـاسیـان کـرد، بڕوانە : کمال مظهر احمد، كردستان .....ل١٨٧ .

٤٩ -بڕوانە :گۆڤاری هاوار، ژمارە ١٣، ١٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٣٢، ل١ .

Hawar I, hijmer 1-23(1932-1933), erbil kurdhstan, 2001. celadet celhker, cendphr-sen alfabeya kurdh, 1996-126-128

celadet celhker, 27 - 28 – 50

٥١ – هەمان سەرچاوە،٢٨ .

٥٢ -محەمەد ئۆزۆن، جلادەت ئالی بەدرخان و خەباتێن وی یێن ل سەر زمان، گۆڤاری رۆژنامەوانی، ژمارە (٥)،هەولێر، ٢٢ی نیسانی ٢٠٠١، ل ٢٠٤ .

53-CELADET CELIHER, JEDERE, BERE, L28-29

٥٤ – بڕوانە پاشكۆی ژمارە (١٠) .

55- CELADET CELIHER, JEDERE BERE L28-30

٥٦ – نورەددین زازا،هاوار و جاندا كوردی، گۆڤاری رۆژنامەوانی، ژمارە (٥)،هەولێر،هاوینی ٢٠٠١، ل٢٥٢ .

٥٧ -خۆیبوون : كۆمەڵەیەكی سیاسی كوردی بوو، لە ساڵی ١٩٢٧ لە لوبنان دامەزرا،زۆربەی كەسایەتییە كوردییە رۆشنبیر و شارەزاكانی لە خۆ گرتبوو،لە نێوانیاندا ئەندام هەبوون سەر بە بنەماڵەی بەدرخانییەكان ە بنەماڵەی جەمیل پاشا بوون .لە سەرەتاكانی سییەكانی سەدەی بیستەم ئەم كۆمەڵەیە سەركردایەتی شۆرشی دەكرد دژ بە حكومەتی كەمالی لە توركیا، بۆ زیاتر شارەزابوون، بڕوانە : روهات الاكوم،خویبون و پورە اكری، مراجعە : شكور مصطفی، هەولیر ٢٠٠٠،ص٥ . محمد ملا احمد، جمعیە خویبون و العلاقات الكردیە والارمنیە، اربیل،٢٠٠٠، ص٤٣-٩٧ .

٥٨ – بڕوانە سەرچاوەی پێشوو،ل ١٦٤ .

٥٩ – صلاح محمد سلیم هروریی،هەمان سەرچاوە، ل١٣١ .

٦٠ – بڕوانە پاشكۆی ژمارە (١٣) .

٦١ – بڕوانە : گۆڤاری هاوار، ژمارە (١)، ١٥ ئایاری ١٩٣٢،ل ٤ .

٦٢ – گۆڤاری هاوار، ژمارە (١)، ١٥ ئایاری ١٩٣٢،ل ٥ .

٦٣ – هەروەكو ئەو كتێبەی كە لە سەر ئەلفوبێی كوردی بەپیتی لاتینی لە ساڵی ١٩٣٣ لە بەغدا دایناو، بەناونیشانی (خوێنەواریی باو)، بڕوانە: حامید فەرەج، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣-٢٥ .

٦٤ – كامەران بەدرخان : برای ئەمیر جەلادەت بەدرخان، چەندین لێكۆڵینەوە و شتی لە سەر زمانی كوردی نووسیوە، لەوانە كتێبێكی لە سەر ئەلفوبێی كوردی بەپیتی لاتینی، كە لەساڵی ١٩٣٨ لە دیمەشق بە چاپی گەیاندووە، بە ناونیشانی (ئەلفابی یا مە) بڕوانە : حامید فەرەج، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣-٢٥ .

٦٥ – بڕوانە : نورەددین زازا، هەمان سەرچاوە، ل٢٥٢. حەمە رەش رەشۆ، جەلادەت بەدرخان و رۆژنامەگەریا وی ب كورتی، گۆڤاری رۆژنامەوانی، ژمارە (٥)، هاوینی ٢٠٠١،ل٢٥٦

٦٦ – Celadet celiher jedere bere, L 30

# زمان پێشڤەترین ئالاڤێن کوردەواریێ گەودە دکە

## ١-٢

**و: عەبدوڵلا سەبری**

نە زێدە پێ باوەڕێ شرووس پەیخام و خێفزانیا مە، لێ بەلێ گەلەکی پێ باوەڕێ کار، بزاڤدان و ئەزموونەیا ژیانەکە ژیوارم، نەمازە یا کو دهێلە مرۆڤ رازێن وێ باش دکارو خەباتێ دە ناسبکە.

نە گەدێ من کو قانا ل برا، دۆست، هەڤال و هۆگرێن هەمراهێن خوە خیڤ بکم، نە ژی ئەو قاسی ژ گورد کەتی مە تاکو ئەزەوەرێن خوە یێن رۆیندار دڤالا یێدە بێ دووندە ڤەمرینم، تاکو ساخمە ئەز دێ ستووباریا زمانێ دایکێ، یێ مادەر ل گۆرا پێکارینا خوە هلینم و پێوەنداریێ پێویستداریا وی هەر ب مینم، رێبازێن سستەمی، توند و تووژی ژ سەر هلینم.

ئەز دێ خوازم ئان پەرستبم، گەر کو ل سەر دەڤێ کێرێ رازم، گەر کو د شکەفتێن وەلات دە، ل سەر تەهتۆشکان ل پەیڤا رەسەن ب لەکژم، چکو گرینگیا زمانێ گەلێ خوە، د هەمی هێلەکارێن نەتەوی، سیاسی، چاندی و ئابووری یێن کوردەواریێ دە، نەمازە کو پێشڤەترین ئالاڤێن کوردپەروەریێ د چەسپینم و چاکتر باوەڕم کو ئافراندنا ئیرۆ دێ دەنگڤەدانا سبە رۆژێ بێتە خوەندن.

گەلەک ئافراندیار یێن فەرزەندە، د دەستەگاڤا پێشی دە هەنە کو یاساو لێ هاوەبێن شارەوەری، زگۆن و تێمێن زانستی یێن کێم پەیدا، نەمازە کو د ئۆرتاخا جڤاکا چاندەواری دە د خەبتینن، گیانێ رەسەن د زمان کەڤنە تۆرا دێرینده چاک ڤەدژەنێن، ب تایبەتی ژ نووڤە بۆ چاندا رەخنەیی، رووپەلێن زێرین ڤەدکن، کەیس و دەرفەتێن زاناڤا پەسندە

دکن، پێ دەر پێ بەرڤە زمانەکی ستاندەردو رەوانێژێ دە د مەشن.

نا خوە کو عەربستان ب تلاما قورئانا پیرۆز، خوە خوەدی زمانەکی ئەڤراو بێ هەمتا دبینن، هەر وەکی ژ مامێ کورد یێ خوەزایە کو، د هەمان پیڤانێ دە دەستەگول ناڤەندەکە گەورەو ئەڤرا بدن زمانێ زندی یێ کو ژ رەگ و نیژادێن ئاری گاڤدایە زاینێ، زمانێ خوەرستێ، زەرادەشتێ و ئاڤەستا ئەڤرا، نەمازە کو ژ ئافریدەیێن بجان و بێ جان، ژ دەنگ و رەنگان ژ سەراخ و بنراخ، قادو ئاسیمان، زمانێ رەسەن و دێرین ئافرییە، زمانێ کاوا قەهرەمانێ ئاگرێ ئازادیێ، فندو شەمالا جەژنا نەورۆزێ، لەورە ئەم دێ ژ ئیرۆ پێڤە، هەول و بزاڤەکێ مەزن و بێ برین بکن، داکو زمانەکی رزگار بۆ مللەتێ خوە دەستنیشان بکن، دا قەنا ئەم ژی بەختەوەریا خوە د ناڤا زمانێ جیهانی دە بستینن و بن خوەدی زمانەکی هەمدەمی، زاگوّن و دەربرینێن واتەگران یێن زانستی ب گشتی باش راڤە بکە، هەمی داباش و بابەتێن رامانی بەدەگۆژی، یێن زانستی د خوە دە ب جڤینەو تێر بکە. هەلبەتی ژیوارەکی دروستە، نەمازە کو ملداری و هەڤگرتنا کوردی، کارەکی بنگەهین بۆ زمان راچاڤ دکە ژ بۆ بدەستخستنا هەلپەرینەکە چاندی پێشکەتی و زمانەکی ژیندار، نەمازە کو بکێرهاتی و یەکگرتی، ستاندەردو فەرمی، د پێشەرۆژێ دە پەیدا ببە، د ڤیانەکە هێزدارو چالاکە دە، هەر وەکی رەوشتێن پایەداری دەستنیشان بکە، مللەتەکی شارستانی بابەتێ ژیانەکە روومەتدار بوها بکە، هەروەها دیارە کو هەینا مللەتەکی، بێ ئەوارتە د ڤەمانا وی دەیە، واژی کورد ب زمانێ خوە هەنە، لۆما ب خوە هشیاریا کوردی ژ وێ خلماشیا دەمدرێژو دەرەنگامایی، گیانێ نەتەوە حەزی نەمازە کو ژ نووڤە، د قەلافەتێ وی دە دگەرە، ئەرک، وەش رامان و رێزکرنێ، چاند، زمان وێژە دگەل تەکۆشینا سیاسی دە گەشبینتر ببە لۆما زمان د ئاورا خوە دە، وەک پێواندارییەک توخم، بنەمال و نیژاد هەست دکم، ژ هەمی پێوەندارێن جڤاکێ، ب هێزترو پێشڤەتر قەلافەت دکم، ئانگۆ زمان یەکەم ناڤبێچیێ تێگەها نافخوەیی بۆ تێگەها یەکبوونێ د بینم، هەر ئەوە یێ کو ئەنیا ملداری و یەکگرتنێ د چەسپینە.

هەروەها بۆ ڤێ یەکێ بەرژەوەندیێن مللەتێ کورد، یێن پر ئالی د سەری دە یێن نەتەوی، ل گۆرا تێگەها خوە بۆ ڤێ سەردەمێ و بێ دەرەنگی تێتە خوەزتن نەمازە کو ب دلسۆزی د چارچەڤەیا رێبازا زمانەکی رەوانبێژی فەرهەنگ و فەرمی دە، هەر وەکی خوە ب رێکوپێک بدن سەر هەڤ و هەڤبەش د هەلوەستەکە دەزگداری یەکگرتی دە، دگەل رێبواریا خوە خەباتا سیاسی یا هەڤپەیماندەو ئامانجەکە پرۆمیدو تێڤەلروو دە، جڤاکی، رەوشەنبیری، ئابووری، ب تایبەتی کو د ئەنجامێ دە مللەت د هەمی چینێن خوە یێن هەمەرەنگ دە ژ بن نیرێ ستەمکاری، ژارو پەریشانیێ، خوە ب گوهێزە پەراڤێن ئاشتی و تناهیێ. ئاستەیا زمان د زەمینا ژیواریدە ناڤنیشان ببە، هەر هێرشەکی کورد، ب زمانێ خوە کۆنەو فێرس ببە.

بێ گومان دەما کو هشیاری، د تێگەها زمان دە گۆتەبێژ دبە، هنگا تەنها واتەیەکێ بناڤ دکە، یا کو د پێشدەمی تێگەها هەلپەریندە، خلماشیەکە گەڤزەو بێ دەنگییەک جانکوژدە هێواری بوو.

نەمازە دبن پێێن، زۆرو چەوسەنگاریا داگیرکەران دە ئەوا کو بێ ئەوارتە مال، قاد، زمان و کەلەپۆرێ تەڤ مللەت و وەلات ب گشتی تالان کربوون. لەورا ژ بەر زخت، زۆرو ستەمکاریا بێ دەرفەت و ناڤبر، بێ رەوشێن مرۆڤانی یێن

مـــافنـاسین، هەروەها پێـــرە دەســـتـــەگـــاڤـــێـن هەلپەرورنێن چاندی، وێژەیی، سیاسی و سەردەما چەرخێ ٢٠ تان دە، لڤالی والی، ل سەر نەخشا کوردستـانێ ب گـشـتی هاتن ئاڤێتن، نەمـازە د شـــێـــوەیەکی بەرزتر دە پشـــتـی هەرفـــاندنا ئیمبەراتۆریا ئۆسمانی و نێزتر ب شوون دە ل گەل قوونجیکرنا هێزێن سەربازی، یێن داگیـرکەرێن ئەوروپا رۆژئاڤا، دگەل چاندا خوە یا پێشکەفتی دە وب شێوازەکی خورستیـانە، هنۆ هنۆ گەلێن هەرێمێ پێڤە خوریان و ئەزموونە ببوون، سوودەو دەلیـڤـەیێـن کـاربلند ژێ وەرگـرتن، چ سـیـاسی، زانستی، هونەری، پەندەگۆژی، تۆرەڤانی و دگەل پەروەردەکرنا دام و دەزگـەیێن ئابووری نەمازە کـو پێ هاتنە ئەزموونە کرن. ب تایبەتی نرخێ ئازادی و سەرخوەبوونێ، ئەرکێن نەتەوی، سنج و مافێن مـرۆڤـانی پەرەنسـیـپـێن رژێـما دیموکراسی دگەل حـەزکـرنا زمـان و کـولتـوورا مللەت و تێگەها دروشـمـێن چەکـداری، شـۆڕەشگێـری، یێن کـو هەڤدەمی وێ قۆناغێ د بوون.

**شێوەزاریا زمان سیمبۆلێ یەکگرتنێ قەلافەت دکە:**

د ناڤ گـەلێن رۆژهەلاتێ و رۆژئاڤـا دە، کـێمن یێن کو نرخێ زمانێ کوردی باش دزانن، گرنگی و دەولەمـەندییـا وی مـینا زمـانەکی مـرۆڤـانی، ناڤنەتەوی قـەنج نەناسن، هەر وەکی زمـانێ کـو دیرۆکەکە درێژڤە داگیرو ڤەگرتیبوویەو هەڤبەشی گـــەلەک چاندو نەتەوان بوویە، دگـــەل رەوش و پەرگـالا رەنگ کـێـشـانێ دە، تمی هەڤـبـەشی شارستانیا گەلەک مللەتێن چاندە جیوازو نژادێن هەمـە جـیـــربوویە. هەروەها تەڤ وێ وەشی و پەرگالا پریشـانی و دۆرپێـچایی، یا دیل و تالان بوویی، بێ سـازی و دام و دەزگـە، هنۆ هنۆ دبن سـیـداریا قـەدەغـە دە، هنەکی ب پەلگرانی، ب سایا بزاڤا کەسێن زمان حەز، یێن تەکا کەسانەو زانەڤا زمانەکی مادەر پەیدا بوویە، نەمازە پشتی کـو مـیرێ بلیـمـەت و دووربین جەلادەت بەدرخان تیـپـێن لاتینی د سەرێ چەرخێ بیـسـتـان دە، د ژیانا چاندا کـوردی دە خـەباتندە، ئەو زمـانێ کـو بەریا هنگا د هاتە ناسین زمـــانێ هۆرێ یە بێ ناسنامەیەکە نەتەوییە، لێ ژ نووڤە پێڤە پێ ژ وێ پەرگالا بێ زاری هاتە برین و ژ لایەکی دنڤە دگەل کـو زارێ رۆژئاڤـایی کـوردسـتـانێ، نەوەک یێن باشووری عیراقێ و بەشەکی ل پشکا رۆژهلاتێیە، هەمـان پیـڤـانێ دێرسـیـمێ، فـارقـینێ، نە وەکـە قـامـشلۆکـیـان و جەزیرا بۆتان د ئاخڤن و زاراڤێ سلێمانی، هەلەبجە، نە هەڤتایێ ئامەد، نسێبین، مەهابادو کوردا خێ یە، لێ د ئەنجامێ دە هەمی د رەگ و پاشکۆکێن خوە یێن دیرۆکی دە، د ریچال و کـانیـێن خـوە دە، د دارێژا یەک زمـانی دە ڤـالا دبن، ژ پێکینا دەزگەیێن زەندەگیڤە. ژ بوونەوەریا نژادێ کـورد ڤە هەر ب خوە رستێ رە کـات دایەو ب چارلەپکا دبن بارو پۆساتێن گران دە گاڤ دایە ژیانێ و دڤێ سـەردەمێ دە بوویە شاخـەکی رەسەن ژ لەمـا کـۆمـبـەندا لاتینی ب گـشـتی و ژ نووڤـە هەلگـافـتنێن ئافـراندنێ ب سـایا لاوێن خـوە یێن ئەکادیمسیون رۆناکبیرێن زمانزان بەرڤە پێشدە داڤێژن.

هەروەها د چەرخێن چوونی دە فرانساو بەریتانیا ل رۆژهلاتێ ناڤبەرا هەردوو چەمان ڤەگرتبوون و ل دەڤـەرێ بێلەکا درێژ دەسـتـەلاتداریا گـەلێن نیـژاد تیـــــڤـــــەل، ژ هەمی هێلەکـــــارێن ژیانێ ڤـــــە ئەکـۆنۆسی،چاندی، سـیـاسی، چڤـاکی ب زمـانێ خـوە یێ سـەربازی و سـیـپـاهێن چەکداری دکرن و هەلبـەتی هیچ وێ واتەیێ توجـاری نابرە، نەمـازە کو زمانێ وان دێ شوونا زمانێ عەرەبی، کوردی، ئەرمەنی، سریانی و هوورگەلێن دیتر بگرە.

بێ تەنا حـــەزی ئانگۆ بێ هەوێداری، من نە باوەڕە کـو مللەتەکی کـەڤنار مـینا گـەلێ کـورد

خـوەدی زمـانـەکی دێرین تێـر بێـژە نـەرم و تەوان خوەش دگەل کەڤنە تۆرەکە زەنگین دە نەمازە وەکو سـەرو بنـێ زەمـــینـا وێ، پـووت، لات و تەرتەپێلکێن کـەڤنە شـۆیێ د هەرێمێ دە ژێر خوەش دیدارن، تەنهـا کـو مـیـرات و پاشمـایێن چەرخێن دیرۆکـدرێژ یێن باڤ و کـالێن کـورد، ژ بەریا زاینێ ڤە ژ مێژوویا پێکینا مرۆڤانیێ ڤە، ژ هەزارێن سالان ڤە شارستانیا هەرێمی ئاڤاکرنە.

ڤێجا گەر کو ئیرۆ ژ نووڤە جیهان د یەک زمان و نیژادی دە ببە یەک بێ گومان هنگا ژ بۆ کورد، بێ بەختـەوەریەکێ د پەژرینم، لێ بەلێ چاکـتـر دبینم کـو سـوورو بەندا ئامـەدێ، کـەلا هەولێـرێ، برجا بەلەک، کەلا خارپێتێ، کەلا هووری، گرێن مـۆزان، تەل عـەربیـد، ئاسـێکێـفێ، گـاسـینا چارچرا... ئیـرۆ کـورد ژ خـوەرە بکن سیـمـبـۆلێن نەتەوی، ناڤنیشـانێن شارستـانیـا کوردەواری، د گـەل شێـوەزارێن زمـان یێن پر ژمـارو هەمـەرەنگ نەمازە کو هێژ هەنە د رێکا زمانەکی یەکگرتی بۆ گشتی بکاربینن.

قـەت نە گـەنگازە ئەگـەر کـو یەک، پرسـا مـاندینەیا زمـانێ کـوردی ژ من بکە هنگا تەقـەز دیسـانێ بێ لایەن ئەز دێ د ئەنجـامێ دە ڤێ بەرسـڤـا ل ژێر گـۆتی لێ ڤـەگـەرینم. دیارە کـو هەرچی زمـانێ کوردی، د رەنجـەکێشـانەکە پرالی دژوار دە دژی ب زۆرو کـــوتەکی ژ بـن نیـــرێن داگیرکەرێن نۆکەر د بەرخوەدانا کارگۆری بێ برین و بێ ڤەوەسـتـان دە د سەمـاخەکە ژان کێـشـان دە خوە ژ مرنێ کوتاە کربیەو لۆ ژی تەقەز دێ کاربە دگەل تەنگەزاریا مەرجێن قۆناغێ دە یێن دژوار کـەسـانەتیـا خـوە ب پارێزەو خـوارشـیـناسـتـر پێشەرۆژێ بئاخڤینە.

هەر وەکی تانی نوها ل بەر زەخت، قـــەلەم و ئاستەنگێن زیناتکاران ژیندار مایە، لۆما ژ ئاورو باوەریێن پێشگۆتیڤە. پوختا گۆتنێ چەندی کـو زمـانێ کـوردی ب تایبـەتی ئیـرۆ، ب زمـانێ ئەورۆپیـان ڤـە، یێن پێشکەتی و شـارسـتـانی هەڤبەش و ئەزموون ببە، هنگا چەندی وێ بێتر، سـەرکـەفـتی هەلگاڤتنان بدە پێش، هەر وەکی د ڤـان دەمێـن نێزدە، ژ ڤـالی گـەلەک ئاورو نەرینێن رامەکێش دبهیزم و دخوینم، ل هێلەکە دن نەمازە کـو مـرۆڤ باش نێـزی مژارا زمـان ببـە، هنگا دێ مرۆڤ ب هێسانی هەست ببە، بێ چەندی زمانێ کـوردی چێـژدارە، سـڤک و تەوان خـوەشـەو زێدە هەڤرێژی د ڤایێن هەمدەمی دبەو ئەرکێن زانەڤانی چاکـتـر راڤـە دکـە، تێکەلیـێن رۆناکبیـری د گێـرا زانسـتی یا بەرفـرەه دە ب جـە دکـەو هین چێـتـر نەمازە گەر کو کەیس، دەرفەت و مەرجێن لێهاتی ژێرە پەیدا بن.

بێ گومان هنگا دێ کاربە دەربرینێن واتە کوو، د تێـمـێن زانسـتی دە خـوەشـتـر بدە، هنگا بێ ئەوارتە د دەریا داناسـینا چاندا ناڤنەتەوی دە دبە کـو رەوشـەنبیـرێن پرێ مللەتێن جیـهـانێ کـوردی وەرگەرینن زمـانێ خوەو د زانینگەهێن خوە دە پێ پەروەردە بن، فێـری زمانێ سەر ژمارا چل مەلیۆن کورد بن، لێ گەر کو پرس ژ بۆ یەکگرتنێ بێتەکرن ئانگۆ چما؟ ژمارا زاراڤێن کوردی زێدەنە، هنگی دیسـانێ ئەز دێ بێ ترس و پاخـاڤ ب بێـژم هیچ شـێـوەزاری نەگـەنگازە وەکـو رەنـگ و جـوورەیێن چیچەکان باخان د خەملینن لێ بەلێ ڤێ یەکێ بۆ کارمەندی و دەولەمەندیا زمان د پیڤم هەروها گەر کـو چاکسـازی و دەزگـەیێن سەربەخـوە یێن زمـان هەبوونا زاراڤێن مە ب گشتی د زمانەکی میـری، رەوانبـێـژی دە چارچوڤـە ب بوونا هنگا ئەمێ یەکگرتی سـەرانسـەری کـوردسـتـانێ د تێکەها یەکبـوونێ ب کـێـربوونا، هەروەها پرناسـە کـو ب شێوەیەکی دەستەگول زمان چاکتر د پارێزەو ژیندار

دهێله، د ئەنجامێ ده قـووت رەڤ ژێ نینه، ئەوه کـو مـرۆڤ مـافێ خـوه یێ یاسـایی و روونێ یەکسەرو راست ل وێ ژێدەرا دروست ڤەگەرەو ژ هەیامێن کوورو دوورڤه تێکەڤه پاشاخێ، نەمازه کو باش وی ژ زمانێ بیانی پاقژ بکه، لۆما من هشک نه باوەره کو مرۆڤێ کورد کاربه ژیانەکه نەتەوی سەربخوه ب دوومینه، بێ کو زەبارەتی و پشتەڤانیا زمانەکی ژیندار پێرە هەبەو مللەت ب گشـتی تێ بگهێژه ب خـوینەو ب هێسـانی پێ بنڤیسـەو ب تایبـەتی ژ بۆ کـو سـالێن یێن، د چەرخێ ۲۱ێ ده ببه یا سەرکەفتی، پێشکەتن و گولڤەدانا زمانێ کوردی، نەمازه کو هەمی داباش و بابەتێن زانستی رۆژ ل دووڤ رۆژێ چاکتر ب هنگڤینه، ل گەل بێژەو چ تشتێن کو ب ناڤدبن واژێ ئومیدەوارین کو، د پێڤاژۆیا هەمان چەرخی ده، دێ هەمی شێوەزارێن چڤاکی د زمانەکی ستاندەردو رەوانبێژده، د زمانەکی فەرمی ده بێن یەک چونکی زمانێ فەرهەنگی هنۆ هنۆ رێیا خوه دخوەندن و نڤیساندنێ ده چێتر ڤەدکەو وها ژی مـەتۆدێن راگـەهاندنێ ل بەر خـوه فـرەهـ دکـه، هەروەها بەر ژەنگ دڤێ بافیکێ ده پر نێزیکێن، ئانگۆ نێزدەمن.

کـوردسـتـانا باشـوور یا عـیـراقێ وەک نموونه نەمازه کو ئازادەو دەستەلاتداریا پەروەردەیا زمان و کولتوورا کوردی رێوەفەرمی دکه، چاکسازی د بسـتـان، زانکۆو دەزگـەیێن خـوه سـەر، دگـەل رۆژنامـەگەریا چاندو زمان دایەو ژ بۆ بەلاڤبوونا وی د جـیـهـانا وێژەیا کـوردسـتـانی ده، هەروەها زانینگەهـ، وەشان و دەرچوونا پرتووک و گۆڤارێن هەفتانەو مەهانه...

**رۆلا زمان و هشیاریا چاندێ:**

دەما کو نەتەوا مەزن یا بچووک ڤەدگەره، بێ گومان نه تەنها خێروبێرا وێ یا ئابۆری، بووژەنی ڤـەدگـەره، لێ بەلێ فـۆلکلۆرو کـولتـوورا وێ ب گشتی رێشدکەو دادڤورتینه، تاکو ژێ تێ ژ وچ و کۆکێ ده وێ دبشڤینه واژی زمان پێره تالان دبه، گەلەپۆر، چاندو وێژەیا نەتەوا بچووک هن ب هن وندا دبەو هەروەها نەتەوا کـێم، لاوازو بندەست ناچار دبه کو چاند وێژەیا داگیرکەران پەسەنده بکه، لەورا ب وها رەنگ زمانێ داوەر، بێتر د ژیانا خوه ده یا ژ دەستەچوویی د خەبتینه پێڤه هاڤل وێ ژیانا خـوه یا نەتەوی و تایبـەت خەمسارو سەربێش دهێله.

مـخـابن ل ڤـر ژی بەرژەنگ و مـیناک ل سـەر رووبەرێ هەر چار پەرچێن کوردستانێ پرناسن پله پله گهایه رادەیەکێ کو گەلەک ژ مالباتێن کورد، ب زمانێ داگیرکەران د هندورێ مالێن خوه ده ب پەیڤن، ب تایبـەتی کـوردێن باکـوورێ وەلات، د مـالده، د سرگوون و مـەشەختـیێ ده ب زمـانێ سەربەستێن خوه د ئاخڤن و د گەلەک هەلکەفتانده زێده پەسنێ خوه پێ ددن، چونکی ئەڤ سەردەمێن ژێرین پر بالکێشێن.

۱- ژ بەر ئەزمـوونەو بەرژەنگێن کـێم پەیدا بۆ ئاستـه بلندکرنا زمانێ رۆژانه، چکو هیچ زمان ژ خوه بەرگیان تێده نەلڤه نەکو ب سایا گوهداری و بزاڤدانا لاوێن خوەبه، یێن کو ماندینەیا ئاورڤەدان و ئەنجامێن بەرهەمدارو چاکبێن راچاڤی جڤاکێ دکن.

۲- باندۆرا شـارسـتـانیـا ئەورۆپاو گـیـانێ رۆناکبیری ب رامانێن خوەڤه شێوەزارێن هونەری، تەکەنی یێن کو زمان ل سەر تێته خەبتاندن دگەل ڤـەخوەندنا پلەیا هەلپەرینا چاندەواری، نەمـازه د سەردەما پاشی ده، وەکو دیاره رۆژ ل دووف رۆژێ زمانەکی پەخشانه چاکساز، کێشمەنده رەوانبێژ زاناڤـان و هیچ نەخـەمـه کـو هنەکی پەلگران گاڤا دبه پێش، چکو هەرکەس زانه بێ ئاریشه، کەلەم

و ئاستەنگ یێن پاشدە ماینێ چنە، چاوانەو ژ کوونە.

٣- نە هر چار پێشکەتن و گولڤدانا زمان تەنها ژ هێلا چاندو رەوشەنبیری ڤە پێکتێ، لێ بەلێ بێترێ جاران ژ سەرکەفتن و هەڤپەیمانێن پارتی و رێکخستنێن سیاسی و رەوشەنبیری و هەر چار کۆشکێن کوردستانێ دە تێن و چاکتر ژینداریەکە نرخ بوهاو ئومێدەوار د دێ، نەمازە کو لووکا پێوەنداریا رەوشەنبیری و سیاسی ل سەر پرەکە رادایی، دێ زمان ب رەنگ و دەگەکی بلندتر ب ئاخڤەو رەوانەکی نووژەن و هێزدارتر تێدە ڤەژەنە، چکو زمان هەر دێ بمینە یەک ژ وان گرێبەندێن پەلگدارو سەرکەفتنا دەستەلاتداریا سیاسی بێتر د هەلپەرینە.

٤- فێربوون و پەروەردەکرنا نڤشێن نوو هاتی، ل گۆرا کەیس، دەرفەت و مەرجێن کو دەلیڤە ژێ تێنە وەرگرتن. د خوەندنگەهێن فەرمی دە و گەر کو پەیدا نەبن، د یێن خوە مالدە بۆ فێربوونا هەمی تایێن زانستی ب هەمان زمانێ نەتەوی و ل گۆرا ئاستەیا پێ کارینا خوە ژێ هەولدانەکە بێ وەستان ژێر هەبە، نەمازە کو کەلەم و ئاستەنگێن دژوار ل پێشیا خوە ب کەسخینە.

٥- بێ ئەوارتە ژ ئەرکێن زمانزانایە، نەمازە کو ب چ رێئاوەو شێوازان بەزمانەکی رەوانبێژە ستاندەردو هەڤپار د جڤاکا ناڤخوەیدە، پاک و پاقژ بێتە پارازتن، زەغەلیا بیانی ژێ بێتە هەشێفکرن و ل سەر هێمانێن زانەڤانێ، چاندا رەخنەیی دەرباسی ناڤکوتکا جیهانا رەوشەنبیری ببە، ب شێوەیەکی تەندروستی و سینگ فرەهی بێتە نیمەکرن، وی کراسێ گەردشی بێ پەرگێل یێ کەڤنارو زیڤاری، ژ سەر قلخێ رۆژنامەگەریا کوردی باڤێژن ب کراسەکی نووژەن قسە ب زێرین بێتە گوهەرتن و ل سەر تەشیا زمانەکی یەکگرتی بێتە رستن و ڤەهووناندن،

٦- ب راستی ئالاڤ و سەردەمێن کو زمان ژیندار، سەرکەفتی و بانەبلند د هێلێن ب تایبەتی ئەون یێن کو د نێردەوانەکە هەشت پەلووک دە، یەکێ ل دووڤ یا دنێ بەرڤەژۆر دە د هەلپەرکینن، د سازی و دەزگە، مللەت خوەندنگاهـ، وەشانخانە، نڤیسەر، ئەنجوومەن، کۆمیت، کۆمەلەیێن زانستی، پارتیزان، زمانزان و پرتووکخانەیێن دەولەمەند ئەڤانا هەم ب گشتی راسپێرو پالپشتێن پێ باوەرن و هەم ژێ چەسپانێن کو یێ دەر یێ زمان ڤەدژەنین و د ژیانا مللەتان دە جهەکی هێڤی گەورە دگرن. لەورا ڤەبر ژ بۆ ڤێ یەکێ ئەز ئیرۆ ژ هەمی دەمێن دەرباسبوویی بێتر، ب ماندینەیا زمان گەشبینم، ژ هەیامێن بهوری ڤە چێتر رەوشا زمان د پیڤم ل رادەیەکی مرۆیی پێشبینیێن مەرجێن رۆژە ڤێ وەشا قوناغێ هەروەها ناخوە کو دێ بیرو بۆچوونا خوارتر ببینە، نەمازە کو گاڤ دایە ژیانەکە نووژەن و د دیرۆکێ دە هەڤتایی وێ کێم پەیدانە. لێ هەما هەرچی گیانێ ئەوروپا رۆژئاڤا لبال من ئەوژی ب سەرێ خوە رۆلەکە مرۆڤانی شارەوری د لەیزە، ئانگۆ دەمسالەکە بوهری د ژیانا وی دە چاڤ نیشان بوویە، هەر وەکی ژیانا مرۆڤان مینا کاروانێ کو تمی د تەڤگەرێدەیە، هەر بەرڤە پێشدە د هەرکی، ژ تۆزو ترابێکا بەر لنگێ وی گاوانی، ژ رێکا پەرین رێیا وی، زمانێ دێرین ئافرییە.

ڤێجا ئۆمیدەوارم کو ژ ئیرۆ پێڤە مللەتێ کورد د پێشیا کاوانێ هەمدەمیدەو، چاند زمان و وێژەیا خوە دە بەختەواربە، پێرە دکارو خەباتا سیاسی دە ب رێکوپێک و رێکەفتی سەرهاوەیێن دەما نووژەنیێ باشتر ببینە، نەما ل پاش گەلێن گەردوونێ شەرمەزار ب بکولکولە. گەلۆ؟ زمانێ رەوانبێژ ئانگۆ فەرمی باندۆرا خوە د بکارانینە

دە، ل شێوەزارێن جڤاکی گەلێری یێن جیواز ناکە، ئانگۆ د گێـرا چاندو رۆناکـبـیـریێ دە، دخـوەندن نڤـیـسـانـدێ دە چ دیتن و ب هێـزترین ل گـەل پرتووک و رۆژنامـەگـەریێ، رۆلەکـە گـرینگ و پێویست د زمانەکە یەکگرتی دە خەبتاندییە.

بێ گومان بەرسڤ وەلۆ یەکسەر ژ خوە بەر نایێ و هەر نایێ وێ واتەیێ کـو گـاڤـێن پرۆمـیـدو دەلیـڤـەدار نەهاتنە ئاڤێتن و سـەردەمـێن بەرسڤا ناژی د ڤێ داباشێ دە پر ناسـن چونکی هەچی شێوەزارێن جڤاکی ئانگۆ یێن گەلێری هن ب هن دکارە دە تێنە مەشقاندن، کراسەکی بەدەو، نەرم و مـەلەسی ل بەر خـامـەیا هندەک ژ نڤـیـسـکاران پەروەردە دبە چالاک و شـایەن ژ فـێـربوونێ ژێ د رەڤینەو د ئەنجامێ دە هێژ د بەرخوەدانێ دەیە، وا ب هێـسـانی و د کـورتەدەمـێن نێـز دە زۆرا وی ناچە، هەر وەکی پێدڤیە کو نەچە، چکو د زەمینا خـوە یا دیرۆکی دە ژ کـوورو دوورڤـە ئەوە ژێدەرو کانیا کو زمانێ مەیێ فەرهەنگی ژێ گاڤ دایە ژیانێ ژ چێ وێ لەمـا رەسـەن و دێرینە، پەیڤـا رەوانبـێـژە دەنگەڤـەدان و ئاوازێن وێ کـانـیـا زێمدارە.

هەروەها زمـان مـینا هەر تشـتـێ ب کـەڤـزو لێـمشـتـە تەڤی وێ قـرێژێ ل مۆخلێ دکەڤە، ب سەرداو بێـژنگێ وەربێـژ دبە، زەغـەلی، کۆ زەرەو کەسمووک ژ زەڤیێن وی تێنە ئاڤێتێن، قەنجتر ژ تۆڤێ پاک، پاقـژو یەکـروو تێ پەژراندن واژی بێژەیێن رەسەن و بابەتێن گرنگ د زمانێ جڤاکی دە پەیدا بن و زۆر ئەگـەرە کـو بمین، ژ بەر کونێزیکی تیگەهـ چێژو رامانێن ملتن.

لۆمـا ب دەرەنگی دمـینەو بێـتـر ب گـەودو قەلافەتێ زمانێ فەرهەنگی ڤە شێرێز دبە، پێرە ژی د پێشەرۆژێ دە دبە یەک.

هەر وەکی د ناڤا زمانێن جڤاکا ناڤنەتەوی دە، نەمازە زمانێن گەلێن رۆژئاڤا ئەوروپی تانی نوها دوو زمـانـن، ئانگۆ دوو زاراڤ د خـەبتن، یەک ژێ جڤاکی خوەروویە، تەنها ژ بۆ دان و ستاندنێیەو یێ دیـتـرێ زمـانێ سـتـاندارد، فـەرهەنگی یە، رۆژنامـەگـەری، پرتووکێ ئـێـزگـەو تلفـزیۆنێ یە د زانین و زانسـتـیێ دە خـەبتـاندن، تەکنەلۆژیا، ئافراندن، فەلسەفەو رامانێ د گەرینە.

دگـەل کـو من دیتن و ئاورێن خـوە، خـەلەکـێن ژێرین دە د ژلایی ڤە نەرینێ شیرڤکریە ب تایبەتی سەبارەتی پێشەرۆژەکە شارستانی نەمازە کو بێتر رۆل دایە زمانێ زانستی یێ فەرمی و رەوانبێژە، لێ د ئەنجـامێ دە ناچار وێ دەمـەکە درێژ مـەرج و دەرفـەتێن لێـوەر، گـوهەرتنێن بنگەهێن ژ هەمی هێلانڤە، هێژ ژێرە ئەگەرن ب تایبەتی کو رادەستی خوە بکن.

**مەتۆدێن کو زمان ڤەدژەنین- نموونە... هەلبەستڤان:**

د زانم کو زمان ل سەر گەلەک ستوون، مەتۆدو هێمانێن پرالی رادبەو د راوەستە، لێ پرێ جاران تەنها متۆدەکی بالکێش، سێوی بۆ ژیندارێا زمان د بیـرو بۆچوونێن خوە دە د چەسپـینم، نەمـازە د رۆلا هەلبەستڤان یا بیرکێشدەو چەواهیا کو زمان بهـەستێن هونەریو کێشـەسازی ب رێ ئاوایێنێ ئافـراندنێ ل دووڤ پەیڤـا رەسـەنی چێـژەرو بەدەو زمانێ مللەت ژ دووڤ تالان ڤەدگەری نەو ژ مرنێ ژیندار ب گوپگوپا دلێ خوە رە کریە یەک و تێدە گەنجیتر کریە، ل سەر لێڤێن وی ژ ناڤا تلیێن وی مـینا هەسـتـیـارەکی پەلتـەنگ د جـێـژا ئاوازێن کێشدارو هونەرمەندی دە رتم، ستران، هەلبەست و سازەندیێ د ئافرینە.

هەروەها زمـان ب سـەرێ خـوە دمـینە ناڤ بێنچیێ ناڤ کوتکا دلێ ئافراندنێ د مرۆڤانیێ دە د ئاڤـدەییێن تێلێن ئەلکتـریکێ دە تشـتێ کـو د کـشـوارێ دەروونیـا مـرۆڤـانیێ دە ب هەسـتـەکی

نازک د گوهێزە جیهانا ئەزبەری و نڤیساندنێ نەمازە کو مرۆڤ باش پێ ب رامەو چاکتر بینە بیرا خوە، مەلایێ جزیری، سەیدایێ خانی، سەیدا یێن هێژا جەگەرخوین و نمی و بلی وان گەلەکێن دیتر، دگەل هەمی سترانڤان و چیرۆکبێژێن فۆلکلۆری، هنگا ئەم دێ چێتر ناسبکن کو هەلبەستڤان باڤە، رەوانە، رەنگ و دەنگێ دلێ زمانە، ئانگۆ کۆرس و د بستانە، لەورە چەندی کو ئەو هەبە واژی زمان دێ بکێر، بخێروبێر هەبە، لێ ئەگەر کو نەبە، هنگا تەقەز دێ زمان ل سەر داربەستێ رامداندی بەرێ خوە بدە نەهێنییێن تاریستانێ، وێ هەر گری، فیغان و هێسر، ل سەر بێتن باراندن، ل بەندا کو هەلبەستڤانەک رێیا خوە پێخینە، هنگا هەلبەتی دێ ژ نووڤە پەنجەرەکە نوودەر دکشوارا زماندە ڤەبەو رەنگەکی چینی و گەش بدە مکووسێ زمان.


لۆما پرسەکە پێویست ژ ناڤەرۆکا مژارێ د پەکە هۆلێ؟ گەلۆ؟ ئەو هەلبەستڤانێن کو هێڤیێن مە د زمان دە ڤەدژەنیێن هەنە، بێ گومان بەرسڤ ئەرێ هەنە.. لێ بەلێ.

جارەکە دن دوویارە دکم نەمازە کو ژیانا زمان یەکگرتنا وی زنداری و بەلاڤبوونا وی و چ تشتێ کو پێڤە تێکەلدارن، د ئاورا من دە هەر دمینن گراوا هەست، سیبەر، ساوێر، بیرو بۆچوونێن ئافراندنا هەلبەستڤان، نەمازە د مەرجێن کو ب قەهرەمانی پەیدا بێن، نادم ماندەلێ کو گەلەک ب سەر هەلبەستێ دە قورژن، واژی د ژیانا خوەرستیانە دە پڕن هەروەکی جۆتیار د کاروبارێ زەڤی دە، وکارکەر د کارگەهان دە، ژن ل بەر دەرگووشێ و ب مێر رە ل پالەیێ، ل سەر تەڤنێ، ل سەر دەستارو تەنوورێ ل سەر چومێ دانکوتانێ د پەرستگەهێ دە، د سرگوون مشەختی و زیندانێ دە، ل پرتووکخانەیێ چ کوردێ کو خوە ژ زنجیرو مەربەندێن چارچوڤەیا رێزکێن جڤاکی، یێن ئەزیتی کەڤنە پەرستی و پاشەروو کو تاهیکەو بەرڤەژۆر ل تیریژێ رۆکێ بنەرە، ب وها رەنگ تەڤلی کاروانێ ژیانێ ببە قەنجتر خوە ژ باوەرییێن چۆرس و پاشدەمایی داوشینە هنگا تشتەکی پڕ بێرین و بەرهەمدارە نەمازە کوردێ کو خوە راسپێرە هێزو ڤیانا ئافراندنێ و کانییێن وێ یێن زێمدار دەربکەڤە، وی گەوهەری دیل و ڤەشارتی د زمان و رامانێ دە، ژ گیانێ خوە رزگار دە. دەما کو زمانێ کوردی ببە یێ پەروەردەیی، د خویندەگەهان دەو مللەت ب گشتی هینی زمانەکی فەرمی سەربخوە ببە، هنگا بێ گومان بڕیارەکە خوەرستی دڤایە، نەمازە کو زاراڤێ رەوانبێژە ب گاڤێن درێژ بدە پێشیا یێ جڤاکی و چاڤکانی د ئاخافتنا مامۆستاو شاگرتیێن کۆرسێن زمان دە خوەش دیارن کو رۆژ ل دووڤ رۆژێ دووری زمانێ جڤاکی دبن.

لێ هەما ڤەژینا زمان ژ لایێ کارمەندی دە ب تەخمین نە تەنها د مەتۆدێن چێکرۆخی، چاندی و بازرگانی دە نەپەندینە، لێ بەلێ د پێشدە چوونا وی دە روونشتینە، نەمازە د سەردەمێن خوە هشیاری و دازانییێ دە، هەر وەکی مە ل ژۆر ئەمازە پێدایە، بێ ئەوارتە بەری هەر تشتی د سەرخوە بوون و ئازادیا گەلدەیەو د ئەنجامێ دە دیسانێ د پەروەردەیا سەرخوەبوونێ دەیە، ل گەل هەینا سازی و دەزگەیێن پەروەردەکرنا زمانێ نەتەوی هەر وەکی ژینداریا زمان وەکە یەکەم متۆدێ بنگەهێن ئەوە کو ل سەر گەلێ کو پێداخڤە هەم ژێ رزگارکرن، ژیندارو گولڤەداناوی هەر دگیانێ ئازادو سەربخوە دە دمینە.

# هەست بەگەورەیی خۆت بکە

**شێروان ئیبراهیم حەیدەری**



ئەم کتێبە لە نووسینی«واین دایر»ـە لە لایەن«ناسر سەلاحی» وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی، ئەم کتێبە لەڕووی ئەم سەرچاوە فارسییەوە«عقمت خودرادریابید» وەرگێڕدراوە، لە فارسی «١٣» جاران لە چاپدراوە، بەکوردی«٣» جار چاپکراوەو لە بڵاوکراوەکانی چاپەمەنی ئارامە لە سلێمانی ٢٠٠٦ کەوتۆتە بازاڕ.

ئەم کتێبە لەو کتێبانەیە کە زۆرترین خوێنەر و زۆرترین بەخت یاوەریانە وەکو عەرەب دەڵێ:«اکثر حظا» ، نموونەی ئەو نووسەرەش زۆرن وەکو جۆزیف مۆرفی و نووسەرەکانی«NLP»و ابراهم فەقێ...


ئەو نووسەرانە ئەگەرچی نووسینەکانیان ناکەوێتە ناو خانەی ئەکادیمیاوە، بەڵام زیاتر سوود لە ئەزموونەکانی ژیانی رۆژانەی خۆیان وەردەگرن، لاپەڕەکانی ژیانی خۆیان دەکەن بەتێزی نووسین، لەگەڵ ژیاننامەی خۆیان پەنادەبەن بۆ خوێندنەوەی پزیشکی واتە سوود لە زانستی پزیشکی و فیزیاو هەموو زانستەکانی دیکە دەکەن بۆ خوێندنەوەی دیوی ناوەوەی دەروون، بۆ نموونە: یەکێک لەو نووسەرانە لە کتێبی«ئیرادە» سوود لە کیمیاو فیزیا دەبینێ و ئاوێزانی دنیای پزیشکی دەکا، واتە تاقیگەکان بەکاردێن بۆ زانیاری چەنگکەوتن...

«**هەست بەگەورەیی خۆت بکە**» کتێبێکی دەروونزانییە کە لە«٤٠» پەرەگراف پێکهاتووە، هەر پەرەگرافێک لەژێر سەردێری ناوونیشانێکە، لە«رازی مانەوەی خانەکان» دەستپێدەکات و لە«پەیوەستبوون بەزەینی گەردوونییەوە» کۆتایی دێت لە خانە دەستپێدەکات، چۆنیەتی دەستپێکردنەکەی لە شێوەی کتێبەکەی«الإنسان ذلک المجهول»ی «الکسیس کاریل»ـە، باسی پێکهاتەی خانە

دەکات و خوێندنەوەیەکی زانستی بۆ دەکات، بەڵام بەوەندە ناوەستێ، تەنناسێکی بۆ دەکات لەگەڵ جیهانی ناوەوەی مرۆڤ بەیەکیان دەبەستێتەوە ئەو جیهانەی بەقەد جیهانی دەرەوە گەورەو گرنگە بۆ نموونە پێمان دەڵێ{ماوەیەکی زۆر لە ئەنستیتۆی شێرپەنجەناسی لە سایمۆنتۆن (Simonton)ی تەکساس، خەریکی تۆژینەوەی لێکۆڵینەوە بووم پاش کۆتایی هاتنی لێکۆڵینەوەکە بەو ئەنجامە گەیشتم کە هەرکات کەسێکی تووشبوو بەشێرپەنجە بەکەڵکوەرگرتن لە توانای خەیاڵ، خۆی بەئەندامی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بزانێ و لەناخی دڵەوە خوازیاری تەندروستی و بەختەوەری بێت بۆ هاوڕەگەزەکانی، خانەکانی جەستەی ئەو کەسە لەبەرامبەر ئەم ئەندێشەیە سۆزدارانەیەدا کاردانەوەیان دەبێت بەسەر لووە شێرپەنجەییەکان سەردەکەوێ و نەخۆشییەکە چارەسەر دەبێت}

هەر لە پەڕەگرافی یەکەمەوە پەیوەندی نێوان جەستەو هێزی خەیاڵ بەیەک دەبەستێتەوە {جۆزێف مۆرفی} لە کتێبی«هێزی بیرکردنەوە» بەهەمان ئاراستە دەڕوات مرۆڤ لە بوقعەی نائومێدی دەردەکات بەهێزی ناوەوەی مرۆڤ، مرۆڤ دەگەڕێنێتەوە بۆ ناو خودو لەوێ جووڵەو وزە پەیدا دەکات...

نیتشە لە کتێبی«العلم المرح» هەمان شت دەکات، بەڵام بەزمانی شیعرو بەخوێندنەوەی هزری واقیعی مرۆڤ دەخاتەروو... بەڵام ئەو رەوتە زیاتر شۆڕدەبێتەوە بۆ کانگای دەروون و سوود لە لایەنەکانی هیومانی وەردەگرن، بەهەمان شێوە سوود لەبواری ئایین بەگشتی وەردەگرن و دەیکەن بەپەیامێک بۆ راچڵەکاندنی مرۆڤ. ئەگەر سەیری هەر پەڕەگرافێکی بکەی دەبینی حیکمەتێکی تێدایە، بەزمانێکی پەخشاناوی ناوەرۆکدارە، دوورە لە داڕشتنی بێ ناوەرۆک، خۆیان پەی بەنهێنییەکان بردووە، بەڵام زۆر بەوردی دەیگێڕنەوە...




ئەگەر سەیری هەر پەڕەگرافێک بکەی چەندەها نموونە دەبینی، ئەو نموونانە ئیشکردنە لە لایەنی مەیدانی، زۆری ئەو بەڵگەو رووداوانە دەهێنێتەوە کە لەبەرچاون و خوێنەر لە میانەی خوێندنەوەی ئەو پەڕەگرافانە هەستدەکا ئەو لێکۆڵەرە بەختەوەرە لایەنی دەروونی رۆشنە وەکو ئەو لێکۆڵەرە دەروونییە نییە کە بۆ خۆی خامۆش بێت و کەچی باس لە چراخانی ناوەوەی مرۆڤ بکا.

لە هەر پەڕەگرافێک چەند وانەیەک هەیە، مەشقێک هەیە، سەرئەنجامێک هەیە بۆ نموونە {لە رازی مانەوەی خانەکان} باسی مرۆڤ دەکا کە لە جوانترین شێوە خولقاوە، هەروەها پرسیار لە دوای خۆی بەجێدێڵێ کاتێک باسی ئەوە دەکات {کە لە هەموو خانەیەک دوو جۆر وزە هەیە، یەکەمیان فیزیکییە، بەڵام دووەمیان: جۆرە وزەیەکە کە پاش هەشت هەفتە دوای جووتبوونی لە منداڵدانی دایکدا دڵی منداڵ وەترپە دەخات کە بوونەوەرێکە هێشتا شێوەی نەگرتووە} پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە: چ شتێک دەبێتە مایەی ئەوەی ئەم کۆمەڵە تێکچنراوە وەک بوونەوەرێک کاربکات؟!

* لە پەڕەگرافی«خۆشەویستی سنووری بۆ نییە»

قسەیەکی«مەهاتما گاندی» دەهێنێتەوە کە دەڵێ:{لەگوناه بێزاربە، بەڵام گوناهکارت خۆشبوێ} ئەم نووسەرانە وەکو هەندێک بیریارنێ سوود لە کلتووری رۆژهەڵات وەرنەگرن، بەڵکو لای ئەوان پێچەوانەیە، سوود لە هەموو رابەرە رۆحییەکان وەردەگرن، لەو قسەدا سنووربڕین هەیە، ئاسۆیەکی کراوە بەخوێنەر پێشکەش دەکات کە بەچاوێکی تەنگ سەیری دنیا نەکات دەروونی خۆی رزگار بکات لە روانینێکی بەجێماو، ئازادانە مامەڵە بکات تا ئەوکاتەی خۆشەویستی و سۆز دەبن بەسەرقافلە لە دنیای ناخ.

*** لە پەرەگرافی«لە قسە تا کردەوە»**

پەندێکی دیکە بەیان دەکات ئەویش ئەوەیە: کاتێک مرۆڤ لە ئاست قسەی خۆیدا خاوەن بەڵێن بێت، ئەوا مرۆڤێکی پایەبەرزە» هەر لە شوێنێکی دیکە وەکو تەواوکەری ئەو پەیامە دەڵێ:{ئەوەی لەمێشکتا بایەخێکی ئەوتۆی نییە گرنگ ئەوەیە کە دەیکەی}. پاشان دووبارە دەگەڕێتەوە بۆ لای رابەری«گاندی» کاتێک کەسێک داوای لێکرد پەیامێک بدات بەجەماوەرەکەی گاندی گوتی:

«من بۆخۆم پەیامم»

سوودوەرگرتن لە«گاندی» لە ئەنجامی ئەوەیە کە هارمۆنییەک هەیە لە شۆڕبوونەوە بۆ لای ناخ و رۆح...

*** «لە پەرەگرافی«هەست بەگەورەیی خۆت بکە»**

خودای پەروەردگار بۆخۆی باسی ئەو هەقیقەتە دەکات کە مرۆڤ تاکە جێنشینی خوایە لەسەر زەوی و جێگای رێزە ئەگەر رێز لەخۆی بنێ، بەڵام«واین دایر» بەشێوەیەکی دیکە باس لەو گەورەییە دەکات و دەڵێ: «ئێوە لەوساتەی لەدایک دەبن پاڵەوانن، چونکە بەسەدان ملیۆن تۆو بۆ گەیشتنی هێلکۆکەیەک بەشداری پێشبڕکێ دەکەن، ئێوە بەرهەمی تێکەڵاوبوونی تۆوی براوەن لەگەڵ هێلکۆکەیەکدا.»

گەڕانەوە بۆ خاڵی سەرەتای دەیمومییەت پەندێکی گەورە بۆ ئەوانەی دەستەوئەژنۆ دادەنیشن.

پەرەگرافی«توانای خەیاڵ یەکەم هەنگاوە بەرەو گەشانەوە» لێرەدا ئیش لەسەر ئەو وێنانە دەکات کە لە زەینماندا وێنامان کردووە لە کاتێک خۆمان پێ تەلقین داوە، چەند نموونەیەک دەهێنێتەوە وەکو«من تورەم، من شەرمنم، لە بیرکاریدا باشنیم، چێشت و نانم جوان نییەو...هتد.

هەر لە بنەڕەتەوە پێشاندەری ئەوەن کە ئەو کەسە لە زەینیدا بەشێوەیەکی سنووردار دەڕوانێتە بازنەی کارو چالاکییەکانی.

*** «پەرەگرافی هۆکاری بێخەویی»** ئیش لەسەر ئەوە دەکات کە هەر پڕوگرامێک بدەی بەکۆمپیوتەری زیهن ئەو بەرنامەیە لەرێگای ئەویش دەدرێ بەکۆئەندامی دەمارو فەرمان دەردەکات.

*** گەنجێتی یان پیریی- خۆت سەرپشک بە:** لێرەدا تەمەن پەیوەندی بەوە هەیە کە لە زەینتدا چۆن دەڕوانیتە خۆت، نموونەی باوک و کوڕێکمان بۆ دەهێنێتەوە کە باوکەکە لە نۆهەتساڵی بەسەرەوە سێ ژنی هێناوە، کەچی لە کوڕەکەی گەنجترە کە تەمەنی«٧٣» ساڵە. باوکەکە پڕۆگرامی هەیە بۆ ژیان و بۆ پەروەردەکردنی جەستە، لەناخیدا ئاسوودەیە، ئیعازی ناخۆش و ناهەموار نادات بەناوەوەی خۆیدا، لە ئاوێنەی دڵدا خۆی بەگەنج دەبینێ» لە کاتێکدا ئێمە کوشتەی دەستی ئەو ئیعازە ناخۆش و ناهەموارانەیان کە دەیدەین بەناوەوەی خۆمان.

*** لە پەرەگرافی«ئەوان بەدوای نەخۆشییەوەن»**

لە هەر پەرەگرافێک هەستدەکەی ئێمە دیلی کۆمەڵێک حاڵەتی دەروونی خۆمانین بۆ وێنە پێمان دەڵێ:{وێناکردن جۆری روانین، چاوەڕوانیی دروست دەکات پاشان بەویستی خۆت مێشکت بەپێی ئەو وێنانەی داوەتێ پەیامی نەخۆشی دەنێرن، بۆ نموونە: ترس یەکێکە لەو شتانەی کە توانای بەرگری لەش

کـەمـــدەکـاتەوە لە ئەنجـامــدا رێ خـۆش دەبێ بۆ توشبوون بەنەخۆشیی}

- لە پەڕەگـــــرافی{خــــۆت هەست و ورووژانە سەلبییەکان هەڵدەبژێری}

«بەویســـتی خــۆمــانە کــە هەست و ورووژانە سەلبییـەکانی وەکـو: تورەیی، رق، تۆڵەسەندنەوە، خراپەو بەرچاوتەنگیی بەسەر جەستەو دەروونمان زاڵ بن، ئاندرۆفـینێک دەردەدات و نەخـۆشیی دروست دەکـات، ئەگـەر ئەندێشـەی ئیـجابی و هاوئاهەنگی باڵ بەسەر زەیندا بکێشێ ئەوا ئاندرۆفینی ئیجابی چارەسەری دەردی دەکات.

لە پەڕەگرافی«لێبـوردن گـەورەترین بەرهەمـهـێنی وەزیـە لـە دنیـــــــادا: لـەو پەڕەگـــــــرافـــــــەدا گـەورەترین«کـەسرسس» پاکـبـونـەوە نمایش دەکـات کـاتێک باسی دڵڕەقی باوک دەکـات، ئەو باوکـەی ئەوانی بەجـێـهـێـشـتـووە کـاتێک دەمـرێ دەچێـتـە سـەرگـۆڕەکـەی، مـاوەیەک دەگـری و دایـەلۆگ لەگـەڵ باوکی دەکـات بۆ ئەوەی پاک ببێـتـەوە لە رقوکـینەو تۆڵەسـەندنەوە. ئەو خـۆرزگـارکردنە گـەلێ گـەورەیە، بەرهەمی ئەو رقەی لە ناخی ئێمـە چین لەسـەر چین کــــرکـــەوتـووە، وەکــــو واین دایر دەڵـێ:{ئەو رق و بێـزارییـەی لە مـێـشکتـا گـۆشی دەکـەیت لە خـانە سەرەتانییەکان کوشندەترە} لە پەڕەگرافی«پارەکەت بخەرە بانکی خێرخوازییەوە»

لێرەدا باسی هەقـیـقـەتێک دەکات کـە لە کـتـێبـە ئاسمانییەکانیش بەیان کراوە«هەرچی دێتە رێگات بەرهەمی ئەو بیرکردنەوەیە کە تۆ هەتە»

«واین دایر» هەمــــان هەقـــیـــقــــەت دووبارە دەکـاتەوە{کـە هەر چەندی ببـەخشیت دوو ئەوەندەی دێتـــــەوە جێ} زۆر ســــــەرمـــــایـەدار هەن پارەو سامـانەکـانیـان خـۆشـیـان پێ نابەخشێ، چونکە هەستی مرۆڤانەیان نییە.

**«پەیوەست بەزەینی کەونییەوە»**

لەو پەڕەگـرافـەدا قـســەیەکی«مـاسلۆ» لەو بوارە دەهێنێتەوە کە دەڵێت:{ئەو مرۆڤانەی خۆشەویستی خودایان لە دەرووندایە، لە هەر کوێیەک بن کەسانی دەورووپشتیان نوقمی ئەو هێزە ئاسمانییە دەکەن، هەمان خۆشەویستی هاوڕێیەتی هاوسەنگ ئارامی دەکەن}

لێـرەدا من پێم وایە هەرکـەسـێک لەگـەڵ ناخی خۆیدا بژی و پاکی هەڵبگرێ لەوانەیە ئـەو سیـحرەی هەبێت. ئەو پەڕەگـــرافـــانەی کــــە مـن بەنموونە هێناومەتەوە، بەرگوزیدەیەک بوون لەو کتێبە چەندان پەڕەگراف و نموونەی دیکە هەن کـە خـوێنەر دەتوانێ بیانخوێنێتەوە، لە کۆتاییدا دەتوانم بڵێم:

«هەست بەگـەورەیی خـۆت بکە» شۆڕبوونەوەیە بۆ ناخی مرۆڤ بەشێوەیەکی زۆر روونی ورد، لێکۆڵەر باسی شــــتی خـــەیاڵی و لە رادەبەدەر«الخــــوارق» ناکات، بەڵکو باس لەو گرێیە دەروونییـانە دەکات کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەدەستییانەوە دەناڵێنێت. لە کۆی پەڕەگرافەکان پەیوەندییەک دروست دەکات لەنێوان «من» وەکـو کائینێکی بایلۆژی + من وەکو پێکـهــــاتەیەکی رۆحی و دەروونی +«من» لەناو سیستـەمێکی سروشتی گەردوونیی» داوا لە«من» دەکات منێکی کاراو ئەنجامدەر بێ و دەستەوەستان نەوەســـتێ بۆ ئەوەی بگات بەئەنجـــام رانەوەســـتێ وەکـو«هیـتلەر» دەڵـێ {اذا أردت أن تصل الى شيء فلا تنطق بكلمه مستحيل} هەروەها ئیش لەسـەر ئەوە دەکـــات کــە «ئەو نانە نانە ئەمــڕۆ لەخــوانە» حـاڵەتە ئاییـنیـیـەکـان پێـشـدەخـات، رابردوو رەش دەکـــاتەوە رادەمـاڵـێ و داهاتووش لەناو ئێـســـتـــادا دەبینێ، ئێستا هەمـوو سەنگەکەی لەسەرە، لەوانەیە هەمـوومـان خۆمـان لەناو پەڕەگـرافەکـاندابیبـینەوە، چونکە ئەوەی دەیگێڕێتەوە نیوەی بەسەرهاتەو نیوەی ئەزمـوون و گـەڕانە، ئەزمـوونەکـەش هەمـوو لایەک تەنانەت جیهانی ئاژەڵیش دەگرێتەوە.

# ئەوەی دەبێ بیزانیت لەمەڕ ئیفلیجی منداڵان

و: د. ئازاد مستەفا شێروانی

ئیفلیجی منداڵان پەتایەکە لە پەتا کۆنەکان وادیارە، ئیفلیج منداڵان لە دەردەکانی سەردەمە دێرینەکانە. نووکە، سێ هەزار و پێنجسەد ساڵ تێپەڕیوە بەسەر ئەو پەریکەتاشەی دیمەنی ئەو لاوە میسرییەی بە قاچە پووکاوەکەی نەخشاندووە بەهۆی تووشبوونی بە ئیفلیجی. منداڵان ئەم دەردە بەدرێژایی دیرۆک دەردێکی ترسێنەر بووە، لە ئەنجامدا سەدان هەزار باری ئیفلیجیی لە گشت لایەکی جیهاندا هێناوەتە ئاراوە، تاوەکو لە پەنجایەکانی سەدەی بیستەمدا پێکوتە (ڤاکسین)ێکی دژ دۆزرایەوە.

### ئیفلیجی منداڵان چییە؟

ئیفلیجی منداڵان دەردێکی تیژڕەوی ڤایرۆسییە، کە ئاکامی دەگۆڕێ لەنێوان ئەنگاوتێکی پەنهان و دەردێکی ئیفلیجداریی کە رەنگە بێ بەئەگەری مەرگ ئەگەر دووچاری دەمارەکانی رشتەی هەناسەدان بێتەوە، یانیش غەیری ئەو دەمارانە لە دەمارەکانی ماسولکە زیندەنییەکان.

زۆربەی زۆری جارانیش دەبێتە هۆی نەرمە ئیفلیج (ئیفلیج خاو)ی یەک یان هەردوو قاچەکان.

### هۆکاری لێکفەگرییەکە:

ئیفلیجی منداڵان دەردێکی ڤایرۆسیی دژوارەو سێ جۆری هەیە (١-٢-٣) ئەم سێ جۆرەش دەشێت ببنە هۆی ئیفلیجی، بەڵام جۆری (١) لە هەموویان پتر ئەگەری ئەوەی هەیە ببێت بەهۆی ئیفلیجی، هەروەک لە زۆربەی پەتایەکدا دەبینرێت هەرکە ئەم ڤایرۆسە هێرشی کردە ناو لەشی مرۆڤ بەشێوەیەکی تایبەتی هورووژم دەباتە سەر

دەمارەخانە جوولێنەرەکان لە دڕکە مۆخ و دەماخ و لە ئاکامدا دایاندەڕزێنێت.

**دیمەنە پەتاییەکانی دەردەکە:**

زانیارییە بەردەستەکان جەخت دەکەن لەسەر ئەوەی کە ڤایرۆسی ئیفلیجی (پۆلیۆڤایرەس: Po-liovirnsh») جگە لە مرۆڤ تووشی هیچ گیانداری دی نابێ، بۆیە ئەم ڤایرۆسە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دی نەبێ ناگوێزرێتەوە. بەشێوەیەکی بنچینەیی لەڕێی گەیشتنی پیسایی نەخۆش بۆ دەم تەشەنە دەسێنێ، بەتایبەتی لەو ولاتانەدا کە ئاستی هۆشیاریی پاک و خاوێنی نزمە. هەرچی ئەو ولاتانەیە کە ئاستی پاک و خاوێنیان بالایە گواستنەوەی نەخۆشییەکە لەڕێی رشتەی هەناسەدانەوە دەبێت. زیاترین تاقم کە والان بۆ دەردەکە ساوایانی شیرەخۆر و مندالانی تەمەن ژێر پێنج سالێن، دەردەکەش لەهەموو ولاتانی جیهاندا بەر لە بەکارهێنانی پێکوتەی دژی ئیفلیجی مندالان هەبوون. لەو ساوەش دەردەکە ون بوو لەو ولاتانەی پەیڕەوی بەرنامەی نیشتمانیی تۆکمەی کوتاندنیان لەسەر کایەیەکی فراوان جێبەجێ کرد.

لە زۆر لە ولاتانیشدا دەردەکە وەرزییە (موسمی)، کە پتر روو دەدات لە کۆی گەم و شێدار. هەر کاتێکیش هەر کەسێک بەجۆرێکی دیاریکراو بە ڤایرۆسی ئیفلیجی پێکرا، بەرگری تاسەریی دژ بەم جۆرە، پەیدا دەکات.

لێ بەرگری ئالوگۆڕ لەنێوان جۆرە جیاجیاکانی ڤایرۆسەکە لە ئارادا نییە.

**مەودای بەربلاویی دەردەکە تا چەندێکە:؟**

وا خەملێنراوە، کەوا لەنێوان (١٠-٢٠) ملیۆن کەس هەبن تووش هاتبن بەئیفلیجی مندالان لە جیهاندا، لەوەتی پێکوتەکانی ئیفلیجی مندالانیش بەکاردەهێنرێت، حالەتەکان زۆر بەخێرایی بەرەو نەمان چوون لە زۆر لە ولاتانی جیهان کە تیایاندا کوتانی رۆتینی لەنێوان ساوایانی شیرەخۆر و مندالانی بچووک گەیشتۆتە ئاستێکی بالا.

دوا پێکانی تۆمارکراو بەم دەردە لە ولاتە ئەمریکییەکاندا سالی (١٩٩١) بوو. هەروەک ولاتانی خۆرنشینی ئۆقیانووسی ئارام و لەنێوانیاندا چین، نەهۆ بەتەواوی بەرین لەم دەردە وەلێ هێشتاکە دەردەکە نیشتەنییە لە زۆرێک لە ولاتان، بەتایبەتیش ئەفریقاو نیمچە دورگەی هیندستان و خواروی خۆرئاوای ئاسیا دەگرێتەوە.

لە ناوچەی رۆژهەلاتی ناوینیش زۆر ولات لە ئیفلیجی مندالان رزگاربوون هێشتانیش لە ولاتانی دی لەوێ دەردەکە بە دەردێکی نیشتەنی (متوطن) حەسێوە.

ژمارەی حالەتە تازەکانیش کە لە هەموو جیهاندا لە سالی (١٩٩٧)دا تۆمارکراون، گەیشتووەتە دەیەکی ئەو ژمارەیەکی لە سالی (١٩٨٨)دا تۆمارکراون.

حالەتە هەوال لێدراوەکان وا خێرا خێرا کەمدەبنەوە دەگەل بەردەوامبوونی هەول و تەقەلا کارییەکان لە دژی دەردەکە لە گشت ولاتانی جیهاندا.

**نیشانەکان و بەرژەنگەکانی دەردەکە:**

گرتنەوەی ڤایرۆسی ئیفلیجی مندال (Poliovirnt) بەشێوەیەکی پەنهان تێپەڕ دەبێت لە ٩٠٪ی حالەتەکان سەرەڕای ئەمە (٤٪-٨٪ی) ئەو حالەتانەی گرتەوەکە سووکەلەیە نێزیکەی ١٪ی حالەتەکان نیشتمانەکانی دەمار تیایانا دەردەکەون. یەک کەس تا دە کەس لەهەر هەزار تووشبوو تووشی ئیفلیجی دەبن.

لە لێکڤەگرییە پەنهانەکانا هیچ نیشتمانەیەکی نەخۆشی سەرنج نادرێ، لێ ئەم تووشهاتووانە دکارن ڤایرەکی ئاسایی نیشانەکان بریتین لە نەخۆش کەوتنێکی سووک کە تایەکی سووکەلەی

لەگەڵا دەبێ دەگەڵ هەوکردنی ئەوک و رشانەوە و ژانە زگ و نەمانی مگێز (شەهیە) و نەختێک نارەحەتیی. ئەم نیشانانەش ناسێنەر نین و ناکارین جیایان بکەینەوە لە حاڵەتە ڤایرۆسییە سووکەکانی دیکە. هێندە نابات نەخۆش بەتەواوەتی لەم نیشانانە راست دەبێتەوە. دیاردە دەمارییەکان هاورێ دەبن لەگەڵ داهێزرانی لەش و تاو ژانە سەرو ئازاری ماسولکەکان و فرە هەستیاریی و شێوانی هەستکردن. رەنگە هەروەها نیشانەکان دڵ تێک هەڵهاتن، یان رشانەوە، یان گرفت (قەبزی) یاخود نەمان مگێز وێڕای رەق بوونی مل، هەبن.

**ئەوەی دەبێ بیزانیت لەمەڕ ئیفلیجداریی منداڵ:**

لەو حاڵەتانەی کە بەئیفلیجداریی کۆتایی دێ تێبینی دەکرێ کە رەوتی دەردەکە بەدوو دۆخاندا تێپەڕدەبێ، دۆخی بچووکتر (minor) و دۆخی گەورەتر (major)، هەندێک جاریش دوو دۆخەکە چەند رۆژێکی بێ نیشانە جوداوازیان دەکاتەوە. نەخۆشەکەش لە دۆخی گچکەتریدا دووچاری تاداری و نیشانەکانی بابوێرەکانی ژووروو و نیشانەهای دیکەی درمی ریخۆڵەیی.

هەرچی دۆخی گەورەترە، سەرەتا بە ئازاری ماسولکەیی و کرژبوونەوەی ماسولکانە و گەڕانەوەی تاداری دەست پێدەکاو دەشێت پەرچەکردارەکان (المنعکسات = Reflexes)یش نەمێنن بەر لەوەی بەئاشکراو راشکاوانە بێ هێزیی ماسولکەکان دەرکەوێ.

ئیفلیجداری زۆرتر دووچاری قاچەکان دەبێ وەک لە باڵەکان ئاساییش قاچەکان وەکو یەک تووش نابن (assywetric) دەشکرێ لە حاڵەتە دژوارەکاندا نەخۆش دووچاری لە پەلوپۆکەوتنی هەر چوارپەل (شلل رباعی) ببێتەوە.

کاتێ کە ئیفلیجداری تووشی ماسولکەکانی قەدو زگ و سینگ دەبێ، ئەوسا ئاکامی مەترسیدار چاوەڕێی نەخۆش دەکات. ماسولکە ئیفلیجدارەکان شل و خاو دەبن و کرژبوونیان نامێنێ. لەگەڵ ئەوەشدا هەستکردنی بە ئازارو بەرکەوتن بێ گۆڕان وەکو خۆیان دەمێننەوە.

توانایی ڤایرۆسەکە بۆ لێکڤەگرتن تا چەند پڕ دەکات؟:

ڤایرۆسی ئیفلیجداری توانایەکی زۆری بۆ گوێزانەوە هەیە. والایی بۆ کەسێک کە هەڵگری دەردە درمەکەیە لە ماڵێکی نا تەندروستدا رەنگە ببێتە هۆی تێکرایەک کە بگاتە (١٠٠٪) کە درمە بۆ کەسانی تێکەڵ کە نەکوترابن.

تووشبوو بە دەردەکە پتر تەوانایە بۆ گواستنەوەی دەردەکە لەکاتی دۆخی زووی دەردەکە، لە هەندێ لە حاڵەتەکانیشدا بەر لە سەرەتای نیشانەکانی و لە میانەی رۆژە بەراییەکانی دەرکەوتە بالگەییەکان (المظاهر السريرية).

دەکرێ ڤایرۆسی ئیفلیجداری لە رێژراوی گەروو لە کاتێکی زوو کە دەگاتە (٣٦) دەمژمێران لە دوای والابوون بۆ لێکڤەگرتن، ببینرێت. هەروەک لە پیسایی دوای (٧٢) دەمژمێران لە والابوون دەدیترێت. جا چ ئەمە ببێتە هۆی دەردێکی پەنهان یان دەرکەوتەی بالگەهی لێ بکەوێتەوە.

ئایا کەسانێک هەن والابن بۆ دەردەکە و کەسانێکیش بەرگرییان تێدابێ؟

هەر کەسێک بەرگریی دەردەکەی نەبێ رەنگە تووشی دەردەکە بێ، دەکرێتیش بەرگری وەربگیرێ لە میانی خشتەیەکی تەواوی کوتانەوە. هەروەهاش دوای گرتنەوەی دەردەکە بەشێوەیەکی سروشتی، جا چ ئیفلیجداری لەگەڵ بێ یانیش نەء.

بڕوایش وایە کە بەرگریی هاتووەکایە لە خشتەیەکی تەواوی کوتان تا سەری بەردەوام دەبێت.

هەرچی ئەو تازەبووانەن کە دایکیان بەرگرییان هەیە، ئەوا هەڵگری دژەتەن (اصداد= اجسام مضادە = Antihibilies)ن کە لە ئیفلیجرایی

منداڵ تا چەند هەفتـەیەک دەیانپـارێزێ کـە ئیـتـر دوای ئەوە والا دەبن بۆ گرتنەوەی دەردەکـە، ئەگەر دەست نەکرێ بە کوتاندنیان.

**سەر ئەنجامی تووشبوون بە ئیفلیجداری منداڵ**

تێکڕای مـردن لەوانەی تووشی ئیـفلیـجـداری منداڵ بوون کـەمـە. لە باری ئـاسـایی کـەمـتـرە لە (٥ ٪) ە زۆر جاریش مردن لە ئەنجامی پەککەوتنی رشتەی هەناسەدانەوە دەبێت هەرچی چاکبوونەوەیە لە شکانە ئیفلیجداریەکان دەوەستێتە سەر مەودای کارتێکردنی ماسولکەکان، چونکە دوای دەسپێکی دەردەکە بە (٦) هەفتە زۆربەی دارزانی دەماری کە قـابیل (شـایسـتـە)ی چابوونەوەیان باشـتـر بوونە نامێنێت هەرچی ماسولکەکانن کە بەئیفلیجداری دەمـێننەوە تا پاش (٦) هەفـتـە بەزۆری تووشی ئیفلیجداریەکی هەمیشەیی دەبن.

هەر باشتربوونێکیش کە دەشێت رووبدات دوای ئەوە بەشێوەیەکی تاچیزە دەبێت و دەوەستێتە سەر گـەورەبوونی قـەبارەی مـاسـولکەکـان و دەست پێکردنی نەک لەسەر گەڕانەوەی فرمانەکانی دەمارە خانەکان.

منداڵەکەت بکوتە... چون ئەم دەردە تیماری نییە.

چۆن منداڵەکـەت دەکـوتیت دژی سـەپلـەداریی منداڵ؟

بەرگریی خۆپاریزیی دژی ئیفلیجداریی منداڵ لە رێگەی کـوتاندنەوە دەبێت. هەرە بایەخدارە منداڵ بەزووترین کات دوای لە دایکبوونی بکوترێ

لەهەر وڵاتێکیشدا خشتـەیەک بۆ کوتانی مناڵان هەیە کە دەگونجێت لەگەڵ باری پەتازانی ئەوێدا.

دوو جۆری پێکوتەی ئیـفلیـجداریی سـاڵ هەن، پێکوتەی زیندووی لاوازکراو کە بەزاز دەدرێ (Oral Polo = opv) و هەروەها پێکوتەی کـوژراو (Intramusculor pslio = IPV vucie) کـە دەرزی لێـدەدرێ. پێکوتەی زارەکی لەسەر کایەیەکی فراوان بەکاردێ کە بەهۆی ئەوەی تایبەتی ڤایرۆسی کە جیایە لە ڤایرۆسی چالاک کە دەبێتە هۆی نەخۆشییەکە، ئامادە دەکرێ.

لەکـاتێکیـشدا کـە پێکوتەی زارەکی لە هەمـان کـاتدا دەدرێ بەهەمـوو منداڵان وەکـو لە هەڵـمـەتە نیشتمانییەکاندا دەکرێ ئەوا وێڕای بەجێگەیاندنی پاراسـتنی کەسـیی دژی دەردەکە، دەکرێ ئەمـە ببێ بەهۆی لەناوبردنی هەر چ ڤایرۆسێکی گورج و گۆڵ کە لە ناو کۆمەڵدا بوونی هەبێ و دەبێ بەرێگرێکی کاریگەر لەڕێی تەشەنەسەندنیدا. لەبەرئەم هۆکارانە پێکوتەی زارەکی بەپێگوتەی دەسـتبـژێر دادەنرێ بۆ قەلاچۆکردنی ئیفلیجداریی منداڵ.

دەتوانرێ بوترێ کـە چ رێگرو لەمـپـەر لەبەردەم کوتان بەپێکوتەی زارەکی نینە. ناشێت دوابخرێت تەنهـا لەباری زۆر ئەسـتـەم نەبێ کـە پێـویست بە چارەسـەرکـردنی منداڵ دەکـا لە نەخـۆشـخـانەکـان. خشـتـەی راسپێردراوی کوتان بۆ کوتانی دەسپێک بریتـیـیـە لە (٣) ژەم لە پێکوتەی زار کە هەریەکـە لەوی دی (٤-٨) حـەفـتـەیان نێـوانە. منداڵ کـە دەبێتە (٦-٨) حەفتەی تەمەنی دەست پێدەکرێ.

وێڕای ئەم کـوتانی سـەرەتاییـەش منداڵ ژەمی گـورجکەری دەدرێتێ. سـەرەڕای ئەمـانەش هەمـوو مناڵانی ژێر پێنج سـاڵان دوو ژەم لە پێکوتەیان دەردرێتێ لە رۆژانی هەڵمەتی نیشـتـمـانیی کـوتان هەریەکە لەوی دیکە (٤-٦) حەفتەیان بەین دەبێ بەچاوپۆشین لە کوتانەکانی لەوەو پێشیان.

**تێبینی:**

ئەو پێکوتییەی بە دەرزی لێدەدرێ منداڵ بەرگەی پێ پەیدا دەکا لە دەردەکە، لێ رێگر نییـە لەبەردەم بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە لەناو کۆمەڵدا.

# ژیان لەبەردەم هەڕەشەی پارەدا

زیرەک عەبدوڵلا



(دوعا خەلیل) ئەو کچە ئێزیدییەی کە لە بەرواری ٧ی نیسانی ٢٠٠٧ لە شارۆچکەی بەعشیقە و لە کۆڕەفتارێکدا بەوپەڕی دڕندەییەوە کوژرا، ئێستا بەپێی مانشێتی ڕۆژنامەی ئاوێنەی ژمارە (١٢٨)، بە (٤٠) ملیۆن دینار سوڵح بۆ کێشەکەی کراوە.

لەم نووسینەدا نامەوێت باسی ئەو ڕووداوە و ئەو عەقڵی کۆیی (Collective Mind)ە بکەم، کە لەو کۆڕەفتارەدا (Collective Behavi-our) ئامادەیی هەبوو، نامەوێت باسی ئەوە بکەم کە بۆچی ئەو ژمارە زۆرەی خەڵک هەموویان بەیەکەوە هاوڕا و ئامادەبوون یەک ڕەفتار ئەنجام بدەن، کە ئەویش کوشتنی (دوعا) بوو.

ئەوە پرسێکی زانستییە، هەر کەسێک بیەوێت پێی ئاشنا بێت، ئەوا باشتر دەتوانێت لە ڕێگەی خوێندنەوەی تیۆرە زانستییەکانی زانایان (گۆستاف لۆبۆن و گابریال تارد و ئەنریکۆ فێری و

ئەنتۆنی گیدنیز..هتد) بەو مەرامە بگات، خۆ هەر ئاشنانەبوون بە تیۆرە زانستییەکانی ئەو زانایانە بوو وایکرد (لەوکاتەدا) خوێندنەوەیەکی جیدی و زانستییانە لە بەرامبەر پرسی (دوعا) ئامادەیی نەبێت، بەڵکو ئەوەی هەبێ زیاتر نووسینی پەخشان ئامێز و هەڵچوون و سۆزداری بێ (رێژەییە).

بەهەرحاڵ (دوعا) کوژرا، بەڵام لە بەرامبەریدا سوڵحکرا و خەڵکانێک پارەیان وەرگرت، جا دایکییەتی، یا باوکییەتی، یا هەر کەسێکی دیکە.

* * * *

مادام قسە لەبارەی بابەتێکە سوڵحی تێدا کراوە، کەواتە واباشە قسەیەکی کورت لەبارەی دیاردەی سوڵحکردن (Reconciliation)ەوە بکەین.

بۆ ئەمەش بپرسین، ئایا سوڵحکردن چییە؟ لە چ سیستەمێک و بونیادێکی کۆمەڵایەتییەوە بوونی دەبێت، هەروەها چ بەهایەک و نۆرمێک و ئەخلاقیاتێک لەپشتییەوەیە؟

لە روانگەی کۆمەڵناسییەوە سوڵحکردن دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، مەبەست لێیەوە پێکهاتن و ئاشتکردنەوەی دوو لایەنە کە کێشەیەکیان لە نێوانیاندا هەیە. بوونی ئەم دیاردەیە لە بنەمادا پەیوەستە بە سیستەمی پاتریارکی، نۆرم و بەها و تێڕوانی خێڵەکییانەی لەپشتدایە.

لە زۆربەی حاڵەتەکاندا پێکهاتەکانی ئەو دیاردەیە بریتین لە:

**یەک:** دوو جەمسەری کێشەدار: یەکێکی تاوانکار و یەکێکی تاوان لێکراو، یەکێکی زۆڵمکار و یەکێکی زوڵملێکراو.

**دوو:** پرس، یا بابەتی کێشەکە: کە ئەمە جۆری جیاواز و ئاستی جیاوازی هەیە، بەڵام پێویستە لەو کێشەیەدا لایەنێک سنووری تایبەتی ئەویتری بەزاندنبێت و زیانی پێگەیاندبێت ئینجا زیانەکە مادی بێت، یا مەعنەوی و گیانی.

**سێ:** لایەنی دەرەکی: کە راستەوخۆ بەکێشەکە پەیوەندار نین و هەوڵدەدەن فاکتەری یارمەتیدەر بن و رۆڵی پرد بگێڕن، بۆ مەبەستی بەیەکگەیاندنی هەردوو جەمسەری کێشەدار.

**چوار:** بوونی ماددەگەلێک بۆ ئەنجامدانی پرۆسەکە: ئەو مادەیە دایەنەمۆی ئەو پرۆسەیەیە و لە نائامادەییدا پرۆسەکە بە ئامانج ناگات، لەمەشدا زۆربەی جار (پارە، یا ژنبەخشین) رۆڵ دەگێڕن.

* * * *

ئەگەر سوڵحکردن یەکێک بێت لە دیاردە خێڵەکییەکان و بەها و نۆرم و ئەخلاقیاتی خێڵەکی لەپشتییەوە بێت، ئەوا پرسیار ئەوەیە بەپێی بەها و تێڕوانینی خێڵ سوڵح لە بەرامبەر چی دەکرێ؟ لە کورتترین وەڵام سوڵح لە بەرامبەر پرسێک دەکرێت، کە

**چۆن دەبێت کەسێک بەئیتیفاقییەتی دەستەجەمعی لەیەککاتدا خیانەتکار و قوربانیش بێت**

**ئەو ڕەفتارە لە سادەترین ئاستیدا ئەوەمان پێدەڵێت کە هەر کەسێک بۆی هەیە یەکێکی دیکە بکوژێت و لە بەرامبەری پارە بدات ئازاد دەکرێت**

تیایدا کەسێک سنوری تایبەتی بەزێندرابێت و مافی تایبەتی پێشێل کرابێت، جا دەشێت کەسەکە کوژرا بێت و لە ژیان دیلیت (Delete) کرابێت، یانیش ڕەفتارێکی تاوانکاری لە بەرامبەر کرابێت، کەواتە کەسەکە غەدری لێکرا بێت. جا هەر بەپێی ئەخلاق و نۆڕمی کۆمەڵایەتی خێل، بەپێی ئیتیفاقییەکی دەستەجەمعی ئەو کەسە قوربانییە (Victim)، هەربۆیە پێویستە خۆی (لەکاتی ئامادەبوونی) و خێزانەکەی (لەکاتی نائامادەبوونی) قەرەبۆ بکرێنەوە.

لە پرسەکەی (دوعا)دا سوڵح کرا، کەواتە ناوبراو قوربانییە، کاتێکیش قوربانی بێت، ئەوا خیانەتکار نییە (کە ئەمە یەکێک لە پرسە ورووژێنەر و دروستکەرەکەی عەقڵی کوێی کوژەفتارەکە بوو)، چونکە ئەگەر ئەوەی دووەم بێت هەر لە بنەمادا سوڵح ناکرێت. لێرەوە دەگەینە ئەو باوەڕەی بڵێین کە بەپێی تێڕوانی ئەوان (دوعا) لە خیانەتکارەوە کراوەتە قوربانی.

بەڵام لێرەوە پرسێکی دیکە دێتە ئاراوە، ئەویش ئەگەر ئەندامێکی خێڵێک زوڵمی لێبکرێت و قوربانی بێت، چۆن هیچ کەسێک لە ناو خێڵەکەیدا نابینرێت هەوڵی رزگارکردنی بدات و نەهێڵێت بەو شێوە دڕەندانەیە بکوژرێت. ئەی کوا بەهاکانی خێڵ و شەهامەت و پیاوەتی ئەندامانی؟ کوا شەڕەفی خێڵ؟ کە ئەمە یەکێکە لە بنەماکانی پێکهاتەی خێڵ و پرسگەلی دەمارگیری و خزمایەتی و بەرگریکردن لە ئەندامانی خێڵ دروست دەکات. چۆن خێڵ لێدەگەڕێ ئەندامێکی بەو شێوەیە بکوژرێت و قسە نەکات؟.

من لەوانەی پارەیان لەبری کوشتنەی (دوعا) وەرگرتووە دەپرسم.. ئەرێ بە چ مافێک و بەپێی کامە نۆڕم و پێوەری ئەخلاقی ئەو پارەیەتان وەرگرت؟ ئێوە کە لەبەرچاوتان (دوعا)یان بلۆکباران کرد و لەناو خوێن گەوزاندنیان و قسەیەکتان نەکرد، چۆن ئەو مافەتان بەخۆتاندا ئەو پارەیە لە بری خوێنی ئەو وەربگرن؟

لەو پرسەدا بڕیار بەدەستانی بنەماڵەی (دوعا) لەگەڵ تاوانکارانی سوڵحکار دووفاقییەتێکی یەکجار گەورەیان پەیڕەو کردووە، ئەگەر لە بکوژەکان و ئەوانەی چاوپۆشییان کرد بپرسین بۆچی (دوعا)تان کوشت، دەڵێن تاوانکارە، ئەی بۆچی سوڵح دەکەن، چونکە قوربانییە، باشە چۆن دەبێت کەسێک بەئیتیفاقییەتی دەستەجەمعی لەیەککاتدا خیانەتکار و قوربانیش بێت؟ چۆن دەبێت ئێستا کەسێک بکوژی چونکە بەپێی بەهاکەت خیانەتی کردووە، دەمێکیتر سوڵح بکەی چونکە بەپێی

بەهاکەت قوربانییە؟! ئەوەیە دووفاقییەتی رەفتارکردن.

وەرگرتنی ئەوپارەیە بەناوی (دوعا) وەکو وەرگرتنی ئەو دیوەخانانەی کۆنە جاشە بەعسییە سەرۆک عەشیرەتەکانە بەناوی پیاوی ماقووڵ؟ ئەوان پیاوی ماقووڵ نین و دەیانەوێت وا بناسرێن کە ماقووڵن، سوڵحکارانی بنەماڵەی کوژراویش مافیان بەسەر ئەو کوژراوەدا نییە و دەیانەوێت وا پێشاندەن کە مافیان هەیە، چونکە ئەگەر مافیان هەبوایە بەدڵنیاییەوە دەیانتوانی لێنەگرێن ئەو رەمزە بەو شێوە دڕندانەیە بکوژرێت. ئەو بنەماڵەیە لە رێگەی بێدەنگبوون و بێهەڵوێستییان بەشدارن لەو تاوانە، بۆیە چیدی (دوعا) وەکو رەمزێک موڵکی ئەوان نییە، بەڵکو موڵکی بەشەرییەت و مێژوویی کۆمەڵگای کوردییە، (دوعا) تا ئەوکاتە موڵکی ئەوان بوو کە نەیانهێشتبا بەو چارەنووسە بگات، یان بەلایەنی کەمەوە هەوڵیان بدابا بەو چارەنووسە نەگات، بەڵام کە بەو چارەنووسە گەیشت، ئیدی موڵکی مێژووی پڕ لە ئێش و ئازاری گەنجانی کۆمەڵگای کوردییە. بەڵێ (دوعا) رەمزی مەغدووری لاوانی کۆمەڵگای کوردییە.

* * * *

بەوەرگرتنی پارە لە تاوانکاران لەبری کوشتنی (دوعا)، دەبێت پرسیاری جیدی لە سیستەمی یاسایی و دادوەری کوردستان بکەین، پرسیار لە چۆنییەتی بەرێوەچوونی دامەزراوە پەیوەستەکانی ئەو سیستەمانە بکەین، پرسیار لە هێز و توانای ئەو دامەزراوانە بکەین، هەروەها دەبێت قسە لەو ئیعتیباراتە سیاسی و کۆمەلایەتییانە بکەین کە لەسەرووی ئەو سیستەمانن.

وەک لە راگەیاندنەکان بلاوکراوەتەوە ئەنجوومەنی شارۆچکەی بەعشیقە بەکاری سوڵحکردنە هەڵساوە، لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئایا ئەنجوومەنی شارۆچکەی بەعشیقە چ پەیوەندییەکی بە کوشتنی (دوعا)وە هەیە؟ ئەی چ پەیوەندییەکی بە یاسا و دادگاوە هەیە، تا کردەی لەمشێوەیە بەئەنجام بگەیەنێت؟ ئایا ئەمە وەزیفەی ئەنجومەنی ناوبراوە، یاخود وەزیفەی دامەزراوەی یاسایی و دادوەری؟

ئەمەیە شێواوی و ئەنۆمی کۆمەڵگای ئێمە کە بەشێکی هەرە زۆری دامەزراوەکانی کۆمەڵگا بەوەزیفەی خۆیان هەڵناستن و وەزیفەیەکی دیکە بەرجەستە دەکەن کە هی خۆیان نین. پرسی کوشتنی (دوعا) سیاسی نییە، بەڵکو یاسایی و دادوەرییە، ئیدی بۆچی بەرگی سیاسی لەبەر دەکەن، ئەگەر لە دروستبوونیشیدا لەسەرێکەوە (بەزۆر) پەیوەست کرابێت بە هزری رەگەزپەرستی ئایینی و سیاسی، ئەوا

**ئەوەی کراوە، بەناو چارەسەرکردنی کێشەیە، بەڵام راستییەکەی ئەوە چارەسەرکردنی کێشە نییە. ئەوە چارەسەرکردنی هەڵەیەکی مێژوویی گەورەیە بەهەڵەیەکی دیکە**

چارەسەرکردنی وا نییە و نابێت واش بێت. پرسی (دوعا) سەرباری ئەوەی ویژدانی و ئەخلاقییە، ئەوا پرسێکی تەواو یاسایی و دادوەرییە، پێویست ناکات رەمزی ئایینی و پیاوی سیاسی خۆیان تێکەڵاوی بکەن، ئەگەر وا بکەن، ئەوا دامەزراوەکانی سیستەمی یاسایی و دادوەریی پەکیان دەکەوێت، هەروەکو کەوتییە.

سەیرە لەو کۆمەڵگایەدا لەسەر تاوانی کوشتن چۆن حکومی لەسێدارەدان هەیە، ئاواش سوڵحی خێڵەکی هەیە، هەردووانەشیان کاری پێدەکرێت، لەبەرامبەریشدا کادیرانی کایەی یاسایی و دادوەریی هیچ دەنگیان نییە. ئەو دوو دیاردەیە دوو گەورەترین عەیبی سیستەمێکی یاسایی و دادوەری عەقڵانی و مەدەنین، دوو گەورەترین عەیبی سیستەمی یاسایی و دادوەری کۆمەڵگایەکی هیومانیخوازی پێشکەوتوون.

ئەو شێوازی چارەسەرییەی پرسی (دوعا) زەبرێکی کوشندەیە لە دامەزراوەکانی سیستەمی یاسایی و دادوەریی، ئەو شێوازی چارەسەرییە دامەزراوەکانی ئەو سیستەمانە زەربی سفر دەکات و شوناسی هیچیان پێدەبەخشێت. ئەو شێوازی چارەسەرییە هەڵەیەکی زۆر گەورەیە، هیچی لەو هەڵە دەستەجەمعییە کەمتر نییە، کە هەر یەکە لە سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان و ئەنجوومەنی وەزیران لە بەرامبەر پرسی لێخۆشبوونی گشتی کردیان، کە تیایدا بەکۆ تاوانکارانیان ئازاد کرد، دواتریش هەر زوو بەکۆ زیندانیان کردنەوە. (بۆ زانیاری زیاتر لەمبارەیەوە سەیری وتاری: زیرەک عەبدوڵلا - سەرۆک و لێبووردن و رۆژنامەی هاوڵاتی- ژمارە ٣٨٧-٣٨٨) بکە.

ئەوانەی بە چارەسەرکردنی ئەو کێشە هەڵساون، باشترە کار بۆ چارەسەرکردنی ئەو رەوشە کۆمەڵایەتییە بکەن کە ئەو جۆرە پرسەی لێدروست بووە. کار بۆ ئەوە بکەن چیدی (دوعا)ی دیکە دروست نەبێت. کار بۆ ئەوە بکەن چیدی کۆرەفتارێکی دیکەی لەو شێوەیە بەسەر مرۆڤکی دیکە دروست نەبێتەوە.

* * * *

بۆ سوڵحکردن بری (٤٠) ملیۆن دینار پارە دراوە. ئێستا پرسیار ئەوەیە ئایا لە سیستەمی یاسایی و دادوەری کوردستاندا ئەوە رێگەچارەی کێشەیەکی وا گەورەو ورووژێنەرە؟ ئایا دەبێت هەر کەسێک، یاخود چەند کەسێک، یەکێکیتر، یان چەند کەسێکیتر بکوژن و لە بەرامبەریدا پارە بدەن و لێیان خۆشبن؟ ئایا خوێن بە پارە دەکرێت و دەفرۆشرێت؟ ئایا لەو حاڵەتەدا مرۆڤ کورت ناکرێتەوە سەر بوونەوەرێکی ئابووری؟ ئایا مرۆڤ و کەلوپەل و کاڵا و کەرەستەی مادی هاوشان ناکرێن؟ پێموایە ئەو رەفتارە لە سادەترین ئاستیدا ئەوەمان پێدەڵێت کە هەر کەسێک بۆی هەیە یەکێکی دیکە بکوژێت و لە بەرامبەری پارە بدات ئازاد دەکرێت، بەوەش ئەو رەفتارە تاک هاندەدات لە کوشتنکاری سڵ نەکاتەوە و نەترسێت، چونکە بەپارە کێشەکەی بۆ چارەسەر دەکرێت.

ئەو پرسە پێماندەڵێت کە لەو کۆمەڵگایەدا مرۆڤ وەکو هەر کەلوپەلێکی مادی و تەکنۆلۆژی نرخی لەسەرە، پێماندەڵێت مرۆڤ بکوژە و خەساری بکە، لە بەرامبەری پارە بدە و گوێی پێمەدە، چونکە دوایی کوشتنی رەوشەکە ئاسایی دەروات بەرێوە.

ئەو پرسە پێماندەڵێت کە لەو کۆمەڵگایەدا پارە لە مرۆڤ گرنگترە، ئەوانەی پارەیان وەرگرت، ئایا پارەیان پێ گرنگتر نەبوو لە کچەکەیان؟ ئەی بۆچی پارەکەیان وەرگرت، بەڵام کچەکەیان وەرنەگرت؟ بۆچی توانیان لە بەرامبەر پارە قسە بکەن، بەڵام لە

بەرامبەر کچەکەیان نا؟ بۆچی توانیان لە بەرامبەر پارە هەڵوێست و دەنگیان هەبێت، بەڵام لە بەرامبەر کچەکەیان نا؟

ئەو پرسە پێماندەڵێت ژیان لە کۆمەڵگای ئێمە چەندە لەبەردەم مەترسی پارەدایە، بکوژە و پارە بدە، لێت بکوژرێت و پارە وەرگرە! ئاساییە، مادام پارە ئامادەیی هەیە، کێشە چارەسەر دەبێت. مادام پارە ئامادەیی هەیە، کوشتنی مرۆڤ هیچ نییە. ئەو تێروانینەش مرۆڤی کردۆتە بوونەوەرێکی ئابووری، مرۆڤی کردۆتە کاڵا، لە هەست و یادەوەری و پەیوەندییەکانی خاڵیکردۆتەوە، بەمەش لەناوچوون و کوژرانی بەئاسانی هەزم دەکرێت. لە واقیعێکی کۆمەڵایەتیدا کە خەڵک روو لە سەرمایەی مادی و کۆکردنەوەی پارە و سامان بکات، هاوکات بکرێت پارەش لە رێگەی کوشتنی ژن، یا کچەوە دەست بکەوێ، ئەوا ئەمە هانی خەڵک دەدات کە ژن، یا کچیان بکوژن، تاوەکو پارەیان دەست بکەوێت. دیارە چیرۆکی ئەو کەسانەش کەم نین کە کچ، یا ژنی خۆیان کوشتووە بۆ ئەوەی پارەیان دەست بکەوێت.

ئایا بە سوڵحکردن کێشەکەش (دوعا) کۆتایی پێهات؟ ئەگەر کێشەی (دوعا) بۆ بنەماڵەکەیان کۆتایی پێهاتبێت، ئەگەر بۆ بکوژانی کۆتایی پێهاتبێت، ئەوا بۆ کۆمەڵگا وا نییە، بۆ ئەو مرۆڤ بە ویژدانانە وانییە کە لەگەڵ رژانی هەر قەترە خوێنێکی (دوعا) برینێکی گەور لە جەستەیان چێ بوو. بۆ ئەو کەسانە وانییە کە بەهایی مرۆییانە لە لایەیاندا زاڵ بەسەر بەهای خێڵەکی و ئەو رووداوە ورد وردی کردن.


* * * *

ئەگەر ئێستا کێشەکەی (دوعا) چارەسەرکراوە، باشە ئەی چۆن سەیری هەموو ئەو دەرکەوتە جیاجیایانە بکەینەوە کە لەو رووداوەوە کەوتنەوە؟ چۆن سەیری ئەو بەکۆمەڵ کوشتن و قڕکردنەی ئێزیدییەکان بکەین کە لە پرۆسەیەکی قەیسەرئاسادا لە شارەکانی موسڵ و هەولێر و ناوچەکانی خۆیان روویاندا؟

پرسیارێکی جەوهەری لە دەسەڵاتدارانی حزبی، ئەوانەی کە لەپشت ئەو چارەسەرکردنەدان ئەوەیە، ئایا دەتوانن لە خۆیان بپرسن کە لەبەرامبەر ئەو سوڵحکردنەدا چۆن وەڵامی ئەو میدیا و رێکخراوانەی مافی مرۆڤ دەدەنەوە کە بەوردی چاودێری ئەو پرسەیان دەکرد. ئایا چۆن وەڵامیان دەدەنەوە لە بەرامبەر ئەو بەخەسارچوونە ئابڕووبەرەی (دوعا) و ئەو بەرەڵڵاکردنە نالۆژیکییەی بکوژان.

ئەوەی کراوە، بەناو چارەسەرکردنی کێشەیە، بەڵام راستییەکەی ئەوە چارەسەرکردنی کێشە نییە. ئەوە چارەسەرکردنی هەڵەیەکی مێژوویی گەورەیە بەهەڵەیەکی دیکە، ئەو چارەسەرییە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کۆمەڵگای ئێمە چەند نەخۆشە و ژیانیش تیایدا چەند ناتەندروست و ئەستەمە. ئەو چارەسەرییە ئاماژەیە بۆ ئەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی و تاکگەراییانەی ئێمە چەندە لەبەردەم مەترسیدایە. ژیانی مەندەنییانەی ئێمە چەندە لەبەردەم هەڕەشەی هەبوونی پارەدایە.

# ئەزموونی خود و یادەوەری عەشق



نیهاد جامی

عەشق و خۆشویستن ئەزموونێکی خودییە، کە خود ناتوانێ بە ئاسانی خۆی لێ دەرباز بکات، چونکە پێویستی بە رەگەزی بەرامبەر هەیە، نەک هەر تەنها بۆ بەتاڵبوونەوەی غەریزەی سێکسکردن، بەڵکو ئەزموونی خۆشویستن جیاوازە لە سێکس، جیاوازی لە نێوان عەشق و سێکس، بابەتێکە هەمیشە پێویستی بە توێژینەوە و تێگەیشتنی ورد هەیە، کە لای ئێمە ئەو دووانە بەیەک واتا راڤەکراون، سێکس پێویستییەکی جەستەییە، کە مرۆڤ دەتوانێ لەگەڵ هەر کەسێک ئەنجامی بدات، بەڵام عەشق بەرەنجامی سەرسامبوون و تێگەیشتنە لە بەرامبەر و ئارەزووکردنە لەویتر بۆ تەواوبوونی وێنەی خود، ئەو کاتانەی بیر لە سێکس کردن لەگەڵ یەکێک دەکەینەوە، تاکە مەسەلەیەک کە بەخەیاڵماندا نایەت عەشقە، کەچی لە

عـەشقـدا دواین مەسـەلە کـە بمانەوێ بە ئەنجـامی بگەیەنین سێکسە لەگەڵ ئەویتر، بۆچی؟ چونکە سێکس لەگەڵ هەر کەسێک دەتوانێ ئەنجـامی بدەیت، بەڵام هەرگیز عەشق لەگەڵ هەر کەسێک ناتوانێ بە ئەنجامی بگەیەنیت، ئەگەر لێرەدا بیر لە گـەنجـانێک بکەینەوە بۆ عـەشق کە بەلایەوە گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە دۆستێکی هەبێت، ئەوە پەیوەندی بە عـەشـقـەوە نییـە، بەڵکو غەریزەیە وامان لێدەکات لەژێر ناوی عەشقدا بە جەستە بگەین، عەشقی کامڵ عەشقێکە غەریزە پاڵـمـان پێـوە نەنێت، بەڵکو هەوڵێک بێت بۆ نووسـینەوەی خـودی، بەمـانای عـەشق بتـوانێ رووبەرە نەنووسراوەکانی خۆمان پێ بنووسێتەوە، ئەو عەشقەش بەدوای ئەزموونێکی درێژی خودی دێتە کـایەوە، هەرگـیـز رابردوویەک کـە تیـایدا کـارەکـتـەر و شکستی جیـاواز وامـان لێنەکـات تۆڵەی دۆڕاندنەکانمان لە دۆستەکەمان بکەینەوە، ئەوەش بەدوای ئەوە دێت کە بتوانین خوێندنەوەی رەخنەیی بۆ یادەوەری بکات، بەبێ خـوێندنەوە و تێـرامـان لە یادەوەری خـود ناتوانێ لە عـەشـقی کـــامـڵ بژیـێت، دەبێـت یادەوەری هێـــــزی بەردەوامبـوونی لە سـتـایشـەوە تیـا بگۆڕێت بە رەخنە، رەخنە بەو مانایە نا دۆستی نێو یادەوەری سەرزەنشت بکەین کە ئەو نەیهێشت عـاشق بین، بەڵکو رەخنە بەو مـانایەی خەوشەکـانی رابردوو چی بوو؟ بەڕاست لە دوێنێ من عــاشق بووم یا غەریزە پاڵـی پێوە دەنام؟ ئەو پرسیـارانە دەتوانن دەرگامان بە رووی کرانەوی خود بۆ بکەنەوە، هەر کاتێک توانیمان لە کارەکتەرەکانی نێو یادەوەری خـۆشـبین، مـانای وایە دەتوانین جـیـاوازی لەناو عـەشق قـەبووڵ بکەین، قبووڵکردنی جیـاوازی بە تەنیـا بەرەنجـامی لێـخـۆشـبـوون نییـە، لەوەی دۆسـتـەکـانی ناو یادەوەری گـوناهبار بوون و خـود لێی خـۆش دەبێت، نا جـیـاوازی بەو مـانایەی بەشێکی گوناهەکە بخەینە ئەستۆی خۆمانەوە، بەوەی ئێمە لە عـەشقدا کامڵ نەبووین، ئەوەی لە یادەوەریدا هەبوو ئەزمـــوونێک بوو دەتوانێ لە هەنووکەدا ببێتە زەمینەیەک بۆ خۆشویستن، نەک تۆڵەکردنەوە، تۆڵەکردنەوە چەمکێکە هەمیشە لە دوای کـۆتایی عـەشق بە وێنە و سـتـایلی جیـاواز لەلای عاشقی کوردی دووبارە دەبێتەوە، بەڵام ئەو چەمکە هەر کـاتێ توانی لەناوماندا ئیش بکات، مـانای وایە ئێـمـە رۆژێک دۆسـتـەکـەمـان خـۆش نەویسـتـووە، هەر قــوربانیـیـەکـیـشـمـان پێی بەخشیبێت، لە راستیدا قـوربانی بەخشین نەبووە بۆ دۆست، بەڵکو قــوربانی بووە بۆ گــەیشـتـنە جـەسـتـەی مـێـینەتی ئەو، بۆیە یادەوەری چەندە ژمـارەی کـارەکـتـەر و شکست و ئەزموونـەکـانی بۆ خود زیاد بووبێت، مانای وایە زەمینە و چیرۆکی زیاترمـان لەبەر دەسـتە بۆ خوێندنەوە، کـە ئەوش توانای فــرە تەئویلی بۆ خــود وەدەست دێنێت، چەمکێک کە لەیەکەم ئەزموونی عەشقەوە خەوی پێـوە دەبینی و بۆی نەدەهاتە دی، چەمکی خـەون بینین بەعــەشـقــێکی ئەبەدی، ئەو چەمکە هەر چەندە خەونێکی بەراییە لە عەشقدا، بەڵام کـاتێ لە ئەزمـوونی سـەرەتادا نایەتە دی، پەیوەندی بە میـکانیـزمی ئەو خـەون بینینەی عـاشقـەوە هەیە، ئەوەش مـانـای وایە یادەوەری کـاتێ لە هەنووکـەدا بۆ عــاشق لە ئەزمـــوونێکی کـامڵ پێک دەگـەن، ئەزموونی تەقینەوەی یادەوەری ئەزمونێکە هەموو

رابردوو بەچی تێکست و کارەکتەر و حیکایەت و شکستەوەیە لەبەر دەستیەتی، ئەوەش نایەڵێت چەمکی شکست بناسرێتەوە، بەڵکو ئەمجارەیان لە بری شکست دەتوانێ تێگەیشتنێکی نوێ بێنێتە ناو ژیان، ئەویش ئەزموونی یادەوەری و خودی عاشق، ئەو ئەزموونە پێمان دەڵێت "یادەوەری بۆ ئەبەد دەمانگۆڕێت بە خودێکی عاشق". بەڵام ئایا ئەوە گریمانەیەکە یاخود حەقیقەتە؟ دەشێ لە بەرامبەر چەمکی حەقیقەت تۆزێک رابمێنین، چونکە حەقیقەت چییە؟ ئایا ئەو کۆمەڵگایە دان بە حەقیقەتی عەشق دەنێت؟ ئەو کاتانەی دەبینین حەقیقەت تەنیا تەسلیمی چەمکێکی میتافیزیکی کراوە، ئیدی رەوایە گریمانە بخەینە ناو پەیوەندی خۆشویستنەوە، چونکە حەقیقەتێک نییە تاوەکو ئێمە لێیەوە سەیری ئەزموونی عەشق بکەین، هەموو ئەوانەی کۆمەڵگا بە خەیاڵ سەیری دەکەن ئەوە لای عاشق حەقیقەتە، حەقیقەت ئەوەیە کە ئێمە چۆن سەیری شتەکان دەکەین و بروامان تاچەند بەوکارەیە کە پێی هەڵدەستین، "ئەی یار حەقیقەت ئەوەیە من تۆم خۆش دەوێ، کەواتە تۆ حەقیقەتی منی" ئەو دێرە بەتەنیا دەستەواژەیەکی عاشقانە نییە، بەڵکو حەقیقەتێکە، ئەوەی من لە ئەمرۆدا پێی دەگەم هەر ئەوە حەقیقەتە، بەڵام ئایا ئەوەی بۆ ئێمە حەقیقەتە بۆ یەکێکی تدیکەش وایە؟ ئەوەیان پرسیارێکی ترە، واتا دەکرێ ئەوەی ئێمە لەو وتارە لەسەری وەستاوین دوور بێت لە حەقیقەت، چونکە عاشقانێک هەبن بەشێوە و دەرەنجامی دیکە سەیری پەیوەندییەکان بکەن، بۆیە ئەوە ناشارینەوە دەرەنجامەکان بەرەنجامی ئەزموونی خودین، بەڵام دەرەنجامێکن تێکشکاندنی ئەو لۆژیکەیە کە تەمەنی دەستنیشان کراوی گەنج وابەستە کراوە بە عەشق، چونکە عەشق پەیوەست نییە بە تەمەنێکەوە، بەڵکو دەشێ لەهەر کوێیەک توانیمان سەنتەری یادەوەری هەڵوەشێنینەوە، ئەوا نەک هەر عەشق بخوێنینەوە، بەڵکو توانای خۆ خوێندنەوەشمان دەبێت، خۆ خوێندنەوەش نەک نایەڵێ تووشی شکست بین، بەڵکو بەختیاری و نەمریمان پێدەبەخشێت، بۆ ئەوەی بتوانین زیندەگی وەدەست بێنین و چەمکی شکست لە خود بکەینە دەرەوە.

هەڤپەیڤین

**ئەحمەد عومەر زادە:**

# نواندنی توندوتیژی دژی ئافرەت نەک هەر تەنیا شیرازەی خێزان لێک هەڵدەتکێنێت، بەڵکو دەبێتە لاوازبوونی پرۆسەی بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگاش



**ئا: ئاراز جەلال**

**ماوەیەکە دیاردەی توندوتیژی دژی ئافرەتان بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە، ئەو دیاردەیە بۆتە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆری ئافرەتان (کچ بێت، یان ژن) تووشی کارەسات و گیان لەدەستدان بن، ئەو دیمانەیە هەوڵێکە بۆ شیکردنەوە و لێکدانەوەی ئەو دیاردەیە.**

*** بە بۆچوونی تۆ ئەو هۆکارانە چین کە دەبنە مایەی سەرهەڵدانی توندوتیژی نواندن دەرهەق بە ئافرەتان لەناو کۆمەڵگەی ئێمەدا؟**

- ئەگەر چاوێک بە مێژووی مرۆڤایەتیدا بخشێنین، دەبین کە هۆکاری سەرەکی توندوتیژی نواندن دژ بە ئافرەتان، لە بیرو بۆچوونێکی کۆنەپەرستانە و دواکەووتوانە سەرچاوەی گرتوە، کە دەبێت ئیستا گۆڕانکاری بەسەردا بێت. زۆر لە گەلانی کۆن بیرو باوەڕیان وابوو کە کاری چاک و نزا و پارانەوەی ژن لە دەرگای خوای وەرناگیرێت. بۆ نموونە یۆنانییەکان بیروباوەڕیان وابوو کە ژنیان بە دەست پەروەردەی شەیتان دادەنا، هەروەها رۆمانییەکان لەو بڕوایەدا بوون کە ئافرەتان لە روح و گیانی مرۆڤ بە دوورن.

توندوتیژی دژی ژنان ئێستا بۆتە دیاردەیەکی جیهانی، بەڵام ئاستی ئەم توندوتیژییانە لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە دەگۆڕێت. لە کوردستاندا بەهوی ئەوەی سالانێکە شەڕ و ئاژاوە بەرۆکی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری گرتووە، ئەم توندوتیژییانە دەرهەق بە ئافرەتان زیاترە، لێرەدا ئێمە دەتوانین ئەم توندوتیژییانە بە

سێ بەش دابەش بکەین، کــە ســـەرچاوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتانن، یەکەم: خانەوادە، یان خـێـزان. دووەم: کـۆمـەڵگە. سـێـیـەم: ژینگە، (مـەبەست ئەو ژینگەیە کـە ئـافـرەت تێـیـدا کـار دەکات و چالاکی دەنوێنێت).

لە کـۆمـەڵگەی کـوردیدا لەبەرئەوەی تاکـەکـان بۆ ماوەیەکی زۆر لەلایەن رژێمە یەک لەدوای یەکەکان چەوساونەتەوە و بەسەختترین شێوە داپڵۆسێنراون، ئەمە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر کەسایەتی تاکی کـوردی داناوە. کـەسـایـەتی مـروڤی کـوردی بەرەو داڕووخـــان بردووە، ئـەمـــەش پێـــویســـتی بەچارەسەرییەکی بنەڕەتییانە هەیە. ئەگەر سەیری مـێـژوویی هەمـوو ئەو نەتەوانە بکەین کـە شـەڕیان لەناودا بووە، دەبینین دوای کوتایی هاتنی شەڕ ئەم کومەڵگایانە بۆ ماوەیەک تووشی شڵەژانی رۆحی و توندوتیژی بوونەتەوە کە ئەم توندوتیژییانە زۆرتر لەسەر ئافرەتان رەنگیان داوەتەوە. سەرەڕای ئەوەی کولتوور و دابونەریتە کونەکان، کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگەیەکی پیاوسالارە و ئایینەکانیش بوونەتە کاتالیزۆرێک کە شەرعییەت بەم باڵادەستییەی پیـاو بدەن. هەروەها نابێت ئەم توندوتیـژییـانەش بەکەم بگرین کە لەلایەن پیاوانەوە دەرهەق بە ژنان ئەنجـام دەدرێت، لەوانە دەتوانین ئـامـاژە بەهێنانی ژنی دووەم، لێدانی ئافرەتان و ئازاری جنسیـان، کـە لەلایەن پیـاوان دەرهەق بەهاوسـەرەکـانیـان دەکرێت.

*** بە رای تۆ دەرئەنجـــام و کـــاریـگـەرییـــە نێگەتیـڤـەکـانی توندوتیـژی لەسـەر تاکـو کۆمەڵگەدا چییە؟**

– ئەگـــەر باس لە دەرئەنجـــام و کـــاریگـەری نێگەتیـڤی ئەم توندوتیـژییـانە بکەین، دەتوانین بڵێین کە توندوتیژی نواندن دژی ئافرەتان دەبێتە هۆی رەنج و ناخـۆشـیـیـەکی بێـشـمـار، نواندنی توندوتیـژی دژی ئافرەت نەک هەر تەنیا شیـرازەی خـێـــزان لێک هەڵدەتکێنێت، بەڵکو دەبێــتــە لاوازبوونی پرۆسەی بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگاش، لە ئاکـامی ئەم توندوتیـژییـە کـە هۆکـارەکـانی لە سـەرەوە ئامـاژەم پێـدا، هەروەها دەبێـتـە هۆی بێ متمانەبوونی تاکەکانی کۆمەڵگە لەئاست یەکتر، خـۆ بەکـەم زانین، دوورکـەوتنەوەی ئافـرەتان لە بەشـداریکردنی پرۆسـە و کـار و چالاکـیـیـە کۆمەڵایەتییـەکـان، کـە کـاریگەری ئەم فـاکـتـەرە بەزەقی لەنێو ئافـرەتانی کـوردسـتـاندا دەبینرێت، دەبینین کە چۆن ژنان لە گەشەسەندنی تواناکـانیان دوورەدەخـاتەوە، هەروەها پرۆسـەی گـەشـەسـەندنی ئـابووری و بـونیــــادنـانەوەی وڵات بەرەو لاوازی دەبات. سەرەڕای ئەوەی کە کاریگەری نیگەتیڤیش دەخاتە سەر پەروەردەکردنی منداڵ و لە دەرئەنجامدا دەبێتە هۆی بارهێنانی نەوەیەکی ناتەندروست.

هەروەها دەتوانین بە روونی ئاماژە بەوە بکەم کە هەر کـاتێک توندوتیـژی دژی ئافرەتان هەبێت هیچ کومەڵگایەک ناتوانیین بڵێین، شارستـانی نییە. پەنابردنی ئافـرەتان بۆ فـاڵگرتنەوە و خـواردنەوەی مـەشـرووب و جـۆرها مـاددەی تر، ئەنجـامـدانی کردەوەی بەدڕەوشت تا دەگاتە لە دەستدانی پێگەی کۆمەڵایەتی ئافرەت و خۆکـوشتنیـان هەموویان لە ئەنجـامی ئەو هۆکـارانەن کـە لە سـەرەوە ئامـاژەم پێدان .

*** وەکو دەبینین ئەم دیاردەیە لە ئاستێکی بەرزدا خۆی دەنوێنێ و لە بەرامبەر ئەمەدا رێکخراوەکانی ئافـرەتان و پەرلەمـان بەپێی پێـویست کـار بۆ بەرگرتن لەم دیاردەیە ناکەن؟**

– هەروەک ئامـــاژەم پێـــدا ئەم کـــولتـــووره توندوتیـژییـە ریشـەی داکـوتاوە و لە ئاسـتـێکی بەرزدا خـۆی دەنوێنێت و بۆتە نەریتـێـکی باو لە کـۆمـەڵگەی کـوردسـتـاندا، بۆ نموونە لە دابونەریتـە

سەقەتەی کە وەک کولتووری لێهاتووە، جنێودان بە ژن و دایک و خوشکی بە پیسترین جنێو لەلایان پیاو دەژمێردرێت. زۆرێک لە پیاوان شەرەف و سەربلێندی و سەرفەرازی لە ناو دەلینگی ژندا دەبینن، لە حاڵێکدا ئەگەر تەواو خاکی وڵاتەکەی داگیر بکرێت نەقەبیان لێنایەت. دەبینین زۆر لە رێکخراوە مەدەنییەکان و ژنان و دەزگا پەیوەندارەکانی کێشەی ئافرەتان هەڵقولاوی ئەم کولتوور و فەرهەنگەن. زۆرجار تەنانەت باوەڕیان بەو کێشەیە هەر نییە. بەراستی کێشەی لەمجۆرە پێویستی بە هەوڵێکی شێلگیرانە و جیدی هەیە.

*** ئەو رێوشوێنانەی کە پێویستە بگیرێنەبەر بۆ رێگەگرتن و کەمکردنەوەی ئەو دیاردەیە کامانەن؟**

– ئەمە زۆر گرنگە کە پێویستە چ بکەین؟ هەروەک دەزانین کە بیناکە لە بناغەوە خراپە و هیچ چارەمان نییە مەگەر بیروخێنین و سەر لەنوێ بونیادی بنێینەوە، سەرەڕای ئەوەی کۆنترۆڵکردنی توندوتیژی پێویستی بە توێژینەوە و لێکۆڵینەوەیەکی بەربڵاو هەیە. دەبێت هەموو لایەک ماندوو نەناسانە و بەبیرێکی کراوە کاری بۆ بکەین، نابێت لەوە بترسین کە سەرەتا دەبێت رەخنە لە دابونەریتی دواکەوتووانەی خۆمان بگرین بە مەبەستی گۆڕینی، هەروەها رێگا بدەین کە شەرت و بەندەکانی مافی مرۆڤ جێگەی سوننەت و بیروباوەری ئایینی وکولتووری دواکەوتووانە بگرنەوە و دارشتنەوەیان بکرێت بە بەراورد لەگەڵ کولتوور و فەرهەنگی خۆمان بەشێوەیەکی سەردەمییانە.

هەروەک ئاگادارین کە توندوتیژی نواندن دژی ئافرەتان لە کۆمەڵگای ئێمەدا لەلایەن خزمان و هاوسەرەکانیان بەپلەی یەکەم دێت و پیاوان ئەم کردەیەی خۆیان بەناوی شەرەفپارێزی شرۆڤە دەکەن. زۆرجار ئافرەتان لە ئاست ئەو توندوتیژییانەی کە دەرهەقیان دەکرێت بەهۆی شەرم، یان ترس بێدەنگی دەنوێنن، بۆیە لێرەدا بەپێویستی دەزانم بڵێم کە دەبێت رێکخراوەکانی ژنان و ئەنجوومەنە مەدەنییەکان چالاکتر و بەهێزتر بکرێن لە پێناو پێشکەشکردنی خزمەت و یارمەتی زۆرتر بە ئافرەتان، لە دروستکردنی پۆلیسی ئافرەتەوە بگرە تاکو داڵدەی هەموو ئەو ژنانەی رووبەرووی تاوان دەبنەوە.


جگە لەوەی بەباشکردنی ئاستی گوزەرانی خەڵک و پەروەردەکردن و بارهێنانی تاکەکانی ناو کۆمەڵگا، وێرای ئەکتیڤکردنی دەزگاکانی راگەیاندن لەو بوارەدا، بەو شێوەیە دەتوانرێت تا ئاستێکی باش توندوتیژی نواندن دژ بە ئافرەتان کەمبکرێتەوە.

هەروەها پەرلەمانی کوردستان دەتوانێت بەدانانی یاسای توندتر و سەردەمییانە و جێبەجێکردنی لەلایەن حکومەتی کوردستانەوە، توندوتیژی نواندن دژی ئافرەتان راوەستێنێت، چونکە لە حکومەتی مودێرندا هێز بەشێوەی پیادەکردنی یاسا لە دەست دەوڵەتدایە، سەرەڕای ئەوەی کە ژنان خۆیان دەتوانن رۆڵی سەرەکی بگێڕن لە کەمکردنەوەی توندوتیژی دژ بەخۆیان. ئافرەتان لەو سەردەمەدا دەتوانن بەپێی تواناکانیان لە هەموو بوارەکانی سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی ئەکتیڤتر بێنە مەیدان لەپێناو دەستەبەرکردنی مافەکانیان و لابردنی ئەم توندوتیژیبیانەی کە رووبەڕوویان دەبنەوە.

* ئەحمەد عومەر زادە لە ساڵی ١٩٧٩ لە شاری سەردەشتی رۆژهەڵاتی کوردستان لە دایکبووە، دەرچووی زمانی ئینگلیزی لە زانکۆی سەلاحەددین، ئێستاش کارمەندی بەشی هەواڵ و سیاسەتە لە سەتەلایتی نەورۆز.

هەڤپەیڤین

# د.رەفیق سابیر:
# سەرەتای کوشتنی ئازادیی نەتەوە بەکوشتنی ئازادیی تاکەکانی دەست پێدەکات



ئا: خێلان ئەحمەد


ناسیۆنالیزم و نەتەوە دوو بابەت و چەمکی ئاڵۆزکاو بەیەکترین، بەتایبەتی لەم سەردەمەدا. بۆ قسەکردنیش لەسەر هەردوو دەستەواژەکەش بەپشتبەستن بەواقیعی سیاسیی و کولتوری کوردستان هانمان دەدات لەو تەوەر و لێکدانەوە جدییانە نزیک ببینەوە کە ماناو دەلالەتە پێچەوانە و هاو دژەکانی نێو بازنەی نەتەوەو چەمکی ناسیۆنالیزم لە لایەک و بیری ئایینی و ئیسلامیی سیاسی بەدیوەکەی دیکەیەوە بەرهەمی دەهێنێت. لەم گفتوگۆیە تایبەتەش نووسەر و روناکبیر دکتۆر رەفیق سابیر بەسەرنج و تێبینییەکانی تێڕوانین و بۆچوونەکانی لەبارەیانەوە دەربڕی.

*** بەڕای تۆ ناسیۆنالیزم تا چەند لە هەناوی خۆیدا جێگای بۆ دیموکراسی کردۆتەوە؟**

- ناسیۆنالیزم لە هەر وڵاتێکدا، لە بنەڕەتدا، بەو ئامانجە سەرهەڵدەدات و گەشە دەکات تا نرخ و بەرژەوەندیی نەتەوەیەک، لەبەرامبەر نرخ و بەرژەوەندیی نەتەوەیەکی دیکەدا، هاوتا یان بەرزتر رابگرێت و بەرژەوەندیی بەرزی نەتەوەیی، لەرێگای سیاسەتێکی نەتەوەیی سەربەخۆوە، دابین بکات، بەڵام بۆ ئەوەی بتوانێت بەم ئامانجە بگات پێویستە ئەو چوارچێوە جیۆگرافییەی نەتەوەکەی تێدا دەژی

کۆنترۆڵ بکات، واتا دەوڵەتی نەتەوەیی دابمەزرێنێت. کەواتا دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی، نەک دیموکراتی، ئامانجی ناسیۆنالیزم و هەر بزاڤێکی ناسیۆنالیستییە.

لەم سەرەتایەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە دیموکراتی، لە سەرەتادا، بەشێکی سەرەکی لە ستروکتووری فیکری و ئامانجی نەتەوەیی ناسیۆنالیزم پێک ناهێنێت، بەڵام ئەم بۆچوونە بەو مانایە نییە کە ناسیۆنالیزم، خۆی لە خۆیدا، ناتوانێت دیموکرات بێت، یان دژی دیموکراتییە هەر وەک بەشێک لە لیبرالەکانی نەتەوە سەردەستەکانی ناوچەکە بانگەشە دەکەن. بەپێچەوانەوە ناسیۆنالیزم لە وڵاتە داگیرکراو و بندەستەکاندا ناوەرۆکێکی ئازادیخوازنە و دیموکراتانەی بووە و هەیە، چوونکە بەو ئامانجە دەرکەوتووە کە نەتەوەیەک لە کۆیلایەتیی بێگانە و زمان و کولتوورێک لە کوشتن رزگار بکات، کە هەر ئەمە کارێکی دیموکراتانە و ئازادیخوازانە و تەنانەت دادپەروەرانەیە، بەڵام ناسیۆنالیزمی نەتەوەی سەردەست، جگە لە خولیای مەزنخوازی و شۆڤێنیزمی نەتەوەیی و کولتووری و رقبوونەوە لەویدی شتێکی دی نییە، بەڵام ئایا ناسیۆنالیزم، دوای ئەوەی بەئامانجی خۆی دەگات، واتا کاتێک وڵات ئازاد دەکات و دەوڵەتی نەتەوەیی دادەمەزرێنێت، دەتوانێت دیموکرات بێت؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە ئێمە ئەزموونی دەیان بزاڤی ناسیۆنالیستیی ئەوروپایی و ئەفریقایی و ئاسیاییمان لەبەردەستە. دەکرێت ئەو ئەزموونانە، کە هەر یەکەیان بەرهەمی دۆخی تایبەتی سیاسی و کولتووری و کۆمەڵایەتیی خۆیان بوون، لە دوو مۆدێلدا، مۆدێلی دیموکراتی و مۆدێلی دیکتاتۆری، پۆلێن بکەین: مۆدێلی یەکەمیان، کە لە ئەوروپای رۆژئاوادا دەرکەوتووە، لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە دەوڵەت، لە رەوشی پێشکەوتنی خۆیدا و دوای ئەزموونی جۆراوجۆری حوکمڕانی و کۆمەڵێک کێشەی نێوخۆی سیاسی و ئایدیۆلۆژی سەرەنجام گۆڕدراوە بە دەوڵەتێکی دیموکرات، واتا توانیویەتی قەناعەت بە زۆرایەتیی خەڵکی وڵاتەکەی بهێنیت کە بە راستی ئەم دەوڵەتە نەک تەنیا دەربڕی بەرژەوەندییەکانی ئەوانە بەڵکو، بەپێی دەستوور و قانوون ماف و ئازادیی هاووڵاتیانی، سەر بەهەر رەگەز و نەتەوە و ئایین و باوەڕێک بن دەپارێزێت. بۆیە هاووڵاتیان لەو جۆرە وڵاتانانەدا متمانە بە دەسەڵات دەکەن، هاریکاریی دەکەن. واتا دەوڵەت بەو ئەندازەیەی ماف و ئازادی و ئارامی و بەرژەوەندییەکانی هاووڵاتیان دەپارێزێت و ئاستێکی ماقوولی دادپەروەری کۆمەڵایەتی دەستەبەر دەکات، بە هەمان ئەندازە هاووڵاتیان باوەڕ بە دەسەڵاتە سیاسییە هەڵبژێردراوەکەیان دێنن، پشتگیری دەکەن چوونکە پێیان وایە کە نوێنەرایەتییان دەکات. بەمەیش ئارامی کۆمەڵایەتی



مارکس

و سەقامگیریی سیاسی چەسپێندراوە، بەڵام لە مۆدێلی دووەمدا، واتا مۆدێلی دیکتاتۆری، کە لە ئاسیاو ئەفریقاو ئەمریکای لاتیندا باوە، دەسەڵاتی سیاسی نەیتوانیوە کۆمەڵ بخاتە ژێر باڵی خۆی و قەناعەت بەزۆرینەی خەڵک بهێنێت کە نوێنەری بەرژەوەندی ئەوانە و داکۆکی لە ماف و ئازادییان دەکات. بەپێچەوانەوە دەسەڵاتی سیاسی، کە بە دەگمەن لەرێگای هەڵبژاردنی ئازادانەوە مافی حوکمڕانی وەرگرتووە، هەمیشە ویستویەتی بە هۆی ستەم و زەبروزەنگەوە زۆرینەی خەڵک ناچار بکات کە ملکەچی بن. بەکورتی ئەزموونی ناسیۆنالیزم و دەوڵەتی ناسیۆنال دەشێت سیستمیکی دیموکراتی دابمەزرێنێت، یان دەتوانێت دیکتاتۆری و ئیستیبدادی بێت.


لینین

*** ئایا بوونی دیموکراتی تا چەند دەتوانێت لە پرۆسێسی بەرهەمهێنانی ناسنامە بۆ نەتەوەی کورد کاریگەر بێت؟**

-(پێش ئەوەی وەڵامی پرسیارەکەت بدەمەوە، حەز دەکەم روونکردنەوەیەکی زمانەوانی بەرامبەر بەوشەی (ناسنامە و ناسنامەی نەتەوەیی) بڵێم. بەڕای من وشەی (ناسنامە) لەبەرامبەر (ئایدێنتیتی ئینگلیزی و هەویەی عەرەبی و شوناسی فارسی دروست نییە. لە کوردیدا وشەی نامە لەو حاڵەتانەدا لەگەڵ وشەیەکی دیکەدا لێک دەدرێت کە باسی شتێکی سەر کاغەز بکات، بۆ نموونە رەگەزنامە، دوکتۆرانامە، بڕوانامە..تاد. بۆیە ناسنامە بۆ ئەو هەویە (ئایدێنتیتی کارد) گونجاوە کە لە سەر کاغەزێکە و وێنە و ناو و تەمەنی کەسەکەی لەسەر نووسراوە، نەک بۆ ئایدێنتیتی- هەویەی نەتەوەیی، چوونکە ئەمەیان شتێکی ترە. بۆیە لەجیاتییان وشەی (پێناسە- پێناسەی نەتەوەیی) پێشنیار دەکەم).

تا ئێستا کێشەی گەلی کوردستان لە ناوەرۆکدا کێشەی خاک و زمان و پێناسەی نەتەوەییە. داگیرکردنی کوردستان و ستەمی نەتەوەیی و شۆڤینیزمی نەتەوەی سەردەست رێگری سەرەکی بوون لەپێش گەشەکردنی سروشتیی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووری کۆمەڵی کوردستان. بۆیە دیموکراتی، وەک کولتووری سیاسی و پرینسیپی حوکمڕانی، هێشتا لای ئێمە نەزانراوە و بایەخی پێ نەدراوە. ستەمی نەتەوەیی، بە درێژایی دەیان ساڵ، بەئەندازەیەک توند و سەخت بووە کە خەبات بۆ ئازادیی نەتەوەیی، بیرکردنەوەی ئێمەی بەتەواوی داگیر کردووە، بەڵام ئایا ئازادبوونی نەتەوەیەک لە ستەمی داگیرکەری بێگانە، دەتوانێت خۆی لە خۆیدا دەرگاکانی پێشکەوتن و داهاتوو بەڕووی نەتەوەکەدا بکاتەوە؟ لێرەدا باشە بپرسین ئایا مرۆڤ دەتوانێت بەناوی ئازادیی نەتەوەوە (کە ئازادییەکی کۆلێکتیڤییە) ماف و ئازادیی تاکەکانی کۆمەڵ پێشێل بکات؟ ئایا بەبێ دابینکردنی ماف و

ئازادیی تاکەکەسەکان مەترسی ئەوە نییە، کە نەتەوەکە دوای رزگاربوون، تەنیا جەللادە بیانییەکەی بەجەللادێکی هاوزمان گۆڕدرابێت؟ دوا جار ئایا پێناسەی نەتەوەیی و تەنانەت وڵات خۆی، بەبێ پارێزگاری ماف و کەرامەتیی هاووڵاتیانی، مانایەکی هەیە؟ لەڕاستیدا ئەزموونی زۆر لەو نەتەوانەی، کە وەک کورد، ساڵانێکی زۆر خەباتیان بۆ ئازادی و پێناسەی نەتەوەیی کرد زۆر دەرس و پەندی گرنگییان خستە روو. رەنگە گرنگترینیان ئەوە بێت کە ئازادیی نەتەوەیی بەبێ ئازادیی تاکەکانی کۆمەڵ و پاراستنی ماف و کەرامەتیان دەشێت لە وەهم و خورافە زیاتر نەبێت و سەرەنجام نەتەوەکە و پێناسەی نەتەوەیی بەرەو لەتبوون بەرێت، چوونکە ئازادیی نەتەوە شتێکی ئەبستراکت (موجەرەد) و لە دەرەوەی ئازادیی تاکەکانیەوە نییە، بەڵکو ئەم ئازادییە تەنیا بە هۆی کۆی ئازادیی ئەندامانی نەتەوەوە دەستەبەر دەکرێت. سەرەتای کوشتنی ئازادیی هەر نەتەوەیەک بەکوشتنی ئازادیی تاکەکانی دەستپێدەکات. بەبێ دەستەبەرکردنی ئازادی و مافی مرۆڤ تەنانەت پێناسە (ئایدێنتیت)ی نەتەوەیی هەمیشە لەبەرامبەر هەڕەشەی لەتبووندا دەمێنێتەوە. من لە وەڵامی پرسیاری یەکەمتاندا باسم لە دوو مۆدێلی دەوڵەتی ناسیۆنال کرد. لە مۆدێلی دووەمیاندا، کە دەسەڵات لەڕێگای خۆسەپاندن و پێشێلکردنی ماف و ئازادیی مرۆڤەوە حوکمرانی دەکات، دەتوانێت وڵات نەک تەنیا لە تاکەکەسەکان، بەڵکو لە نەتەوەکە بگۆڕێت بەزیندانێکی گەورە و سەرەنجام پێناسەی نەتەوەیی و گیانی ئینتیمابوون بۆ وڵات و نەتەوە لای هاووڵاتییان بکوژێت. بۆیە ئەم جۆرە وڵاتانە بەنێو تونێلێکی تاریکی کودێتاو شەڕی نێوخۆ و نائارامی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا رەتبوون و تا ئێستایش بەشێکیان لێی دەرباز نەبوون. هەندێک لەو وڵاتانە (بۆ نمونە، رواندا، ڤێتنام، یەمەن، ئەنگۆلا، مۆزەمبیق، سێرالیۆن، ئەفغانستان، ئەلجەزایر...تاد) نەک تەنیا پێناسەی نەتەوەییان، بەڵکو خودی نەتەوەکە لەت و پارچە پارچە بوون. خۆ لە وڵاتانی فرە نەتەوەدا ، کە ستەمی نەتەوەیی بەرامبەری نەتەوە بچوکەکان دەکرێت، تراژیدیاکە زۆر گەورەترە. ئێمە خۆیشمان، هەرچەندە هێشتا ئازادیی نیشتمانیمان بەدەست نەهێناوە، لەم بارەیەوە بەشی خۆمان ئەزموونمان هەیە. بەر لە راپەرینی ساڵی ۱۹۹۱ زۆربەی گەلی کورد لەبەرامبەری ستەمی دەوڵەتی عێراقدا، یەکبوونێکی نەتەوەیی پێکهێنابوو. خەڵکی کورد، بەجیاوازی بیروڕا و ئینتیمای حزبییانەوە، پێناسەی خۆی لە کوردبووندا دەبینییەوە و بۆ سەلماندن و چەسپاندنی ئەم پێناسە نەتەوەییە خەباتی دەکرد، بەڵام بینیمان کە لە ساڵانی شەڕی نێوخودا ئەم پێناسە نەتەوەییە چ درزێکی گەورەی تێکەوت و ئینتیمای حزبی و پێناسەی حزبی، لای خەڵکێکی زۆری کورد، تا رادەیەک جێگای بەپێناسەی نەتەوەیی لەق کرد. ئەمەیش شتێکی سەیر نییە، چوونکە پێناسەی نەتەوەیی پێکهاتێکی ئاڵۆزی هەیە و نەگۆڕ نییە، بەڵام شەڕی نێوخۆ و ئیستیبداد و زەوتکردنی ئازادیی مرۆڤ هەڕەشەی هەرە گەورەن لە بەردەم دروستبوون و پاراستنی پێناسەی نەتەوەییدا. بۆیە دیموکراتی دەتوانێت هەم لە پرۆسێسی بەرهەمهێنانی ناسنامەی نەتەوەیی کورددا کاریگەر بێت، هەم لە داهاتوودا ئەم پێناسە نەتەوەییە بپارێزێت و ناوەڕۆک و مانای نوێی پێ بدات؟

*** ئایا هەستی نەتەوەیی تەنیا بەسە بۆ بەرهەمهێنانی ناسیۆنالیزم، بەو پێیەی ناسیۆنالیزم بەتەنیا کارکردن نییە لە سەر عاتیفە و سۆز و رەمز؟**

- راستە ناسیۆنالیزم تەنیا بەرهەمی هەستی

نەتەوەیی نییــە، بەڵام بەبێ دەرکـەوتنی هەسـتی نەتەوەیی و هۆشـیــاریی نەتەوەیی و گــەڕان بۆ داهێنانی سیـمبـولی هاوبەش، ناسیـۆنالیـزم بوونی نییـە. هەسـتی نەتەوەیی سـەرەتای خـۆناسـینی گروپێکی ئێتنیکییـە کە لە سەر زەمـینەی زمان و کـولتـووری هاوبەش و شـیـوەژیانی هاوبەش...تاد دەردەکەوێت. سەرەنجام ئەم گروپە ئێتنیکییە هەست و بیری تایبەت لە بارەی خۆی و جیاوازیی لەگەڵ گروپی دیکەی ئێتنیکیدا لە لا دروست دەبێت. ئەم هەسـتـە نەتەوەییـە، کـە هەسـتـێکی ئێـتنیکی- کولتووریە، لە رەوشی گەشەکردنیدا، دەگۆڕدرێت بە هۆشـیـارییـەکی ئێـتنیکی-کـولتـووری، دواتریش بەهۆشـیـاریی نەتەوەیی. ئەم هۆشـیـارییـە نوێیـە مـــاوەیەکی زۆر پێش دروســـتـبـــوونی نەتەوە دەردەکـەوێت و رێگا بۆ دەرکەوتنی ناسیـۆنالیـزم و دروسـتـبـــوونی نەتەوە خـۆش دەکـات، چوونکە کـۆمـەڵێک لایەنی تری گرنگ لە ژیانی خـەڵکەکـە دەگـرێتــەوە لەوانە درککردن بە هاوچارەنووسی و بەرژەوەندیی هاوبەشی نەتەوەیی و پاراســـتنی نەریتی کـولتـووریی و زمـانی یەکگرتووی ئەدەبی و داهێنانی سیـمـبـولی هاوبەش و درککردن بەگـرنگی خەباتی هاوبەش. بۆیە ناسیۆنالیزم تەنیا هەست و سۆز نییە، بەڵکو سیستمێکی فیکری و سیاسییە لەسـەر بنچـینەی بوونی ئۆبجـێکتـیـڤی گـروپێکی خـەڵک (نەتەوە) کـە زمـان و کـولتـوور و مـێـژوو و هەست و بەرژەوەنـدیی هـاوبەشــــیـــــان هـەیـە سەرهەڵدەدات بەو ئامانجەی ناوەرۆکێکی سیاسی بەکولتووری نەتەوە بدات، یان یەکبوونی کولتووری بگۆڕێت بەیەکبوون و سەربەخۆبوونی نەتەوەیی.

*** ئایا ناسـیـۆنالیـزمی کـوردی وەک پەرچەکـردار لەبەرامـبـەر ناسـیـونالیـزمی نەتـەوەکـانی تـورک و عەرەب و فارسدا دروست بوو؟**

- وەک چۆن زەبروزەنـگ خۆی زەبروزەنـگ بەرهەم دەهێنێت، ناسیۆنالیـزمیش دەتوانێت ناسیۆنالیزم بەرهەم بهــێنێت. بە بۆچوونی مـن نە تـەنیـــا ناسیـۆنالیـزمی کورد، بەڵکو ناسیـۆنالیـزمی تورک، عـەرەب و فارس و تەنانەت ناسیۆنالیـزم لە وڵاتانی ژێردەسـتـەی کـۆلۆنیـالیـزمـدا بە گـشـتی، سـەرەتا کـاردانەوە، یان پەچەکـردارێک بوون لەبەرامـبـەر داگیـرکـەر، یان ناسیۆنالیزمی نەتەوەکانی دیکەدا. بۆ نمونە ناسـیــــۆنالیـــزمی تورک، کـــە لە چاو ناسیـۆنالیـزمی گـەلانی ناوچەکـەدا لە هەمـوویان کۆنتـرە، لە زۆر رووەوە کاردانەوەیەک بوو بەرامـبـەر ناسیــۆنالیـزمی رووس و بیـری پانسـلاڤـیـزم کـە رووســەکـــان، لە دوای نیــوەی دووەمی ســەدەی نۆزدەیەمەوە پێشـەنگی بوون و دەیانەویست گەلانی سـەر بەزمـانی سـلاڤی (رووس، بولگار، سێـرب، ئۆکـراینی..تاد) لە ناو چواچێـوەی دەوڵەتێکی نەتەوەییـدا یەک بخـەن، هەر بەو ئامـانجـەیش پشـتگیـری گـەلی بولگاریان کـرد بۆ رزگـاربوون لە کۆیلایەتیی عوسمانی. ناسیـۆنالیزمی تورک، کە سـەرەتا لەنێـو چوارچێـوەی دەوڵەتی فـرەنەتەوەی عـوسمـانیـدا، داوای ریفـۆرم و گـۆڕانکاریی دەکرد، گۆڕدرا بەبزاڤێکی شۆڤێنیستی- پانتۆرانیستی، کە لە لایەکــەوە دەیەویست گــەلانی نێــو دەوڵەتی عــوســمـــانی بەتورک بکات، لە لایەکی دیکەوە هەوڵی دەدا تەواوی تورکـزمـانەکـانی بولگاریا و قەفقاس و ئاسیای نێوەڕاست و تەنانەت چینیش لە دەوڵەتێکی تورکزماندا یەک بخات. لەمەیش زیاتر ئەم دیاردەیە لە رۆژئاوای ئەورووپایشدا، کە لانکەی ناسیۆنالیزم بوو، بەدی دەکرێت. **کارل پۆپەر** پێی وایە کـە ناسـیـــۆنالیـزمی ئەڵمـانی لە لایەکـەوە کـاردانەوەیەک (پەرچەکـردارێک) بوو بەرامــبـەر داگیرکردنی ئەڵمانیا لە لایەن ناپلیۆنەوە، لە لایەکی دیکەوە ئەنجامی هەستی خۆبەکەمزانینی ئەڵمانەکان بوو بەرامـبـەر بەریتـانیـا. من پێـشـتـر لە کـتـێـبی (ئیـمپـراتۆریای لم و کولـتـوور و ناسیۆنالیزم)دا بە درێژی ئەم مـەسـەلەیەم باس کـردووە، بۆیە لێـرەدا

دووبارەی ناكەمەوە. كەواتا نابێت بەلامانەوە سەیر بێت كە ناسیۆنالیزمی كورد، كاردانەوەیەك بێت بەرامبەر شۆڤێنیزمی تورك و فارس وعەرەب كە كە سەدان ساڵە وڵاتەكەیان داگیركردووە و نزیكەی سەد ساڵە هەوڵی كوشتنی زمان و كولتوور و پێناسە (ئایدێنتیتی)ی نەتەوەییمان دەدەن. ئێمە دەزانین ناسیۆنالیزم لە ئەوروپادا، وەك بەرهەمی راستەوخۆی بەمۆدێرنكردن و بەسەنعەتكردن، تایبەتمەندیی مێژوویی، كولتووری و كۆمەڵایەتیی خۆی هەبوو. ئەم دیاردەیە، بەو شێوەیەی سەرەتا لە ئەوروپادا دەركەوت، لە هیچ شوێنێكی دیكەی دنیادا، لە وانە لە كوردستاندا، دووبارە نەبۆوە. ئەوەوندی پەیوەندیی بەكوردستانەوە هەبێت، كە مەبەستی پرسیارەكەی ئێوەیە، ناسیۆنالیزم سەرەتا، لە باكووری كوردستاندا، وەك كاردانەوەیەك بەرامبەر ناسیۆنالیزمی تورك و ئایدیۆلۆژیای پانتۆرانیزم دەركەوت. رووناكبیرانی كورد، لە كۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، لەگەڵ رووناكبیرانی نەتەوەكانی دیكەی ناو ئیمپراتۆریای عوسمانیدا، داوای گۆڕانكاری و چاكسازییان لە نێو كۆمەڵ و دەوڵەتی عوسمانیدا دەكرد، بەڵام كاتێك ناسیۆنالیزمی تورك، ناوەرۆكی شۆڤێنیستانەی خۆی بەرامبەر كورد، تورك، عەرەب و...تاد دەرخست رووناكبیرانی كورد رێگای خۆیان گرتبەر بەمەیش بزاڤی كورد، لە باكووری كوردستاندا، لە بزاڤێكی سەرتاسەری نێو ئیپراتۆریای عوسمانییەوە گۆڕدرا بەبزاڤێكی ناسیۆنالیستی. دواتریش ناسیۆنالیزم و بزاڤی ناسیۆنالیستی لە بەشەكانی دیكەی كوردستاندا بڵاو بۆوە، بەڵام ناسیۆنالیزمی كورد لە هەر بەشێكیاندا تایبەتمەندیی خۆی وەرگرت. چوونكە ئاستی ئابووری و سیاسی و كولتووری و رادەی بڵاوبوونەوەی هۆشیاریی نەتەوەیی لە هەر بەشێكیاندا جیاواز بوو. هەروا لە هەر بەشێكدا كورد و بزاڤەكەی روو بەرووی ستەم و هەمەجییەتی شۆڤێنیزمی نەتەوەی جیاواز (عەرەب، تورك و فارس) بۆوە. ناچار كرا خۆی لەگەڵ هەلومەرجی نوێدا بگونجێنێت و لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانەی بە سەریدا دابەشكرابوو، خەبات بۆ مافی نەتەوەیی بكات.

*** مێژووی ناسیۆنالیزمی ئێمە لەسەر چەپ دروست بووە. بۆچی نەمانتوانی سوودی لێ وەربگرین بۆ دروستكردنی ناسنامە؟ ئایا ئەمە خەتای خۆمان بوو؟**

– باوەڕناكەم ناسیۆنالیزمی كورد لە سەر بنەمای بیر و ئایدۆلۆژیای چەپ (كە وا تێدەگەم مەبەستتان ماركسیزم – لینینیزم)ـە دروست بووبێت. ناسیۆنالیزمی كورد لە سەردەمێكدا لە كوردستاندا دەركەوت و كەوتە خەبات بۆ ئازادیی وڵاتەكەی (پێش دابەشكردنەوەی كوردستان) كە هێشتا بیر و ئایدیۆلۆژیای چەپ لە كوردستان و ناوچەكەدا دەرنەكەوتبوو. ئەم بیر و ئایدیۆلۆژیایە لە سەردەمی شەڕی دووەمی جیهاندا بەشیواوی و لەڕێگای بزاڤی چەپی نەتەوەی سەردەستی تورك، عەرەب و فارسەوە گەیشتە كوردستان. بەشێكی گرنگی رووناكبیران و ناسیۆنالیستانی كورد كەوتنە ژێر كارتێكردنی ئەم بیر و ئایدیۆلۆژیایە، كە بەڕای من، دەربڕی بەرژەوەندیی نەتەوەی سەردەست بوو، نەك نەتەوەی كورد. چوونكە ئایدۆلۆژیای چەپ لەو وڵاتانەدا، بەشێك بوو لە ئایدۆلۆژیای بزاڤی رزگاریخوازیی نەتەوەیی كە بۆ رزگاربوون لە كۆلۆنیالیزم و رژێمی ئیستیبدادی خەباتیان دەكرد. لەم دۆخە سیاسییەدا چەپی كورد، لە رووی ئایدیۆلۆژی و رێكخراوەییەوە، وابەستەی چەپی عەرەب و تورك و فارس بوو، دوای ئەو وەهمە كەوت كە پێی وابوو بە رزگاربوونی ئەو وڵاتانە لە كۆلۆنیالیزم و حكومەتە ئیستیبدادییەكان گەلەكانیان (بەكوردیشەوە) رزگار دەبن، بەڵام دوای رزگاربوونی هەندێك لەو وڵاتانە لە كۆلۆنیالیزم ئەم

بۆچوونە (بۆ گەلی کوردستان) لە خورافە زیاتر نەبوو، چوونکە هەر زوو رووبەرووی ستەمی ئەو نەتەوانە بۆوە. بەکورتی چەپی کورد هەڵگری ئەو ئایدیۆلۆژیا چەپە بوو کە لەگەڵ کولتوور و بەرژەوەندیی نەتەوە سەردەستەکانی کوردستاندا (نەک کورد)دا ئاوێتە بوو بوو، لە جیاتی ئەوەی خەبات بۆ عەدالەتی کۆمەڵایەتی لە کوردستان و بۆ مافی نەتەوەیی و کولتووری و ئازادیی زمانەکەی بکات، کوێرانە بوو بەپاشکۆی چەپی نەتەوەی سەردەست و کەوتە دژایەتی بزاڤی رزگاریخوازیی کورد. چەپی کورد تەنیا لەناوەڕاستی سالآنی حەفتاکاندا وەک هێزیکی نوێ لە بزاڤی رزگاریخوازیی کورددا دەرکەوت. بەکورتی لەبەر ئەم هۆکارانەی سەرەوە نەتواندرا چەپ لە کوردستاندا رۆڵێکی ئەوتۆ لە مەسەلەی ناسنامەی نەتەوەیی و بزاڤە رزگاریخوازییەکەیدا ببینێت.

*** هەندێک ناسیۆنالیستی کورد بەشێوازێک کار دەکەن لە سەر سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەکانی تورک و عەرەب و فارس، ئایا ئەمە ناسیۆنالیستی فاشی نییە؟**

- لەڕاستیدا ناسنامەی نەتەوەیی تورک و فارس و عەرەب نە بەو جۆرە ناسیۆنالیستانەی تۆ باسی دەکەیت، بە هەموو کورد و بەئاوی دەریای هەموو دنیایش ناسڕێندرێتەوە، چوونکە ئەوان دەیان ساڵە خاوەنی ناسنامە و دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیانن. پێشتریش هەر یەکەیان سەدان ساڵ خاوەنی ئیمپراتۆریای ئایینی بوون و دەیان وڵاتیان لە ئاسیا و ئەفریقا و ئەوروپا (لەوانە کوردستان) ویران و تالآن کردووە و هێشتا جیهان بەربەرییەتی ئەو نەتەوانە و شەڕ و ویرانکارییەکانی ئەوانیان بیر نەچۆتەوە. ئەوەندەی پەیوەندی بەکوردەوە هەیە تەنانەت ئەم نەتەوانە دوای هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریاکانیشیان و تا ئیمڕۆ کوردستانیان داگیر کردووە و بەشداری جینۆسایدی کورد و ویرانکردنی کوردستان دەکەن. بۆیە ئاساییە لەنێو کورددا هەستی دۆستانە بەرامبەر ئەو نەتەوانە نەبێت و کەسانێک (زۆر یان کەم) هەبن کە حەز بە چارەی عەرەب و تورک و فارس نەکەن و بە سووکی سەیریان بکەن. من لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا چەند ساڵێک لە بولگارستان ژیام، ئەو کاتە سەد ساڵ زیاتر بوو بولگارەکان، وەک خۆیان ناوی دەبەن، لە کۆیلایەتیی تورک رزگار بووبوون، کەچی بەوپەڕی ئیحتیقار و قێزەوە ناوی تورکیان دێنا. ئەڵمانەکان تەنیا پێنج ساڵ هەندێک وڵاتی ئەوروپایان داگیر کرد و دواتر حکومەتەکانی ئەڵمانیا چەندان جار داوای لێبوردنی لەو گەلانە کرد، کەچی تا ئێستا زۆر لەو گەلانە حەز لە چارەی ئەڵمانەکان ناکەن و رقیان لێیان دەبێتەوە. ستەمی نەتەوەیی قین و بێزاریی ئەوتۆ لای نەتەوەی ژێردەست، بەرامبەر بەنەتەوەی داگیرکەر، دروست دەکات کە بەنەمانی ستەمەکە ئەو قین و بێزارییە لەناو ناچن، ئەمە سەردەمیکی درێژی پڕ لە دۆستایەتیی دەوێت تا ئەو تاوانانە لە یادەوەریی بەکۆمەڵی خەڵکیدا کاڵ دەبنەوە. من خۆم وەک مرۆڤ، شاعیر و رووناکبیر ناتوانم و مەحاڵە بتوانم رقم لە هیچ نەتەوەیەک ببێتەوە، بەڵام ئەگەر بەدەست من بێت نامەوێت نەتەوەکەم تاکەرۆژێک لەگەڵ ئەو نەتەوانەدا بژی، چوونکە ئەوان بەکردەوە سەلماندیان کە شایەنی ئەوە نین کورد لەگەڵیان بژی. لە مەیش زیاتر ئەگەر لەگەڵ خۆم و تۆدا راستگۆ بم (کە راستگۆم) لە ناچاریدا نەبێت حەز ناکەم تەنانەت بە سواری فڕۆکەیش بە سەر ئەو وڵاتانەدا تێپەڕم کە کوردستانیان داگیر کردووە. بەکورتی نابێت بە لامانەوە سەیر بێت ئەگەر کەمینەیەکی خەڵکی کوردستان رقیان لە نەتەوە داگیرکەرەکانی کوردستان بێت، کەچی زۆرینەی هەرە زۆری خەڵکی ئەو نەتەوانە هێشتا بەسووکی و ئیحتیقارەوە تەماشای کورد دەکەن و وەک دڕندە و کێوی بۆی

دەروانن، لەمەیش زیاتر هێشتا خاک و وڵاتەکەی بە خاک و وڵاتی خۆیان دەزانن و بەکردەوە زمان و ناسنامە نەتەوەییەکەی دەکوژن. ئێستا دەبێت بپرسین ئایا کێ ناسنامەی کێ دەسڕێتەوە؟ کێ ناسیۆنالیستی فاشییە؟ ئەو ناسیۆنالیستە کوردانەی کە بە قسە رقی خۆیان بەرامبەر تورک و فارس و عەرەب دەردەبڕن، یان ئەوانەی کە دەیان و سەدان ساڵە بەکردەوە زێدی کورد وێران و ئازادی کورد زەوت دەکەن، ناسنامەی کورد دەسڕنەوە و زمانەکەی دەکوژن؟

*** ئایا بەڕێزتان بڕواتان بەناسیۆنالیزم هەیە؟ ئەگەر هەیە بە چ ناسیۆنالیزمێک؟**

– تا ئەو جێیەی ناسیۆنالیزم مانای ئازادیی نەتەوەیی و سەربەخۆیی وڵاتەکەم دەگەیەنێت و ناوەرۆکێکی دیموکراتانە و مرۆڤپەروەرانە بەخۆی دەگرێت و ستەم لە نەتەوەی تر ناکات، بڕوام بەناسیۆنالیزم هەیە.

*** دەمەوێت بەوردی لە بارەی کێشەی نێوان ئایین و ناسیۆنالیزم قسەم بۆ بکەیت. ئایا ئایینی ئیسلام تا چەند، لە هەناوی خۆیدا، جێگای بۆ ناسیۆنالیزم هەیە؟**

– ئایین و ناسیۆنالیزم پەیوەندییەکی دیالێکتیکییان پێکەوە هەیە. ئەم پەیوەندییە هەندێک جار، لە هەندێک سەردەم و کۆمەڵدا، پەیوەندییەکی تەبایە و تەنانەت دەشێت ئایین کۆمەک بەناسیۆنالیزم و بزاڤی ناسیۆنالیستی بکات. لە هەندێک کات و شوێنی دیکەدا دەشێت ئایین رێگری سەرهەڵدانی هۆشیاریی نەتەوەیی بێت، یان گرفتی گەورە بۆ ناسیۆنالیزم و دەوڵەتی نەتەوەیی دروست بکات، بەتایبەتی لەو کۆمەڵانەی کە پەیامی ناسیۆنالیزم تەنیا لە سنووری ئازادکردنی وڵات و نەتەوەدا نامێنیتەوە، بەڵکو بەرەو بە مۆدێرنکردن و دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگا دەڕوات و ماف و ئازادی تاکەکەس، کە ئایین هەمیشە دەیەوێت سنووربەندی بکات، دەستەبەر بکات.

ئاشکرایە ئایین تەنیا سیستەمێکی فیکری و رۆحی و میتۆلۆژی نییە، تەنیا باوەڕ و ئیمان و پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و خوا و تەسەورێک نییە لە بارەی بوون و ژیان، بەڵکو لە هەمان کاتدا بەشێکە لە کولتوور و سیستەمی کولتووریی هەر کۆمەڵگا و نەتەوەیەک. لێرەوە ئایین وەک بەشێک لە کولتوور و شێوەژیانی نەتەوەیەک، لە هەندێک کات و شوێندا، دەتوانێت وەک فاکتەرێکی خۆجیاکردنەوە لە (ئەویدی)ی هێندەی فاکتەرێکی دیکەی کولتووری بۆ نمونە زمان، شیوەی ژیان، شوێنێکی گرنگ لە خەباتی ناسیۆنالیستی و تەنانەت لە پێناسەی نەتەوەییدا بگرێت. ئەم رۆڵەی ئایین، وەک فاکتەری خۆجیاکردنەوە و بەشێک لە توخمەکانی پێناسەی نەتەوەیی تەنیا لەو وڵاتانەدا دەرکەوتووە کە نەتەوەیەک لە لایەن نەتەوەیەکی دیکەی سەر بەئایینێکی جیاواز (غەیرەدین)ەوە وڵاتەکەی داگیر کرابێت و بەر پەلامار کەوتبێت. ئاشکرایە دوای هەر داگیرکردنێکی سەربازی داگیرکردنی کولتووری دەست پێ دەکات. لەم حاڵەتانەدا ئایین و فاکتەری ئایینی، قورساییەکی سیاسییان لە خەباتی رزگاریخوازیی نەتەوەییدا پێ دەدرێت. چوونکە ئایین وەک بەشێک لە کولتوور و شێوەژیان و فاکتەری خۆجیاکردنەوە لە داگیرکەر دەتوانێت دیوارێک لەنێوان (من) و (ئەویدی)دا بکێشێت و ببێت بەتوخمێکی زەقی پێناسەی نەتەوەیی. من لە شوێنی دیکەدا باسی ئەم دیاردەیە و رۆڵی فاکتەری ئایینیم لە خەباتی رزگاریخوازیی گەلانی بۆ نموونە گەلی بولگار دژی عوسمانییە مسوڵمانەکان، گەلی مسوڵمانی ئەلجەزایر و میسر لە خەباتی دژ بەدەوڵەتی فەرەنسی...تاد روون کردۆتەوە، بۆیە لێرەدا تەنیا هێندە دەڵێم کە لەگەڵ ئەو رۆڵە گرنگەی ئایین لە سەربەخۆبوونی ئەو وڵاتانەدا

بوویەتی، کەچی دوای رزگاربوون لە هیچ کام لەو وڵاتانەدا نە دەوڵەتی ئایینی دامەزرێندرا، نە رۆڵێکی سیاسیی گرنگ بەئایین درا، چوونکە مەسەلەی رزگاربوون لە داگیرکەر و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی، لە بنەڕەتدا، مەسەلەیەکی ئایینی نییە، بەڵکو مەسەلەیەکی نەتەوەییە، مەسەلەی ئازادیی نەتەوەیی و پێناسە و خاک و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەییە. ئەمە تەنیا رێکەوتە داگیرکەر غەیرەدینە و ئایین وەک بەشێک لە کولتوور و فاکتەرێکی خۆجیاکردنەوە ئەو رۆڵە لە خەباتی رزگاریخوازیدا دەگێرێت. ئەم سەرەتایە بەو ئەنجامەمان دەگەیەنێت کە ناسیۆنالیزم و بزاڤی ناسیۆنالیستی، لە ناوەرۆکدا، بزاڤێکی سێکولار (عەلمانی)یە و لە بنەڕەتدا کێشەیەکی لەگەڵ ئاییندا نییە. کێشەی نێوان ناسیۆنالیزم و دەوڵەتی نەتەوەیی ئەو کاتە لەگەڵ ئاییندا، یان دروستتر بڵێم لەگەڵ ئەو هێزانەی بەناوی ئایینەوە قسە دەکەن، دەست پێدەکات کە ئەو هێزانە، بۆ مەرامی سیاسی و گەیشتنە دەسەڵات، ئایین لەسەر خۆیان تاپۆ دەکەن و دەیانەوێت پێناسەی نەتەوەیی لە گەلێک بسێننەوە و پێناسەی ئایینی و شێوەژیانی ئایینیی بەسەردا بسەپێنن.

بەڵام سەبارەت بە بەشی دووەمی پرسیارەکەتان، کە ئایا ئایینی ئیسلام تا چەند، لە هەناوی خۆیدا، جێگای بۆ ناسیۆنالیزم هەیە، دەتوانم بڵێم کە ئایینی ئیسلام، خۆی لە خۆیدا، پەیوەندییەکی ئەوتۆی بەناسیۆنالیزمەوە نییە، چوونکە ناسیۆنالیزم خۆی دیاردەیەکی نوێیە و یەکێکە لە ئەنجامەکانی شۆرشی فەرەنسی و مۆدێرنێتە، بەڵام ئیسلام وەک ئایینێکی عەرەبی، کە دواتر بەسەر گەلانی دیکەدا سەپیندراوە، لە رابردوو و هەندێک کاتی دیکەدا یان ئایدیۆلۆژیای دەوڵەتی خەلافەت و هەندێک دەوڵەت عەرەبی بووە، یاخود بەشێک بووە لە ئایدیۆلۆژیای سیاسیی عەرەب و ناسیۆنالیزمی عەرەبی لە دژی کۆلۆنیالیزم و ئیسرائیل، تا ئێستایش ئەم رۆڵە سیاسییە دەبینێت، بەڵام ناتوانێت ئەلتێرناتیڤی ناسیۆنالیزم بێت. چوونکە ناسیۆنالیزم لە ناوەرۆکدا خەباتە بۆ بەسیاسەتکردنی کولتووری نەتەوەیی دابینکردنی سەربەخۆبوون و ئازادی نەتەوەیی، کەچی ئیسلام وەک ئایین و ئایدیۆلۆژیای سیاسی، خۆی بە دیاردەیەکی بانەتەوەیی دەزانێت و کولتوور و شێوەژیان و بەها ئایینییەکان بەپیرۆز دەگرێت، کەچی بە سووکی بۆ کولتووری نەتەوەیی و شێوەژیان و بەها نەتەوەییەکان دەڕوانێت. هەمیشە بەرژەوەندیی ئوممەی ئیسلامی و بزاڤ و دەوڵەتانی ئیسلامی، تەنانەت ئەگەر دژی نەتەوەکەی خۆیشی بن، دەخاتە پێش بەرژەوەندی نەتەوەکەیەوە. بۆیە بە بۆچوونی من لە هەر وڵاتێکدا، کە لە قۆناخی رزگاریخوازیی نەتەوەییدا بێت و خەبات بۆ خاک و زمان و پێناسەی نەتەوەیی بکات، ئیسلام وەک ئایدیۆلۆژیای سیاسی، ناتوانێت جێگای ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیستی بگرێتەوە. لە هەر وڵاتێکدا هێزە ئیسلامییەکان هەوڵیان دابێت ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی بەسەر بزاڤی رزگاریخوازیی نەتەوەییدا بسەپێنن وڵاتەکەیان وێرانتر و نەتەوەکەیان پارچەپارچە کردووە، بۆ نموونە ئەفغانستان، چیچانیا و تەنانەت فەلەستین و سۆمال...تاد. بەکورتی ئایینی ئیسلام، وەک ئایین، ئەگەر لە هەناوی خۆیدا جێگایەکی بۆ ناسیۆنالیزم کردبێتەوە ئەوا ئەو جێگایە سەد لەسەد بۆ ناسیۆنالیزمی عەرەب و پان عارەبیزمە. چوونکە عەرەب هێشتا بەناوی ئیسلامەوە کولتووری جاهیلیی خۆیان لە ناو گەلانی دیکەدا بڵاودەکەنەوە. زمانی چەقبەستووی خۆیان، کە هیچی لە زمانانی دیکە زیاتر نییە، بەناوی زمانی قورئانەوە بەسەر خەڵکدا دەسەپێنن.

## سەردار سنجاوی

# هونەری پەتی/جێ لەقبوون


عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا




### "بەشی یەکەم"
### گورزە رووناکییەکان
### (١)

گورزە رووناکییەکان پێشانگایەکی هونەرمەند (سەردار سنجاوی) بوو لەساڵی (١٩٩٢) لە هۆڵی میدیای شاری هەولێر کرایەوە، ئەو پێشانگایە دوانزە تابلۆی لەخۆ گرتبوو، هونەرمەند توانی بووی کۆمەڵێک شت بگەیەنێت، هەر لەو رێگەیەشەوە توانی کۆمەڵێک بیروڕای جیاواز لە نێوەندی هونەری درووست بکات. هەڵبەتە دواتر گورزە رووناکییەکان وەک ستراتیژی هونەری یان وەک ستایلێک (سەردار سنجاوی) پێی دەناسرایەوە.

لێرەدا دەتوانین بڵێین ئەزموونی گورزە رووناکییەکان هەر تەنها تەعبیری لە خۆشەویستی بۆ هونەر نەدەکرد بەڵکو بەشێکی زۆری بۆ خۆشەویستی ئەدەب و وشەو خوێندنەوە دەگەڕێتەوە، بە مانایەکی دیکە ئەوە خۆشەویستی بۆ ئەدەب و وشە بوو کە سەردار سنجاوی خستە سەر ئەوەی کە دەستەواژەی



(گورزە رووناکییەکان) لە (نیوتن) وەربگرێت و وەک تاتیلێک بۆ پێشانگاکەی بەکاری بهێنێت، وەک دەزانین (نیوتن) لەو دەستەواژەیە قسە لە رەنگ و رووناکی دەکات.



(٢)

بەگشتی لە کوردستان یەکێک لەو گرفتانەی کە لە نمایانکردنی تابلۆکان دووچاری هونەرمەند دەبێت ئەوەیە کە (کیورەتە) ئەو کەسەی کە تابلۆکان لەنێو هۆڵی پێشانگا ریکدەخات بوونی نییە، کیورەتە ئەو کەسەیە کە لەپشت دانان و ریکخستنی تابلۆکانەوە جۆرێک لە بەرپرسیارێتی دەکەوێتە ئەستۆ. دیارە هونەرمەند (سەردار سنجاوی) لە نیشاندانی گورزە رووناکییەکان توانی ئەو (١٢) گورزە بە جۆرە تەکنیکێکی جیاواز لەوەی هەیە لە بەکاربردنی بۆشایی، هەڵبواسێت. واتە خۆی بوو بە کیورەتەی ئەو پێشانگا تایبەتە.




(٣)

ئەوەی لە ئەزموونی گورزە رووناکییەکان جێگەی سەرسامی بوو ئەوە بوو کە هونەرمەند تێیدا بەدوای کەرەسەی کایە جیا جیاکاندا دەگەڕا بۆ ئەوەی هونەر بە دیدێکی جیاوازەوە هەڵبنێت، واتە زێتر بەدوای هەڵنانی کەرەسەوە بوو، هەر لەوێشەوە وەک دەردەکەوێت جۆرێک لە بڕوابوون بە تێکەڵکردنی فیکرو هونەر بەیەکەوە دەبینرا.

## "بەشی دووەم"
## دوای گورزە رووناکییەکان

(١)

لە ساڵی (١٩٩٦) دوای ئەوەی کە چوار ساڵ بەسەر گورزە رووناکییەکاندا تێپەڕی هونەرمەند



بەرەو (ئوستراليا) و شاری (سدنی) کۆچیکرد. هەڵبەتە ئەزموونی خۆرئاوا ئەزموونێکی بەرفرەوان و قورسە.. بۆیە ئەگەر مرۆڤ نەتوانێت خۆی دروست بکاتەوە دووچاری کەوتن دەبێت، چونکە لەوێ چەندان کەناڵی جیاواز بۆ ژیانکردن، خۆپێگەیاندن و چێژ وەرگرتن لە ژیان.. هەیە، ژیان لەوێ زۆر سەرختە لەوە ئاڵۆزترە کە لە خۆرهەڵات تێیدا دەژین. (سەردار سنجاوی) لەوێ جەستەی بەر جەستەی خواوەندێک دەکەوێت کە وای لێدەکات دووبارە لە گەرانی بەردەوامدا خۆی دروست بکاتەوە، هەر لەوێ خوێندنی هونەری لە زانکۆی (سدنی) لە بەشی (ڤیژواڵ ئارتس) تەواو بکات، ئەو قوتابخانەیە (کۆندیوپورەری ئارت سکوڵە) زۆر لەوانیدیکە جیاوازەو زێتر بە مەسەلە تیۆرییەکانەوە پابەندە، واتە لەنێو زانکۆکاندا قوتابخانەیەکی تراديشناڵە.

هەڵبەتە جیهان موڵکی مرۆڤە بەو مانایەی کە



مرۆڤ له جیهاندا دەژیت، هەر لەمیانی جیهانیشەوە دەرک دەکات، وەک (هایدگەر) دەڵێت: مرۆڤ لەرێگەی دەرککردنی بوونی زاتییانەی خۆی دەرک بە جیهانیش دەکات.

(٢)

(میشیال دوشامپ) دەڵێت: کارێکی راستەقینە بدۆزەوەو هونەر بەجی بهێڵە. ئەو وتەیە کاردانەوەی زۆری بەسەر دنیای هونەرەوە هەبوو، دوای(میشیال دوشامپ) هونەر وەکو خۆی نەمایەوە... ئەو وتەیە خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە دنیای هونەر و کاریگەری زۆری بەسەر (سەردار سنجاوی)یەوە جێهێشت، هەر لەو پێودانگەوە زێتر بەرەو هونەری چەمکەکان، هونەرێک کە (کۆنسێپت) رۆڵی هەبێت، هەنگاو دەنێت و دواتر کارەکانی زێتر لە (مینیمەڵ ئارت) نزیک دەبێتەوە، هەر لەوێشەوە هەندێ لە رەخنەگرانی هونەری وەک کۆنسێپتەڵ و مینیمەڵیستێک سەیری دەکەن، ئەوەش لەو بڕوایەوە هاتووە کە هونەر ئیتر دەبێ لەو شتانە داتەکێنێن کە نایەوێت هەڵیگرێت.

وەک گوتمان (سەردار سنجاوی) فیکرو هونەر لەیەک جیا ناکاتەوە، لەسەر ئەو بنەمایەش هونەرمەند مەبەستەکانی خۆی خستە روو، هەر زوو توانی (ستیمەیتێک) دەربکات، هەڵبەتە کارەکانی دوای گورزە رووناکییەکان لەسەر چڕی و توانای بینین و هونەری بینین هەڵخستووە، تەواوی کارەکانی لەو کەرەسانە پێکهاتوون کە رۆژانە دەیاندۆزێتەوە بەو مانایەش دەیەوێت لەو شتە رۆژانەییە هونەر بنوێنێت، هونەرێک کە داتەکاو بێت لەوەی هونەر نایەوێت لەخۆی بگرێت، هونەرێکی داتەکاو...

وەک چۆن ئیشکالی تایتڵ لای زۆربەی هونەرمەندانی خۆرئاوا وجودی هەیە، سنجاویش دوای گورزە رووناکییەکان و جێ لەقبوون دووچاری ئەو ئیشکالە بۆوە، چونکە تۆ هەموو جارێک ناتوانیت (ئین تایتڵ) بیت، دەبێت بەردەوام قسە لە (ئەن تایتڵ) بکەیت..

(٣)

ئێستا (سەردار سنجاوی) لە شاری (سدنی) لەگەڵ دوانزە هونەرمەندی ناسراوی ئوسترالی دیکە بۆ چەندان مانگە پێشەنگایەکی هاوبەشیان هەیە، سەردار سنجاوی بەکارێکی ئنستولەیشن بەشداری کردووە، بە سەبتایتلی (کە لە کوردستانم بیری ئوستراليا دەکەم، کە لە ئوستراليا بیری کوردستان دەکەم) ئەو سەبتایتلەی هونەرمەند لای کیوتەرەکەی زۆر جێگەی سەرنج بوو، بەڵام وەک قسەکردن لە کاری منیمەڵیزم دووچاری نێودژی دەبێتەوە.

(سەردار سنجاوی) لە پێشەنگای ناوبراودا



توانی کۆمەڵێک شتی ڕۆژانە لە فەوتان ڕزگار بکات و لە پێکهاتەی هونەری و نیگای نوێ و جیاوازدا نیشانیان بدات، بەو مانایەش هونەر وەک کردەو وەسیلە خۆی دەنوێنێت و لەڕێگەیەوە هونەرمەند هەست و سۆزی خۆی بۆ ئەواندیکە دەگوازێتەوە..

(٤)

هونەرمەند دوای گورزە ڕووناکییەکان کارەکانی زێتر پەیوەندی بە لێخوردبوونەوەو تەنیاییەوە هەیە، بەو مانایەش سەرکەوتنی هونەر لای ئەو دەکەوێتە سەر هێزی ئامادەگی ئەزموون، یان ژیانکردن، هەڵبەتە ئەوەش لە ژیاندۆستییەوە سەرچاوە دەگرێت، چونکە دواتر هونەرمەند هەوڵدەدات زێتر بەرەو دوای کەرەسە بچێت، زێتر بەرەو سێ ڕەهەندی هەنگاو بنێت. بەردەوام کار لەسەر کەرەسەیەک دەکات دەکات کە بشێ لە دوو ڕەهەندی ڕزگاری بێت، ئەگەرچی ئەو جۆرە لەکارکردن لای هەر یەک لە مایکل ئەنجلۆ و لیوناردۆ دافنشی وجودی هەیە..

(٥)

هونەرمەند (پیت مۆندیان) دەڵێت: کاتێک کە مرۆڤ هیچ ناکات، ئەو کاتە هەموو شتێکی کردووە. دەشێ لە ڕێگەی سوود وەرگرتن لە کەرەسەکانی ڕۆژانە و درووستکردنی پێکهاتەی هونەری، یان کارێکی هونەری بتوانێن هونەر لە دوو ڕەهەندییەوە بۆ سێ ڕەهەندی بگوازینەوە، واتە هونەرێک بەرهەم بهێنین کە بتوانرێت بگیرێت، بتوانرێت لە سێ لاوە سەرنجی بینەر رابکێشێت، زۆرجار کارکارکردن لەسەر ئەو کەرەسانە لەژێر کۆنترۆڵکردنی هونەرمەند دەردەچێت و دەبێتە بەشێک لە خەیاڵ، هەر لەوێشەوە (سەردار سنجاوی) دەیەوێت کارێک بکات وەک ئەوەی بۆ خۆی بچێتە ئەودیوو کارەکەوە، واتە ئەگەر کارەکە بە ئاوێنە دابنێین ئەو دەیەوێت بۆ خۆی بچێتە ئەودیوو ئاوێنەوەو بە یارمەتی خەیاڵی خۆی بە تێکشکاوی ببینێت..

هەولێر ٢٠٠٨/٨/١٤

# شانۆ

## مێژووی شانۆگەری جیهان

د . جەمیل حەمدوون
و: موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی



**پێناسەی شانۆ:**

شـــانۆ یـان هونەری درامی دانراوێکی وێژەییـــە بەپەخشان یان شیعرو بەشێوەی دیالۆگ نووسراوە، ئەویش بە مـەبەسـتی خوێندنەوە یان نمایش کـردن. شـــانۆی درامی لە کـــاتی پیـــشـــانـدانـدا پشت بەکـۆمـەڵێک ڕەگەزی بنەڕەتی دەبەسـتـێت وەک: نووسین، دەرهێنان، شـیـکاری، دیکۆرو جلوبەرگ. وشـەی درامــایش لە وشـەی کـــارو ملمـــلانێ و گرژییەوە هاتووە. ڕەنگە شانۆیش لە مێژووی کۆنی خۆیدا لە سەماو گۆرانییەوە بەرهەم هاتبێت .

**شانۆی گریک:**

بۆ یەکەمین جار شانۆ لە سەدەی شەشەمی پێش زایین لە یۆنان سەری هەڵداوە، کتێبەکەی ئەرستۆ (هونەری شـیـعـر) بە یەکەمین کـتـێبی تـیـۆری و ڕەخنەگـری لەمـەڕ شـیـعـرییـەتی شـانـۆو بنەمـا کلاسـیکیـیـەکـانی دەژمێـررێت . بە پێی بۆچوونی ئەرستۆ شانۆی تراژیدی لە هونەری (دیسرامپ)ەوە سـەری هەڵداوە کـە بە سـروودو مـێـژوو بە بالآی خـــواوەند (دیۆنیـــزۆس)دا هەڵدەڵێت. بەپێی ئەفـسـانەکـان (تیـسـبـیس) بە یەکـەمین ئەکـتـەر دادەنرێت کـــە هونەری درامی بلاوکـــردووەتەوەو ڕۆڵێکی بنەڕەتی لە بەسـەرهاتی دیسـرامـپـیـدا نواندووە، ئەویش لەســـەدەی شـــەشـــەمی پێش زاییندا، گۆرانیـبـێـژێک بووە هەرکە مۆنۆلۆژێکی گوتبێت کۆرسەکە دوای ئەو بە بالۆرەیەکی گونجاو بەرسڤیان داوەتەوە.

ئەمـەیش سـەرەتای ڕاسـتـەقـینە بوو بۆ کـەسانی دیکە تا شـــانۆ بەرەو ژانرێکی وێژەیی سـەربەخـۆ پەرەپێـبـدەن. تیـراژیدیای یۆنانی نەگـەیشـتـە چڵەپۆپەی خۆی تەنیا لە سەدەی پێنجەمی پێش

زاییندا نەبێت، چونکە ئەو کاتە پتر لە هەزار دەقی تراژیدی نووسران، تەنیا سی و یەک دەقیان ماونەوە ئەو دەقانە لە لایەن هەر یەکە لە ئەسخیلۆس و سۆفکلۆس و یۆریپیدۆسەوە نووسران. ئەو تراژیدیانە بەشێوەیەکی سفت و سۆڵ بەشیعر داڕێژراون و ناوەرۆکیان بەسەر چەندین پاژدا دابەش کراوە، دیالۆگی نێوان کەسەکانیش بەنۆرەیە (پتر لە سێ کەس) پێکدێت لەگەڵ ئەو کۆرسەی کە سروودە شیعرییەکان دەڵێتەوەو لەگەڵ ئەو چیرۆکانەی لە ئەفسانەی کۆن یان لە مێژووی کۆنەوە وەرگیراون و شاعیرانی درامانووس بەوپەڕی ئازادییەوە پرسیارە سیاسی و فەلسەفییەکان خۆیان لیوە وەردەگرن.

شانۆگەرییەکانیش لە ئەسینا لە کاتی فیستیڤاڵەکانی (دیۆنیسۆس)دا ساز دەدران کە خواوەندی پیت و فەڕو گەشەسەندنە. یۆنانییەکان لەسەر ئەوە راهاتبوون دوو فیستیڤاڵ بۆ خواوەندەکانیان ساز بدەن: فیستیڤاڵێک لە زستاندا پاش ترێ ڕنینەوەو مەی دروستکردن، بۆیە خۆشی و شادی دەستیان پێ دەکردو ئاهەنگ و بەزمی سەماو هەڵپەڕکێ دەگیراو گۆرانی دەچڕاو لێرەوە کۆمیدییەکان سەریان هەڵدا. لە وەرزی بەهاریشدا، ئەو کاتەی کە رەزی ترێ وشک دەبێتەوەو سروشت گرژو ناشیرین دەنوێنێت و غەمەکانی بەڕوخسارەوە دیارە، ئەمەیش دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی هونەری تراژیدیا. لەو بارەیەوە کێبەرکێی شانۆیی ئەنجام دەدرا بۆ ئەوەی باشترین دەقی درامی هەڵبژێرێت و لەو بۆنەیەی دیۆنیسیۆسیدا نمایش بکرێت کە دوو ئەرکی هەبوو: ئایینی و هونەری. دەبوو لەو کێبەرکێیەدا سێ دەق بەرەندە بن و بۆ بینەران بێنە پیشاندان، مەرجەکانیشی ئەوەبوو کە هەجووکارانە بن و گاڵتە بەخواوەندەکان بکەن و رەخنەیان لێ بگرن.

لە ناوەڕاستی سەدەی پێنجەمی پێش زایینیشەوە کۆمیدیا پەرەسەندنێکی گەورەی بەخۆوە بینی. ناودارترین کۆمیدی (ئەریستۆفانوس)ە بەشانۆگەرییە بەرزەکەی (بۆقەکان). کۆمیدیا بەشێوەیەکی کاریکاتێریانەی گاڵتەجاڕیانە رەخنەی لە کەسایەتییە گشتییەکان دەگرت و گاڵتەی بە خواوەندەکانیش دەکرد. لە سەدەی چوارەمی پێش زایینەوە کۆمیدیا جێگەی تراژیدیای گرتەوەو کەلتوری هێلینی لە جیهانی ئەوکاتەدا بڵاوبووەوە، ئەویش بەهۆی هەڵمەتە داگیرکارییەکانی ئەسکەندەری گەورەوەو ناوبانگی شانۆی یۆنانی بەهەمەموو جۆرو پرس و پێکهاتە هونەرییەکانییەوە دەنگی دایەوە.

ئەگەر لە پێکهاتەی شانۆی یۆنان بڕوانین، دەبینین شانۆگەرییەکان لەو دەشتە لە شانۆیەکی بازنەییدا پێشکەش دەکران، بەتەختی پلە بە پلە دەور درابوو لە خوارەوە بۆ سەرەوە لە لاپاڵی چیا لە شێوەی نیوچە بازنەیەکدا (پلە بە پلە)، نزیکەی پازدە هەزار تا بیست هەزار بینەر ئامادەی دەبوون کە بە خۆڕایی دەچوونە ناو شانۆکەوە، چونکە شانۆ گرنگترین کەرتی گشتی بوو کە دەوڵەت - شار سەرپەرشتی دەکردو هۆکاری هوشیارکردنەوەو ئامۆژگاری ئایینی و ڕێنمایی ئاکار بوو. ئەکتەرانێک لە سەر شانۆکەی ڕۆڵیان دەگێڕا کە جل و بەرگی ئاساییان لەبەر دەکرد بۆ هەر ڕۆڵێکی درامی گونجاو بشێت، هەروەها ماسکی ئەوتۆیان دەپۆشی ڕۆڵی تایبەتیان بەرجەستە دەکرد، لە لایەن کۆمەڵی یۆنانەوە ڕێزی ئەکتەرەکانیش دەگیراو پلەو پایەیەکی بەرزیان هەبوو. لەو دەقەی پیشان دەدرا: درامای جووڵەو گۆرانی و سەماو شیعر تێکەڵ دەبوون، ئەوەیش نمایشەکەی لە ئۆپرا

نزیک دەکردەوە پتر لەوەی لە شانۆی نوێی نزیک بکاتەوە.

## شانۆی رۆمان:

شانۆی رۆمان لە سەدەی سێیەمی پێش زایین نەبێت، پێش نەکەوت. ئەو شانۆیەیش پێوەندی بەئاهەنگ و سرووتە ئایینییەکانەوە هەبوو کە لە ئەژمار نەدەهاتن، هەروەها ئەرکی شانۆیش بۆ کات بەسەر بردن و رابواردن بوو لەگەڵ سازدانی ئاهەنگە دنیاییەکاندا. کۆمیدیا هەر لە سەدەی دووەمی پێش زایینەوە لە رۆمای کۆندا شێوەیەکی میللی باو بوو، ئەوەبوو لەگەڵ (بلۆتۆس و تیرینس)دا پەرەی سەند کە کاریگەری کۆمیدیای نوێی گریکەکانیان لەسەر بوو.

لە تراژیدیا ناوبانگەکانی رۆمان شانۆگەرییەکانی سینیک دەبینین لە سەدەی یەکەمی پێش زایین و تراژیدیاکانی سالۆن کە وەک تراژیدیاکانی گریکەکان بوون. کەچی شانۆی رۆمان لەگەڵ سەرهەڵدانی کڵێسەی کریستی و رووخانی ئەمپراتۆریەتی رۆمانیدا لەناو دەچێت ، بەوەیش شانۆی کلاسیکی یۆنانی و رۆمانی لە کەلتوری رۆژئاوادا بۆ ماوەی پێنج سەدە نەما .

## شانۆی سەدەکانی ناوین:

وێڕای ئەوەیش ئەوە شانۆ لە سەدەکانی ناویندا لە ئامێزی سرووتە ئایینییەکاندا لە چوارچێوەی کڵێسەی کریستیانی کاسۆلیکیدا سەری هەڵدا. دەقە درامییەکان لە کاتی بۆنە ئایینی و فۆلکلۆری و بتپەرستییەکانەوە پێشکەش دەکران. لەم ماوەیەدا سوود لە چیرۆک و بەسەرهاتەکانی نێو ئنجیل و رووداوە سرووتی و پیرۆزەکانی لە نووسینی نمایشە شانۆییەکاندا وەرگیرا کە ململانێی نێوان شتەکانی دنیاو ئاخیرەت و ململانێی مریەم و کریست دژ بەئارەزوو و ئیبلیسەکانیان دەردەخست. ئەکتەرەکان پەنایان دەبردە بەر هونەری جووڵەو جل و بەرگی تایبەتی درامی، ئەمەیش سەرەتای دەست پێکردنی دەرهێنانی شانۆیی بوو. ئەگەرچی شانۆی رۆمانی پەیوەستی کەش و هەوای تەلارسازی ئەمپەراتۆریەتی رۆمانی بوو کەچی شانۆ لە سەدەکانی ناویندا پەیوەستی کەش و هەوای درامی ئایینی سرووتیانە بوو لە کەش و هەوای کڵێسا یان کاتدرائیەی ئینجیلیکی یان کەش و هەوای ئایینی دەرنەدەچوو، کە دیکۆرێکی ئایینی ئینجلیکی هەبوو، ئەو دیکۆرەی کە دووانەی بەهەشت و دۆزەخ و ئارەزوو و وتاری پەرجوو و شتە پیرۆزە ئایینییەکانیدا بەرجەستە دەکرد.

لەو دەقانەی سەر بەو سەردەمەن دەقێکی ئەنگلۆ نۆرماندی هەیە بە ناونیشانی (یاریی ئادەم) نازانرێت کێ نووسیویەتی، لە ٩٤٢ دێڕە شیعر پێکدێت لەگەڵ رێنمایی شانۆیی دەوڵەمەندو روون کە بە لاتینی نووسراوە. تێبینی ئەوە دەکرێت لەم ماوەیەدا ئاماژە بە سێ جۆرە شانۆی سەدەکانی ناوین بکرێت: أ ـ شانۆی پیرۆز (ئایینی). ب ـ شانۆی دنیایی گاڵتەجاری. ج ـ شانۆی ئەخلاقی کە سوودی لە رێنماییەکانی ئنجیل و نەریتە پڕ لەئامۆژگارییەکانی وەردەگرت .

شانۆ لە سەردەمی رێنیسانسدا یان شانۆی نوێی کلاسیکی (قوتابخانەی کلاسیکی):

لە سەردەمی رێنیسانسدا شۆڕشی چاکسازی ئایینی پرۆتستانتی بە سەرۆکایەتی مارتن لۆسەر کاری لە شانۆ کردو لە مۆرکی پیرۆزی خۆی دەری هێناو بەرەو مۆرکێکی گاڵتەجاڕی دنیایی برد. شانۆی کلاسیکی لە سەردەمی رێنیسانسدا لە شیعرییەتی شانۆی گریک و شانۆی رۆمانەوە هەنگاوی هەڵهێنا ، ئەویش بەسەر لەنوێ

بووژاندنەوەی بە مەبەستی ئەوەی پەرەی پێ بدات و بەرەو ئاسۆی نوێی ببات.

**أ . شانۆی ئیتالی:**

لە سەدەی پازدەمی زایینیدا جۆرە شانۆیەکی نوێ لە ئیتالیا سەریهەڵدا، لەسەر شێوە شانۆی رۆمانی دەرۆیشت و سوودی لە تیۆرییەکانی ئەرستۆ لە بواری شیعردا وەردەگرت و هەموو شانۆگەرییە ئایینی و فۆلکلۆری و دراماییەکانی لەوە پێشی دوور خستەوە، گەرانی دراماش گەرانێکی ئەستەتیکیانەو رەوانبێژیانەی رووت بوو. شانۆگەرییەکانیش لە چوارچێوەی ئاهەنگی کۆرو کۆمەڵە شانۆییەکاندا نەبوایە پێشکەش نەدەکران. گرنگترین دەق لەو سەردەمەدا شانۆگەرییەکەی (میکاڤیلی Machiavel)یە بە ناونیشانی (ماندراگۆر Mandragore) کە شانۆگەرییەکی تا بلێیت گاڵتەجارییە. گرنگترین پرەنسیپەکانی شانۆی سەردەمی رێنیسانسی کلاسیکی بریتی بوون لە: رێز لێگرتنی پرەنسیپی لاساییکردنەوەی تەواوی واقیع و رەتکردنەوەی خەیاڵپڵاوی و ناواقیع و پتر بایەخدان بەنموونەی ئەخلاقی و ئەوپەری جوانی و جیاکردنەوەییەکی وردی نێوان ژانرەکان (تراژیدیا ـ کۆمیدیا)، پێویستە کەسایەتییەکان وا دەربکەون کە نموونەیەکی مرۆیی بن نەک وەک تاکە کەسانێکی زیندووی واقیعی و پابەندبوون بەهەر سێ یەکیتییەکەی (ئەرستۆ) وەک یەکیەتی رووداو (یەک رووداوی دراماییانە)، یەکیەتی کات (رووداوێک لە بیست و چوارسەعاتداو، یەکیەتی شوێن (ئەو رووداوانەی لێیان دەکۆڵرێتەوە لە یەک شوێنی دراماییانەدا روو بدەن)، چونکە پابەند نەبوون بەم سێ بنەمایانە بە پێچەوانەی ئەو پرەنسیپانەوەیە کە ئەرستۆ دایمەزراندوون (لاساییکردنەوە)و پشت بەستن بە ئەقڵ و کارکردن لە بینەران و بەلای خۆدا راکێشانی هەڵویست و کاردانەوە هەڵچوونییەکانی. لەو نۆژەنکردنەوانەی شانۆی ئیتالیا بەخۆوەی بینی ئەوە بوو کە شانۆگەرییەکان لە هۆڵ یان گۆرەپانی کۆشک و تەلاردا پێشکەش دەکران یان شێوەیەکی لاکێشەییانەیان وەردەگرت لەگەڵ پەیوەست بوون بەتەلارسازی ئەندازەکاری شانۆی رۆمانی. هەروەها دیکۆری شانۆییش گۆڕانی بەخۆوە بینی و زۆر جۆرە دیکۆر بەکار دەهێنران و هەر پێنج بەشە دراماییەکان بەدیمەن و نمایشی خوازراو دەوڵەمەند دەکران. ناوبەندێکی تەلارسازی (چیغ) دادەنرا تا هۆڵی بینەران لە شانۆی فریوی هونەری جودا بکاتەوە. وێرای ئەم شانۆیەیش، هونەرێکی نوێ سەری هەڵدا پشتی بە گۆرانی و چرین دەبەست ئەویش هونەری ئۆپرا بوو کە تەلاری جوان و بەرزی بۆ تەرخان کراو چینی برژوا ئام و شۆیان دەکردو دەچوون نەک گوێ لە نمایشی گۆرانییەکان بگرن بەڵکو بۆ ئەوەی ببینرێن. ئۆپرا لە ئیتالیا هەر لە ساڵی (١٦٠٠)ی زایینییەوە بوو بەهونەرێکی میللی بلاو، هەروەها کۆمیدیای میللی زارەکی سەری هەڵدا (کۆمیدیا دی لارتی) کە دواتر بینەرێکی زۆرو بەرفرەوانی بۆ خۆی پەیدا کرد. لە ساڵانی (١٥٥٠ ـ ١٦٥٠) گەیشتە چڵەپۆپە.

**ب . شانۆی فەرەنسی:**

دەقە شانۆییە کلاسیکییەکانی فەرەنسا لە چەند پرەنسیپی ئەرستۆوە هەنگاویان هەڵدێنا، کە بریتین لە: لاساییکردنەوەی سروشت یان پێشکەشکردنی وێنەی هونەری رێکوپێک و باش لەمەڕ سروشتەوە، رێزگرتن لە ئەقڵ و تا بکرێت خۆ دوورخستنەوە لە وەهم و خەیاڵ، ئەرکی ئاکارییانە کە لەسەر بنەمای رێنوێنی و فێرکردنی

بەهای ئەخلاقی و گۆڕینی کۆمەڵ دامەزراوە بەهۆی بڵاوکردنەوەی چاکەو خۆدووورخستنەوەی لە خراپە، ڕێزگرتن لە پرەنسیپی لاساییکردنەوە، چاودێری نەریت و ڕەوشت، پابەندبوون بەهەر سێ یەکیەتییەکە. شانۆی کلاسیکی لە فەرەنسا سەری هەڵنەدابوو تەنیا لەساڵی ١٦٣٠ نەبێت، ئەویش لەگەڵ تراژیدیاکانی (ڕاسین Racine و کۆرنای Corneille)دا. پرەنسیپەکانی شانۆی یۆنانی ڕێزیان لێ دەگیرا، کاتێک کۆرنای هەوڵی دا لە شانۆگەری (Le Cid)دا لە بنەمای لاساییکردنەوە لابدات کەچی ئەکادیمیای فەرەنسی ڕێی پێ نەدا، ئەگەرچی سەرکەوتنیشی تێدا بەدەست هێنا. شانۆگەرییە کلاسیکییە فەرەنسییەکان پشتیان بەئەفسانەکان دەبەست و بنیاتی درامیانەی کۆنیان دەنواند لەگەڵ بەکارهێنانی ڕێتمی کلاسیکی نوێ. شانبەشانی هەردوو تراژیدانووس ڕاسین و کۆرنای شانۆنووسی گەورە مولیێر (Moli re) هەبوو کە شانۆگەری گاڵتەجاری پێکەنیناوی بەرهەم هێناوە لەسەر کاریگەری کۆمیدیای میللی ئیتالی و کۆمیدیای نەریتەکان. مولیێر بە خۆی گەورەترین ئەکتەری سەردەمی خۆی بوو، کۆمپانیایەکی شانۆی بەڕێوە دەبرد کە پاش مردنی بە بڕیاری لویسی چواردەیەم کرا بەکۆمیدیای فەرەنسی و ئەمڕۆ بەکۆنترین شانۆی نیشتمانی لە جیهاندا دەژمێررێت.

**ج . شانۆی ئینگلیزی:**

شانۆی ئینگلیزی لە کۆتایی سەدەی شازدەمدا لە سەردەمی (ئیلیزابیت)ی یەکەمدا پەرەی سەندو پێڕەوکارییەکانی شانۆی میللی سەدەکانی ناوینی وەک خۆیان هێشتەوە. لەگەڵ پەرەسەندنی سیاسی و ئابووری و پەرەسەندنی زماندا، ئارەزوومەندانی دراما وەک تۆماس کایدو کریستۆفەر مارلۆ بەشداری بەرەو پێشەوەچوونی شانۆی داستانییان کرد کە لەسەردەمی ولیەم شکسپیردا گەیشتە ئەوپەڕی پێگەیشتن و گەشەسەندن. شکسپیر لە نووسینی شانۆگەرییەکانیدا پشتی بە سنیک و بلۆتۆس و کۆمیدیای زارەکی بەست و تراژیدیاو کۆمیدیای تێکەڵ کرد، هەروەها دیمەن و سەماو گۆرانی تێکەڵ کردو گرێ درامییەکانی پانتایی کات و شوێنیان دەگرتەوەو لە جیاتی ئەفسانە بابەتی لە مێژووەوە هەڵدەهێنجا. کۆمیدیاکانی ئینگلیز شوانکارەیی بوون و چەند ڕەگەزێکی سیحرو غەیرە ئەقڵییان بەکار دەهێنا. دوای شکسپیریش چەند درامانووسێک پەیدابوون وەک بین جۆنسون (Ben Jonson.)، ئەوەبوو دوای مردنی شاژن شانۆ شێوەیەکی تاریک و نابووتی لەخۆ گرت بەتایبەتی شانۆگەرییەکانی جۆنسون. لە ساڵی ١٦٤٢دا بەهۆی شەڕی ناوخۆ بڕیاری پەرلەمانەوە کە کەوتە ژێر کاریگەری کۆنەپەرستە کەلەوەرەقەکانەوە شانۆکان داخران و تێکدران و وێران کران، ئەو بارودۆخە تا ساڵی (١٦٦٠) درێژەی کێشاو دوای سەقامگیربوونەوەی بارودۆخ شانۆ وای لێ هات ئاراستەی بژاردەیەکی کەم دەکەوت هونەری دراما پەنای بردە بەر لاساییکردنەوەی دەقە فەرەنسی و ئیتالییەکان، بۆ یەکەمین جاریش بوو لە سەردەمی ناوینەوە تا ئەو کاتە رۆڵی گونجاو بە ئافرەت بسپێررێت، ناودارترین نووسەرانی ئەو سەردەمە (ولیەم کۆنگریڤ) بوو.

**د . شانۆی ئیسپانی:**

شانۆی ئیسپانی لەسەردەمی ڕێنیسانسدا هەمان ئەو پەرەسەندنەی بە خۆوە بینی کە شانۆی ئینگلیزی لە سەردەمی (ئیلیزابیس)ی یەکەمدا بە

خـۆوەی بینی بەتایبـەتی لە ناوەڕاسـتی سـەدەی حەڤدەم لەسەر دەستی (لۆبی دی ڤیگا Lope de Vega) و (پیـــدرۆ کـــالدرۆن Pedro Calde-ron). ئەو شانۆیە پابەندی نەریتەکانی ئیسپانیا بوو کـە لەسـەر بنەمـای هزری نموونەیی پەیوەست بەشەرەف و هەقی پیـرۆزی خوایی دامەزرابوون و بینەرانی رۆشنبیـر دەچوونە تەمـاشـای ئەم جـۆرە شـانۆیە، بەڵام ئەو شـانۆیە ئەو پەرەسـەندنەی بەخۆوە نەبینی کە شانۆ لە فەرەنساو ئینگلتەرە بە خـۆوەیان بینـی، بەڵکو ئەوەندەی نەبرد بەهۆی شکست خواردنی ئیسـپانیا لە شـەڕی ئەرمادو دادگەکانی پشکنین و بۆچوونی توندی ئایینییەوە مەشخەڵی بەرەو کزی و کوژانەوە چوو.

**شانۆ لە سەدەی هەژدەمدا:**

لە سەرەتای سەدەی هەژدەمدا ژمارەیەکی کەم لە درامانووسەکانی فەرەنسا شایستەی ریزن، (جان فـرانسـوا رینیـاردو ئالان رۆنێ لۆسـاج)یان لێ دەرچێت. بۆیە شـانۆی شـەقـام و گـۆڕەپانەکـانی ئاهەنگەکـان شـێـوەیەکی شـانۆیی نوێیـان هێنایە گۆڕێ ئەویش شانۆی میللی بوو. شانۆگەرییەکان لەم سـەدەیەدا وا نووسـرابوون وەک بلـێـیـت ئەکـتـەرەکـان نووسـرابن، چونکە دەقـەکـان بەپێی ئارەزوو و چێـژی ئەوان نووسـرابوون، بەڵام لە چوارچێـوەی کـلاسـیـکدا. لەو سـەردەمـەدا چەندین دەقی باش ناوباگیان دەرکرد وەک رۆمیۆ جۆلیت و شـالیـر. هەندێک لە رەخنەگـرانیش لەگـەڵ سـەردەمی رۆشنگەراییـدا بەشـداری پەرەپێـدانی شانۆیان کرد لەوانەیش ڤۆلتـێـرو دیدرۆو خـاتوو کلیـرۆن لە فـەرەنسـاو لیـسـینـگ لە ئەڵمـانیـا. ئەوەبوو روونکردنەوەکـانیـان لە بواری رەخنەو چاکسـازیدا بوونە نیـشـانەی پرشنگدارو هونەری دەرهێنانی شانۆییان رووناک کردەوە.

**قوتابخانەی رۆمانسی:**

قـوتابخـانەی رۆمـانسی لە سـەدەی نۆزدەمی زایینیدا لەسەر دەست پێشەنگانی وەک(ڤیکتۆر هوگۆ V . Hugo) و (ئەلکساندەر دۆماس Alex-andre Dumas) و (ئەلفرێد دی مۆسێ Alfred de Musset) سەری هەڵدا، لە (هێنری سێیەم و ئەنجوومەنەکەی) و لە (لوینزاسیـۆ Lorenzac-cio) و یاری بە خـۆشەویـستی ناکەین و شـەوی ڤـینیـسـیـاو هەڵگەڕانەوەکـانی مـاریاناو فانتازیۆ...، هەروەها (ئەلفرید دو ڤینێ Alfred de Vigny)و (گـۆتێ Goethe)ی نووسـەری شانۆگەری (فـاوست) و (شیلەر Schiller...). بنەماکانی رۆمانسیەتیش لەبواری دراماد‌ا بریتییە لە: أ - ئازادی داهێنان، ب - تێکشاندنی هەر سێ یەکیـتییەکە، ج - تێکەڵکردنی ژانرە ئەدەبییەکان و لێکدانیان لە دوو تـوێیەکـدا وەک تێکەڵکردنی تراژیدیاو کۆمیدیا، تێکەڵکردنی کەسایەتی باش و خـراپ، تێکەڵکردنی پێکەنین و گـریان، د - پێکەوە کۆکدنەوەی پیاو چاک و پیاو خراپ، هـ - لاساییکردنەوەی سروشت.

پێشەکییەکەی کرۆمێل پرەکتیکی Cromwell (١٨٢٩)بەسـەرەتای شـانۆی رۆمـانسی دادەنرێت کە لە شانۆی کلاسیکی پەیوەست بە بنەماکـانی ئەرستۆو رێنماییەکانی شانۆی رۆمانی پابەندبوو.

ئەم رێبازە رۆمانسییە لە فەلسەفەی ژان ژاک رۆسۆوە پێ هەڵدێنێت کە بانگهێشتی گەڕانەوە بۆ سروشت و شۆڕش دژ بەکۆمەڵی شارستانییەت و گـەندەڵی دەکـات. هەروەها دەبینین ئەم رێبـازە داکۆکیـیەکی زۆر لە هونەری تاک و کەسایەتی و دەستنیشـانکردنی خودو بروا بوون بە سۆز لە بری ئەقڵ دەکات، بۆیە چەند وێنەیەکی رۆحـانییـان لا ئامادەیە لە پلەو پایەی مرۆڤ بەرز دەکـەنەوە. لە

رووی دراميشەوە، بيرورا دراميیەكانی شكسپيری وەرگـــرتووە لە بواری هەڵگەڕانەوە لە هەر سێ يەكـيـەتـيـيـە زانراوەكـەو رەنگاو رەنگ كـردنی ئاوازەكان و تێكەڵكردنی ژانرەكان. رۆمانسيزم لە ئەڵمـانيـا لەگـەڵ گـۆتەی نووسـەری (فـاوست)دا دەستی پێ كرد كـە شـەيتـان رۆحی لێ كـريـبـوو لەبری ئەوەی كـۆنتـرۆڵی جـيـهـان بكات و هێـزو توانای هەبێت. هەڵبـەتە هيـرنانی(Hernani) ١٨٣٠ لە نووسينی فيكتۆر هيگۆ بە نموونەيەكی رۆمـانيـسی دادەنرێت كە بۆچوونی هيگۆ بەرانبـەر بەرێبـازی كـلاسـيـكيـمـان بۆ روون دەكـاتەوە. لەم شـانۆگـەرييـەدا دوو گـرێ دەبينين: سـيـاسی و سـۆزداری، لە چەند شـوێن و جـێگە روو دەدات: جارێک لە ساراگۆس، جارێكی دیكە لە چياكانی ئەراگۆن، جارێكی ديكەيش لە (ئيكس لا شابيل Aix la Chapelle)ی نێوان فەرەنساو ئيسپانيا. گـێـڕانەوەكـە چەند مـانگ درێژە دەكـێـشـێت، لاسايیكردنەوە لەم شانۆگەرييەدا پشت گوێ خراوە كـە سـەرەتای شـانۆی رۆمـانسی رادەگـەيەنێت. دەشێت هەمـان شت سەبارەت بەشـانۆگەری (رۆی بـلاس Ruy Blas ١٨٣٨) بـگـوترێـت، بـەڵام شـانۆگـەری (ليس بورگـراڤ Les Burgraves ١٨٤٣) كۆتايی قۆناغی رۆمانسی رادەكەيەنێت.

**قوتابخانەی سروشتی:**

ئەم قوتابخانەيە كە لەسەر دەستی ئەميل زۆلا سـاڵی ١٨٨٠ سـەری هەڵدا پشت بە زانسـتی بايۆلۆژی و فـەلسـەفـەی ئەزمـوونگەری و شاكارەكانی داروين و كلۆد برنارو تين دەبەستێت. زۆلا ئەدەب بەتێـبـينی كـردن و ئەزمـوونەوە دەبەستێتەوە، ئەويش بەلێكۆڵينەوەی كەسايەتی لەچوارچێـوەی شـوێن و كـاتدا بە بەكـارهێنانی تاقـيـكردنەوەو دووبارەكـردنەوەی بە مـەبەسـتی گـەيشتن بەڕاسـتی و زانينی راسـتگۆيانەی تێگەيشـتنی كـەسـايەتی و شـيـكردنەوەی ئەو كەسايەتيیە. واتە هونەری سروشتی ئەو هونەرەيە كـە رووداوەكـانمان بۆ دەگـوێزێتـەوە وەک چۆن لە سـروشـتـدا روو دەدەن لەگـەڵ لێكۆڵينەوەی چۆنيـەتيـان و كـۆنتـرۆڵكردنيـان لە چوارچێـوەی گـۆڕينی فـاكـتـەرەكـانی شـوێن و دۆخ بەبێ دووبارەكـردنەوەی ياسـاكـانی سـروشت. هەمـوو ئەوەيش لە پێناوی تێگەيشـتنی مـرۆڤ تێگەيشـتنێكی زانسـتيـانە لە بارەی رەفتـارو هەڵس و كـەوتی تاكـە كـەسی و كـۆمـەڵايەتی و لێكۆڵينەوەی حەزو ئارەزووەكانی.

دراماى سروشتی لەسەر بنەمای خوێندنەوەی سايكۆلۆژيانەو تێبينی كردنی بابەتيانە دامەزراوە بە مـەبەسـتی دۆزينەوەی چارەسـەر بۆ چارەسـەركـردنی كـەسـايەتيـيە نەخـۆشـەكان وەک بلـيـت شـانۆ چارەسـەرو تيـمـاركـردنێكی پاكژكردنەوەی تاكە كـەسان و بەكۆمەڵ بێت. وای لێ هات شانۆ بە دوای چارەسەری هەمـوو دەردو پەتاو برينە كـۆمـەڵايەتيـيـەكـاندا بگەڕێت. بۆيە شانۆگەرييەكان ژيانيان بەشێوەی سروشتی خۆی پێـشـكـەش دەكـرد، بەڵام بەشـێـوازێكی هونەری. هەمـوو رەگەزە دراميـيـەكـانی شانۆی سـروشـتی هەوڵی كـاريگەرتركـردنی وێنەكـێشـانی نەريت و ئاكـارەكـانيـان دەدا وەک لە دەقـەكـانی (هنری بيک Henry Becque )، لەگـەڵ قـوتابخـانەی سروشـتيـدا دەرهێنەر وەک چەمكی ئەم سەردەمە سەری هەڵدا. هەرچی پێـشـتـرە ئەوە نووسـەر يان ئەكـتـەری سـەرەكی كـاری دەرهێنانەكـەيان پێ رادەسپێررا، ئەوەبوو دەقەكەی دەخوێندەوە پاشان ئەكـتـەرەكـان يان ديكۆرسـازی ئاراسـتـە دەكـردو شێوازێكی گونجاوو زارەكی بۆ گرووپی نمايشەكە

ئامادە دەکرد. ئەوبوو زۆربوونی پسپۆری و گەڕان بەدوای واقیعیەتی راستەقینەداو خۆتێهەڵقورتاندنی نووسەران لەبواری شانۆدا وایان کرد دەرهێنەرێکی پسپۆر لە بواری شانۆدا هەبێت. دۆک جۆرجی دووەم (Duc George) لە (سەکس مینشن Saxe - Meiningen) لە ئەڵمانیا کە شانۆگەرییەکان خۆی لە مینشن بە یەکەمین دەرهێنەری راستەقینە دەژمێررێت چونکە شێوازێکی دەستەڵاتدارانەی بەکار دەبردو کاریگەری بەسەر چەندین نەوەوە هەبوو. لە فەرەنساش (ئەندرێ ئەنتوان Andr Antoine) بە یەکەمین دەرهێنەری شانۆگەری دادەنرێت کە چەندین شانۆگەری سروشتی بۆ شانۆی ئازاد دەرهێناوەو ئەکتەرەکانی خۆی بەرەو پشکنینی وردەکارییەکان ئاراستە دەکردو بەرەو رەفتارێکی دڵسۆزانەی ژیانی دەبردن. واقیعیەتی سایکۆلۆژی بەشداری لە پەرەپێدانی شانۆو لێکۆڵینەوەی کەسایەتیدا کرد، لیکۆڵینەوەیەکی سایکۆکۆمەڵایەتیانە بەتایبەتی کەسایەتییە ئاڵۆزو مورەکەبەکان، ئەویش لەسەر دەستی (هنریک ئەبسن Henrik Ibsen)ی نەرویژی و (ئۆگۆست ستریندبرگ August Strindberg)ی سویدی کە هەردووکیان بە دامەزرێنەری راستەقینەی شانۆی هاوچەرخ دەژمێررێن. لە رووسیایش شانۆی واقیعی لەسەدەی هەژدەمدا لەسەر دەستی (ئۆتۆرفسکی Ostrovsk) و (گۆگۆڵ Gogol) سەری هەڵدا، بەڵام ریالیزم لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا باڵی بەسەر شانۆی رووسیادا کێشا چونکە کۆمەڵێک لە سروشتخوازانی وەک: لیۆ تەلەستۆی و ماکسیم گۆرکی و ئەنتوان چیخەف و کوستانتین ستانیسلافسکی دەبینین کە ئەمەی دواییان شانۆی هونەری لە مۆسکۆ دامەزراندو شێوازێکی لە بواری نواندندا پەرە پێ دا پشت بەیەکەمکردنەوەی ئەکسسوارو خۆپابەندکردن بە ریالیزمی راستەقینەوە دەبەستێت لەرووی دەرخستنی سۆزی راستەقینەی ئەکتەرەکانەوە هەروەها شانۆگەری سروشتیشی پێشکەش کرد، نابێت ئەوەیش لە یاد بکەین کە چیخەف سەرکەوتنێکی گەورەی بەدی هێنا.

**قوتابخانەی سیمبۆلیزم:**

سیمبۆلیزم پاش شەری ساڵی ١٨٧٠ لەگەڵ شۆڕشی دژ بە نەریتەمادییەکانی برژوازیەت و لە ژێر کاریگەرییەتی بۆچوونەکانی موزیکژەنی ئەڵمانی ریچارد فاگنەر (Richard Wagner)دا سەری هەڵدا، کە بڕوای وابوو پێویستە نووسەری موزیکی درامی جیهانێکی نموونەیی وێنە بکێشێت و وەک شانۆی کۆن ئەفسانە دروست بکات و جیهانی رۆحی ناخەوەی کەسایەتییەکان بورووژێنێت و تەنیا بایەخ بەڕواڵەتی دەرەوە نەدات. ئەو بیرو رایانە ساڵی ١٨٨٠ کاریگەرییەکی زۆریان لە نێوەندە رۆشنبیرییەکانی فەرەنسادا هەبوو. ئەمەیش بوو بەهۆی سەرهەڵدانی رەوتێکی ئەدەبی سیمبۆلیزم بانگەشەی بۆ (ناشانۆگەری) دەکرد کە پشتی بەرۆحانییەتەکان و ناهەست و بەکارهێنانی وێنەی سیمبولی دەبەست لەگەڵ بەکاربردنی رێتمیکی سست و خوێندنەوەی شتە شاراوەکانی ناخەوەی مرۆڤ و یاخیبوون لە واقیع و لادان بەرەو لای نائەقڵانییەت. لەم رووەوە دەتوانین ئاماژە بە چەند دەقێکی نێوان ساڵانی ١٨٩٠/١٩٠٠ی (مۆریس ماتیرلینک Maurice Maeter-linck) یان (پۆل کلۆدیل Paul Claudel) و دەقەکانی چیخەف و ئەبسن یان ستریندبرگ بکەین. ئەوبوو هزرەکانی سیمبۆلیزمەکان بوونە

هۆی سەرهەڵدانی تیۆرییەکانی (ئەدۆڵف ئەبیا Appia Adolph)ی سویسری و دەرهێنەری بریتانی (ئیدوارد گۆردن کرایگ Edward Gordon Craig) کە لە واقیعییەتی دیکۆرە رەنگاورەنگەکان یاخیبوون و پێشنیازیان کرد، رەگەزی سرووش بەخش و رووت بەکار بهێنرێت لەگەڵ بەکارهێنانی یاری رووناکی بۆ دروستکردنی سەرنج و تێبینی لەبری ئەوەی واقعێکی خەیاڵپلاو پیشان بدرێت. دەرهێنەری سیمبۆلیزم (لۆنییێ پۆ) شانۆگەری (ئەلفرێد جاری Alfred Jarry)و (ئەبۆ شا Ubu Roi) لێک دا کە شانۆگەرییەکی شازو ورووژێنە.

**قوتابخانەی ئینتیباعی:**

سالانی (١٩١٠ - ١٩٢٠) بزووتنەوی ئینتیباعی لە ئەڵمانیا سەری هەڵداو رواڵەتی سەیرو نامۆی رۆحی مرۆیی وێنە دەکێشاو جیهانێکی پڕ لە مۆتەکەی ناخۆشی دروست دەکرد. لە رووی سینۆگرافیاوە (تعبیریە) نەشازیو هاش و هووش لە شێوەو بەکارهێنانی سێبەرو رووناکی بەشێوەیەکی ئیحائی لەخۆدەگرێت. نموونەی نواندنی ئەم (تعبیریە) (جۆرج قەیسەر Georg Kaiser) و (ئەرنست تۆلەر Ernst Toller) دەبینین، بۆیە هەر لە(١٩٣٠)وە (ئۆجیل ئۆنیل Eugene OíNeill) ئەم شێوازەی لە وڵاتە یەکگرتووەکان بەکار هێنا بەتایبەتی لە (ئەمپراتۆر جۆن)دا بەمەبەستی بەشێوەیەکی باشتر بەکاربردنی سایکۆلۆژیای کەسایەتییەکان.

**قوتابخانەی دادیزم:**

دادیزم کاردانەوەی وێرانکارییەکانی یەکەمین جەنگی جیهانی بوو کە مرۆڤی ئەوروپایی تێکشاند، وەک کاردانەوەیەک لە ئەقڵی رۆژئاوادا کە مرۆڤی ئەوروپایی رووتاندبووەوەو وای لێ کردبوو بێ خواست و بێ ئازادی بێت، چارەسەری بۆ کێشە رۆحییەکانی نەدۆزیبووەوە، بۆیە ئەم قوتابخانە پەنای بردە بەر پێداهەڵدانی نائەقلانییەت و یاخیبوون لە واقیعی گیرۆدەی دەستی شەڕو وێرانکاری و تێکدان. بۆیە نووسەری رۆمانی تسارا بە یەکێک لەو کەسانە دەژمێررێت ساڵی (١٩١٧)ز بیرۆکەی ئەم رێبازەی هێنایە کایەوە، کاتێک لە (زیوریخ)ی سویسرا لەگەڵ کۆمەڵێک هونەرمەندو نووسەردا کۆبووەوەو بێزاری خۆیان بەرانبەر بە ئەقڵی هۆشمەندو شەڕی بێ سوود ڕاگەیاند کە جیهانی بۆ سەردەمی منداڵی گەڕاندەوە (وشەی دادا وشەیەکی منداڵانەیە دایکان بۆ منداڵەکانیان بەکاری دەهێنن کاتێک فێری رێکردنیان دەکەن) بەمەبەستی بەڕاشکاوی دەرخستنی هەڵویستیان بەرانبەر بەو جەنگە کاولکارانە. ئەو گۆشەگیرانەی شەڕی نارەوا بزووتنەوەی دادیزمیان دروست کرد.

**قوتابخانەی سوریالیزم:**

ئەم قوتابخانەیە وەک کاردانەوەیەک بەرانبەر بە رەوتی ریالیزمی و سروشتی سەری هەڵداو بۆچوونەکانی خۆی لە سایکۆلۆژیای فرۆیدو نەست و ئەقڵی ناوەوە وەرگرت و سرووش لە یادەوەرو خەونەوە وەردەگرێت. ئەم بزووتنەوەیە لە ساڵی (١٩١٩)دا سەری هەڵداو لە بیستەکاندا پیگەیشت. پرەنسیپەکانیشی بریتین لە: خۆبەهێزکردن و چەکدارکردن بە نەست و نائەقلانییەت و راستیش ئەوەیە کە ئەقڵی ناخەوەو خەونەکان دەری دەبڕن، ئەویش بەرزگاربوون لە کۆنترۆڵی ئەقڵ و هۆش و لۆژیک. بۆیە بایەخێکی زۆرتر بە دەروونی مرۆیی و هێنانە گۆی نەست دەدات. لەبەر ئەوەیە هونەر بەوە دادەنرێت لە بشێوی و وڕینەوەوە هەڵقولابێت وەک

شیکاری سایکۆلۆژیانە کە لەسەر بنەمای بەدوای یەکـــداهاتنی واتاکـــان دامـــەزراوە، بەدوای یەکـــداهاتنێکی ئازادانەی بێ ســـانســـۆرو لێپرسینەوەیەکی ئەقڵی هوشیارانە لە لایەن منی بالاوە. ئەوانەی بانگەشـــەیان بۆ ئەم ڕێبـــازە ئەدەبییـــە دەکـرد، (ئەندری بریتـۆن Andre Bre-ton)ی نووســـەری ناوداری فـەرەنســـاو ئەوانەی پێـــەشنگیش بوون (لویس ئەراگۆن Louis Ara-gon)و (فـــیلیپ ســـۆپۆلۆ Philippe Sou-pault)و لە بواری درامـادا (کـیـۆم ئەپۆلینێـر) لە (مەمکەکانی تیریزیا)و (ڕۆجەر ڤیتراک Roger Vitrac) لە (ڤـــیکـتـــۆر یان کـورانی دەســـەڵات) دەبینین، هەروەها ژان کـۆکـتـۆ شـانۆگـەرییـەکی بەناونیشانی (باوکە تۆقێنەرەکان) لەسەر ڕێبازی سوریالی یاخی لە واقیعی نوێ نووسی.

**قوتابخانەی فیوچەرالیزم:**

فیوچەرالیزم و فیوچەرالیزمەکان قوتابخانەیەکی هونەری و ســتاتیکی و ویژەیی ئیـتالیـایی بوو لە ســـاڵی (١٩٠٩) لە پاریس لەســـەر دەســـتی (مارتینێ Marinetti) سەری هەڵدا کە ستایشی بزووتنەوەکـەو ئاییندەو تەکنەلۆژیاو نوێخـوازی دەکـرد. هونەرەکـان سـوودیان لەم بزووتنەوە بینی لەوانەیش شـانۆو شـێـوەکـاری کـە هەر یەکـە لە (باڵا Balla )و (بۆکـــچـــیـــۆنی Boccioni) و (سـیـفـرینی Severini) داهێنـانیان تێدا کـرد. لە ڕووســـیـــایش بزووتنەوەیەکی ویژەیی بوو بەر لە جەنگ لەسەر دەستی (مایاکۆفسکی Maiakov-ski) سەری هەڵدا.

**شانۆی تەغریب:**

شـانۆی تەغـریب لەسـەر دەسـتی تیـۆریسـتی ئەڵـمـانی (بریێخت Brecht) وەک کـاردانەوەیەک بەرانبـەر بەشانۆی واقـیعی سەری هەڵدا. بریێخت بڕوای وایە کـە هونەری درامی فـاکـتـەرێکە بۆ گـۆڕینی کـۆمـەڵ و هۆیەکی سیـاسـیـیـە دەتوانێت جەمـاوەر بجـووڵێنێت و لە چوارچێوەی کـۆمـەڵدا جـڵەوی بگـیـرێت. لەم لۆژیکەوەیش بریێخت چەند دەقـێکی داسـتـانیـانەی نووسی (بەپێـچـەوانەی دەقەکانی گێڕانەوە)وە، کە پێویست بە بەشداری کـردنی بینەران دەکـات، لە ڕێگەی پرۆســەی تەغـریبـەوە هەڵسـەنگاندنەکـانی خۆی سـەبارەت شـانۆگـەرییـەکـان پێـشـکەش بکات. (بریێخت)ی خـاوەندی شـانۆی داسـتـانی سـیـاسـیـانە پشـتی بەشـانۆی هەژار دەبەست کـە دیکۆری قـەرەباڵغی لەخۆ نەدەگرت، هەروەها پشـتی بە پیـشـاندەرێکی سینۆگرافی تەنک دەبەست لەگەڵ نزیک کردنەوەی دیمەنە کـــورتەکـــان و تێکەڵ کـــردنیـــان بەشـــتی دەرەکیانە. شاکارەکانی بریێخت بریتین لە (ئۆپرای کاتسۆ Quatísous ) کە ساڵی (١٩٢٨) پیشان دراوە، هەروەها (دایکی ئازاو منداڵەکانی) کە لە ساڵی (١٩٤١)دا نووسراوە.

**شانۆی ئەنتۆنیۆ ئارتۆ:**

نووسەرو دراماکاری فەرەنسی (ئەنتۆنیۆ ئارتۆ Antonin Artaud) لە کتێبەکەی خۆیدا (Le Thtre et son double) بەشـــداری لە نوێکردنەوەی شـانۆی ڕۆژئاوادا کردووە، بە بڕوای ئارتۆ کۆمەڵ نەخۆشەو پێویستی بە چارەسەرکردنی بەپەلە چاکـــبـــوونەوە هەیە، لێ نەک بەهۆی ســـایکۆلۆژیاوە، بەڵکـو بەهۆی شـــانۆیەکی ڕۆحانییـەوە. بەلای ئەوەوە شانۆی بێگەرد ئەوەیە کـە هەمـوو شـێـوە کـۆنەکـان تێکدەشکێنێت و ژیانێکی نوێ دێنێـتـە ئاراوە. هەروەها ئارتۆ پشت بە سوودوەرگرتن لە شانۆی ڕۆژهەڵات و کەلەپووری ســـەرەتایی و نۆژەنکردنەوەی زمـــانی شـــانۆیی دەبەستێت لەگەڵ دامەزراندنی (شانۆی قەسوەت

(Thtre de cruaut) لەگەڵ هەژاندنی بینەران و سەرلەنوێ وێنەکێشانی سنووری جیاکەرەوەی نێوانیان و نێوان بینەرەکان لەگەڵ بچووک کردنەوەی یان نەهێشتنی گوتارو قەرەبووکردنەوەی بە دەنگ و بە جووڵە. بۆمان روون دەبێتەوە کە ئارتۆ بانگەشە بۆ شانۆیەکی جیهانی فرە شێوە کەلتوور دەکات. لێ ئەوەی لە ئارتۆ تێبینی دەکرێت ئەوەیە کە لە رووی هزرو بۆچوونەوە تەم و مژاوی لادەبینرێت، چونکە نموویەکی درامیانە بەهزرە گرنگەکانی بەرجەستە بکات، تەنیا تاقیکردنەوە بەدبەختەکەی ساڵی(١٩٣٥)ی بەناوی (لی سینسی Les Cenci ) نەبیت کە بە چەند شێوەیەک لێکدرایەوەو مشتومڕێکی دوورو درێژی لەسەر کرا کە زۆر جار مشتومڕەکان پێچەوانەی یەکدی بوون.

**شانۆی پاش جەنگ:**

پاش جەنگ هونەرمەندان هەستیان بە پێویستی دامەزراندنی شانۆیەکی مەدەنی و میللی و پابەندو بەهەموو تواناکانیەوە تێکەڵ بە باوەشی ژیان و شارستانیەت کرد، دەشێت ماوەی نێوان (١٩٤٧-١٩٦٧) بە ساڵانی بەپیتی مێژووی شانۆی سەدەی بیستەم بژمێرین چونکە شانۆی میللی و شانۆی پابەندو شانۆی ناماقوول بووژانەوە. ساڵی (١٩٤٧) لە فەرەنسا فیستیڤاڵی (ئەڤینیۆن Avignon) سەری هەڵدا کە (ژان ڤیلار Jean Vilar ) بەرێوەی دەبردو کۆمەڵێک ئەکتەری لە دەوەر بوون وەک (ئەلێن کۆری، گێرارد فیلیپ، سیلڤا مۆنفۆرت، ماریا کاسێر، فیلیپ نۆرێ Alain, Cuny, Grard, Philipe, Silvia Monfort, Maria Casars, (Philipe Noiret, Jeanne Moreau لەگەڵ ئەکتەری دیکەدا، کە هەر هەموویان لە دوو تویی بزووتنەوەیەکی چاکسازی هونەری درامیدا توانەوە ئەوەیش بەرەو لای ئەوەی ئەوەند پاپای شانۆ نەبن. ئەگەرچی فیلار هەوڵی دەدا شانۆیەکی میللی دامەزرێنێت کەچی کەسانی دیکە هەبوون سەرقاڵی پرسی پابەندبوون بوون بەتایبەتی رێبازی وجوودی وەک ( جان پۆل سارتەر Jean Sartre Paul، ئەلبیرت کۆمیس Albert Camus، جۆرج بەرنانۆس George Bernanos، جێن جینێ Jean Genet، ئیمێ کاسێر Aime Csaire) لە فەرەنسا ، لە بەریتانیایش شانۆگەری (ئاشتی یەک شەمە ١٩٥٦)ی (جۆن ئۆسبۆرن John Os- borne) دەبینین کە نموونەی لاوانی تووڕەی پەنجاکان دەخاتە روو. لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایش شانۆی ژیان بەناوبانگ بوو کە هەر یەکە لە(جۆلیان باک Julian Beck )و (جۆدێت مالینا Judit Malina) دایانمەزراندو لەسەر بنەمای هونەری درامی نوێ بەمەبەستی هێنانەکایەی جەمسەری ئۆپۆزیسیۆن و هۆڵی رۆشنبیری دامەزرێنراوە. لە ئەڵمانیاش کۆمەڵێک نووسەر نمایشی درامی دیکۆمێنتانەیان نووسی لەوەیشدا لەژێر کاریگەری (بیرت Brecht)دا بوون و زۆرتر بایەخیان بە پرسی سیاسی و ئاکارو کۆمەڵایەتی دەدا کە پێوەندییان بەتاکەوە هەیە .لێرەشدا بەسەرهاتەکەی قەشە ( رۆڵف هۆچهۆت (Rolf Hochhuth) (١٩٦٣) بیر دەهێنینەوە، کە نووسەر بێ دەنگی بەرپرسیارانەی پاپا(Pie ١٢) لەسەردەمی دووەمین جەنگی جیهانیدا دەخاتە بەر لێپرسینەوەوە .

**شانۆی نامەعقوول:**

شانۆی نامەعقوول بە گرنگترین بزووتنەوەی شانۆی پێشەنگ لەسەدەی بیستەمدا دەژمێررێت. ئەو بزووتنەوەیە لەژێر کاریگەری فەلسەفەی

نائەقلانی و ویژەی سەیرو سوریالیزم و دادیزم و وجوودییەتی سارتەردا بوو. لە پێشەنگانی ئەم ڕەوتە شانۆییە هەر یەکە لە (سەموئیل بیکیت Beckett) و (یۆنسکۆ Ionesco)و (ئەرابال Arrabal)و (ئادامۆف Adamov) بوون. لە پەنجاکاندا شانۆی نامەعقوول گەیشتە چلەپۆپەو کاریگەری تا حەفتاکانیش هەر مایەوە. ئەم شانۆیە لەسەر سەیرو سەمەرەو نەشازی و ناڵۆژیک و نەبوونی پەیوەندی هۆکارانە تەنانەت لە زمان و بەکارهێنانی زمانی بێ دەنگی و نابەردەوامی و بزووتنەوە سیمیاگەرییە سرووشتبەخشەکان دامەزراوە. شانۆیەکە ناماقوولییەتی ئەم ژیانە دەردەخات و گرێی ئاسایی تێدا نییەوە چارەسەریش لەخۆ ناگرێت، وەک لە شانۆگەرییەکەی (بیکیت)دا (لە چاوەڕوانی گۆدۆدا) دەردەکەوێت، جگە لە تەمومژاوی هزرەکانی ئەم شانۆیەو ڕۆچوونە ناو تەجریدی هێماگەری و تێکشکاندنی یەکێتییەکانی ئەرستۆو یاری پێ کردنیان وەک لە (پەتی شۆڕەوە بوو)ی ئەرابال و (کورسییەکان)ی یۆنسکۆو شانۆی (ژوور)دا دەیبینین. ڕەنگە لەم نمایشە درامییە ناماقوولیانەدا دیالۆگ نەبێت، چونکە کەسەکان نادوێن بە دیالۆگێکی تەمومژاوی یان پچڕ پچڕ یان بە وشەیەک یان دوو وشە نەبێت، یان قسەیەکی نەزانراو دەبێت، بگرە کارەکتەری کەرولاڵ دەبینین وەک شانۆگەری (مەیگێڕی لاڵ). لەوانەی کەوتنە ژێر کاریگەری ئەو درامانووسانەوە (ئەدوارد ئەلبی Edward Albee) ئەمەریکی دەبینین کە نمایشی نالۆژیکانەو تەمومژاوی لەسەر شێوەی نووسەرانی ناماقوولی ئەورووپا پێشکەش کرد. هەروەها (هارۆڵد پنتەر Harold Pint-er)یش لە شانۆگەری (گەڕانەوە) کە لە ساڵی ١٩٦٤ دا نووسیویەتی لەو دەچێت.

**شانۆی نوێ:**

هزرو بیرو بۆچوونەکانی ئەنتۆنین ئەرتۆد بەشداری لە سەرهەڵدانی شانۆی نوێدا کرد لە شەستەکانی سەدەی بیستەمدا، کە شانۆی ئەزموونگەی (ووڕکلاو Wroclaw)ی (جەرزی گرۆتۆسکی

Jerzy Grotowski) پۆلۆنی، هەروەها وەرشەی (تونەی) ( پیتەر برۆک Brook Peter) و شانۆی هەتاوی (ئاریان منۆچکین Ariane Mnouchkine) و شانۆی والای (جۆزێف چایکین Joseph Chaikin) بەرجەستەیان کرد. ئەم شانۆ نۆییە بایەخ بەکاری داهێنانی بەکۆمەڵی ئەکتەرەکان دەبەستێت، پتر لەوەی پشت بە دەق ببەستێت، دیمەنە شانۆییەکانیش دوای چەندین مانگی کارکردن و خۆئامادەکردن ئامادە دەکرێن، لەگەڵ بایەخدان بە جووڵەو ئاماژەو دەنگ و زمانی ڕەمەکی و پانتاییەکی نائاسایی و ناسروشتی. نموونەی ئەم جۆرە شانۆیە لە شانۆی (مارا ساد Marat Sade)ی (پیتەر ویس Peter Weiss)دا دەردەکەوێت.

**شانۆی هاوچەرخ:**

ئەگەرچی پاش یەکەمین جەنگی جیهانی شانۆی واقیعی تێپەڕێنرا لێ شێوەی واقیعی هەر باڵی بەسەر شانۆی دەزگەییدا کێشابوو. لێ ئەم واقیعییە سایکۆلۆژیانە نەبوو بەڵکو سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی واقیعیەتی ڕاستی کۆمەڵایەتییانە بوو، نموەی ئەم شانۆیە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئەمانە بوون: (ئارسەر میللەر Arthur Miller)، (تەنیسی ویلیام Ten-nessee Williams)، (یۆجین ئۆنێڵ Eugene OíNeill).

شانۆی ئەمەریکی لە ساڵانی پەنجاکاندا بەهۆی ستۆدیۆی ئەکتەرەکانەوە پێشکەوت کە هەر یەکە لە (ئیلیا کازان Elia Kazan) و (لی ستراسبێرگ Strasberg Lee) دایانمەزراند. ئەم ستۆدیۆیە کۆمەڵێک ئەکتەری ناوداری ئەمەریکی پێگەیاند وەک: (جێمس دین James Dean) و مارلۆن براندۆ (Marlon Brando) و (مارلین مۆنرۆ Marilyn Monroe) و (پاول نیومان Paul Newman) و (ئەلیزابیس تایلۆر Elizabeth Taylor). ستراسبێرگ لە رێبازی درامیانەی خۆیدا پشتی بەتیۆرییەکانی (ستانیسلافسکی Stanislavski) دەبەست و بایەخی زۆرتری بەهەستکردن و گەڕان بە دوای یارییەکی زیندووی دەمارگەرایی و سروشتی دەدا. ئەم تەکنیکە لە کارکردندا رێی بە ئەکتەر دا لە کۆنترۆڵی دەق و دەرهێنەر ئازاد بێت و سەرپێی و زارەکیانە قسەکانی خۆی بکات و ئەم سەرپێی قسەکردنە لەم قۆناغەدا بووەتە قۆناغێکی گرنگی کاری شانۆیی. شان بەشانی ئەم شانۆیەیش لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا شانۆی لاوەکیش سەریان هەڵدا وەک شانۆی شەقام و وەرشەی شانۆی پێشەنگ کە هونەرمەندانی پەراوێز نمایشیان تێدا دەنواندو تەنیا لە شانۆی هەژاردا کاریان دەکردو نمایشەکانیان لە قاوەخانەو کڵێساو یاریگەکاندا پێشکەش دەکرد. لە ئەمەریکاو ئەوروپایش بایەخ بە دەرهێنانی شانۆ درا بەتایبەتی لە ساڵانی حەفتاکاندا ئەویش بە پەرەپێدانی سینۆگرافیاو سەرلەنوێ خوێندنەوەی دەقە کلاسیکییەکان لەبەر تیشکی خوێندنەوەی درامی نوێی ویژەیی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و دراماتۆرگیدا.

بێگومان شتێکی دژوارە مرۆڤ لە شانۆ بگات یان سرووت و نمایشەکانی نواندن پێڕەو بکات یان دەق و تیۆرییەکان بنووسێت ئەگەر بێت و لە کرداری شانۆیی و مێژووی شانۆو بزووتنەوە ئەدەبی و هونەری و قوتابخانەکانی نەگات بە پێی پلە بە پلەی سەردەمەکانی بەمەبەستی زانینی بنەما نەگۆڕو گۆڕاوەکان و چوارچێوەی ئایدیالۆژی و کۆمەڵایەتی و ئەو بارودۆخانەی بوونە هۆی سەرهەڵدانی ئەو قوتابخانانەو بەشدارییان لە دروستکردنی بنەماو کۆڵەکە دەلالی و هونەری و ئیستاتیکییەکانیاندا کرد.

**سەرچاوە:**

ماڵپەری (diwanalarab .com)

# نازدار:
# بنەماڵەکەم سەرفیرازن بەمن کە گۆرانی دەڵێم

١--٢

هەڤپەیڤین و فۆتۆ:
پەسار فایەق



**نازدار یەکێک لەو کچە گۆرانیبێژە کوردانەی باکووری کوردستان کە لە رێگەی یەکەم ئەلبومی گۆرانی بەناوی "هەی دنیایێ" دەرکەوتنێکی باشی هەبوو، لە راگەیاندنەکانیش گرنگییەکی زۆری پێدراوە، لە دیمانەیەکدا بۆ گۆڤاری "کاروان" چەند باسێک لە بارەی هونەری کوردی و هونەر لەلای ئەو خرایە روو، بەشێک لە حاڵەتەکان وەکو خۆی ئاماژەی پێکراوە کە زۆریان پێکەنین بوو.**



*** وەک کچێک چۆن توانیت بێیتە ناو دنیای هونەر، لە کاتێکدا لەناو کۆمەڵگای ئێمەدا ئەمە کارێکی ئاسان نییە؟**

-(بەشانازییەوە) باوکم زۆر پشتگیری کردوومە، رۆڵی بنەماڵەش لەو کاتە زۆر گرنگە، هەندێک تا ئێستا پێیان وایە کە زۆر عەیبە بۆ کچێک لەبەردەم خەڵک گۆرانی بڵێت و خۆی بهەژێنێت و شایی بکات، بەڵام لە بنەماڵەی من شتێکی وا نییە، ئەوان بە من سەرفیرازن. مرۆڤ ئەگەر هونەرێکی هەبوو نابێت بشارێتەوە، بەڵکو دەبێت پێشکەشی جەماوەری بکات، ئەگەر خودا دەنگێکی خۆشی پێدای ئەوا پێویستە بیگەێنیتە جەماوەرت، (سەری سوراند) ئەمە باوەڕی منە.

*** چی بەو کچانە دەڵێیت کە دەنگیان خۆشە و نەهاتوونەتە ناو دنیای هونەر؟**

-دەمەوێت دەنگم بە هەموو کچە کوردێک بگەیێنم، کە دەنگی خۆشە و دەتوانێت هونەرێکی جوان پێشکەش بکات، (بە نارەزایتەوە) ئێمە لە ساڵی چەندا دەژین دنیا کەمێک مۆدێرن بووە و تەکنیک زۆر پێشکەوتووە، با ئەوەندە لەژێر کاریگەری بنەماڵە نەمێنن، هەرچەندە هەندێک جار دەکەونە ژێر کاریگەری بنەماڵەکەیان و هەندێک جار لایەنی ماددی رێگەی پێ نادات کارێکی هونەری بکات، بەڵام دەبێت کەمێک خۆڕاگر بن و هەوڵێک بۆ ئامانجەکانیان بدەن (وای پیشان دەدا کە بتوانن وەکو ئەو بن).

*** زۆرجار دەڵێن گۆرانی ئافرەتانە و گۆرانی پیاوانە، تا چەند بڕوات بەوە هەیە کە تۆ دەبێت ئافرەتانە گۆرانییەکانت پێشکەش بکەیت؟**

-راستە جیاوازییەک هەیە، دەنگی ئافرەت ناسکترە، ئافرەت ناسکی و جوانییە، بۆیە ئافرەت لە کاتی گۆرانی گوتن هەستەکانی لە هەستەکانی

پیاو جیایە، گومان لەوەش نییە کە لە رووی دەنگەوە جیاوازییەکی زۆر لە نێوان دەنگی ئافرەت و پیاو هەیە.

*** لە زۆرێک لە راگەیاندنەکانی کوردی باس لەوە کراوە کە نازدار هونەرمەندێکی جوانە، جوانی بۆ هونەرمەندی ئافرەت هەتا چەند گرنگە بۆ ئەوەی بتوانێت باشتر دەرکەوێت؟**

-بەلای منەوە دەنگی هونەرمەند زۆر گرنگە، من کە هاتوومەتە ناو دنیای هونەر، بروام بەخۆم هەبووە، راستە جوانیش پێویستە کەمێک خۆت جوان بکەیت و جلوبەرگی جوان بکەیتە بەرت، لەبەرئەوەی تۆ بۆ جەماوەر دەردەکەویت و پێویستە بە شێوەیەکی رێک دەربکەویت.

*** واتە تۆ لەگەڵ ئەوەی کە جوانی بەشێکی سەرکەوتنی هونەرمەندە؟**

-(بەشانازی کردن بە جوانی خۆیەوە)... راستە ئەمە راستیەکە و مرۆڤ ناتوانێت ئەمە بشارێتەوە.

*** نازدار پێویستی بە چ کەش و هەوایەکە بۆئەوەی بتوانێت بە هێزتر و سەرکەوتوو تر دەربکەوێت؟**



-(پرسیارەکەی پێ بریم) ئاها...خەونی من؟

*** با بڵێین خەونی تۆ؟**

- (چاوی داخست) هاوکاری زۆر پێویستە، بەتایبەتیش هاوکاری ماددی، ئەگەر تۆ بتەوێت کارێکی باش ئەنجام بدەیت، پێویستت بەهاوکاری ماددی دەبێت، هەروەها پێویستیت بەو کەسانەیە هاوکاریت بکەن کە لەم بوارەدا کار دەکەن، چ وەک هەڵبژاردنی تێکست بۆ گۆرانی چ وەک ئامادەکردنی موزیک و دواتر کۆمپانیایەک هەبێت بەرهەمەکەت بۆ چاپ و بڵاوبکاتەوە.

*** وەک زانیوومە لە تەمەنی منداڵیدا کاری شانۆییت کردووە، ئێستا پەیوەندیت لەگەڵ هونەرەکانی دیکە چۆنە؟**

-پەیوەندیم زۆر باشە، بۆ نموونە کاتێک کە تۆ

کلیپێک دەکەیت پێویستیت بەوەیە شانۆ بزانیت، بۆ ئەوەی بتوانیت وەک ئەکتەرێک بەشدار بی، نازدار لە کلیپێکدا ئەو نازدارە نییە کە ئێستا لەبەرامبەرت دانیشتووە و قسە دەکات، سیناریۆی گۆرانییەکەت چ بخوازێت تۆ دەبێت ئەو رۆڵە ببینیت.

لە منداڵی زۆر کاری شانۆییم کردووە یان رۆڵی منداڵێک، یان رۆڵی کچێکی کوردم بینیوە.

*** بەنیازی لە داهاتوودا کاری دیکەی هونەری، جگە لە گۆرانی گوتن بکەیت؟**

-(بە پێکەنینەوە)....دەبێت کەمێک لە دنیای گۆرانی گوتن ئەزموونێک بۆ خۆم تۆمار بکەم، رەنگە دواتر کای دیکەی هونەریش بکەم.

*** بۆ ماوەیەک لەگەڵ گرووپێکی هەڵپەرکێی کوردی کارت کردووە، لەم بوارەشدا لێهاتووی؟**

-لەساڵی ١٩٩٥ تا ٢٠٠٥ لە گرووپی هەڵپەرکێ کوردی لە ئەڵمانیا کارم کردووە، چەندین جاریش پلەی یەکەمان بەدەستهێناوە، بەتایبەتیش بە هەڵپەرکێی "جزیری بۆتان"، هەروەها بۆ ماوەی چوار ساڵ وانەم لە لایەن چەند مامۆستایەک لەبواری هەڵپەرکێ کوردی وەرگرتووە، هەروەها دیپلۆمام لەم بوارەم وەرگرتووە و مۆری ئەکادیمیای کوردی لەسەرە.

خاوەنی دوو گرووپم بەناوەکانی "گرووپی جوان" و گرووپی "زاروکان" کە فێری هەڵپەرکێی کوردیان دەکەم، خۆشم زۆر حەز لە هەڵپەرکێی کورد دەکەم.

*** دەتوێت ناوی نازدار بە کوێ بگەیەنیت، لە کوێ دەڵێت بەسە با ناوی نازدار لێرە بمێنێتەوە؟**

-(بە باوەر بەخۆبوونەوە)...بەسە؟!!...نا نا بەسە نییە (پێکەنینێک)... گوتەیەکی کوردی هەیە دەڵێت "هەتا مرنێ کرنێ"، دەبێت من بەردەوام بم و کاری زیاتر بکەم و گۆڕانکاری دروست بکەم، گۆرانی باشتر و جوانتر تۆمار و کلیپ بکەم، بۆ ئەوەش نازانم ئەوکات بیری لێدەکەمەوە، بزانین ئەو کات چۆن دەبێت.

**بیۆگرافیا:**


نازدار ساڵی ١٩٨٧ لە جزیری بۆتان لە باکووری کوردستان لە بنەماڵەیەکی هونەردۆست لەدایکبووە، لەساڵی ١٩٩٣ لەگەڵ خێزانەکەی رووی لە ئەورووپا کردووە، ئێستا لە ولاتی ئەڵمانیا ژیان بەسەر دەبات و هەر لەو ساڵە یەکەم گۆرانی خۆی لە فیستیڤاڵێکی گۆڤەند و موزیک پێشکەش کرد، ئەوکات بە "نازداری بچووک" دەناسرا.

لە نێوان ساڵانی ١٩٩٤-١٩٩٩ لەگەڵ گرووپی هەڵپەرکێی کوردی کاری کردووە، هەروەها بەشداری لەچەند شانۆگەرییەک کرد.

لە ساڵانی ١٩٩٨-٢٠٠٢ لە ئەنستیتوتی فۆلکلۆری کوردی خوێندویەتی و توانیویەتی بڕوانامەی دیپلۆما لە هەڵپەرکێی کوردی بەدەست بێنێت، ئێستا ١٠ جۆرە هەڵپەرکێی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان دەزانێت، هەروەها لە ساڵی ٢٠٠٢ لە بارەی دەنگ خوێندویەتی.

# [illegible]

[illegible]



[illegible]




[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible] ٢٤ [illegible]
[illegible] ٢٧٦١ .

# ایینلهیب ڕلەهنیس ما مسیەهٔ ەەلیلیۆ



ڕلش عیەمە
ع: ك: كلەڤ ەمەعبەلاەلك

ە ەکالش ڕدەهەب هتمالەەء وهء لە ، ەەبالامە ڕەرهس ما لـــسەهء ، ەەچەبلا هنابنه ەهء ڕبلـــشلامە ەەبەەن ڕیلتەرەس ڕدخلەة.

ڕەرەلا ڕلەیەهیشەب هلتـــساء ءەە وهء لتەرهس ما ڕنیان ڕشێپ ڕد٣ ەەرەمـــس ما لت ، ەەنەەەهەءکلاب ڕد٦/ ە٢/ ە١/ ڕنلەرەلاس ما .ەەنالەسەەء ڕسینل ابتەلاەء ڕنلەێ ڕدەلامەەلاب ڕشینیان ڕشێپ هلنا»:ەءیاتەء هنلتسا ءەە ەەسەەیەهەە ڕدلامەەلا ، «ەەرەرەء ەێتـــە ءەهملاێب ڕدێ هنابلـــلـــش وهء

ڕەـــیبنشەز ڕتەهلاسەء ءەە مـــسیەهة ەەلـــیلیۆ لنیبل ڕدـــیدلش ڕسەهـــیەهەه ، هنهة لە ڕنلەێ ڕدنێپەب ە نامەب ڕلەیەهـــیشەب ەەلە نلـــینیسەەهەب ڕتـــسەء لە نلـــیالپ هـــتـــسخ ڕشهنلـــیانهة لە وهء ڕشیبلیل .ەەبتش نلیاء ڕدەخ ڕشێپ ڕنلامییللیە ەەتێبینالەة ڕدلامەهة ەب هـــیی لالاء ڕسەهـــیەهە ڕنلالەعیش لت ، ڕنیان ڕشێپ ڕدەەلـــە ڕنلەێ نامـــێن ڕدەەرەهـــس ما ، ڕنیان ڕشێپ ڕد٨ ڕدەەرەمـــس ڕنلنێهـــسەرەە ڕتلە ما هە ڕدەـــیینبەلیەة هتمالەەء وهء هـــجـــیۆ ڕدزەەهـــە





[illegible]

(Troy)

[illegible]

www.almadapaper.com

## سپۆتلایت

تۆم هانکس

# ئەو ئەکتەرەی توانی دوو ساڵ بەسەر یەکەوە خەڵاتی ئۆسکار بەدەست بێنێت



ئا: ژەنیار



تۆم هانکس « Tom Hanks» ئەکتەری ناوداری سینەمای ئەمەریکا و جیهان و خاوەنی دوو خەڵاتی ئۆسکار وەک باشترین ئەکتەر لە هەردوو ساڵی (١٩٩٣) و (١٩٩٤)، لە ٩ یۆلیۆ ١٩٥٦ لە ویلایەتی کەلیفۆرنیای ئەمەریکی لە دایکبووە، لە تەمەنی پێنج ساڵیدا دایک و باوکی بەناوەکانی (Janet Hanks& Amos) لێک جیابوونەتەوە، دوای ئەو جیابوونەوە، هانکس لەگەڵ باوک و براکانی مایەوە و توانی زۆر بگەڕێت و لەو ماوەیەدا چۆتە پێنج قوتابخانەی ناوەندی و دە ماڵ بۆ ژیان تێیدا.

تۆم هانکس خۆی لە کێشە و ناخۆشییەکان بەدوور دەگرت، لەتەمەنی هەرزەکاری و گەنجایەتیدا مەی نەخواردەوە، لە ناوەندی "سکایلاین" دەستی بە کاری هونەری نواندن کرد، پاشان توانی رۆڵ لە شانۆگەرییەک بەناوی "My Fair Lady" ببینێت، دواتریش لە شانۆگەری "Night Of The Iguana" و شانۆگەری "Twelfth Night and South Pacific" کە بووە هۆی ئەوەی وەک باشترین ئەکتەری قوتابخانەکەی هەڵبژێردرێت.

دوای تەواوکردنی قۆناغی قوتابخانە رووی لە کۆلێژی "Chabot" کرد و توانی لەوێ تواناى نواندنی لەسەر تەختی شانۆ بسەلمێنێت، هەرچەندە توانەیەکی زۆر باشی لەم بوارە هەبووە، بەڵام زانیاری لەسەر ئەم هونەرە کەم بوو و هیچ رۆڵێکی لە شانۆگەرییەکان پێ نەدرا، بۆیە رووی لە "شانۆی کۆمەڵگا" کرد، هەر لەو کاتەش ژیانی هاوسەری لەگەڵ "Samantha Lewes" پێکهێنا و توانی بەشداری لە شانۆگەری "Two Gentlemen Of Verona" بکات و خەڵاتی باشترین ئەکتەری لە بەڕێوەبەرایەتی رەخنەگرانی کلیفلاند وەرگرت و



ئەمە رەخنەگرانی سەرسام کردبوو، چونکە ئەو کات تەمەنی تەنها (٢٢) ساڵ بوو، لەدوای ئەوە لەگەڵ هاوسەرەکەی رووی لە نیویۆرک کرد و دوای ئەوەی بوونە خاوەنی منداڵێک بەناوی "کۆلین" (بەم دواییە رۆڵی لە فیلمێک بینی)، بۆ ماوەیەکی زۆر لە کاری نواندن دوورکەوتەوە.

هەرچەندە تۆم هانکس نەیدەتوانی بەلێهاتوویی بریار لەسەر پرۆژەکانی بدات، بەڵام لەگەڵ ئەوەش توانی بەرێگەی فیلمە سەردەمییەکانییەوە ببێتە یەکێک لە کەسایەتییە هەرە ناودارو خۆشەویستەکان لە ئەمەریکا و جیهان.

دوای ئەوەی توانی لە سەر تەختی شانۆی شکسپیر بەشداری لە شانۆگەرییەک بکات، لە هەمان کاتدا توانی لە فیلمی "splsh" رۆڵ ببینێت، فیلمی "هەندێ جار گەمژەیی ئەستێرەیی دروست دەکات" کە تێیدا بەشداربوو، داهاتێکی زۆری هەبوو.

دوای بەشداربوونی لە فیلمی کۆمێدی "Bachelor Party" کە رۆڵی کەسێکی کۆمێدی دەبینی، تۆم هانکس لەرێگەی ئەو فیلمەوە زۆر ناودار بوو، فیلمی "خۆبەخشەکان" فیلمی دووەمی سەرکەوتووی ئەو بوو، پاشان لە فیلمی "The Man With One Red Shoe" رۆڵی ژەنیارێکی گەمژەی ئامێری کەمانی بینی.

تۆم هانکس لە فیلمی "The Money Pit" رۆڵێکی دیکەی سەرەکی وەرگرت، لەم فیلمەدا دوای ئەوەی بۆ ماوەیەکی زۆر خەریکی نۆژەنکردنەوەی خانەوەکەی دەبێت، دواتر لەبەرچاوی ئەو خانەوەکە دەروخێت.

لە فیلمی "Nothing In Common" تۆم هانکس رۆڵی کەسێکی بینی کە چاودێری باوکە نەخۆشەکەی دەکات، پاشان بەشداری لە فیلمی " Every Time We Say Goodbye" کرد و سەلماندی کە توانای پێشکەوتنی لە فیلمە رۆمانسییەکانیش هەیە و داهاتی ئەم فیلمە بۆ ئەو یەک ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی بوو.

هەرچەند تۆم هانکس لەدوای ئەم فیلمە رۆژ لە دوای رۆژ پێش دەکەوت، بەڵام لەم ماوەیەدا زۆر کێشە لە نێوان خۆی و هاوسەرەکەی دروست بوو و بەنیازی جیابوونەوە بوون، هەر بۆیە تۆم هانکس لەساڵی ١٩٨٥ لە کاری نواندن دوورکەوتەوە و لەگەڵ هاوسەرەکەی سامانتا دەستی بە کاری دەرهێنان و بەرهەمهێنانی سینەمایی کرد، ئەمەش



بۆ ئەوەی هەمان چیرۆکی دایک و باوکی لەگەڵ ئەوان دووبارە نەبێتەوە، چونکە لە جیابوونەوەی دایک و باوکی ئەو ئازاری زۆری چەشت. ئەم گۆڕانە لە ژیانی هانکس چارەسەری کێشەکانی ئەو و سامانتای نەکرد، هەر بۆیە لە کۆتایی ئەو ساڵەدا جیابوونەوەی خۆیان راگەیاند.

تۆم هانکس لەدوای جیابوونەوەی، خۆی نەدایە دەست خەم و توانی لە فیلمێکدا رۆڵی ستیڤن فولد ببینێت، کە کەسایەتیەکی کۆمێدی و تورەی هەبوو، پاشان توانی خۆی وەک یەکێک لە باشترین ئەکتەرەکانی هۆلیوود بناسێنێت، ئەمەش دوای بەشداریکردنی لە فیلمی "the big hit" کە لە دەرهێنانی دەرهێنەری ناوداری جیهان "Penny Marshall" بوو.

هەر لەرێگەی ئەم فیلمەی دواییەوە، بۆ خەڵاتی ئۆسکار کاندیدکرا و داهاتی ئەم فیلمە گەیشتە ۱۰۰ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی.

لەدوای ئەم سەرکەوتنە هانکس بەشداری لە فیلمی " Burbs'The" کرد، پاشان بەشداری لە فیلمی "Turner And Hooch" کرد، لەو فیلمەدا رۆڵی پۆلیسێکی بینی و توانی بە سانایی ببێتە فیلمی پر داهاتی هەفتەی سینەمایی لە ئەمەریکا.


لەدوای ئەم فیلمانەی بەشداری لە فیلمی "Joe Versus The Volcano" کرد دواتر بەشداری لە فیلمی "Bonfire Of The Vanities" کرد، لەو ماوەیەدا لە دۆخێکی دەروونی خراپدا دەژیا، بەڵام بۆی دەرکەوت کە شکست هێنان و بێزاربوون هۆی سەرکەوتنن، بۆیە لە ساڵی ۱۹۹۰ ژیانی هاوسەری خۆی لەگەڵ ئەکتەری سینەمایی ریتا ویلسون پێکهێنا و دوای ئەوەی بوونە خاوەنی

مندالّێک، بۆ ماوەیەک لە کارەکەی دوورکەوتەوە. هانکس پێویستی بە فیلمێکی بەهێز بوو بۆ ئەوەی بتوانێت جارێکی دیکە بە شێوەیەکی بەهێز بگەڕێتەوە و بچێتەوە نێو دڵی جەماوەرەکەی، بۆیە بەشداری لە فیلمی "League Of Their Own" کرد و تێیدا رۆڵی "جیمی دوگان" یاریزانی بیسبولی بینی، ناچار بوو کێشی خۆی زیاتر بکات بۆ ئەوەی بتوانێت ئەم رۆڵە بە سەرکەوتوویی ببینێت.

هانکس لەرێگەی فیلمی رۆمانسی و کۆمێدی "Sleepless In Seattle" توانی سەرکەوتنێکی دیکەی بەهێز بەدەست بێنێت، لەم فیلمەدا رۆڵی پیاوێکی بینی کە هاوسەرەکە کۆچی دوایی دەکات و لە دوای ئەو ناتوانێت ژیانی هاوسەری لەگەڵ کەسێکی دیکە دروست بکات.

هانکس لە ساڵی ١٩٩٣ گۆڕانێکی گەورەی لە ژیانی خۆیدا ئەنجامدا، ئەمەش دوای ئەوەی رۆڵی سەرەکی لە فیلمی "Philadelphia" بینی، لەم فیلمەدا دووچاری نەخۆشی ئایدز دەبێت و لە کارەکەی دوور دەخرێتەوە، بۆیە پەنا دەباتە بەر یەکێک لە بەناوبانگترین پارێزەرکان بۆ ئەوەی مافی خۆی لەو کۆمپانیایە وەربگرێت کە تیدا کاری دەکرد و دوای مافی خۆی دەکات، لەبەرئەوەی بەهۆی نەخۆشییەوە دەرکراوە و بەپێی یاسای ئەمەریکاش ناکرێت کەسێک کە دووچاری نەخۆشی لەم جۆرە دەبێتەوە، ئەگەر کارکەی خۆی بەباشی ئەنجام بدات ئەوە ناکرێت لە کارەکەی دووربخرێتەوە، ئەم فیلمەش تۆم هانکسی کردە خاوەنی خەڵاتی ئۆسکار وەک باشترین ئەکتەر.

لە ساڵی ١٩٩٤ هانکس بەشداری لە بەهێزترین




فیلمی خۆی کرد، ئەویش بەناوی "Forrest Gump"بوو، ئەم فیلمە وای کرد تۆم هانکس بگاتە لوتکەی ناوداری خۆی، ئەم فیلمە بۆ جاری دووەم هانکسی کردە خاوەنی خەڵاتی ئۆسکار بۆ باشترین ئەکتەر، ئەم فیلمە باس لە گەنجێک دەکات کە بەشداری لە جەنگی ئەمەریکا دژی فیێتنام دەکات، هەر لە منداڵییەوە کچێکی خۆش دەوێت، بەڵام دوای ئەوەی شکست لەو خۆشەویستییە دێنێت، بۆ ماوەی زیاتر لە دوو ساڵ بەرێ دەکەوێت و چەندین شار بە راکردن بەجێدێڵێت و ئەمەش دەیکاتە کەسێکی ناودار.

دوای ئەم سەرکەوتنانە جەماوەرەکەی لە بارەی ئەووەوە دەیانگوت "هانکس پیاوێکی خاوەن سحری دەگمەنە و لە چاوەکانیدا جوانی و سادەیی دەبەخشێت".

لەدوای ئەم ئەزموونانە هانکس بەشداری لە فیلمی "Sheriff Woody" کرد، بەڵام ئەمجارەیان تەنها بە دەنگ بوو، پاشان بەشداری لە فیلمی "ئابولو ١٣" کرد و توانی لە ماوەی دوو ساڵەدا داهاتی ئەم فیلمە بگەیێنێتە ٥٠٠ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی.


لە ساڵی ١٩٩٦ رووی لە لایەنێکی دیکەی سینەما کرد، ئەویش نووسین و دەرهێنانی فیلمی "That Thing You Do! ١٩٩٦"بوو، بەڵام لەدوای ئەم فیلمە ویستی خۆی وەک ئەکتەرێکی بەتوانا لە فیلمە رۆمانسییەکان نیشان بداتەوە، ئەویش فیلمی "You ve Got Mail"، بوو، پاشان بەشداری لە فیلمێکی دیکە کرد لەگەڵ ستیڤن سپێلبێرگ دەرهێنەری بەتوانا و وەرگری خەڵاتی ئۆسکار بۆ ساڵی (٢٠٠٧)، بەناوی "Saving Private Ryan"، لەم فیلمەدا هانکس رۆڵی "کاپتن جۆن میللەر"ی بینی کە سەرپەرشتی تیمێکی سەربازی دەکات، ئەم فیلمە جارێکی دیکە هانکسی بۆ کاندیدکردنی بەرەو خەڵاتی ئۆسکار برد.

لەدوای ئەم فیلمانەی هانکس بەشداری لە چەند فیلمێکی دیکەی سەرکەوتوو کرد و توانی رۆژ لەدوای رۆژ خۆی وەک ئەکتەرێکی بەهێزی جیهانی بسەلمێنێت.

لە ساڵی ٢٠٠٢ تۆم هانکسی ئەکتەری بەتوانای سینەما لە سەر ئاستی جیهان توانی نازناوی باشترین ئەکتەر لە وڵاتی ئەمەریکا بەدەست بێنێت، بەمەش توانی ئەم نازناوە لە جولیا رۆبێرترس وەربگرێت.

دوای ئەوەی هانکس توانی لە نێوان ساڵانی ١٩٩٨-٢٠٠٢ بەشداری لە حەوت فیلمی سەرکەوتوو بکات و زیاتر لە ١٠٠ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی بۆ هەر فیلمێک بکاتە داهاتی خۆی، ناوی خرایە ناو کتێبی "گینس" بۆ ژمارە پێوانەییەکان.

هانکس دوای ئەوەی بەشداری لە فیلمی "کۆدی دافێنشی" کرد، رووبەڕووی رەخنەی زۆر بووەوە لە وڵاتە ئەورووپییەکان، بەتایبەتیش لە لایەن






فاتیکانەوە، بەڵام ئەو بەرگری لە فیلمەکەی کرد و پێی وایە کە ئەم فیلمەی سوودی بۆ کڵێسا دەبێتەوە، ئەمساڵ (٢٠٠٨) بڕیاری دا بەشداری لە بەشی دووەمی ئەم فیلمە بکات و ئێستا دەست بە کاری وێنەگرتنی کراوە.

ئەمانەی خوارەوە تێکڕای فیلمەکانی هونەرمەندە، چ وەک ئەکتەر، دەرهێنەر و بەرهەمهێنەر:

Toy Story 3. 2008

Where the Wild Things Are. 2008

s War'Charlie Wilson. 2007

Cars. 2006

The Da Vinci Code. 2006

The Ladykillers. 2004

The Polar Express. 2004

The Terminal . 2004

Concert For George .2003

Catch Me If You Can. 2002

Road to Perdition. 2002

Cast Away. 2000

Toy Story2. 1999

The Green Mile. 1999

Saving Private Ryan. 1998

You ve Got Mail. 1998

That Thing You Do!

Apollo 13 1995

Toy Story. 1995

Forrest Gump. 1994

Philadelphia 1993

Sleepless in Seattle. 1993

Radio Flyer. 1992

A League of Their Own. 1992

Joe Versus the Volcano. 1990

The Bonfire of the Vanities. 1990

Turner & Hooch. 1989

The. Burbs. 1989

Big 1988

Punchline 1988

Dragnet 1987

Everytime We Say Goodbye. 1986

Nothing in Common. 1986

The Money Pit. 1986

Volunteers. 1985

The Man With One Red Shoe. 1985

Bachelor Party. 1984

Splash. 1984

Mazes and Monsters. 1982

He Knows You're Alone. 1980

**سەرچاوەکان:**

**ئەنتەرنێت**